گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە

بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەکات

ژمارە ٦١ حوزەیران- ٢٠١٣

سەرنووسەر
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

سکرتێری نووسین
دانا فایەق

دیزاین
ئارام عەلی

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

سلێمانی- بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیك فولکەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی
٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥
gelawejinwe@yahoo.com

*پاچڤه و چەند وەڵامێکی بێ پرسیار.................حەمەکەریم عارف.........................٤
*هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم............ وەرزێر مەنسوور............................ ١٦
*شار لە ڕۆمانی عەرەبیدا.............................. و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە................ ٣٤
*من بۆ مرۆڤایەتی دەنووسم.........................و: بابەک سەحرانەوەرد.......................٤٠
*جەستەناسی و لێشاوی ئارەزوو.......................و: عەزیز کەریم عەلی.........................٤٧
*گفتوگۆ لەگەڵ واهە ئارمێن-دا.........................سازدانی: شادی نیکخا........................ ٥٣
*دیدار لەگەڵ ج. پاتریک لویس-دا.....................و: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)............. ٦٣
*دۆسیەی ژمارە.......................................... وریا مەزهەر................................٧٢-١٤٢
*پشیلەیەک لە تاریکیدا...............................بەختیار حەمەسوور........................ ١٤٣

*دەستنووسی سەرمقەبا ................................. هەژار عوسمان ................................. ١٤٦
*کفنی ماندوو ................................. کاروان محەمەد فەتاح ................................. ١٤٩
*بڕوانە ئێرە چ جەهەننەمێکە بێ تۆ ................................. هۆزان کامەران ................................. ١٥٦
*ماچم بکە کاتێک باران دەبارێ ................................. و: جەبار سابیر ................................. ١٥٩
*گەر تۆ نەبی ................................. و: توانا ................................. ١٦٥
*نووسینەوەی یادەوەریی ونبوویەک ................................. کامەران سوبحان ................................. ١٧٠
*ئەنیتا گەشت بۆ وڵاتی هاوڕێکانی دەکات ................................. ئاوات محەمەد ................................. ١٨٤
*ڕۆمانی هاوماڵەکان ................................. ئیدریس عەلی ................................. ١٨٩
بنکەی گەلاوێژ و ڕێزگرتن لە هۆمەر دزەیی ................................. ١٩٤




# پاچڤە و
## چەند وەڵامێکی بێ پرسیار



**حەمەکەریم عارف**

1

زمان وەکو ژیان، هەمیشە لە گۆڕاندایە بە دەم کاروانی گۆڕانکاریی ژیانەوە پەیڤ و زاراوەی لێ هەڵدەوەرێ و وشەو زاراوە و چەمک و مانای تازەی دێتە ناو، واتە لە حاڵی کاژەگۆڕکێ و خۆتازەکردنەوەی بەردەوامدایە. بۆیە هەموو ئەوانەی سەروکاریان دەگەڵ زمان و بەکارهێنانی زماندا هەیە، بۆ ئەوەی لە زاوزێی تازەی زمان غافڵ و بێئاگا نەبن، دەبێ بە بەردەوامی پەیگیری دیاردە و پرۆسەی نۆزایی زمان بکەن، نەخاسما پاچڤەوان.

هەڵبەتە دیقەت و وردی و ئەمینی، ڕوونی و ڕەوانی لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زماندا، نەخاسما لە کاری پاچڤەدا، یەکێکە لە مەرجەکانی پاچڤەی باش، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ، بە ئاسانی ڕێ بە خۆی بدات، بە هەنجەت و بیانووی ڕوونی و ڕەوانیی زمانی دووەمەوە، لە دەقەکە دوور بکەوێتەوە، چونکە لە حاڵی دوورکەوتنەوە لە دەقەکە، جڵەوی پاراستنی شێوازی دەقەکەی لە دەست بەر دەبێت، کە پاراستنی شێواز و ستایلی دەق یەکێکە لە مەرجەکانی پاچڤەی باش. هەڵبەتە وردی و دیقەت لە وەرگێڕاندا ئەگەر مەرجی پاچڤەی باش بێت، ئەوا سەبارەت بە دەقە سەخت و دژوارەکان یەجگار پێویستترە، ئەگەرچی هەندێ جار خوێنەری زمانی دووەمیش تا ڕادەیەک بتارێنێت، چونکە دەق تا دەق فەرق دەکات، هەندێ دەق هەن بە ڕادەیەک خۆش دێنە دەستەوە، لە زمانی دووەمدا وا دێنە بەرچاو کە لە بنەڕەتدا بە زمانی دووەم نووسرابن، دیارە هەموو دەقێک بەو شێوەیە خۆی بە وەرگێڕ ناسپێرێت و بەو ئاسانییە کەوی نابێت، بە تایبەتی دەقی شیعر و هۆزانان. ئەمەش بەو مانایە نییە، کە نەکرێت بە موو لە دەقەکە لا بدەیت، نەخێر، چونکە ئەگەر هەندێ جار لەبەر خاتری ڕوونی و ڕەوانی و جوانیی زمان، ناچار بین ئامرازێک، ئاوەڵناوێک، یان ئاوەڵفرمانێک لا بەرین، نە کابە کەچ دەبێت و نە قیامەت ڕادەبێت و نە پردی سیرات دەرووخێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە گواستنەوەی ئۆتمۆسفیر و هاماج و شێواز و تۆنی دەقە ئۆرجیناڵەکە فەرامۆش بکرێت.

وەرگێڕی باش و شایستە، دەبێت بەسەر هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا زاڵ بێت، خۆ ئەگەر چەند ساڵێک لە ناو ژینگە و ئەهلی زمانی یەکەمدا ژیابێت و ئەزموونێکی هەبێت زۆر باشترە. لە زمانی دووەمدا، توانای نووسینی هەبێت، یانی بتوانێت مانا و چەمکە ئاڵۆز و گرنگەکان بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان و سوار و بێگرێ دەرببرێت. هەندێ وەرگێڕ ئەوە لە بیر دەکەن، کە ئامانجی یەکەمی وەرگێڕان، بەرقەرارکردنی پەیوەندییە دەگەڵ خوێنەرانی نەوعیدا. ئەگەر دەقی وەرگێڕدراو مەفهووم نەبێت، وەرگێڕ چەندیش هەوڵی دابێت بە ئەمانەتەوە دەقەکە وەربگێڕێت، هەر بە مەرامی خۆی نەگەییوە، کەواتە شارەزایی لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەم و بەهرەو توانای نووسەرایەتی لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پاچڤە و پاچڤەوانن. پاش ئەمە نۆرە دێتە سەر شارەزایی تەواو لەو بابەتەی کە دێتە وەرگێڕان، یانی بە کورتی و کرمانجی وەرگێڕی باش دەبێت وێنایەکی زۆر ڕوون و ئاشکرای دەربارەی کاری پاچڤە هەبێت و کە دێتە سەر وەرگێڕانی کارێکی گەورە، دەبێت ئەزموون و کارامەیی تەواوی هەبێت، وێڕای هەموو ئەمەش پڕ بە دڵ حەزی لە کاری وەرگێڕان بێت، بە ئەشقەوە مومارەسەی بکات، خۆ ئەگەر کەسێک حەزی لە کار ی وەرگێڕان نەبێت و تەنیا وەکو وەزیفە و بۆ سووکە دەسکەوتێکی دارایی و فشەناوێک بیکات، زوو حەوسەڵەی دەچێت و کارەکەی وەکو جۆرە بێگارێکی لێ دێ و بە پەلەپرۆزێ و بە شێوەیەکی جەڵەبی و بازاڕی لە کۆڵی دەکاتەوە. کاری وەرگێڕان، سەبر و حەوسەڵەی دەوێ نەک گاڵتە.

وەرگێڕ دەبێت کتێبێک هەڵبژێرێت، کە بەڕاستی حەزی لێ بکات، بابەتی دڵخوازی خۆی بێت، چونکە بەلای کەمەوە دەبێ چەند مانگێک، ئەگەر نەگاتە چەند ساڵێک، دەگەڵ ئەو کارەدا بژی، جا وای بە حاڵی ئەو کەسەی دوای دەستبەکاربوون، دەزانێت و تێ دەگات، کە ئەو کتێبە، بابەتی دڵخوازی وی نییە.

بەهەرحاڵ، وەرگێڕانی بەرهەمێکی کاریگەر خۆی لە خۆیدا کارێکی ڕۆشنبیرییە و باش وەرگێڕانی بەرهەمەکە

کارێکی هونەرییە. وەرگێڕانی باش و ئەمین دەکاتە خولقاندنەوەی ئەو بەرهەمە لە زمانی دووەمدا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هونەرە. جا وەرگێڕانی باش زیاتر لە پاچڤەوانانی پیشەیی دەوەشێتەوە، یانی لەو کەسانە دەوشێتەوە کە وەرگێڕانیان کردبێت بە پیشە و ژیان و بژێویی خۆیان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دابین بکەن و هەموو ژیانی خۆیان بۆ وەرگێڕان تەرخان کردبێت و دەرامەتێکی ئەوتۆیان لەو ڕێگەیەوە بە دەست بێت، کە پێویستیان بە هیچ کار و دەرامەتێکی دیکە نەبێت، یانی بە کارەکەی و بۆ کارەکەی بژی، کە ئەمە مخابن لای مە نییە.

## 2

وەرگێڕانی بەرهەمی خۆماڵی بۆ زمانانی بیانی، نەخاسما ئینگلیزی کە ئەمڕۆکە لە زمانە هەرە باو و بڵاوەکانی دنیایە، کارێکی پێویست و بەجێیە، بەڵام ئەمە بەرنامەدارییەکی زۆر وردی گەرەکە. بۆ نموونە بەرهەمی زۆر نووسەر و ئەدیب و هزرڤانی هەندێ لە میللەتانی دراوسێی مە، کراون بە ئینگلیزی، بەڵام دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لە زمانی دووەمدا (ئینگلیزی) نەبووە، وەکو پێویست سەرنجی خوێنەرانی زمانی دووەمیان ڕانەکێشاوە. لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمانە یان لە بڵاڤۆکانی کەمتیراژی ئەدەبیدا بڵاو دەکرێنەوە، یان لە لایەن وەشانکارانی بچووکی پەراوێزی بازاڕی وەشانکاریی ئەمریکا و ئەورووپاوە بڵاو دەکرێنەوە و بەرهەمەکانیان لە سنوورێکی دیاریکراودا بڵاو دەکرێنەوە و لە بڵاڤۆکانی پڕتیراژدا نایەنە ناساندن و ناخرێنە بەر وردبینیی ڕەخنە و ڕەخنەکارییەوە و جەماوەرێکی کەمی کڕیاریان دەبێت، ئەدی چارە؟ پێویستە دەوڵەت بە پێی بەرنامەیەکی ئەکتیڤ بودجەی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، واتە وەرگێڕانی بەرهەمی کولتووری و ئەدەبی خۆماڵی بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانانی دیکەی زندووی جیهان تەرخان بکات و بە زەبری پارەی باش پاچڤەوانانی زەبەردەست بۆ ئەو کارە هان بدات. دیارە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیش دەبێ بە کۆمپانیا و وەشانخانە گەورە و دەستڕۆ و بەناوبانگەکانی دنیا بسپێردرێت، تا لە مەودایەکی بەریندا بڵاوی بکەنەوە و هەروەها لە کەناڵ و میدیا بەناوبانگەکانی دنیادا بانگەشەی بۆ بکرێت و گەورە ڕەخنەگران پەیدا بکرێن و هەقدەستی باشیان بدرێتێ تا هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی، هەڵبەتە بە پێی بۆچوونی خۆیان، بۆ بکەن. دیارە بەرهەمی خۆماڵی لە لایەن کەسانی خۆوڵاتیی ئینگلیزیزانەوە بکرێت باشترە، چونکە ئەم جۆرە وەرگێڕە بە لای کەمەوە باشتر دەرەقەتی کوردییەکە دێت.

هەڵبەتە هەر لە بواری پاچڤەدا وەکو ئەوزارێکی گفتوگۆ و دیالۆگی نێوان شارستانییەکان، وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردێ، پێویستە ئاوڕێکی جدی لە پاچڤەی بەرهەمێن فیکری و ئەدەبی خۆماڵی خۆمان بە مەبەستی خۆناساندن بە میللەتانی جیهان، بۆ سەر زمانانی زندووی جیهان، بە تایبەتی ئینگلیزی کە ئەمڕۆکە بە عەمەلی زمانێکی جیهانییە بدەینەوە. لەم حاڵەدا دەبێت باشترین بەرهەمی خۆماڵی بۆ پاچڤەکرن بێتە هەڵبژاردن و دیاریکرن، بەرهەمێک بێت کە ڕووی مەجلیسی فیکری و ئەدەبیی جیهانییان هەبێت. ئەمە کێ بیکات؟ لەسەر ئەرکی کێ بکرێت؟ دیارە دەبێت دەوڵەت و خەڵکانی دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەر و... بە گوێرەی بەرنامەی تایبەتی ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ. لە

پێش هەموو شتێکدا کۆمەڵێک بەرهەمی بەپێز ئامادە بکرێ، لە لایەن پاچڤەوانانی کارامە و شارەزاوە بێنە وەرگێران، خەڵکانی پسپۆڕ پێیاندا بچنەوە، گەیاندنی ئەو بەرهەمانە بە دەستی وەشانکارانی بە توانای خاوەن بازاڕی گەرم. ئەمە دەشێت لە ناوخۆی وڵاتدا بکرێت، بەڵام ئەمە مەبەست و ئامانجی سەرەکی ناپێکێت کە بریتییە لە ناساندنی بەرهەمی فیکری و ئەدەبی کوردی (خۆماڵی) بە جەماوەری بەرینی خوێنەرانی ئینگلیزیزمان. بەهەرحاڵ، مەسەلەی وەرگێڕانی بەرهەمێن فیکری و ئەدەبی خۆماڵی بۆ زمانانی زندووی جیهانی، بە تایبەتی ئینگلیزی، کە بە عەمەلی بووە بە زمانێکی جیهانی دەبێت بایەخی تایبەتی پێ بدرێت و فەرامۆش نەکرێت.

بۆچی ئەو بەرهەمە کوردییانەی بۆ زمانانی بیانی، نەخاسما ئینگلیزی پاچڤە کراون، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە؟ دیاە ئەمە لە لایەکەوە پەیوەندیی بە خودی بەرهەمەکە و چۆنیەتیی پاچڤەکردنەکەوە هەیە و لە لایەکی دییەوە پەیوەندیی بەو وەشانکار و وەشانخانانەوە هەیە کە ئەو بەرهەمانەیان چاپ و بڵاو کردووەتەوە. زۆربەی ئەو کەس و دامودەزگەیانەی ئەم بەرهەمانانەیان بڵاو کردووەتەوە، خەڵکانی کەمدەرامەت و دەزگەی بچووک و کەمشۆرەتن، ئەوپەڕی هەزار نوسخەیەک لەو بەرهەمانە چاپ دەکەن، کە چاپیش دەبن پارەیان نییە تا بانگەشە و ڕیکلام بۆ ئەو کتێبانە بکەن، بۆیە لە بڵاڤۆکە پڕتیراژەکاندا باس ناکرێن و تیشکیان ناخرێتە سەر و خوێندنەوەیان بۆ ناکرێت و دەنگدنەوەیان نابێت، لێ خۆشبەختانە تۆڕی ئینتەرنێت، تا ڕادەیەک ئەم بیانووەی بڕیوە و وەشانکارانی بچووکیش نها ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساوە، کە کاڵای خۆیان لەم گەورەبازاڕە جیهانییەدا نمایش بکەن. جا بۆ ئەوەی لەم بنبەستە دەرباز ببین پێویستمان بە بودجە و بەرنامە هەیە، دەبێ بنکەیەکی ڕۆشنبیریی بێلایەن ئەرک و بەرپرسیارییەتیی وەرگێڕانی بەرهەمی کوردی بۆ زمانانی زندووی جیهان، بە تایبەتی ئینگلیزی بگرێتە ئەستۆ و جا دەشێت ئەو بنکە ڕۆشنبیرییە، ئەو بەرهەمە کوردییانە هەڵبژێرێت کە ڕووی مەجلیسیان هەبێت و هەر لێرەوە لە کوردستاندا، پاچڤە بکرێن، تایپ و هەڵەبڕی و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و پاشان لە هەندەران وەشانکار و وەشانخانان بدۆزرێنەوە بۆ بڵاوکردنەوەیان و بە خۆیشمان واتە بنکە ڕۆشنبیرییەکە بە هەماهەنگی دەگەڵ، بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، بچنە ژێر باری ئەوەی کۆمەڵێک نوسخە لە کۆمپانیا، یان بڵاوەخانەکەی ئەورووپا بکرێتەوە و لە ناوخۆی وڵاتدا، بە پارە بێت، یان بە نیوەقیمەت، یان بە خۆڕایی بڵاوی بکەنەوە، کە هەم جۆرە یارمەتییەک بێت بۆ وەشانخانەکە و هەم زەمینەخۆشکردن بێت بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکە. هەروەها ئامادە بین خەرجیی ڕیکلام و بانگەشە بۆ کتێبەکە بکێشین. ئەگەر خۆت خزمەتی خۆت نەکەی، کەس ئامادە نییە بە خۆڕایی خزمەتت بکات.

## 3

وەرگێڕی گەنج و تازەکوورە، بەر لەوەی کتێب بڵاو بکاتەوە پێویستە لە شتی سووک و بچووکەوە دەست پێ بکات. بۆ نموونە وتار یان کورتەچیرۆک پاچڤە بکات و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکاندا بڵاوی بکاتەوە، تا هەم ئەزموونێک پەیدا بکات و هەم بەرەبەرە بناسرێت، چونکە ئەگەر پێش ئەوەی بناسرێت، یەکەم کتێبی بە دڵی خوێنەران نەبێت و هیچ بازاڕێکی نەبێت و دەنگ نەداتەوە و خوێنەر لێی تۆرا، بە ئاسانی دەگەڵی ئاشت نابێتەوە و پێشوازییەکی ئەوتۆ لە بەرهەمێن دواتریشی ناکرێت، بە تایبەتی ئەمڕۆکە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان

ئەوەندە زۆر بوون لە هەرێمی کوردستاندا، نەخاسما ئەوانەی پارەیان نییە، یان نایانەوێ پاداشتی باش و تەماحبزوێن بە پاچڤەوانانی زەبەردەست و ناسراو بدەن، پێشوازیی گەرم لە بەرهەمی ئەو خەڵکە تازەکوورانە دەکەن، هەڵبەتە هەر گەنجێک بە تەمای ئەوە بێت ببێ بە وەرگێڕی باش، پێتڤییە هەمیشە خۆی بە قوتابی بزانێت و تا مردن دەسبەرداری فێربوون نەبێت و ناوبەناو بەرهەمی پاچڤەوانانی باش و بەنێوبانگ دەگەڵ دەقە ئەسڵەکانیاندا بەراورد بکات، کە ئەمە سوودێکی زۆری پێ دەگەیەنێت و ئەزموونی کاری وەرگێڕانی لە لا دەوڵەمەند دەکات. بە کورتی و کرمانجی دەبێت پشوودرێژ بێت، کۆڵنەدەر بێت، ئاشقێنی دەگەڵ کارکەیدا بکات، پیشانی خەڵکانی لە خۆی شارەزاتر و بەتواناتری بدات، پرسیار بکات، پرسا و دانا بێت، بەرهەمێک یان کتێبێک هەڵبژێرێت کە دەگەڵ زەوق و سەلیقە و تەبیعەتی خۆیدا بگونجێت، وەکو چۆن مرۆڤ ناتوانێت هاوڕێیەتیی هەموو کەسێک بکات و زیاتر کەسانێک هەڵدەبژێرێت کە لە ڕووی ئاکار و ڕەفتار و تەبیعەتەوە لێوەی نزیکن، دەگەڵی دەگونجێن، دەبێت بەو ئاوایەش کتێبێک هەڵبژێرێت کە پڕ بە پێستی زەوق و سەلیقەی خۆی بێت.

بەهەرحاڵ، سەبارەت بە پاچڤەوانی تازەکوورە و تازەکار وەکو پێشتریش ئاماژەم کردێ، پێویستە هەندێ قۆناغی سەرەتایی و ئاسان تەی بکەن، ئەوجا بێنە سەر کتێب و بەرهەمی گەورە، یانی لەو بەرهەمە سووکەڵانەوە دەست پێ بکەن کە دەسەڵاتیان بە سەردا بشکێت، بەرهەمەکانیان لە گۆڤار و ڕۆژناماندا بڵاو بکەنەوە، تا ناوێ پەیدا دەکەن و متمانەی جەماوەری خوێنەران بە دەست دێنن، نەک یەکسەری بە گژ ڕۆمان و کتێبانی گەورەدا بچن و کاتێ کتێبەکانیان دەکەوێتە بازاڕەوە کەس لە هیچ شوێنێکدا ناوی نەدیتبن و نەبیستبن. مخابن ئەو وەرگێڕانەی قۆناغە سەرەتاییەکان نابڕن، یەکسەری پەلاماری کاری گەورە دەدەن، زۆربەی زۆریان کارەکانیان لاواز و ناپوختەن و کاتێ خوێنەر بە هۆی شۆرەتی جیهانیی نووسەرانی ئەسڵی ئەو کتێبانەوە، بە پیری پاچڤەکانیانەوە دەچن، دووچاری نائومێدی دەبن و نەک هەر نەفرەت لە وەرگێڕەکە دەکەن، بەڵکو نووسەرە ئەسڵەکەشیان لەبەر چاو دەکەوێت.

4

هەڵبەتە هیچ وەرگێڕانێک، چەندیش پوختە و ورد و ئەمین بێت، ناکاتە ئەسڵی دەقەکە، چونکە دەقە وەرگێڕدراوەکە، خولقاندنەوەی ئەسڵەکەیە لە زمانی دووەمدا، وەکو چۆن دوو بەشەری سەدی سەد چونیەک لە دنیادا نییە، با جمکانەش بن، بەو ئاوایە دوو زمانیش لە دنیادا نییە کە لە یەک ئاستی توانای دەربڕین و



گوزارشتدا بن، دوو وشەی چونیەک نییە لە هەمان ئاستی گوزارشتدا بن، واتە هیچ پاچڤەیەک لە ئەسڵەکەی باشتر نابێت. یانی بەم پێودانگە پاچڤەی ئایدیال، ئەوەیە کە یەکەم: لە زمانی ئەسڵی دەقەکەوە هاتبێتە وەرگێڕان، نەک لە وەرگێڕدراوی دووەم و سێیەمەوە. دووەم: بە گوێرەی توانا ورد و ئەمین و هاوتای دەقە ئەسڵەکە بێت و لە هەمان کاتدا ڕوون و ڕەوان و مەفهووم بێت. سێیەم: زمانی وەرگێڕانەکە، لە ڕووی تانوپۆ و داڕشتنەوە کوردی بێت. چوارەم: وەرگێڕانەکە وەرگێڕانێکی میکانیکیی مردوو نەبێت، واتە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بە زمانی کوردی، (واتە بە زمانی دووەم، لە حاڵێکدا ئەگەر وەرگێڕانەکە بۆ کوردی نەبێت) بیر بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوازێکی زندووتر و تەڕ و پاراوتر دەقەکە لە زمانی دووەمدا بئافەرێنێتەوە. پێنجەم: هەڵبژاردنی زمانی گونجاو، یانی وەرگێڕی جددی دەبێت بەر لە هەر شتێک زمانی دەقە ئەسڵەکە بۆ خۆی کەشف بکات تا بتوانێت لە زمانی دووەمدا بە گونجاوترین هاوتای زمانی یەکەم، دەقەکە دابڕێژێتەوە. بۆ نموونە زمانی وتارێک تەواو تەنزامێز بێت، وەرگێڕ بیگۆڕێت بە زمانێکی زۆر جددی، لەم حاڵەدا دەشێت وەرگێڕانەکە وەکو نێوەڕۆک بێ هەڵەوپەڵە بێت، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، چونکە شێواز و تۆنی دەقەکە، کە لە خودی دەقەکە نایەتە جیابوونەوە، نەک هەر ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو گۆڕدراویشە، کە ئەمە کارێکی نەکردەنییە. یانی وەرگێڕ لە سەریەتی بە نێو وشە و دەستەواژەیێن زمانی دووەم بکەوێت و گونجاوترین و نزیکترین هاوتای زمانی یەکەم هەڵبژێرێت بۆ گواستنەوە و خولْقاندنەوەی دەقەکە.

هەڵبەتە هیچ پاچڤەوانێک چەند بە توانا و لێهاتوو و کارامەش بێت، وەرگێڕێکی ئایدیال نییە و لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خۆیشی هەیە. بۆ نموونە ئەوانەی زمانی یەکەم زۆر باش دەزانن، بە زۆری لە زمانی دووەمدا ئەو توانایەیان نییە. هەندێ لە باشترین پاچڤەوانان، کە لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا مەلەوانی تەواون، لەوانەیە زەوق و سەلیقەی پێویستیان نەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا، حیساب لە سەر کۆی کارەکە دەکرێت و زۆر ئاساییە ئەگەر لەبەر خاتری ڕوونی و ڕەوانی و سوارییی زمانی پاچڤەکە، ئاوەڵناوێک لێرە یان ئاوەڵفرمانێک لەوێندەر بپەڕێنرێ، یان پەندێکی پێشینان لە بری دەستەواژە یان ڕستەیەک دابنرێت، گرینگ ئەوەیە دەقە وەرگێڕدراوەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچە، هاوتایەکی زۆر نزیکی دەقە ئەسڵەکە بێت و بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان و مەفهووم و لە زمانی دووەمدا خولْقێنرابێتەوە و هاونەواییەکی تەواو لە نێوان هەردوو دەقەکەدا هەبێت و تۆن و شێوازی نووسەری یەکەم لە سنوور و چوارچێوەی پاچڤەیەکی سەرکەوتوودا، لە زمانی دووەمدا پارێزرابێت.

## 5

دیاردەی دووبارە پاچڤەکردنەوەی یەک بەرهەم، بە ڕێژەی جیاواز لە نێو بزووتنەوەی پاچڤەوانی هەموو میللەتانی دنیادا هەیە. بەندە پێم وایە یەک پاچڤەی باش، باشترە لەوەی هەمان بەرهەم چەند جارێک و لە لایەن چەند کەسێکەوە، لە هامان کات و سەردەمدا پاچڤە بکرێتەوە، چونکە هەم وەختەکە بە فیڕۆ دەڕوات، هەم ئەو پارەوپوولەی تێیدا خەرج دەکرێت بە خەسار دەچێت و هەم ڕێژەی فرۆشی هەموو پاچڤەکان دێتە خوارەوە. واتە کارێکی نێگەتیڤ لە بازاڕی کتێبان دەکات، پێویستە دامودەزگە و وەشانخانەکان خۆیان لەم کاری دووبارەکردنەوەیە بپارێزن، ڕۆشنبیران و وەرگێڕان، لە جیاتی دووبارەکردنەوەی کتێبێک، بچن کتێبێکی دی وەربگێڕن، بە تایبەتی کتێبێک ئەگەر لە زمانی

## وتار

ئەسڵییەوە و سەرکەوتووانە وەرگێڕدرابێت، با لە جیاتی دووبارە وەرگێڕانەوەی، چاپی دووەم و سێیەم بکرێتەوە، ئەگەر بازاڕ بخوازێت و بازاڕ هەڵبگرێت، کەواتە وەرگێڕانی دووبارە و سێبارەی یەک کتێب لە لایەن چەند کەسێکەوە، کارێکی زۆر خراپە، بە تایبەتی ئەگەر وەرگێڕانی یەکەم، پوختە و باش و سەرکەوتوو بێت و عەیبی جەوهەریی نەبێت و ماوەیەکی زۆر بە سەر وەرگێڕانی یەکەمدا نەڕۆیشتبێت و وەرگێڕی یەکەم لە ژیاندا بێت و ڕێگە بدات چاپی دووەم و سێیەم بکرێتەوە، هەقە وەرگێڕی دووەمی هەمان کتێب وەختی خۆی بۆ وەرگێڕانی کتێبێکی دی تەرخان بکات، چونکە بەم کارە خزمەتێکی زیاتری کتێبخانەی کوردی دەکات، کتێبێکی تازە دەخاتە کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو پارەیەی چ لە لایەن خودی وەرگێڕەوە یان وەشانخانەیەکەوە بۆ کارێکی دووبارە تەرخان دەکرێت، بۆ کارێکی تازە تەرخان بکرێت باشترە. ئەمە جگە لەوەی لە مەسەلەی بازاڕ و فرۆشیشدا دەبێت بە هەڤڕکی پاچڤەی یەکەم و ئاستی فرۆختی پاچڤەی یەکەم، کە ڕەنگە لە هیی دووەمیش ئەمینتر و باشتر بێت، دێنێتە خوارێ و زۆر شتی تریش، بۆیە هەقە هەم وەرگێڕەکان و هەم دەزگەی چاپ و پەخشەکان ئەم لایەنانە بە هەند بگرن و تا دەتوانن خۆیان لە کاری دووبارە دوور بگرن، بە تایبەتی کە بازاڕی فرۆختی کتێبی کوردی زۆر کەسادە و کتێبخانەی کوردییش ئەوەندە پڕ و دەوڵەمەند نییە کە پێویستی بەو دووبارەکارییە ببێت. جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێڕا، وەشانخانەکان لە سەریانە چلۆنایەتیی کتێبە وەرگێڕدراوەکان بە هەند بگرن و هەر نەبێت بۆ قەدر و ئیحتوباری خۆیان کتێبی خراپ و پاچڤەی خراپ نەخەنە بازاڕەوە و تەنیا بازاڕ و قازانجی مادییان لەبەر چاو نەبێت. کاتێ کە دەیانەوێ پاچڤەیەک چاپ و بڵاو بکەنەوە، بیدەن بە کەسێک یان لیژنەیەکی پسپۆڕ و کارامە و کارزان تا لە مەحەکی بدەن، ئەگەر لە مەحەک دەرنەچوو، هەنگێ بە کەسێکی کارامە و پسپۆڕی بسپێرن تا پێیدا بچێتەوە، ئەگەر هەر بە کەڵک نەهات ئەوسا بیدەنەوە بە وەرگێڕەکە و وەک دەڵێن ماڵی قەڵب سەری ساحێبی، یانی نابێت هیچ دەزگەیەکی پەخش و بڵاوکردنەوە، بە هۆی پاچڤەی لاوازەوە، ئیدی هیی هەر کەسێک دەبوو، ناو و ناوبانگی باشی خۆی بزڕێنێت و قەدر و ئیحتوباری خۆی لەکەدار بکات و خوێنەرانی خۆی بتۆرێنێ. زۆر جار ئەو کتێبانە دووبارە و سێبارە پاچڤە دەکرێنەوە، کە بازاڕیان هەیە. جارێ ئەم کارە جگە لەو هەموو وەختەی لە دوو وەرگێڕ یان زیاتری بردووە، پارەیەکی زۆریشی تێ چووە، بۆیە بوونی یەک پاچڤەی باش لە بازاڕدا (با چاپ بکرێتەوە) زۆر باشترە لە دوو سێ پاچڤەی جەڵەبی و بازاڕی... پێویستە دەزگەکان ئاگایان لە کاری یەکتر هەبێت و هەوڵ بدەن پاچڤە باشەکان پاچڤە نەکرێنەوە بەڵکو چاپ بکرێنەوە. دەبێ جگە لە قازانج و بازارگەرمی نەوعییەتی بزووتنەوە پاچڤەوانییەکەش لەبەر چاو بگرن، هەڵبەتە هەموو بازاڕگەرمییەکیش نیشانەی سەرکەوتن و باشی کارەکە نییە، ئاستی خوێنەواری و هۆشنی و جددییەتی خوێنەریش بۆی هەیە، پاچڤەی دووبارە و سێبارە جگە لەو نەرێنییانەی پێشتر ئاماژەمان کردنێ دەکاتە کارێک کە خوێنەریش جۆرە گومانێکی لە لا پەیدا ببێت و تا ڕادەیەک لە خوێندنەوە برەوێتەو، بۆیە پاچڤەیەکی باش و پوختە و ورد و ئەمین لە لایەن وەرگێڕێکی کارامە و



لێهاتوو و ئەزموونداره‌وه‌، له‌ هه‌موو ئه‌و ڕووانه‌وه‌ كه‌ باسمان كرد باشتر و پەسندترە، وەرگێڕێک کە توانیبێتی زمانێكی له‌بار و گونجا و و هاوتەرازی دەقەكە بدۆزێتەوه‌ و تۆن و شێوازی دەقەكەی گواستبێتەوه‌، جۆره‌ هاونه‌واییه‌كی له‌ نێوان هه‌ردوو زمانی یه‌كه‌م و دووه‌می دەقەكەدا دابین كردبێت، ڕەنگوبۆی دەقەكە له‌ زمانی دووه‌مدا زۆر كاڵ نه‌بووبێته‌وه‌، ئیدی بۆچی یه‌كێكی دی بێت وەختی خۆی به‌ پاچڤه‌ی هه‌مان دەقەوه‌ به‌ هه‌ده‌ر بدات، خۆ چی زۆره‌ دەقی باش و زندوو زۆره‌.

6

هیچ شتێك له‌ سه‌رووی ڕه‌خنه‌وه‌ نییه‌، هه‌ڵبه‌ته‌ بزووتنه‌وه‌ی پاچڤه‌وانییش وه‌كو هه‌ر دیارده‌یه‌كی دیكه‌ی ڕۆشنبیری له‌ ڕه‌خنه‌ ناخه‌له‌سێت. كه‌واته‌ ڕه‌خنه‌ و ڕه‌خنه‌گر ده‌توانن ده‌وری زۆر ئه‌رێنی له‌ بژار و ته‌ته‌ڵه‌ی بزووتنه‌وه‌ی پاچڤه‌وانیدا بگێڕن، ڕه‌واج و خوێنه‌ری جددی بۆ پاچڤه‌ی باش په‌یدا بكه‌ن و ڕه‌ونه‌ق و بازاڕی پاچڤه‌ی خراپ بشكێنن و ببن به‌ ده‌سه‌ڵاتێكی چاودێریی مه‌عنه‌وی، هه‌م به‌ سه‌ر وه‌شانخانه‌كانه‌وه‌ و هه‌م به‌ سه‌ر خودی وه‌رگێڕه‌كانه‌وه‌ و هه‌م ڕێنوێنیی ئه‌مه‌كداری خوێنه‌ران بن. هه‌ڵبه‌ته‌ پێویسته‌ وه‌رگێڕه‌كانیش، خۆیان په‌روه‌رده‌ بكه‌ن و كه‌ ده‌چنه‌ ژێرباری وه‌رگێڕانه‌وه‌، وردی و ئه‌مانه‌تداری و مه‌رجه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌كانی كاری وه‌رگێڕان ڕه‌چاو بكه‌ن و خۆیان ببن به‌ چاودێری خۆیان و به‌ پاچڤه‌ی كاڵوكرچ قاییل نه‌بن، چونكه‌ كه‌ خوێنه‌ر له‌ یه‌كه‌م به‌رهه‌میان تۆرا، به‌ ئاسانی ئاشت نابێته‌وه‌.

جا هه‌ر سه‌باره‌ت به‌ به‌رزكردنه‌وه‌ی ئاستی چلۆنایه‌تیی كاری پاچڤ، هه‌قه‌ ساڵانه‌ پێشبڕكێی باشترین كتێبی پاچڤه‌كراوی بوارێن ئه‌ده‌بی و فیكری بێته‌ كرن و پاچڤه‌وانانی باش و براوه‌، خه‌ڵات بكرێن و ڕێزیان لێ بنرێت. هه‌ڵبه‌ته‌ له‌م جۆره‌ پێشبڕكێیانه‌دا، ده‌بێت لیژنه‌یه‌كی كارامه‌ و لێزان و پسپۆڕ و خه‌مخۆری بزووتنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری كاره‌كان هه‌ڵسه‌نگێنێ و له‌ مه‌حه‌كی ڕه‌خنه‌ی بده‌ن، دیاره‌ ئه‌م كاره‌ خۆی له‌ خۆیدا ده‌كاته‌ ته‌ته‌ڵه‌ و بژاركردنی بزووتنه‌وه‌ پاچڤه‌وانییه‌كه‌ له‌ كارێن لاواز و به‌په‌له‌ی وه‌رگێڕه‌كان، بێگومان كاری پاچڤه‌ بۆ میلله‌تانی بنده‌ستی پاشكه‌وتووی پاشخراوی وه‌كو ئێمه‌، نه‌ك هه‌ر ڕۆڵێكی گه‌وره‌ له‌ زه‌نگینكردن و ڕه‌نگینكردن و گه‌شاندنه‌وه‌ی بزاڤی ڕۆشنبیریدا ده‌بینێت، به‌ڵكو زه‌مینه‌ بۆ هه‌ڵكه‌وتنی ڕۆشنبیر و نووسه‌ری گه‌وره‌ و ته‌قاندنه‌وه‌ی به‌هره‌ و توانا و مشتومالدانی زه‌وق و سه‌لیقه‌ خۆماڵییه‌كانیش خۆش ده‌كات، چونكه‌ به‌رهه‌می ناوازه‌ به‌ زه‌بری گه‌وره‌یی و ڕه‌سه‌نایه‌تیی خۆی، له‌ لایه‌كه‌وه‌ ده‌بێته‌ جێگه‌ی سه‌رنج و لاساییكردنه‌وه‌ و له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ خوێنه‌رانی جددی له‌ خۆی خڕ ده‌كاته‌وه‌، كه‌ خوێنه‌رانیش خوویان به‌ به‌رهه‌می ناوازه‌وه‌ گرت و ده‌گه‌ڵی ڕاهاتن، ئیدی ڕوو له‌ به‌رهه‌می جه‌ڵه‌بی و بازاڕی ناكه‌ن و ئیدی به‌رهه‌می كاڵوكرچ له‌ باو ده‌كه‌وێت و ده‌كه‌وێته‌ په‌راوێزه‌وه‌ و هه‌ڤركی به‌رهه‌می ناوازه‌ی پێ ناكرێت و كه‌س زات ناكات به‌رهه‌می كاڵوكرچ به‌ نرخی به‌رهه‌می ناوازه‌ به‌ خوێنه‌ری جددی بفرۆشێت.

هه‌روه‌ها ڕه‌نگه‌ هه‌بوونی سه‌ندیكایه‌كی هاوچه‌رخ و تایبه‌ت به‌ پاچڤه‌وانان بتوانێت ڕۆڵی ئه‌رێنی له‌ ڕێكخستن و به‌ڕێوه‌بردن و ئاراسته‌كردنی بزاڤی وه‌رگێڕان و پاراستنی مافی وه‌رگێڕه‌كان و میانچییاتی له‌ نێوان پاچڤه‌وان و ده‌زگه‌ فه‌رمییه‌ په‌یوه‌ندداره‌كان و وه‌شانخانه‌ فه‌رمی و ئه‌هلییه‌كاندا بدینێت و بزاڤی وه‌رگێڕان له‌ پاشاگه‌ردانی، هه‌ندێك دوور بخاته‌وه‌.

ڕه‌خنه‌ له‌ لای ئێمه‌ تا نها له‌ غه‌ره‌ز و مه‌به‌ستی شه‌خسی یان ئایدۆلۆژی و حیزبی! به‌ده‌ر نه‌بووه‌.



واته له حەز و ڕقی شەخسی بەدەر نەبووە، ئەوەندەی مامەڵە لە تەک خودی نووسەر، یان وەرگێڕدا کراوە، ئەوەندە مامەڵە لە تەک خودی دەقەکەدا نەکراوە، لە کاتێکدا مەرجی یەکەمی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و داوەری ئەوەیە، لە خۆشەویستی و ڕقی شەخسی بە دوور بێت و ڕەخنەگر بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ خودی دەقەکەدا بکات، چونکە تەنیا دەق بابەتی ڕەخنەیە. دیارە سەبارەت بە پاچڤە، دەبێ ڕەخنەگر بە خۆیشی وەرگێڕ بێت، وەرگێڕێکی کارامە و بە ئەزموون، بتوانێت ئەسڵی کتێبە پاچڤەکراوەکە بخوێنێتەوە و بە بابەت و نێوەرۆکی کتێبەکەش نامۆ نەبێت و وەختی ئەوەی هەبێت پاچڤەکە لە مەحەکی ڕەخنە بدات. بۆیە ڕەخنەی کەسێک قەبووڵە کە هەموو مەرجێکی ڕەخنەگری بێلایەنی تێدا بێت. هەر ڕەخنەیەک ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی بەراوردی پاچڤەکراوەکە دەگەڵ ئەسڵەکەدا نەبێت دەکاتە جۆرە شەڕفرۆشتنێکی ناڕەوا و ناوزڕاندنی وەرگێڕەکە. هەروەها ڕەخنە دەبێت بە زمانێکی نەرم و جوان و ڕوون و ڕەوان و دوور لە هەر تەوس و توانجێک بێتە نووسین، چونکە وەرگێڕ هەوڵێکە و داویەتی، گریمان لە هەوڵەکەیدا ناکام بووە و سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، ئەمە ڕێگە بە ڕەخنەگر نادات سەنگەساری بکات. بۆ نموونە ئەگەر وەرگێڕ، لە پاچڤەکەی خۆیدا هەڵەی نەکردبێت و گلەیی لە سەر ئەوە بێت بۆ فلان وشەی بە کار هێناوە و فیسار وشەی بە کار بردووە، ئەمە پەیوەندیی بە زەوق و سەلیقە و شێوازی داڕشتنی وەرگێڕەکەوە هەیە و ڕەخنەگر بۆی نییە بیانووی لێ بگرێت و ئەوەی لێ بکات بە عەیبێکی گەورەی کوفرئامێز و لەبەخشینەهاتوو، ڕەخنەگر دەبێت بە بەڵگەوە قسە بکات و بۆ پشتیوانیی قسەکانی نموونە لە سەرچاوانی باوەڕپێکراوەوە دەربێنێت، نەک قسان لە گیرفانی خۆی دەربێنێت.

واتە ڕەخنە دەبێت لە ڕق و حەزی شەخسی بە دوور بێت و زادەی بوغز و کۆنەقین و تۆڵەئەستاندنەوە و ناوزڕاندن نەبێ، ئەم خاڵە هەم لە ڕووی ئەخلاقی و هەم لە ڕووی یاساییەوە گرینگە. یانی ڕەخنەکە دەبێت ئەوەندە پڕ ڕێز و سەنگین و هاوسەنگ بێت کە بشێت لە هەردوو ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە داکۆکی لێ بکرێت. خۆ ئەگەر بکرێت دەقی ڕەخنەکە بەر لە بڵاوکردنەوەی نیشانی وەرگێڕ بدرێت دەها باشتر، ئەگەر ڕەخنەگرەکەش ئەمەی نەکرد، هەقە ئەو گۆڤار و بڵاڤۆکەی ڕەخنەکەی بۆ دەچێت، ئەگەر بۆی بکرێت، ئەو کارە بکات، تا هەم ڕەخنەکە و هەم وەڵامی ڕەخنەکە لە هەمان ژمارەی خۆیدا بڵاو بکاتەوە. کە بەم کارە هەم بابەتێکی زندووتر دەخاتە بەردەستی خوێنەران و هەم پرەنسیپە ئەخلاقی و یاساییەکەش دەپارێزێت، هەروەها بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە مەیدانی ڕەخنەدا مایەی گومانە، سەبارەت بە گۆڤار و بڵاڤۆکان هەق نییە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕەخنە بە ناوی خوازراوەوە بدەن. خۆ ئەگەر ڕێگەشیان دا، دەبێت بە لای کەمەوە ناوە ڕاستەقینەکە لە لای خۆیان هەبێت، تا ئەگەر مەسئولییەتێکی ئەخلاقی یان یاسایی بەرۆکی گرتن، بتوانن بەرگری لە خۆ بکەن.

هەڵبەتە هەقە ناوە ڕاستەقینەکە، بۆ کەسە ڕەخنە لێگیراوەکەش ئاشکرا بکەن، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەگر بە مەسئوولییەتێکی زیاترەوە ڕەخنە بنووسێت و وا نەزانێت سەری دنیا بە پۆش گیراوە و دەتوانێت خۆی لە پەنای ناوی خوازراوەوە، ئیدی بە هەر نیاز و مەبەستێک بێت، بشارێتەوە.

## 7

وەرگێڕ، نەخاسما وەرگێڕی ئەدەبی، وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ، دەبێ دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەدوو زمانی یەکەم و دووەمدا بشکێت و لە زمانی یەکەمدا مەلەوان بێت و لە زمانی دووەمدا مەلەوانتر بێت. خۆ ئەگەر چەند ساڵێک لە ژینگەی زمانی یەکەمدا ژیابێت زۆر باشترە، دەبێ دۆستایەتییەکی نزیکی دەگەڵ ئەدەبیاتدا هەبێ، خۆ ئەگەر بە خۆی ئەدیب بێت، یان بەهرەی ئەدەبیی هەبێت زۆر باشترە. دەبێت ئاشنای شیعر و ئەدەبیاتی سەر بە هەردوو زمانی یەکەم و دووەم بێت. بە لای کەمەوە وەکو خۆجەڕباندن ئەزموونی پاچڤەکردنی یەک دوو کتێبانی هەبێت.

دیارە وەرگێڕ دەبێت خۆی نەک هەر دەرەقەتی وەرگێڕانی دەقەکەی بەردەستی بێت، بەڵکو دەبێت توانای هەڵسەنگاندنی کارەکەی خۆیشی هەبێت. واتە وەرگێڕ دەبێت یەکەمین چاودێری خۆی بێت. چونکە وەرگێڕانی ئەدەبی، تەنیا گوێزانەوەی میکانیکیی وشە و زاراوەکانی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم نییە. وەرگێڕان لێرەدا هەم هەڵوەشاندنەوەیە و هەم لێکدانە. لە زمانی یەکەمدا هەر هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق هەڵدەوەشێنیتەوە و زۆر بە دیقەت و وریایی و هونەرمەندانە لە زمانی دووەمدا دەیاندەیتەوە دەم یەک، یان لێکیان دەدەیتەوە و دەقی یەکەم بە گوێرەی دەستوور و تایبەتمەندییەکانی زمانی دووەم دەخوڵقێنیتەوە. پاچڤەوان دێت پاچڤەکەی خۆی دووبارە دەخوێنێتەوە تا بزانێت وەرگێڕانەکەی چۆن لە لای خوێنەری زمانی دووەم دەکەوێتەوە، ئایا تۆنی گوتیار لە وەرگێڕانەکەدا دەشوبهێتە سەر تۆنی گوتیار لە زمانی یەکەمدا؟ ئایا شێوازی بەرهەمەکە پارێزراوە؟ ئایا ڕۆحی بەرهەمەکە بۆ زمانی دووەم گوێزراوەتەوە؟ هاماجی دەقەکە پارێزراوە؟ جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکیش بۆ ناونیشان و پەند و قسەی نەستەقیش بکرێت، دیارە ناونیشانی کتێب دوای وەرگێڕان دەبێت بە ڕادەیەک جوان و دڵگیر و بازاڕپەسند بێت، کە هەم بە دڵی وەشانکار بێت و هەم مایەی سەرنجی خوێنەران بێت.

ڕەنگە ئەمە جۆرە ئازادییەک بە وەرگێڕ بدات، کە دەستکاریی ناونیشان بکات، بەڵام دەبێت وەکو تێبینییەک ئاماژە بۆ ناونیشانی تەواوەتی بابەتەکە بکرێت و بۆ نموونە لە لاپەڕە دووی کتێبەکەدا بێتە وەرگێڕان.

پەند و قسەی نەستەق و ئیدیۆم و هەندێ دەستەواژەی باو یەکێکە لە گرفتە دژوارەکانی پرۆسەی وەرگێڕان. وەرگێڕ تیا دەمێنێت کە ئاخۆ وشە بە وشە و موو بە موو وەری بگێڕێت؟ یان هاوتا و هاومانایان لە زمانی دووەمدا بۆ بدۆزێتەوە و پەیدا بکات؟ لەم حاڵەتەدا ئەگەر هاوتا و هاومانایان لە زمانی دووەمدا پەیدا نەبوو و نەدۆزرایەوە، دەشێت وەکو چارەسەرێکی ناچاری پەنا وەبەر پاچڤەی وشە بە وشە و موو بە موو ببرێت، بەڵام دەبێت لە پەراوێزدا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەو ڕستەیە لە زمانی یەکەمدا پەند، قسەی نەستەق، یان ئیدیۆمە و لەبەر ئەوەی لە زمانی دووەمدا هاوتاکەی پەیدا نەبووە، بۆیە لە ڕووی ئەمانەتدارییەوە، پاچڤەی وشە بە وشە کراوە. جا ئەم کێشەیە زیاتر لەو دوو زمانەدا دەردەکەوێت، کە سەر بە یەک خێزانەزمان نین و پەندی لێکچوویان، یان هاوواتای هاوبەشیان یەجگار کەمە.

## 8

وەرگێڕانی هاوبەش: ڕەنگە چەند ڕێگەیەک هەبێت بۆ وەرگێڕانی هاوبەش لەوانە: کتێبێک لە نێوان دوو کەسدا برابەش دابەش بکرێت و هەر کەسە و کار لە سەر بەشەکەی خۆی بکات و پاشان هەردوو بەشەکە بدرێنە دەم یەکەوە و هەر وەرگێڕە بۆ خۆی لە ئاوازێک

بخوێنێ، نه شێوەی وەرگێڕانەکە، نه چۆنیەتیی داڕشتنەکە و نه کردنەوەی ڕازوڕەمزەکانی دەقەکە تێک بکەنەوە، دیارە ئەمە خراترین جۆری وەرگێڕانە، ڕەنگە تەنیا لەو ڕووەوە باش بێت کە کارەکە زووتر ئەنجام دەدرێت.

جۆرێکی دیکەی وەرگێڕانی هاوبەش ئەوەیە کە دوو وەرگێڕی هاوتا، لە ڕووی توانا و شێواز و زەبەردەستییەوە بێنیت و پێداچوونەوەکارێکی کارامە و پڕئەزموونیان بەگەڵ بخەیت و بە سێقۆڵی وەکو یەک تیمی هاوئاهەنگ کار بکەن، دەربارەی مێتۆدی کارکردنەکەیان ڕاوێژ و تەگبیران بکەن، لەسەر چۆنیەتیی وردەکاریی کارەکەیان ڕێک بکەون و کە تەواو بوون، بدرێتە دەست پێداچوونەوەکارەکە، تا بە جۆرێک بە کارەکەی هەردوو وەرگێڕەکەدا بچێتەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو لێکدییان نزیک بکاتەوە.

جۆرە وەرگێڕانێکی دیکەی هاوبەش ئەوەیە وەرگێڕێکی بە توانا و کارامە و پڕئەزموون، دەگەڵ وەرگێڕێکی تازەکار و تازەکوورەدا دەست بدەنە کارێکی هاوبەش، لە پێشدا وەرگێڕە تازە کارەکە بەرهەمەکە پاچڤە بکات و پاشان وەرگێڕە کارامەکە، هەم پێیدا بچێتەوە و هەم ئەو پەرەگرافانەی کە باش وەرنەگێڕدراون یان هەڵەیان تێدایە، سەرلەنوێ وەربگێڕێتەوە و دابیرێژێتەوە.

جۆرە وەرگێڕانێکی دیکەی هاوبەش ئەوەیە کە هەردوو وەرگێڕ پێکەوە دانیشن و بەرهەمەکە لە ئەلفی تا یائی، لە سیری تا پیازی، پێکڤە و بە ڕاوێژ و تەگبیر و ڕەزامەندیی یەکدی وەربگێڕن، یان هەرکەسەیان بەشەکەی خۆی بە جیا وەربگێڕێت و پاشان هەرکەسەیان بە وردی بە کارەکەی ئەوی تردا بچێتەوە و پاشان هەردوو بەشەکە بدەنە دەم یەکەوە، دیارە لەم حاڵەتەدا دەبێت هەردوو وەرگێڕ دەگەڵ یەکدا زۆر سازگار بن و شێوەی کارکردنیان زۆر لێکدی نزیک بێت و وەختێکی باشیشیان هەبێت و پەلەیان نەبێت.

وەرگێڕانی ئازاد، نەک هەر پەیوەندیی سفتی دەگەڵ دەقەکەدا نابێت، بگرە زۆر جار وەرگێڕ دەسکاریی تەواوی دەقەکە دەکات، لێی زیادوکەم دەکات، تەنانەت حەقیقەتەکانیش دەگۆڕێت، دیارە وەرگێڕ دەبێت خۆی لەو جۆرە وەرگێڕان و پاچڤەیە بپارێزێت، یانی لە پاچڤەی ئازاددا، پەیامی دەقەکە گرینگە نەک وشە و زمان و داڕشتن، ئامانج و مەبەستی پاچڤەکە، گوێزانەوەی مانایە بە شێوازێکی تایبەتی. دیارە پاچڤەی ئازاد بۆ بەڵگەنامە و قەواڵە و دیکۆمێنتان و دەقێن ئاینی نابێت. یانی لەم حاڵەدا پاچڤەی باش ئەوەیە کە نە تەواو ئازاد بێت و نە وشە بە وشە بێ، لە هەمان کاتدا ڕوون و ڕەوان و مەفهوومیش بێت، ئیدی وەرگێڕان دەریایە، دەریایەکی بێبن؛ مەلەوانی خۆی دەوێت.

## 9

لە دوای ڕاپەڕینی 1991ـەوە لە هەرێمی کوردستاندا، جۆرە ئازادییەکی هەڕەمەکی بەرپا بوو. بازاڕی سیاسەت بڕێک گەرم بوو، حیزبان پەیدا بوون و کەوتنە چالاکی و کەونەحیزبان ژیانەوە و بووژانەوە، دوابەدوای ئەمە بازاڕی بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاڤۆک و تەلەفزیۆن و سەتەلایت، بە شێوەیەکی بێ پێشینە گەرم بوو. بەرەبەرە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کتێبان مۆدی پەیدا کرد. دامودەزگەی چاپ و پەخش دامەزرا، لەوانە دەزگای موکریانی، ئاراس، سەردەم، خانەی وەرگێڕان، ڕۆمان و چیرۆک و کتێبێن دی بڵاو بوونەوە، وەرگێڕان، بە تایبەتی هیی ئەدەبیات بەرەبەرە ڕەواجی پەیدا کرد.

گەلاوێژی نوێ

زۆر ڕۆمانی جیهانی هاتنە چاپ و بڵاوکردنەوە و کاری ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی ڕۆژنامەوانیی حیزبی و سیاسی لە ڕادەبەدەر پەرەی سەند و گەشەی کرد.

هەڵبەتە دەزگە فەرمییەکان، کە زیاتر حیزب یان حکوومەتیان لە پشتە، زۆر نیگەرانی فرۆشی بەرهەمەکانیان نین، بۆیە پێویستە دەست لە سەر بڵاوکردنەوەی کتێبانی باش دابگرن و چلۆنایەتیی باڵایان بە لاوە گرینگ بێت و هەقدەستی باش بە نووسەران و وەرگێڕەکان بدەن و زیاتر بە دووی کتێبی باش و نووسەر و وەرگێڕی باشدا بگەڕێن و هەوڵ بدەن بەرنامەی بڵاوکردنەوەیان هەبێت و ئەو کتێب و دەقە بیانییانە وەربگێڕن کە ڕۆڵی پێشڕەوانەیان هەیە و خێرایی بە بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و زانستی خۆماڵی دەبەخشن، نەک بە گوێرەی ڕێکەوتان و خوابەختەکی کتێبان چاپ بکەن. دەقە وەرگێڕدراوەکان هەڵبسەنگێنن و پێداچوونەوەیان بۆ بکەن و ناسنامەیەکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆ بۆ خۆیان پەیدا بکەن، کە ببنە جێگەی متمانەی خوێنەران و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکە و مۆر و ئارمی ئەوان بە هەر کتێبێکەوە بێت، بۆی ببێت بە پەساپۆرت و شایەتی و گەواهیی بۆ باشی کتێبەکە. ئەمەش بەوە دێتە دی بڵاوکراوەکانیان هەڵبژاردە بێت، پشت بە پاچڤەوانی دەرەجە یەک و کارامە و زەبەردەست ببەستن و هەقدەستی باش بە وەرگێڕ بدەن و کارێکی وەها بکەن وەرگێڕی باش پێویستی بە هیچ دەرامەتێکی دیکە نەبێت و بە کارەکەی خۆی، کە وەرگێڕانە بژی. یانی پشت بەو وەرگێڕانە ببەستن کە کارەکانیان پوختە بێت و پێداچوونەوەی نەوێت.

دیارە لای ئێمە تا ئیستا مەگەر بە دەگمەن دەنا کەس بە قەڵەمی خۆی ناژی، وەشانخانە و دەزگەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بە خۆیان بەرنامەی تۆکمە و دیاریکراویان بۆ کاری ساڵانە نییە، زۆربەی کات وەرگێڕەکان بە گوێرەی حەزی خۆیان کتێبانیان وەرگێڕاوە و داویانە بە دامودەزگەکان و دوای چەندین مانگ و هەندێ جار چەندین ساڵ چاوەڕوانی، ئەوجا کتێبەکە چاپ دەکرێت و ئەگەر سووکە پاداشتێکی کەمی بدرێتێ، یان نا! هەڵبەتە ئەم پاچڤەوانانە مەبەستیان پارەپەیداکردن نییە، بەڵکو ئامانجیان خزمەتی کولتووری بووە، ویستوویانە هاووڵاتییانی خۆیان بە دەسکەوتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتانی دیکەی دنیا ئاشنا بکەن و هەندێ لەو بەرهەمانەیان بخەنە بەر دەست کە ئەمڕۆکە ئیدی بوون بە بەشێک لە کەلەپووری هاوبەشی تیرەی بەشەر.

## 10

پاچڤە دەکاتە ئەوزاری گفتوگۆی نێوان خەڵکانێک کە بەیەک زمان نادوێن، هەڵبەتە لە گفتوگۆی نێوان شارستانییانیشدا، پاچڤە ئەوزارێکی گرینگە، تا چۆنیەتیی پاچڤەکە بەرز و باش بێت گفتوگۆیەکان ڕوونتر و سەمەربەخشتر دەبن. پاچڤەی گۆنگ و خراپ نەک هەر کەشوهەوای گفتوگۆیان دەشێوێنێت، بگرە دەبێتە مایەی بەدحاڵیبوونی زۆریش.

ئەمڕۆکە ئەگەر سەیری کتێبخانەی نیشتمانیی هەر میللەتێک بکەیت، دەبینی پاچڤە ڕێژەیەکی بەرزی کتێبخانەی ناڤبری پێک دێنێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە هونەری پاچڤە ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرینگی لە ژیانی ئەمڕۆی تیرەی بەشەردا هەیە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گرینگیدان بە چەندێتی و چۆنیەتیی وەرگێڕان و هەوڵدان بۆ بەرزکرنەوەی ئاستی چلۆنایەتیی پاچڤە کارێکی پێویستە، بە مانایەکی دی، ئەگەر بگوترێت هەر ئەدایەکی زمانەوانی، خۆی لە خۆیدا پاچڤەیە، نابێت بە زێدەڕۆیی.



# هۆکارەکانی سەرهەڵدانی

# ڕێبازی سوریالیزم

وەرزێر مەنسوور

**پێشەکی:**

ڕێبازی سوریالی ئەو ڕێبازەیە کە دەگەڕێت بە دوای دامەزراندنی ئێستاتیکایەکی ناعەقڵانیدا و جوانیناسییەک کە چیتر پشت بە ئەقڵ و لۆژیک نەبەستێت، بەڵکو هەوڵ بدات هەستی نائاگایی و خەون و توانا شاراوە و چەپێنراوەکانی ناخ بتەقێنێتەوە. ئەم تەقاندنەوەیە خۆی لە خۆیدا داهێنان و جوانییە! هێنانە ئارای نووسینی ئۆتۆماتیکی لە لایەن سوریالیستەکانەوە ئاکامی ئەم پرەنسیپە بوو.

هەروەها بمانەوێ باسێکی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازێک بکەین. ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و ناساندنێکی تەواومان هەبێت بۆ چەمکی ئەو ڕێبازە و هەوڵێکی تەواو بدرێت تا دەگەینە خاڵێک کە پێمان بڵێت ئەمە سەرەتایە.

وشەی سوریالیزم لە [surrealisme]ـەوە هاتووە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە لایەن شاعیری فەڕەنسی "گیوم ئاپۆلێنەر" لە ساڵی 1918، بە کار هاتووە و بە مانای [سەرووی واقع دێت] بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1919) واتە لە دوای ڕێبازی "دادایزم" لە فەڕەنسا هاتە ئارا، دژ بە هەموو لۆژیک و شێوە و ڕێکوپێکییەکی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی باو.

لەم توێژینەوەدا مەبەست لە سوریالیزم ئەوەیە دەیویست خەون و غەریزە و ناهۆشیاری و ئارەزووە چەپاوەکان بسەپێنێتە سەر لۆژیک و ئەقڵ و ڕێکوپێکییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی "کارکردنی ریالیستییانەی بیر وەکو خۆی هەیە" واتە تەقاندنەوەی هەستی ناهۆشیاریی مرۆڤ. کەواتە ئەگەینە ئەو خاڵەی کە هەموو ئەو بوارانەی کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا درووست دەبێت، هەڵگری پەیامی خۆی بێت و بتوانێ کاریگەریی کەمتازۆر لە سەر مرۆڤەکان هەبێت، جا ئیتر سلبی بێت یان ئیجابی، ئەوە پەیوەندیی بە میتۆدی ئەو بوارە خۆیەوە هەیە.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کەوا دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە کاریگەریی خۆی هەبووە، لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ، چونکە هەڵگری کۆمەڵێک پڕەنسیپە کە کاریگەریی لە سەر ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە بە گشتی و بە تایبەت نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان، بۆیە هەوڵمان داوە گرنگیی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە بخەینە بەر چاوی خوێنەران و خزمەتێکی کەم بە نووسراوی کوردی بکەین.

## کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەوگرفتی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کەوا ڕێبازی سوریالیزم و ناساندنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە پێویستی بە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێ پرسیار هەیە، کە سەرچاوەی گشتیی ئەم توێژینەوەیەن، وەک: بۆ جەنگی جیهانی وەک کاریگەرترین هۆکار بوو، بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم؟ ئایا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم بە گشتی چی بوون؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی تری گرنگ کە هەوڵمان داوە بە پشتبەستن بە گریمانەی توێژینەوەکە وەڵامیان بدەینەوە.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

ئەم هۆکارانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازێک بە ناوی سوریالیزم و بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەم هۆکارانە کاریگەرییان نەبوایە لە سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، ئەوکات ڕێبازی سوریالیزم دروست نەدەبوو، کەوا کۆمەڵێک بیرمەند و نووسەر و شاعیر و هونەرمەند بگرێتە خۆ و خزمەت بە مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیریی گشتی بکات.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە میتۆدی مێژوویی وەرگرتووە، لە کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و هەروەها سوودمان لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە، لە وەسفی بابەتەکاندا و



هەروەها سوودمان لە میتۆدی بەراوردکاری وەرگرتووە بۆ بەراوردکردنی بابەتەکە و هەروەها میتۆدی شیکاری وەرگرتووە بۆ راڤەکردنی بابەتەکە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە.
بێگومان بۆ توێژینەوەیەک لە سەر بابەتێکی لەو جۆرە کە هۆکاری سەرهەڵدانەکەی بخرێتە ڕوو، ئەوا چەندین ئاستەنگ هێتە بەردەمان، وەک نەبوونی سەرچاوە وەک پێویست، چونکە هەتا ئەمڕۆش وەک پێویست لە زۆر بواردا وەرگێڕان نەکراوە بۆیان و بە زمانە بیانییەکان دەست دەکەوێ، کە ئەوەش ئاستەنگی دروست دەکات لە بەردەم توێژینەوەیەکی ئا لەم شێوەیە. هەروەها فراوانیی ئەم توێژینەوەیە کە بە چەندین سەرچاوە و چەندین توێژینەوە وەسف ناکرێت. هەربۆیە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری دەوێت.

### بەشی یەکەم:
### ناساندنێکی گشتی، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم

لەم بەشەدا دەمانەوێت بە شێوەیەکی گشتی باسی ناساندنێکی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم بکەین و هەروەها لە باسی دووەمدا باسی فەلسەفەی برگسۆن و ڕێبازی دەرونشیکاریی فرۆید دەکەین، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### باسی یەکەم:
### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم

سوریالیزم یەکێکە لەو ڕێبازانەی کە قسە و باسوخواسی زۆر لە بارەوە کراوە و لە سەردەمی پێش دامەزراندن و کاتی دامەزراندن و دوای دامەزراندنی زۆرترین قسەوباسی لە بارەوە کراوە، چەند بەیان نامەیەکیش، دوابەدوای یەک لە بارەی سوریالیزمەوە بڵاو کراوەتەوە، کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ڕێبازە خاوەنی پرۆگرام و بنەمای ڕێبازبوونی تێدایە و کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و نوسەرانی لێ کۆ بووەتەوە. بۆیە جێی خۆیەتی هەوڵ بدرێت باسی ئەو هۆکارانە بکرێت، کە کاریگەرییان لە سەر ئەم ڕێبازە هەبوو بۆ سەرهەڵدانی. کۆمەڵێک هۆکاریش لەم ڕێبازەدا کۆ بوونەتەوە کە بەڕاستی بە لێکۆڵینەوەیەک و دوان و سیان، ناتوانرێ حەقی تەواوی خۆی بدرێتێ، بەڵام ئەتوانین هەوڵێک بخەینە کار بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە بە شێوەیەکی وەها بخەینە پێش چاو، کە نزیکمان کاتەوە لەو ئامانجەی مەبەستمانە، بزانین ئەو هۆکارانە کامانەن کە کاریگەرییان هەبووە لە سەر ڕێبازی سوریالیزم. ئەگەر هەر شتێک هۆکارێکی



نەبێت ئەوا ئەنجامیشی نابێ. هەربۆیە هەوڵ دەدەین حەقی تەواو بدەینە ئەو هۆکارانە و بە شێوەیەک کە کاریگەرییەکانی مێژوو ئەمڕۆش بە خۆیەوە گرێ بدات و سەرنجی ئەو ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندانە بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، کە تێگەشتنیان بۆ ئەم ڕێبازە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی لاوازە، یان هەر هەوڵی نەداوە لێیان تێبگات، نەک لەبەر ئەوەی ئاڵۆزە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مەعریفەی گەڕانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە لاوازە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتوانراوە، تا ئێستە هەوڵەکان بخرێتە گەڕ بۆ ناساندنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییانە و هۆکاری سەرهەڵدانیان و کارکردن لە سەریان، بە تایبەت لە کۆلێژ و پەیمانگە هونەری و ئەدەبیەکاندا، ئەگەر هەشبێت زۆر بە شێوەیەکی کرچوکاڵە، کە زۆر جار لە لایەن فێرخوازەوە دەرخییاتی بۆ دەکرێت؛ تێگەشتنی بۆی زۆر لاوازە و هەوڵیش نادات بە دوایدا بگەڕێت. بۆیە پێویستە ئەمانە کۆمەڵێک ڕێبازی ڕوون بن، تا بتوانرێ کۆمەڵگەیەکی وەها بەرهەم بهێنرێ، ڕۆشنبیریی گشتی بە چاو ببینرێت و شانازیی پێوە بکرێت، چونکە پێویستە ئێمە لە زۆر شتدا لاسایی ڕۆژئاوای خۆمان بکەینەوە، یان ئەگەر نەمانتوانی ئەوا بتوانین شتە باشەکانیان لێ وەربگرین، چونکە ئێستا لە زۆر بواری ژیاندا ئەگەر بتەوێ کارێک بکەیت ئەوا پێویستت بە ڕۆشنبیرییەکی وەها دەبێت، کە هونەرییانە بتوانی کارەکەت ڕاپەڕێنی. بۆیە ئەم بابەتەی کە هەڵمان بژاردووە، یەکێکە لەو بابەتانەی کە کەمترین باس و خواسی لەسەر کراوە، چونکە لە زۆر لێکۆڵینەوەدا بە دووروودرێژی باسی ڕێبازێک کراوە بەڵام زۆرێک لە لایەنەکانیان پەڕاندووە، هەربۆیە ئێمە تەنها لە سەر ئەوە ئەدوێین، ئەو هۆکاران کامانەن کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم.

سوریالیزمیش وەکو هەموو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکانی تر گەڵێک هۆکاری لە پشتەوە بوو بۆ دروستبوونی و سەرهەڵدانی، کە کاریگەریی تەواوی هەبوو لە سەر مرۆڤەکان. بە تایبەت ئەو کەسانەی زیاتر لە ناو بیرکردنەوەدا دەژیان و هەمیشە بە درێژایی تەمەنیان لە گۆڕانکاری و پێشکەوتندا بوون، ئەقڵ و بیرکردنەوەیان، کە کاریگەرییشیان لە سەر دەوروبەر دروست کردووە، لە هەر پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت. بۆیە ئێمە کەمێک ئەگەڕێینەوە بۆ مێژوو. هەوڵ دەدەین ئاماژەیەکی کورت بەو هۆکارانە بدەین بە شێوەیەکی چڕ و تێکەڵکردنی تەواوی هۆکارەکان، پاشان جیاکردنەوەیان لە یەکتر و بەوردی باسکردنیان.

ئەگەر دەستبەرداری سەدەکانی ناڤین و مارکیز دوسان بین، ئەوا دەبێت لە ڕۆمانتیزمدا بۆ ڕەگوڕیشەی سوریالیزم بگەڕێین، چونکە ئەو بزاڤە شیعرییەی کە لە سەدەی نۆزدەمدا سەری هەڵدا، مەعنای ڕوون و ڕەوان و مەفهومی لە قەڵەمڕەوی شیعر بە ئاڵۆزکاری و تەمومژدا ڕەنگی لە ڕۆمانتیزمدا بوو. لەم قۆناغەدا، شاعیرانی وەکو "ئالفرەودووینی" هەوڵیان دەدا شەقڵی فەلسەفی بە بەرهەمەکانی خۆیان بدەن و بە باوەڕی "بۆدلێر" دەبوایە ڤیکتۆر هۆگۆ بە جوانترین شێوە "نهێنیی ژیان" بزانرێ.

بۆدلێریش بۆ خۆی شرۆڤەی یەکێتیی سروشتی دەکرد [کە چۆن لە سروشتدا بۆن و ڕەنگ و دەنگەکان یەکانگیر و ئاوێتە دەبن] و بۆ هەڵاتن لە سنوور و سنووردارییەکانی جیهان، مەبەستی ئەفیوون و حەشیشەی لە زوهد و تەقوای عەبووسانە پێ باشتر بوو.

شیعرەکانی بۆدلێر بە ڕادەیەک کاریان لە ڕامبۆ کردبوو، کە تا کۆتایی تەمەنی لە نێوان "ژیانی موتڵەق" و "یەخسیری لە دۆزەخی جیهانی"دا هەر لە هەوڵدا بوو. حاڵەتی سەرسامی لە جیهانی بێکۆتایی، هەم لە بەرهەم



و هەم لە ژیانی ڕامبۆدا بەرچاو دەکەوێت و دەکرێت ڕامبۆ لە ڕووی یاخیبوونەوە لە چارەنووسی بەشەر، بە پێشڕەوی سوریالیزم بزانرێ. بابەتەکانی ڕامبۆ نیشاندەری ژیانی بوونەوەرێکە کە ناچێتە ژێر باری درۆودەلەسە و ریا و ریاکاریی کۆمەڵایەتی، هەوڵ دەدات بە زەبری شیعر مرۆڤ لە کۆت و زنجیری خۆی ئازاد بکات و دزێوی واقیعییان پێ نیشان بدات.

بەڵام گێژاوەکانی دنیای شەڕ کۆتاییان نییە و کەشف و دۆزینەوەی ئەم گێژاوانە هەستی ئازادی و توانای یاخیبوون لە بەرانبەر خوا لە مرۆڤدا بێدار دەکاتەوە. "لوتر ئامون"یش کە یەکێک بووە لە مژدەدەرانی سوریالیزم، ئەم یاخیبوونە، ئەم یاخیبوونەی دەتوانێ بمانخاتە دنیای سەرسامییەوە.

بەم جۆرە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەو پێشبینییەی کە چالاکیی شاعیر هۆیەکە بۆ چوونە ناو نهێنییەکانی "سروشتی باڵا" لە ناو عیرفانی هەڵقوڵیو لە "یاخیبوونی ڕامبۆ"ـوە گەشە دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە کە لە هەموو رووە جۆراوجۆرەکانی بیر و بیرکردنەوەدا، ڕووبەڕووی شکستی فەلسەفەی "ڕەسەنایەتیی ئەقڵ" دەبینەوە. گۆڕان و گۆڕینی جهیان پەرە دەسەنێ و جێگەی گریمانەی "پایەداری و بەردەوامیی مادە" دەگرێتەوە.

برگسون لە بەرهەمە فەلسەفییەکانی خۆیاندا سنووری توانای هێرش دیاری دەکات و ئەوە نیشان دەدات، کە دەسەڵاتی هۆش تەنیا لە قەڵەمڕەوی مادەدایە، ئەمە لە کاتێکدا کە "کەشف و شهوود" توانای دەرەکیی سەرچاوەی ئەسڵیبوون بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئەم فەیلەسووفە بەر لە فرۆید، سەرنجی خەڵکی بۆ خەون و حاڵەتی جۆراوجۆری گواستنەوەی فیکر لە دوورەوە و بەرجەستەبوون و تەجەلیاتی "نامەعقوول"ـی هێزە دەروونییەکانی ڕاکێشاوە.

هەر لەم قۆناغ و سەروبەندەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی تازە بڵاو دەبنەوە کە باسی نەخۆشییە دەرونییەکان و کاریگەرییان لەسەر دەروون و چارەنووسی مرۆڤ دەکەن و ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەفتاری ئادەمی، خۆی لە خۆیدا نامەنتیقییە، پێش ئەمەش دۆستۆیڤسکی ئەوەی شەرح و شرۆڤە کردبوو، کە لە ناخ و ویژدانی هەر کەسێکدا کۆمەڵێک مەیل و ئارەزووی ناکۆک و نەیار هەیە.

جا نەک هەر پڕەنسیپە سایکۆلۆژییەکان لە ئەنجامی ئەم دۆزینەوەیەدا هەرەس دێنن، بەڵکو زانستە سروشتییەکانیش لە ئەنجامی کەشفی دنیایەکدا، کە هەموو شتێکی لێک دابڕاوە دەگۆڕێت. بۆیە ئەدەبیات هەوڵ دەدات "یەکێتی بوونی ئادەمی" لە نێوان سیما و رووە دەروونییە زۆروزەبەندەکانی مرۆڤ خۆیدا بدۆزێتەوە. وەکو چۆن نیگارکێشی، بە پێی قوتابخانەی "کیوبیوم" کە وەسفی شیرازەپچڕانی واقیعە، لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە پشت ڕواڵەتە فریودەرەکانەوە، جەوهەر و ماهییەتی بوونەوەران و شتان بدۆزێتەوە.

کارسەند بێرگی شاعیری ئەمەریکی، پێناسەی تازەی شیعر دەکات: "شیعر دەفتەری بیرەوەریی گیاندارێکی دەریاییە، کە لە سەر زەوی دەژی و حەز دەکات بۆ ئاسمان بفرێت...

گەڕانی هیجا و دەنگانێکە، کە لە دەروازە و دەرگەی دنیا نادیار و نەناسراوەکان بدات و بەم جۆرە "مەودای چوارەم" بە موڵکی تایبەتیی شیعر دەزانێت.

هەندێ شاعیر لەو دیوی ڕۆحانییەتی سیمبولیزم و سنووردارییی سوریالیزمەوە، دەکەونە تاقیب و عەودالی "واقیعییەتی باڵاتر" واتە واقیعییەتێکی "کۆکەرەوە"ـی

ئەوتۆ، کە هەموو شتێک لە کلاورۆژنەی بنجبڕی هەستپێکراو و مادییەوە دەبینن، بەڵام نەک هەر دژی ئەو شتە نین، کە بۆدلێر پێی دەگوت "بزاڤی غەزەلخوانی ڕۆح"، بەڵکو لە ناخەوە پابەند و پێوەی وابەستەن. هەندێ لە شاعیران لە بواری خولقاندنی ئەم هەستی "کۆکەرەوە" و "قوولگەری"ـیەدا سەرکەوتووتر بوون. ئەگەر "ئاپولینر" شاعیرێکی گەورە بێ، لەبەر ئەوەیە کە سادەترین گوزارشت و نیشاندانی واقیعی ڕۆژانە و تەنانەت بازاڕیش، لە ژێر دەستی ئەودا دەبێ بە شیعرێکی "جامیع" ئاوێتە بە خەون و خەیاڵ و یادگاری و ئەفسوونی پەیڤ و ڕیتم و ئاهەنگی شەو، لە لایەکی دیکەوە "پۆل کلۆدیل" دەیەوێ بە شیعر و شانۆ نامەکانی ژانی ئەدەبیی جۆراوجۆر و تۆنی تایبەتی هەر یەکەیان ئاوێتەی یەکتر بکات و داڕشتنێکی وەهای بۆ بکات، کە بە شێوازی بەرز و تەنز بە غەزەل و تاسەی داهێنەرانەی هونەر بە تەوس و توانجی داهێنان تێکەڵ بکات.

تەوس و گاڵتە، بە شێوەی "وێرانکردنی کۆمەڵگە" لە ژیان و بەرهەمی [ئارتور کراڤان]دا دەبینرێ، ئەم پیاوە سەرکێش و بە ئاژاوەیە، کە پیشەی بۆکسێن بووە، لە چەندین وڵات و میللەت قاچاخ بووە، بە هەر شوێنێکدا تێدەپەڕی، یەک دنیا ریسوایی و بەدناوی لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵا، لە نێو ساڵانی 1915-1912 ـدا، گۆڤارێکی بە ناوی "ئێست"ـوە دەردەکرد و هەمووی لە عەرەبانەیەکی دەستی دەکرد و بۆ خۆی بە نێو کۆڵانەکاندا لێی دەخوڕی و گۆڤارەکەی دەفرۆشت، بەم کارە دەیویست گاڵتە بە کتێبخانە و کتێبفرۆشی بکات. لەم گۆڤارەدا، بە توندی گاڵتەی بە شێوەکاران دەکرد و ڕەخنەی لێ دەگرتن و قارەمانی وەرزشیی پێ چاکتر بوو لەوان، چونکە پێی وا بوو قارەمانانی وەرزش بە لای کەمەوە غەریزە و مەیلە سەرەتاییەکانی بەشەر بە هەموو توانایەکەوە نیشان دەدەن.


ئەندرێ بریتۆن

پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، "ژاک ڤاشە" کە ئەندریە بریتونی ناو بوو [وەستای گوێپێنەدان بە هیچ شتێک] بە شێوەیەکی ئاڵۆز و نامەعلووم خۆی کوشت. کاریگەرسی ئەو بە سەر سەرهەڵدانی سوریالیزم و بە تایبەتی بە سەر خودی "ئاندریە بریتون"ـەوە حاشاهەڵنەگرە.

"پیر رووردی" کە یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی سوریالیزم، لە ساڵی 1917ـدا، گۆڤاری [باکووری باشووری]دامەزراند و "ئاپۆلینر" و "ماکس" و "ژاکوب" و "ئاراگون"یش هاوکارییان کرد. لەو گۆڤارە و بە تایبەتی لە گۆڤاری "ئەدەبیات"ـدا کە لە ڕاستیدا "دژی ئەدەبیات "بوو. مەسەلە بنەڕەتییەکانی سوریالیزم دەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارەدا، "ئەندریە بریتون" و "فیلیپ سوپۆ" و "ئاراگون" پرسیارێکیان بەم ناوەڕۆکە

خسته ڕوو: "بۆ دەنووسن؟" دەیانویست لەو ڕێگەیەوە ئەوە نیشان بدەن، کە ڕاڤە و شرۆڤەی جۆراوجۆر و جۆر لە نووسیندا ئەوەندە گرنگ نییە، چونکە مەسەلەی گرنگتری وەکو "چەمکی ژیانی مرۆڤایەتی" هێشتا چارەسەر نەبووە و چونکە نووسین بە مەبەستی قازانجی شەخسی ئەنجام دەدرێ، بۆیە چ بایەخێکی هەیە.

ئەم سووکایەتیکردنە بە هونەر و ڕەتکردنەوەی ئاوەزە، کە بە تاقیبی "موتلەق" ئاوێتەیە، لە ئەمەریکاشدا بەرچاو دەکەوێت. لە ساڵی 1912ـدا، "مارسیل دوشامب" کاری توندڕەوی گەیاندە ئەوەی کە شتە دەستکردەکانی وەکو عەلاگەی جل و پێچکەی عەرەبانە، وەکو کاری شەخسی و هونەری ئیمزا بکات و بە خەڵکانی تری پێشکەش بکات.



"داداییزم" ئەنجامی حاڵەتی ڕۆحیی کەسانێک بوو، کە لە ئاکامی داڕووخانی جیهان و ئادەمییانەوە ڕوویان کردبووە دنیای نائومێدی و باوەڕیان بە هیچ کارێکی جێگیر و پایەدار نەبوو.

پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە زۆر بە قووڵی هەستیان بەو پەرێشانی و پەشێوییە دەکرد، کە لە جەنگ کەوتبوویەوە و چالاکیی "دەستوری ژیان "بدۆزنەوە. جا ئەمانە نەک بەرهەمەکانیان بەڵکو ڕەفتاریشیان "دادا"ییانە بوو. ژیانی ئەوان یاخیبوونێکی بەردەوام بوو، دژی هونەر و ئاکار و ئەخلاقی کۆمەڵگە. داداییزم وەکو وتمان، جگە لە نەفیکردن و سڕینەوەی خۆی چ شتێکی دیکەی پێ نەدەکرا، بەڵام پاش ئەوەی زەینیان لە کۆت و زنجیری خورافاتی کۆن ڕزگار کرد، ڕاپەڕینی پۆزەتیڤی سوریالیزمی لێ کەوتەوە. جا لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێبازی "داداییزم" کاریگەریی خۆی هەبووە لە سەر سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم و توانی کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەر لە خۆی کۆ بکاتەوە و لە چەند بەیاننامەیەکی گرنگدا ئامانجە باڵاکانی ڕێبازی سووریالی بخەنە ڕوو. هەتا ئەمڕۆش ڕێبازی سوریالی ڕۆڵی خۆی لە هەندێ بواردا دەبینێ. بە تایبەتی لە هونەری شێوەکاریدا، کە وا







لە بینەر دەکات، لە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بژی و لە مانا و مەبەستی ئەو هونەرمەندە تێبگات، وڵاتی خۆشمان بەدەر نییە لەو ڕێبازە و خۆی بۆ خۆی هۆکاری خۆی هەبووە، بۆ سەرهەڵدانی، ئەو هۆکارانەش لە ماڵوێرانی خەڵکی ئەم نیشتمانە و ئەنفال و کیمیاباران و ڕاکردن و ئاوارەبوونمان، لە وڵاتانی تر کە بەڕاستی ئەمانە گەلێک هۆکاری گرنگن، کە تا ئەمڕۆ هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی ئەم نیشتیمانە ئەینووسنەوە و دەکرێتە دۆکۆمێنتاری و ئەمێنێتەوە بۆ نەوەکانی ئاییندەمان، تا بزانێ ئەم نیشتیمانە چی بە سەر هاتووە. کەواتە ئەم هۆکارانەی کە بە شێوەیەکی خێرا، باسیان لێوە کرا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە ڕێبازی سوریالی ئەگەر ئەمە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بێت، ئەبێت ئەو ڕێبازەش توانیبێتی، یان بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ، لە سەر کۆمەڵگە و بە تایبەت تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، تا لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە بگەینە ئەوەی کە دەمانەوێ، بۆیە هەوڵ دەدەین ئەو بابەتەی کە باسمان لێوە کرد، وردتری بکەینەوە و بگەڕێین بە ناو ئەو دنیایەی، کە هۆکاری سەرهەڵدانی سوریالیزمی تێدایە و باسی بکەین. بۆیە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم ئەکەین بە چوار بەشی سەرەکییەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە.

**باسی دووەم**

**فەلسەفەی برگسۆن و ڕێبازی دەروونشیکاریی فرۆید**

ئەم باسە دوو بابەتی گرنگی لە خۆ گرتووە، کە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤدا هەیە و دۆزینەوەی لایەنە ئەقڵییەکانی مرۆڤ بابەتێکی گرنگە کە لەم دوو خاڵەدا دەیخەینە ڕوو.

## 1- فەلسەفەی برگسۆن

برگسۆن فەیلەسووفێکی فەڕەنسییە. لە خانەی مامۆستایان لە "کلیرمۆنت" خوێندوویەتی. لە ساڵی 1900ـدا بووەتە مامۆستای فەلسەفە لە کۆلێژی [دی فرانس]. لە ساڵی 1928ـدا، خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ بەخشراوە. ساڵی 1940، بە هۆی داگیرکردنی فەڕەنسا لە لایەن ئەڵمانیاوە، وازی لە کۆلێژی "دی فرانس" هێناوە.

فەلسەفەی برگسۆن بریتیە لە [چۆنێتیی بیر و مادە. لەو بڕوایەدایە کە مێشکی سروشتی جگە لەوە کە ئەقڵی تێدایە، بیری داهێنەرانەیشی هەیە، کە ئەویش ئەو هێزەیە مرۆڤ دەبزوێنێ. ئەمەش بە تیشکێکی زیندووی دەداتە قەڵەم، کە سەرەتای فەلسەفەکەیەتی، هەروەها دەڵێت جیهان دوو ئاڕاستەکاری دژ بە یەکە، ئەویش ژیان و مادەیە، ژیان پێش ئەکەوێ و داهێنەرە، بە هۆی مادەوە هەوڵ دەدات بەرز ببێتەوە و شتی لێ دروست دەکات، بەڵام مادە شتێکی قورس و دەستبەستە، کە مرۆڤ بە هۆی زیرەکییەوە مادەی ناسیوە و گەلێ کار و بیردۆزی لێ هێناوەتە بەرهەم. گەلێ کتێبی گرنگی لەو بوارەدا داناوە، لەوانە "زەمان و ئیرادەی سەربەست" و "مادە و ئەقڵ" و "هەوڵدانێک بۆ لێکۆڵینەوەی باری ویژدان" و گەلێکی تر.]

## 2/ڕێبازی دەروونشیکاریی فرۆید

پزیشکێکی نەمساوییە. پسپۆڕە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆئەندامی دەمار و دامەزرێنەری قوتابخانەی "شیکردنەوەی دەروونی"یە، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی ڤیەننا ساڵی 1881 لەگەڵ "جۆزێف برویر" لە ڕێبازەکەیدا [بە یەکەوە هەوڵیان ئەدا بۆ چارەسەرکردنی "هیستریا" بە هۆی خەواندنەوە دەری خست، کە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە کە بە



هۆی ئەندامەکانی لەشەوە دەردەبڕێت، بەڵام خۆی دەگەڕێتەوە سەر نەخۆشییەکە، بۆ ئەو ڕووداوانەی کە کاری کردووەتە سەر نەخۆشییەکە لە کاتی منداڵیدا و لە نەست "لاشعوور"دا پەنگی خواردووەتەوە.
دواجار خۆی بە تەنها ئیشی ئەکرد و ئەوەی چەسپاند کە ئەو وزەیەی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی هیستریا، وزەیەکی جنسی- سێکسی "جنسی"یە، ئەم تیۆرەی فرۆید کاری گرنگی کردە سەر پێشخستنی "تیۆری سێکسی و گرێی ئۆدیب"
فرۆید باوەڕی وا بوو کە ئاکار "سلوک"ـی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی پاڵنەرە نەستییەکان، بە تایبەتی "غەریزەی جنسی" و دوژمنکاری، ئەمەش ئاکار و کەسێتیی مرۆڤ دیاری دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم پاڵنەرە لە منداڵییەوە لە نەستدا خەفە کراوە، تەنیا لە ڕێگەی خەون و بیرهێنانەوەی ئازادەوە دەکرێت بە یاد بهێنرێتەوە]و گەلێ کتێبی بە نرخی لە بارەی تیۆری سێکس و توێژینەوەی دەروون و نیگەرانی و غەریزەکانەوە داناوە، هەروەها پەروەردە و ئەدەب و هونەر، لەوانە "خەونامە".
لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە فەلسەفەی برگسۆن و ڕێبازی دەروونشیکاریی فرۆید هۆکاێکی گرنگە لە ڕووی دەروونییەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەر نووسەران و هونەرمەندانی سوریالیزم، کە بیر لە ڕووی ناوەوەی مرۆڤ بکەنەوە، وەک فرۆید ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤ لە سێ لایەن پێک هاتووە، کە ئەوانیش بریتین لە:

**ئەو:**
ئەو بەشەیە کە غەریزە و پاڵنەرە بۆماوەییەکانی، وەک خواردن جنس و پاڵنەری شەڕنگێزی تێدا کۆ بووەتەوە و تەنها مەبەستێک ئەوەیە بتوانێ ئەو کەسایەتییە تێر بکرێت، بەو غەریزە و پاڵنەرانەی کە هەن و بەبێ گوێپێدان بە ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**من:**
مەبەست لێی منە، واتە هەموو ئەو بوارانەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، کە لە منداڵییەوە تێیدا پەروەردە دەبین. لە ڕێگەی هەستەکانەوە و ئەو ڕۆژگارەی ئێمەی تێدایە، دروستمان دەکات، تا ئەم منەمان لێ دەربچێت.

**منی باڵا:**
ئەو بەشەیە کە کەسێتی لە سەر بنەمای پەروەردەی و ئامۆژگاریی دایکوباوک، لە منداڵییەوە، دروست دەبێت، لە سەر ئایینەدەی کەسایەتی.
ئەم سێ بەشە هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن، کە کۆمەڵێ حاڵەتی دەروونی لە خۆ دەگرێت، کە پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ کەسایەتیی مرۆڤ هەیە، وای لێ دەکات "بیر بکاتەوە" واتە چوونە ناو ناوەڕۆکی هۆکارەکان- ڕووداوەکان، هەر شتێک کە لە دنیادا درکی پێ دەکرێت، جا ئیتر لە ڕێگەی لەوحەیەکی شێوەکارییەوە بێت، یان شانۆ یان شیعر، یان چیرۆک، ئەوا پەیوەندیی بە خودی کەسەکە خۆیەوە هەیە، کە لە چی بواریکدا کار دەکات، واتە ئەگەینە ئەو خاڵەی کە حاڵەتە دەروونییەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون، بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم. لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی وەها کە بتوانرێ حاڵەتە دەروونییەکان ئاماژەیان پێ بکرێت، لە ڕێبازی سوریالیزمدا بیرکردنەوە لە ناو لەوحەیەکی شێوەکاریدا، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە دەروونی ئەم هونەرمەندە پێمان دەڵێت چی. یان پەیامەکەی چییە. واتە لە دوای ئەوەی کە خۆی لە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵدا دەژی، بە هەمان

شێوه واش له ئێمه دەكات بیر بكەینەوه و حاڵەته دەروونییەكانی ئەم هونەرمەندە لێک بدەینەوه و بزانین پەیامەكەی چییە، بۆیە ئەمە وەک چەند ئەڵقەیەكی گرێدراو وان، كە لە شیكردنەوەی دەروونیی فرۆیدەوە و فەلسەفەی برگسۆن وردە وردە بێینە ناو سوریالیزم و بڵێین ئەمەش هۆكارێكی سەرەكییە بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم.

## بەشی دووەم:
## ڕێبازی دادایزم و كاولكاریی جەنگی یەكەمی جیهانی

لەم بەشەدا دەمانەوێت ئاماژە بە دوو باسی گرنگ بكەین، ئەوانیش ڕێبازی دادابیزم، كە ماوەیەكی كەم بەر لە سوریالیزم هاتە ئارا و لە باسی دووەمدا تیشك دەخەینە سەر ماڵوێرانی و ڕووخان و كاولكاریی جەنگی یەكەمی جیهانی.

### باسی یەكەم:
### ڕێبازی دادابیزم، كە ماوەیەكی كەم بەر لە سوریالیزم هاتە ئارا

لێرەدا دوو خاڵی سەرەكی هەن كە دەبێت لە یەكیان جیا بكەینەوە. ئەوانیش دادابیزم وەک ڕێباز و دەركەوتنی و پەیوەندیی نێوان دادابیزم و سوریالیزم، لە سەر چی بنەمایەكە و بۆ بووەتە هۆكارێكی گرنگ بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، كە هەوڵ دەدەین حەقی خۆیانی بدەینێ.

### الف- ڕێبازی دادابیزم

لە ئاكامی ماڵوێرانیی جەنگی یەكەمی جیهانی، لە ساڵی 1914-1918 ـدا، ژمارەیەک ئەدیب و نووسەری سەر بە چینی بۆرژوای بچووک وەک ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر كاولكاری و ڕووخانی بەهای مادی و مەعنەوییەكانی ئینسان، بەیاننامەیەكیان بڵاو كردەوە و تیایدا لەدایكبوونی ڕێبازێكی ئەدەبی و هونەریی نوێیان ڕاگەیاند.

بناغەی ئەم ڕێبازە لەسەر ڕەتكردنەوە دامەزرابوو و نووسەران و هونەرمەندانی دادا دەیانەوێ ئەدەبیات و دواتریش مرۆڤایەتی لە كۆتی عەقڵ و مەنتیق و زمان ڕزگار بكەن.

"هۆگۆ باڵ- hugo ball، كە بە دامەزرێنەری ڕێبازەكە دادەنرێت، بۆچوونی لە سەر ڕێبازەكە ئەمەیە، كە دەڵێت [مەبەستی یانەكەمان ئەوەیە، كە چەند نووسەرێكی بێلایەن هەن دژی ئەو شەڕەن و دەژین لە پێناو بەدیهێنانی بەهایەكی باڵاتر.]

لە 8ـی شوباتی 1916ـدا، دادابیەكان ڕێبازەكەی خۆیان ڕاگەیاند و گۆڤاری "دادا_ dada"ـیان دەركرد. هەر لە سەرەتاوە زۆر كەسایەتیی ڕۆشنبیری فەرەنسی پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەو بزووتنەوەیە ڕاگەیاند، لەوانە "ئەپۆلینێر" و "لویس ئەراگۆن" و "فلیپ سۆپۆ" و ئەندرێ بریتۆن...

دوابەدوای كۆتاییهاتنی جەنگیش، دادابیزمەكان هەر بەردەوام بوون و لە فەرەنسا گۆڤاری "لیتراتور"ـیان لە 1919ـدا بڵاو كردەوە و پاشان لە 1920 شاعیری فەرەنسی "پۆل ئیلواریش هاوكاریی دەكردن.

دادابیزمەكان لە كارە هونەری و ئەدەبییەكانیاندا، نەیانتوانی هیچ بەهایەكی باش بە هونەر و شاكاری هونەری ببەخشن. تەنانەت لە بەیاننامەكانیشیاندا ئەو مەسەلەیان ڕوون كردووەتەوە. "تزارا" دەیوت: (كارێكی بێهوودەیە بە دوای جەوهەری ئینسانێكدا بگەڕێی.)

لە بەیانامەكەیاندا هاتووە: "دادا خۆی هیچی ناوێ، هیچ، دەیەوێ شتێ بكا بۆ ئەوەی جەماوەر بڵێن هیچ تێناگەین، هیچ، هیچ، هیچ شتێ... دادابیەكان



هیچ پێشکەش ناکەن، هیچ، هیچ، بێگومان هیچیش بەرهەم ناهێنن..."

ئەگەرچی ئەو نەهامەتییە "نەبوون-العدم"یەی بە بەیاننامەکەیانەوە دیارە، بەڵام هاوکات هەڵوێستی ئەوان دژ بە چینی "بۆرژوای"ـیە، چونکە جەنگ و ئەوانەی هەڵوێستی دژایەتییان بەرامبەر هەندێ مەسەلەی سیاسی دەربڕیوە، لەوانە لە ساڵی 1920ـدا، "بەیاننامەی بەرلین"ـیان دەرکرد.

### ب- پەیوەندیی نێوان دادائیزم و سوریالیزم

کەواتە ئەگەر بمانەوێ لەم ڕێبازە بکۆڵینەوە و پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئەم ڕێبازە بۆ ئەبێت ببێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی سوریالیزم، ئەوا پێویستە ئاماژەیەک بەوە بکەین، کە ڕێبازی دادائیزم بووەتە بناغەیەک بۆ ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە ویستوویانە لە هەموو ئەو دابونەریت و ئایین و دیاردە کۆمەڵایەتییانە هەڵبێن، کە تێیدا ژیاون، چونکە ئەوەی ڕێبازی دادائیزم داوای دەکرد ئەبوایە نزیک بوونایەتەوە لە حاڵەتێکی بێهوودەیی واتە "ئەبسۆرد" کە مرۆڤ پێویستی بەوە نییە لە ژیاندا، ژیانێک بکات وەک دەوروبەرەکەی، چونکە ئەبێت هەڵبێت لەوەی کە هەیە. لێرەدا ئەگەینە ئەوەی لە سوریالیزمدا، بەو شێوە نەبوو، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەری، چونکە زۆرێک لەو بنەمایانەی لە سوریالیزمدا هەن، لە دادائیزمدا ئەبینرێ، بەڵام تەواو بە شێوەیەکی زەق، چونکە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتە ئارا، کە کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەندی لێ کۆ بووەوە.

بە سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، ئەوانەی لە ناو سوریالیزمدا کاریان دەکرد، ئەو نووسەر و هونەرمەندانەش هەستان بە دەرکردنی بەیاننامە و بڵاوکردنەوەی سوریالیزم وەک ڕێباز و ناساندیان بە خەڵکی.

ڕێبازی سوریالیزم لە سەر دەستی کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند و درامانووسی فەڕەنسی سەری هەڵدا، کە پاشکۆی ناو ڕێبازی دادائیزم بوون، دوابەدوای ئەو هاتنە ناو ڕێبازی سوریالیزم و بوونە هۆکارێکی باش، بۆ بڵاوکردنەوەی سوریالیزم و وەک ڕێباز ناساندنی بە دەرەوە و ئەم نووسەر و هونەرمەند و درامانووسانە ئەمانەی لای خوارەوەن:

- ئەندریە بریتۆن، لە ساڵی 1899 لە دایک بووە.
- پۆل ئیلوارد، لە ساڵی 1895 لە دایک بووە.
- لویس ئەراگۆن، لە ساڵی 1898 لە دایک بووە.

کۆمەڵێکی تر هاوبەشییان لە دامەزراندنی ئەم ڕێبازەدا کردووە. لەوانە "سلڤادۆر دالی، بۆدلێر، ئەراگۆن، ئەپۆلێنێر، ڕامبۆ، ساروێن". کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەویت، کە لە دروستبوونی ڕێبازی دادائیزم تا سوریالیزم، وەک دروستکردنی ماڵێک وایە، کە چۆن سەرەتا لە بناغەکەیەوە دەست پێ دەکەی، دواتر دیوار و سەرگرتن، لێرەدا ناوی لێ دەنێین "هەیکەل"، دواتر کۆمەڵێک کاری تری بۆ دەکرێت، تا لە کۆتاییدا ناوی لێ دەنرێت "خانوو یان ماڵ". ڕێبازی دادائیزمیش وەک ئەو "هەیکەل"ـە وا بوو، بۆ دروستکردنی تەواوی خانوویەک بە ناوی ڕێبازی سوریالیزم. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵەی کە ڕێبازی دادائیزم، گرنگترین هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم.

### باسی دووەم:
### ماڵوێرانی و ڕووخان و کاولکاریی جەنگی یەکەمی جیهانی

جەنگی جیهانیی یەکەم، کارەساتێک بوو، لەو کارەساتانەی، کە دوابەدوای خۆر کۆمەڵێک کاولکاری

و نەهامەتی بە دوای خۆیدا هێنا و کاریگەریی تەواوی لە سەر هەموو مرۆڤایەتی هەبو، ئەمەش لە کاتێکدا سەری هەڵدا، کە کۆمەڵێک هۆکاری تر، شانبەشانی ئەم جەنگە دروست بوون، کە بە تەواوەتی وای کرد، کە نووسەران و هونەرمەندان و شاعیران، سەرتاپای بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیایان بگۆڕێ، چونکە چەندین شەڕی خوێناویی تێک شکاند و مرۆڤی نوقمی، چەندین تراژیدیا وماڵوێرانی کرد.

ئەمەش وای کرد هەر شاعیرێک بە ڕێگەیەکی وادا بڕوات، کە ڕەوش و رەوت و ڕێبازی تازە بۆ خۆی بدۆزێتەوە و کاریگەرییەکی زۆری لە سەر دەروونی زۆربەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان دروست کرد، کە بیرکردنەوەیان بۆ شتەکان بگۆڕن و چیتر ئەوەی لە واقیعدا هەیە، وەک خۆی سەیر نەکرێت.

جەنگی جهیانیی یەکەم، یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم، کە تەوای مرۆڤایەتی تێیدا زیانی پێگەیشت و زەرەرمەند بوو، چونکە جەنگ، وەک کۆمەڵێک ڕووداوی سادە سەیر ناکرێت. کۆمەڵێک ماڵوێرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە تەواو کاریگەری لە سەر شێوازی ژیان هەیە و وەک پێش شەڕ، نایهێڵێتەوە.

ئەگەر زیاتر بچینە ناو بابەتەکەوە، ئەوا نموونەی دەقی شانۆیی [شەڕ] دێنینەوە، کە "لاش نۆرێن" نووسیویەتی و دەقێکی "ناتورالیزم"ـە، کە باس لە ناهامەتییەکانی شەڕ دەکات، چۆن کاریگەری لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەیە و چۆن بیرکردنەوەکان دەگۆڕێت و لە دوای خۆی ڕووداوی هێندە تراژیدیا، بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە ڕەنگە لای زۆربەمان شتێکی موستەحیل بێت، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا ڕاستییەکی



حاشاهەڵنەگرە. لەو شانۆیەدا کە ئاماژەمان پێ کرد، ئەمە چیرۆکی شانۆییەکەیە:

[دوای دوو ساڵ کۆتاییهاتنی جەنگ، خێزانێک لە ماڵەکەی خۆیاندا، کە لایەکی بە بۆم پێکراوە، دەژی، ئەم خێزانە پێک هاتوون لە چوار کەس، کە یەکیان دایکە و دوانیان کچن و ئەوی تریان مام، ئەوی لێرە سەیرە ئەوەیە، باوک حوزووری نییە، چونکە وا باوەڕ دەکەن ئەم خێزانە، لە دوای چوونی ئەم باوکە بۆ شەڕ پاش دوو ساڵ نەهاتنەوەی مردووە، بۆیە بە نەبوونی باوک، دایکەکە لەگەڵ برای مێردەکەیدا دەست تێکەڵ دەکات. کچە گەورەکەی ئەبێتە "سۆزانی" لەبەر ئەوەی بژێوییان دابین بکەن.

شیرازەی ئەم خێزانە تەواو تێک چووە چونکە لە سەر جەستەی کچە گەورەکەیان دەژین، مامێکی تەواو سەرشێتیان هەیە، کە گوێی لە هیچ شتێک نییە، تەنها حەز و ئارەزوو نەبێت. کچە بچکۆلەکەیان هەمیشە لە چاوەڕوانیی هاتنەوەی باوکیدایە. کە زۆر جار دایکەکە پێی دەڵێ ئێوە باوکتان مردووە. چووە بۆ شەڕ و نەگەڕاوەتەوە، بەڵام باوک لە ناوەڕاستی شانۆکەدا، خۆی دەکات بە ماڵەوەدا، سەیرەکە لەوەدایە "لاش نۆرێن" هەردوو چاوی ئەم باوکەی لە شانۆکەدا کوێر کردووە، واتە لە شەڕدا وای لێ هاتووە. بە هاتنەوەی ئەم باوکە، نەک ڕووخۆشی ڕوو



ناکاتە ناو ئەم خێزانە، بەڵکو تەواوی شانۆکە تێک دەدات و ئاڵۆزتری دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، نووسەر حەزی نەکردووە باوکەکە بە لەشساغی بێتەوە لە شەڕ، هەردوو چاوی لە دەست داوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کەمێ وا لە شانۆییەکە دەکات، کە باوکەکە ناڕاستەوخۆ، لە ڕووداوەکان تێبگات و تەواو ئازاری دەروونی نەدات. لەو کاتەی باوکەکە خۆی دەکات بە ژووردا، هەموو خێزانەکە سەرسام دەبن. کەسیان ئامادە نین بەخێرهاتنەوەی لێ بکەن، چونکە شتەکان تەواو گۆڕاون.

دایک دایکەکەی جارانن نییە. کچ کچەکەی جاران نییە. برا براکەی جاران نییە، چونکە دوای ئەوەی ڕۆشتووە بۆ شەڕ و ئەم خێزانە باوەڕیان هێناوە، کە ئەم باوکە ناگەڕێتەوە. ئەوا زۆر ڕووداو دروست دەکەن. کە پەیوەندیی بەم باوکەوە هەیە، بەهەرحاڵ، باوکەکە وردە وردە هەست بەوە دەکات کە کۆمەڵێک ڕووداو هەن، لە دوای خۆی ڕوویان داوە، کە هەندێکی تەواو دەیخاتە ئەوەی ئەم باوکە بە چاوێکی کوێرەوە، زۆر کاتی بە گریان بە سەر دەبات. لە شانۆکەدا لە مەشهەدێکی کورتدا، شەو دادێت، دایکەکە دەیەوێ بخەوێ، مێردەکەی دێتە لای، بەڵام دایکەکە ناچێتە لای و پێی ئەڵێ: وازم لێ بێنە. ئەویش پێی ئەڵێ: ئاخر من مێردی تۆم. دایکەکەش ئەڵێت: لە دوای تۆ هەموو شتەکان گۆڕاون! باوکەکەش دەڵێت: ئاخر تۆ حەڵاڵی منیت! بەڵام هەر ئینکاری دەکات دایکەکە، پێی دەڵێت لە دوای تۆ زۆر شت ڕوویان داوە، چوومەتە لای زۆر پیاو. دەستم لەگەڵ پیاوەکانی دراوسێکەماندا تێکەڵ کردووە.

بە بیستنی ئەم قسانە، باوکەکە تەواو مەراق ڕووی تێ دەکات و ناشتوانێ تازە هیچ شتیک بکات. پرسیای کچەکەشی لێ دەکات، هەر بەو شێوە وەڵامی دەداتەوە. ناچار باوکەکە بەجێی دێڵێت، بە مەراقێکی زۆر و توڕەییەکی بێ ئەنجام.

دوابەدوای ئەمە ئەم خێزانە بڕیار دەدەن، ئەو شارە جێبهێڵن و بچنە شارێکی تر. بە دزیی ئەو باوکەوە. ئەم سەفەرەش، برای مێردی ژنەکە، ڕێکی دەخات، سەرەنجام لە نیوەشەوێکدا لە ناو ڕەیەڵەی باراندا، ماڵەکە بەجێ دێڵن و دەڕۆن.]

نوسەر لەم کاتەدا شانۆکە کۆتایی پێ دێنێ، بەڵام ئێمە ئەوەمان لە یاد نەچێت، نووسەر باوکەکەی بێ چارەسەر هێڵاوەتەوە، بۆ بینەر و خوێنەر، کە ئایا چی بە سەر دێت؟ یان نموونەیەکی تەواو نزیکتر، کە ئەویش کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانە، کە لەم نیمچەوڵاتەی خۆماندا خەریکە چارەکەسەدەیەک تێدەپەڕێنێت، بە سەر ئەو کارەساتانەدا.

لێرەدا ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، بە هەمان شێوەی جەنگی جهیانیی یەکەم، ئەم دوو کارەساتە ماڵوێرانی و کوشتارێکی زۆری بە خۆیەوە بینی، کە تەواو کاریگەریی لە سەر هەموو شاعیران هەبووە، کە تاکو ئەمڕۆش ئەو کارەساتانە لە بیرکردنەوەیاندایە، جیاوازتر لە خەڵکی تر، یان لە لەوحەیەکی هونەرمەندێکی کورد، تا ئەمڕۆش زۆر پێشانگەی بینیومانە دەگمەنە، ئەگەر کارێکی سوریالیزمیی تێدا نەدۆزیتەوە و باس لەو دوو کارەساتە نەکات، چونکە لە دوای ئەو دوو کارەساتە کۆمەڵێک بیرکردنەوە گۆڕانیان بە سەردا هات. کۆمەڵێک شیعری نوێ هاتە ناو ئەدەبیاتی کورد، لەم دوادوایەدا لە هونەری شێوەکاریدا بەدی دەکرێت.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، چونکە ئێستاش ئەو کارەساتانە سارد نەبوونەتەوە، تا بڵێین مێژووە و ڕابردووە، کاریگەریی نەماوە بە سەر ئێستاوە، نەخێر وا

نییە، چونکە ئێستەش کەسوکاری ئەو کوژراوانە ماون، کە لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباراندا تیا چوون، تا ئەمڕۆ زۆرێک لە کەسوکارەکانیان دڵنیا نین، لە مردنی ڕۆڵەکانیان، چونکە لە ئاوارەییدا لێیان ون بوون، کە ئەمەش خۆی بۆ خۆی تراژیدیای مەرگێکی ترمان بۆ دەخاتە بەر چاو، کە بەڕاستی کاریگەریی خۆی دروست دەکات لە سەر نووسەر و هونەرمەند و تەواوی مرۆڤایەتی بەڵام، بە ڕێژەیەکی کەمتر.

کەواتە لەم دوو نموونەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە جەنگ چەندە کاریگەریی خۆیی هەیە، لەسەر هەموو کایەکانی ژیان و چۆن شتەکان ئەشێوێنێت.

ئەگەڕێینەوە ناو خاڵە جەوهەرییەکەی خۆمان، کە جەنگی جهیانیی یەکەم بووە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، چونکە بە تەواوەتی کاریگەریی لە سەر مرۆڤایەتی هەیە، بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەکانی، بۆیە دوابەدوای جەنگی جهیانیی یەکەم، نووسەران و هونەرمەندانی تەواو لەو واقیعە دەرهێنان کە تێیدا دەژیان و خۆڕزگارکردن لێی بەرەو واقعێکی دیکە، کە تێیدا مرۆڤ لە کۆتوبەندەکان و خوونەریتە بەهاکانی ئازاد ببێت.

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ جەنگی جهیانیی یەکەم، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، چونکە ئەم ڕێبازە هەموو ئەو شتانەی ڕەت دەکردەوە کە لە کۆمەڵگەدا هەن و وەک دیاردەیەک تەماشای دەکرد، کاری لە سەر ئەوە دەکرد کە مرۆڤ دەبێت لە ناو بیرکردنەوەی سادە و ساکاردا ئەژی، ئەم جەنگە گەورەیە قبووڵ نەکات، لە ناو نووسین و شیعر و کارە هونەرییەکاندا، بە شێوەیەکی سوریالیزمی باسی لێوە بکرێت. بۆ نموونە لە لەوحەیەکدا کۆمەڵێک شت دەبینرێ، کە باس لە نەهامەتییەکانی جەنگ دەکات، بەڵام لە سەر ئەساسی ڕێبازی سوریالیزم دامەزراوە، واتە پێویستە کەسی تەماشاکار، بیرکردنەوە لەگەڵ ئەو لەوحەدا بگۆڕێتەوە. جا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دەگۆڕێت، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر کۆمەڵێ خەیاڵ گەلاڵە دەبێت، کە خۆی بۆ خۆی نزیکمان دەکاتەوە لەوەی بڵێین، ئەواتا بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت. سوریالیزم چووەتە ناخمانەوە.

هەر بۆیە جەنگی جهیانیی یەکەم، تەواو جەنگێکی کاریگەر بوو، لە سەر ڕێبازی سوریالیزم و سەرهەڵدانی.

بۆیە ئەتوانین بڵێین جەنگی جیانیی یەکەم وای کرد لە تەواوی مرۆڤایەتی، کە بە شێوەیەکی تر خوێندنەوەیان بۆ شتەکان هەبیت و باسی لێوە بکریت و شانبەشانی هۆکارەکانی تر، جەنگی جهیانی ببێتە خاڵێک بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم و کاریگەریی تەواو لەسەر ئەو نووسەر و هونەرمەندانە دروست بکات کە لەو سەردەمەدا دەژیان و ئەو جەنگەیان بە چاوی خۆیان بینی. کەواتە کارەسات و شەڕ و مەرگ وا دەکات تەواو گۆڕانکاری لە بیر و هۆشی مرۆڤدا دروست بکات و بیخاتە دنیایەک، کە هەمیشە لە ناو خەیاڵ و بیرکردنەوەدا بژی.

تا وای لێ دێت باوەڕی بە کۆمەڵێک دابونەریتی ناو کۆمەڵگە نامێنێت و سەرووتر لە واقیع، بیر دەکاتەوە. گۆڕانکارییەکی وا دروست بکات کە لەگەڵ ئەوەی ڕابردوویدا زۆر پێچەوانە بێت.

بۆیە جەنگی جهیانیی یەکەم بووە هۆکارێک بۆ دروستبوونی ڕێبازی سوریالیزم. ئەوکاتە هەموو بیرکردنەوەکان گۆڕانکارییان، بە سەردا هات و کۆمەڵێک بیرکردنەوەی نوێ هاتنە ئارا، کە لە ناو زۆرێک لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندا سەری هەڵدا.



## بەشی سێیەم
## فەلسەفەی هیگڵ

هیگڵ فەیلەسووفێکی ناوداری مەزنی ئاڵمانییە. لە شتوتگارت لە دایک بووە. فەلسەفەکەی لە چەند کتێبێکدا بڵاو کردووەتەوە... گرنگترینیان "زانستی ژیربێژی" و "ئینسکلۆپیدیای زانستی فەلەسەفە"ـیە. گەلێ کتێبی تری لە بارەی ڕەوشت و جوانکاری، مێژوو، ئایینەوە نووسیوە.

هیگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا جێگەی تایبەت و گرنگیی خۆی هەیە. نووسەران لەو باوەڕەدان کە لە دوای ئەرستۆ هیچ فەیلەسووفێک نەیتوانیوە هێندەی ئەم کاریگەریی هەبووبێت، لە سەر سەردەمەکەی. هەندێ فێرگەی فەلسەفی هەن، بە باش و بە خراپ، سوودیان لە بیروڕاکانی هیگڵ وەرگرتووە. ئێمە لێرەوە دەبێ کار لە سەر ئەوە بکەین، ئایا بۆچی هیگڵ بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازێک بە ناوی سوریالیزم؟ ئەبێ فەلسەفەی هیگڵ چی بێت؟

بەڕاستی، بە هیچ جۆرێ ڕەخنەی هیگڵ لە تازەگەری بەو مانایە نییە بانگەشەی بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو کردبێت و خەم و خەفەتی پێ خواردبێت و سۆزی بۆی ڕاگەیاندبێت. هیگڵ گەلێک ڕقی لە ڕۆمانسییەت دەبووەوە، خەونیان بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بەدەستهێنانەوەی شکۆدارییەکانی دوێنێوە دەبینی.

با بڕوانین، سەبارەت بە پەیوەندیی تاک بە سەردەمەکەیەوە، هیگڵ دەڵێت: "هەر تاکێک کوڕی نەتەوەکەیەتی لە هەمان کاتدا و بەو ئەندازەیەی ئەو دەوڵەتەی ئەو سەر بەوە، ملکەچی پەرەسەندن بێت_ ئەو کوڕی چاخەکەی خۆیەتی. کەس لە چاخەکەی خۆی دواناکەوێت و لەوەیش ئەستەمتر ئەوەیە هەوڵی تێپەڕاندنی بدات." سەبارەت بە تاک و پەیوەندیی بە ڕۆحی سەردەمەوە، دەڵێت: "بەڵام پەیوەندیی تاک بەو ڕۆحەوە، بریتییە لەوەی لە ناو خۆیدا ئەم بوونە جەوهەرییە جێ بکاتەوە، بە جۆرێ بیکات بە کەسێتیی خۆی و تواناکانی شوێنێکی زانراو بۆ خۆش بکات، بەوەی ببێت بە شتێک، چونکی ئەو پێی وایە بوونی ئەو گەلەی ئەو سەر بەوە، بریتییە لە جیهانێکی بە کردەوە بەرپا، جیهانێکی بنگرتوو، ئامادە لە بەردەمیدا بە شێوەیەکی بابەتی و پێویست لە سەری تێکەڵ ببێت. وەک ئەوەی هیگڵ بیەوێت، بەوە وتەکەی سەردەمی لاویی خۆی دووبارە بکاتەوە: "هەر یەکێک لە ئێمە حەز دەکات باشتر بێت لەو جیهانەی جیهانی خۆیەتی و ئەو لەوەدا بڕوای تەواوی بە قسەی خۆی هەیە.

بەڕاستی ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە، کەس لە جیهانەکەی خۆی باشتر نییە و ئەگەر ڕێکەوت وەها کەسێک پەیدا بوو، ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو باشتر لەوانی تر گوزارشت لە جیهانەکەی خۆی دەکات. مەبەستی هیگڵ لە ڕەخنە لە تازەگەری، داخستنی دەرگەیە بە ڕووی میوانی نەخوازراو. مەبەستمان "هیچگەرایەتی"ـیە. ئەوەیە فەلسەفەی هیگڵ بیری لێ نەکردەوە، واتە ئەوەی ئەو پیاوە بیری لێ نەکردبووەوە. ئەوەیە، هەستان بە دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەم شپرزەییەی سەبارەت بە هیگڵ ئارەزوو و خەونی گەورەی پێک دەهێنا. بۆیە چوار دیاردەگەلی هیچگەرایەتی سەری هەڵدا کە بریتی بوون لە یەکەمیان "گومانکردن" و دووەمیان "گاڵتەجاڕی" و سێیەمیان "زەبوونیی ئاگامەندی" و چوارەمیان "پیواری خودا" ئەمانە دیاردەگەلی هیچگەرایەتین، با ئێستا باسی ئەم نیشانانەی "نەخۆشیی تازەگەری"ـیە بکەین.




## ١- سەردەمی گومانکردن

هیگڵ هەر لە سەرەتای نووسینەکانییەوە وەئاگا هاتەوە لەوەی چەمکی گومان کاری یەکێکە لە ڕووداوەکانی هیچگەرایەتی، ئابڵووقەدراو بە هزری نوێی فەلسەفی و هەر دەبێ زەمەنی نوێ لە ژێر هەڕەشەی هەستکردن بە گۆڕان و بێزراوی و لەدەستدانی ئارامی و ناکامیدا ڕوو بدات.

ئایا ئەوە نییە "شێوەی بوون و زانین بگۆڕێت بۆ هیچ"؟ "مەرگی ئەوەزی تێڕامان" ڕابگەیەنێت؟ مادەم ئەو سەری سووڕما بوو لەوەی "خەڵکی بە تەواوی دەیخەنە ڕوو" بەڕاستی چەمکی گومانکاری لە هەموو چاخەکاندا بە کۆن و نوێیانەوە "دوژمنی ترسێنەر و تۆقێنەری فەلسەفە"ـی پێک هێناوە. ئایا ئەوە ئەو نەبووە پەنای بردە بەر "هونەری تواندنەوەی گشت دیاریکردنێک" وەکو پاڵاسێک بۆ دەرخستنی هیچگەرایەتیی بوون؟ هێشتا ئەو کارەی دەکرد تا "فەلسەفە" بەوە بوو کە هیی ئەوە نییە بشکێنرێت.

چەمکی "گومانداری کۆن" دوودڵ نەبوو، چونکە دڵنیا بوو بۆ ناڕاستی تێیدا ئۆقرەی گرتبوو و بڕوای پێی هەبووە و لێی دڵنیا بووە و بەوەوە نەوەستاوە و لێرەولەوێ "سەرگەردان" بێت. وەکو ئەو مەڕەی لە نێوان دوو مێگەلدا، یان وەکو تیشکی هەڵهاتوو واقی وڕ دەمێنێت، واتە، دوودڵیی کۆنەکەی سەبارەت بەو، بڕوایەک بوو لە ناڕاستیدا و ئەو مەبەستێکی نەبوو ڕازی دەبێت لێی کە ئاگامەندی لە خۆی و نکوولی لەوانی دی بکات.

بە کورتی گومانداری کۆن بریتییە لە ئۆقرەگرتن و ورەبەرزی وەکو ورەی "ڕۆح" ئەو "هەرگیز کاڵای ماتەمینی ناپۆشێت" بەڵام دوودڵیی نوێ، بەو جۆرەی ڕوونمان کردەوە، سەبارەت بە ناخی تیژ، لە کاری خۆی دوودڵە، دوودڵ لە جهیانەکەی و سڕە، دەترسێت لەوەی بچێتە باوەشی "گوناهی پیادەکردنی هزر و بۆچوونەوە" لە بنیاتنانی "پێودانی زانستیی بابەتی"دا بێ توانایە.

## ب- چاخی گاڵتەجاڕی

ئەم خەسڵەتی "گاڵتەجاڕی" یان "مەسخەرە"یە، بە خۆیەتیی توندڕەوەوە بەسترایەوە... سەردەمی تازەگەری بە لای هیگڵەوە، بریتییە لەو سەردەمەی تیایدا چەمکی گاڵتەجاڕی بڵاو بووەوە و گشتێنرا. وایان دەخواست بەرزترین هەڵوێست دەبێت ڕۆح پێی بگات و وا خرایە ڕوو، خودی پرسی یەزدانی بێت. ئەم چەمکە گاڵتەجاڕییە بنەما تیۆرییەکانی خۆی لە فەلسەفەی فیختە بە تایبەتی و لە فەلسەفەی ڕۆمانسی بە گشتی، هەر ئەدیب فریدریک ڤۆن شیلیگل_von schlegel friedrich، بۆ نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبیی ئاست "ast" دەدۆزێتەوە.

مەبەستمان ئەوەیە، کە "من" لەوەی "من"ـێکی ئەبستراکتی ڕواڵەتییە، بریتییە لە پڕەنسیپی ڕەها، کە مەعریفە و ئاوەز و زانستی لێوە دەردەچێت. ئەو شتەی لە لایەکەوە بەڵگەیە بۆ ڕەتدانەوەی هەر دیاریکردن و تایبەتمەندی و دەستنیشانکردن و زەوتکردنی هەر بابەت و ناوەڕۆکێک، چونکی هەموو شتەکان لە ناو دەچن و لەم ئازادییە ڕەسەنەدا دەتوێنەوە.

بەم جۆرە هەموو شتەکان بە بەهاکانیشەوە دەبن بە گاڵتەجاڕ و مایەی گاڵتەپێکردن. بەم ڕۆحە گاڵتەپێکەرە دەڵێت: "ئێوە بە کردەوە، یاسایەک پەسەند دەکەن و ڕێزی لێ دەگرن، بەوەی کارێکی ڕەهایە. بەمەیش کارێکی خۆیشم ئەنجام دەدەم، بەڵام من لە ئێوە دوورتر دەڕۆم، چونکە من ئەم یاسایە تێدەپەڕێنم و دەتوانم وای لێ بکەم لە گەڵمدا گونجاو بێت.

ئەوە ئەو شتە باشەیش نییە. من بەو جۆرەی بۆم ڕێک

بکەوێت بەو دوانە ڕادەبوێرم و هەڵوێستە گاڵتەپێکردنەکەم کە ئاگامەندە، لێ دەگەڕێت ئەو شتە بەرزە لە ناو بچێت و تەنێ خۆم پێبەندی هزر دەکەم.
سۆلگەر و تیک ئەم بیرۆکە گاڵتەجاڕییانەیان گرتە بەر. ئەم سۆلگەرە دەڵێت: "گاڵتەجاڕیی ڕاستەقینە لەو تەماشا کردنەوە دەخەملێت، کە پێی وایە مرۆڤ هەرچەندە تەمەندرێژ بێت لەم جهیانەی ئەم ئێستادا هەرگیز ناتوانێت تەنێ لەم جیهانەدا [ئەرکە دیاریکراوەکەی یان پەیامە تایبەتییەکەی خۆی] بەدی بهێنێت.



## ج- کۆتایی سەردەمی بڕواهێنان بە خودای فەیلەسووفە مەسیحییەکان

لێرەدا، باس لە مەرگی خودایەک دەکات کە هیگڵ ئاماژەی پێ دەکات و ڕای وایە، مەرگی خودا دوو مانای هەیە: مانای تیاچوونی لایەنی مرۆیی لە مرۆڤدا_خودا_ مەسیح_ و دواتر بەرزییەکەی و لێکچوونی لە لایەنە ڕەتبوونی مرۆڤ بە ئەزموونی دوورتر و پاکبوونەوەی، واتە تێپەڕبوونی لە لایەنە سروشتییەکەی کە مردنەکەی ئەو مەبەستیەتی. ئێستا کەواتە "ئەم مەرگە، ئەم ئەندێشەیە، ئەم ئازارە، بریتییە لە توخمی ئاشتەوای ڕۆح لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی هەیە، لە "خۆ"یدا و لەگەڵ ئەوەی لە خۆی دەگرێت." دواتر بیرۆکەی "مەرگی یەزدانی" "ئەم بیرۆکەیەی دەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بورووژێنێت" سوودی ئەوەی هەیە، نەرێ و لەدەستچوون و ئازار چووەتە ناو "خۆ"ی یەزدانییەوە، کە هەرگیز بۆی نەبوو وەکو مەرگێکی کۆتایی، یان هیچگەراییەتییەکی تەواو، سوودی بۆ خودا هەبێت. لە لایەکەوە، لێرە بیرۆکەی "گەڕانەوەی خودا" [گەڕانەوەی مەسیح] بە مانای زۆرانبازی لەگەڵ مەرگ و زاڵبوونە بە سەریدا، واتە "مردنی خودی مردن" و لەوەدا سەرکەوتنی خودایە بە سەر مەرگدا. کەچی کار لە یەزداندا ئەوەیە، مەرگ بکوژێت و بیمرێنێت واتە لایەنی سنووردار و ڕەفتەنی و مرۆی لە مرۆڤی بڕواداردا "لەناوبردنی شەڕ" لە ناو ببات و دواتر شەڕ "مەرگ" پەسەند بکات، بە مەبەستی ئەوەی بیمرێنێت.
لە لایەکی دیکەوە، بە مەرگی مەسیح "خودا"، کۆمەڵی مەسیحی یان تۆمەتی "ڕۆح" پەیدا دەکات. کەواتە لەم مەرگەدا، قوربانیکاری یەزدانی لە پێناوی بەرزکردنەوەی پرسی مرۆیی بۆ پێگەی ڕۆح هەیە، شت بە شت باس دەکرێت، ئەوا ئەم مەرگەیش هێمای سەردەمی "خودای ئەبستراکت"ـی تەوەلایە، لە بەندەکانی دوور و جودا لە جیهانەکەی دیکەدا، ئیتر مەرگی ئەو شتانەی لە سەر مەرگی ئەبستراکتکردن و دوورکەوتنەوە دەدات.
بە کورتی، ئەوەی کۆتایی پێ دێنین، لە خستنەڕووی بیرۆکەی "مەرگی خودا" بە لای هیگڵەوە، لە دوو پرسدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: لە لایەکەوە واتە مەرگی خودا، مەرگی تایبەتمەندی و مرۆییە [کەمی، شەڕ، تیاچوون...] و بووژاندنەوەی لە گشت و گەردوونیدا "کاری یەزدانی" واتە بەرزیی مرۆڤ و پاکبوونەوەی و لێکچوونی بە خودا و دەرکردنی ڕۆحی خۆی و ڕزگاربوونی لە سرووشتییەکەی خۆیەتی.
دووەم: لە لایەکی دیکەوە واتە "مەرگی خودا" مەرگی پرسی ئەبستراکتی جودا و ژیانی ناو مرۆڤ لەم جیهانە هاوڕەوتەدا، واتە ڕەتدانەوە و مەرگی مەرگە.
ڕاستییەکەی، هیگڵ لەم مەرگە نەدەترسا. فەلسەفەکەی لە هەموو زەمان و شوێنێکدا، پڕە لە تەرمی پەرشوبڵاو، نەخوازەڵا تەرمگەلی خواوەندە مردووەکان و ئەو مەرگە ناترسێت، بەڵکە تەماشای ناو چاوی دەکات و بە "سەروەری هەموان"ـی دەزانێت. هەر ئەو کارەی

دەکرد تا وەسفی فەلسەفەکەی بە فەلسەفەی مەرگ یان ئاوێتەکردنی بە فەلسەفەی تەرمگەلی کرا. کەچی ئەو مەرگەی هیگڵ لێی ترسا و تۆقاندنی مەرگێکی دیکە بوو. بۆیە فەلسەفەی هیگڵ، کاریگەریی خۆی دروست کرد، سەبارەت بە سوریالیزم. ئەگەر لە یادمان بێت، لە سەرەتاوە ئاماژەمان بە "توێری شیکردنەوەی فرۆید" کرد، کە کاریگەریی بیرکردنەوەی هەبوو لە سەر نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی ئەو سەردەمە، بە هەمان شێوەی "تیۆرەکەی فرۆید" فەلسەفەی هیگڵیش کاریگەریی خۆی هەبوو، لە هەموو چەمکەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. کە وای کرد بیرکردنەوەکان گۆڕانکارییان بە سەر بێت و کاریگەریی خۆی هەبێت لە سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم.

## چەند وشەیەکی کۆتایی:

گەیشتینە ئەوەی، ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەبوو، لە سەر ڕێبازی سوریالیزم، کۆمەڵێک هۆکاری گرنگن، کە تا ئەمڕۆ لە سەر هەموو نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندان و شاعیران، کاریگەریی خۆیان هەیە کەمتازۆر، بۆیە سوریالیزم هەتا ئەمڕۆش لە زۆر بواری ئەدەبی و هونەریدا بایەخی پێ دەدرێت و کاری لە سەر دەکرێت، چونکە کۆمەڵێک خاسێتی جوانی تێدا کۆ بوەتەوە، کە مرۆڤ وا لێ دەکات بە ناچاری پەنا بەرێتە بەر بیرکردنەوە.

## سەرچاوەکان:


1- ڕێبازە ئەدەبییەکان/ د. فەرهاد پیرباڵ
2- ڕێبازە ئەدەبییەکان/ د. هیمداد حوسێن
3- ڕێبازە ئەدەبییەکان/ حەمەکەریم عارف
4- فەلسەفەی هیگڵ/ د. محەممەد شێخ
5- فەلسەفەی هیگڵ/ د. محەممەد کەمال
6- لە دادابیزمەوە تا سوریالیزم/ لەتیف هەڵمەت
7- درامای کوردی لە نێو درامای جیهاندا/ حەمەکەریم هەورامی
8- ئەدەبی بەراوردکاری/ عەزیز گەردی
9- شانۆی شەڕ/ لاش نۆرێن
10- گۆڤاری شاکار/ ژمارە: 12-11
11- تیۆری شیکردنەوەی فرۆید/ مەنهەجی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان
12- ئەدەب مسرح، مەنهەجی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان



# شار
# له ڕۆمانی عەرەبیدا


**عەبدولڕەحمان مونیف**

**له عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە**




تا ئەم ساتەیش وێنەی شار له ڕۆمانی عەرەبیدا تەمومژاوی و هەندێ جاریش تێکەڵوپێکەڵە، چونکە زۆرینەی ئەوانەی له بارەی شاری عەرەبییەوە نووسراون، گشتی، یان له دوور و دەرەوەی شارەوە بووە. نەجیب مەحفووز نەبێت، کە بە تەواوی شەیدای وەسفی شاری قاهیرە و گەڕەکە کۆنەکانی بووە، زۆرینەی ئەو ڕۆمانە عەرەبییانەی له بارەی شارەوە نووسراون، به شێوەیەکی لاوەکی و بەشێکی ڕەنگدانەوەی واقیع و تانوپۆی شارەکانیان تێدا بەدی دەکرێت، بە جۆرێک، دەتوانین به دەستکارییەکی ئاسان و گۆڕینێکی سادەی ناوی شارێک به شارێکی تر، ئیدی شارەکان جێی یەکتری بگرنەوە، بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بگۆڕێت، یان هەست به جیاوازیی گەوهەری بکەین.

له بەرانبەردا دەتوانین له زۆر ڕۆماندا به وردەکارییەوە له بارەی شاری تری ئەورووپی و ئەمریکییەوە بخوێنینەوە،

لەوەیش زیاتر، دەتوانین بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە تەنانەت ناوی شوێن و پێگەی مێژوویی بناسین، کتوپڕیش نابێت هەرکات سەردانی ئەو شارانەمان کرد و وێنەی نێو ڕۆمانەکان بە واقیعی شارەکان بەراورد بکەین، جیاوازییەکی بنچینەیی و گەورە لە نێوان هەردوو وێنەکەدا نەبینین. ئەمەش واتە لە ڕۆمانی خۆرئاواییدا چەمکی بەرجەستەبوونی شار زیاتر دیاریکراوە و دواجاریش ڕوونتر و چەسپاوترە وەک لە ڕۆمانی عەرەبیدا بەوجۆرە نییە.

شوێن لە ڕۆمانی عەرەبیدا، بە تایبەتی شوێنی مەئلووف، لە زۆر باردا زیاتر لە یادەوەرییەوە وەرگیراوە نەک لە ناسین و بینینەوە، بۆیە بەردەوام شتەکان و شوێنەکان تێکەڵ بە یەک دەبن و پێکدا دەچن. دیارە دیدی شاعیرانەی زۆرینەی ڕۆماننووسان ئەو تێکەڵوپێکەڵییە زیاتر دەکات، کەرەستەی بینراو لای ئەمان دەبێتە "مەجاز" چونکە پێیان وایە جوانتر و کاریگەرتر دەبێت، هەر بەو هۆیەش وێنەی واقیعی دوور دەکەوێتەوە و وێنەیەکی گریمانەکراو جێی دەگرێتەوە، وێنەی گریمانەکراویش تێکەڵەیەکە لە حەز و خەون و واقیع و ئەمەیش دەبێتە هۆی تێکچوونێکی دوالیزمەیی لە بینیندا، واتە خوێنەر نازانێت نووسەر مامەڵە لەگەڵ شوێنێکی واقیعیدا دەکات یان وێنەیەکی ئەندێشەکراو، ئەم شارەی مەبەستە، یان شارێکی تر، یان هەر شارێکی بە ڕەهایی ئەندێشەکراو.

ئێمە لە زۆر ڕۆمانی عەرەبیدا لە ئاست ئەم دۆخەداین، کە نووسەر باس لە شارێک دەکات، هەر شارێک بێت، بەبێ ئەوەی مەودای جوگرافیی پێگەی ڕووداوەکان ڕوون بکاتەوە، دیارە ئەوەی نووسەری سەرقاڵ کردووە: تەنها ڕووداوەکان، کارەکتەرەکانە و هەر ئەوان بە هەموو شت دادەنێت لە ڕۆمانەکەدا و ئەوانی تر لاوەکی و بێبایەخن. بۆیە ئەم دۆخەی ڕۆماننووس دەبێتە هۆکاری پشتگوێخستنی پێگەی جوگرافی و بایەخنەدان بە وردەکارییەکانی مەیدانی ڕووداوەکان، هەرچەند گۆڕەپانی ڕووداوەکان هیچی لە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەکە کەمتر نییە، بەڵکو ئەم ڕەگەزە بونیادێکی ڕاستەقینە بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت و تاموچێژێکی دیار بە ڕووداو و کارەکتەرەکان دەدات، کە لە ڕۆمانی تری جیا دەکاتەوە.

ئەم کەموکورتییە لە ڕۆمانی عەرەبیدا چەندین هۆکاری هەیە، پرسەکە پێش هەموو شتێک پەیوەندە بە: تەمەنی ڕۆمانی عەرەبییەوە بە بەراورد بە ڕۆمانی خۆرئاوایی. لە ڕۆمانی عەرەبیدا وەسفی شار ڕەگەزێکی ئەدەبیی نوێیە بە بەراورد لەگەڵ شیعردا، بۆیە هەم کات و هەم کەڵەکەبوونی ئەزموونی دەوێت بۆ ئەوەی ڕۆمانی عەرەبی سیمای خۆی وەربگرێت و هێندە بەهێز بێت، بتوانێت خۆی لەو کەموکورتییانە دوور بگرێت، کە لە ئەزموونە سەرەتاییەکانیدا تێی کەوتووە.

بۆیە کاتێک بەراوردی ڕۆمانی عەرەبی بە ڕۆمانی خۆرئاوایی دەکەین، دەبێ ئەم خاڵی جیاوازییە لەبەر چاو بگیرێت.

دووەم، دەبێ باس لە خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی یادەوەریی عەرەب بکەین. لێرەدا باس لە یادەوەریی مێژوویی دەکەین، هەرچەند دەبێ ئەو یادەوەرییە بگوزەرێنین. واتە یادەوەریی دەشتەکێتییە، کە هێشتا سیمای بیابانێتیی پێوە دیارە. چونکە فراوانی و لەیەکچوون و مەودای پانوبەرینی نێوان شوێنەکان لە بیابان و کۆچ و بارکردن لە پێناوی بەردوامیی ژیان و ئازادی و چەندین فاکتەری تر، هەموو ئەمانە و چەندین پرسی تر، وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی لە چاو ڕابردوودا ڕوویان داوە، هەڵگری کاریگەریی دەروونی بوون و ئەگەر بە نادیارییش بووبێت، بێگومان گوزارشتەکانیان گەیشتوونەتە قۆناغەکانی دواتر و دەرەنجامەکانیشیان بۆ نێو یادەوەرییەکان، دیارە بە بینینی شوێن و

پەیوەندییش لەگەڵیدا، بەوجۆرەیە کە شوێن چەمکی جیاواز لە خۆ دەگرێت و بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆمانی عەرەبیدا باسی دەکرێت و لەوێشەوە شار و ئەوەی لە بارەی شارەوە نووسراوە، گرتووەتەوە.

ئەوەی ئەم پرسەی زیاتر تەمومژاوی کردووە و ڕەهەندی مادیی پێ داوە، ئەوەیە کە شاری هاوچەرخی عەرەبی و بە پێکهاتە و پەیوەندییەکانیشییەوە هێشتا هەڵگری زۆرینەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی پێش بەشاربوونە، واتە شاری هاوچەرخیش هێشتا لە قۆناغی پێکهاتن و گەشەسەندندایە، بۆیە لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییە ناشارییەکاندا ماوە.

ئەگەر بەغدا بە نموونە بگرین، دەبینین وێڕای فراوانی و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشتری، هێشتا لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییەکانی پێش بەشاربووندا ماوە، چونکە هێشتا سەرقاڵی پەرەدانە بە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری. کاتێک خەڵکی ئەو ناوچانە دەچنە بەغداوە بۆ نیشتەجێبوون، دەچنە ئەو گەڕەکانەی کەسانی خۆیانی تێدا نیشتەجێن، یان گەڕەکە نزیکەکان، خۆ ئەوانەی پێش ئەوانیش هێشتا هەڵگری زۆرینەی ئەو خەسڵەت و پەیوەندییانەن، کە پێشتر لە گوند و شارۆچکەکاندا هەیانبووە. مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ کەسانی تردا، لە زۆر باردا سنووردار و دیاریکراو بووە. ئەو خەسڵەت و سیمایانەیش بە کارایی و ڕوونی لەواندا ماوەتەوە، بۆیە ئیتر شارێکی گەورەی وەک بەغدا بریتییە لە کۆمەڵێک نشینگەی لێکنزیک وەک لەوەی شارێک بێت بتوانێت خەڵکانێکی زۆر لە خۆ بگرێت و وەک شارەکانی ئەوروپا، کە خەڵکی تێیاندا بە کەمترین ماوە دەبنە هاووڵاتیی تەواو، جارێکی تر بە پێی لۆژیک و پەیوەندییەکانی خۆی دایانبڕێژێتەوە.

لە زۆر شاری تری وڵاتانی عەرەبیدا نموونەی بەغدا بە هەموو ڕواڵەتەکانیەوە بەدی دەکەین. نموونەیەکی تر عەممانی پایتەختی ئوردنە، کە وێڕای فراوانبوون و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی، تا ئەم ساتەیش بە پەیوەندییەکانییەوە نزیکترین شارە لە شارۆچکەیەکی کشتیاری و شوانکارەیی. تەنانەت سیستمی ئاوەدانکردنەوەی بیناسازی لە ژێر چەندین بەهەندزانراوی نائاساییدا بووە و نەخشە و پلانێکی تۆکمەی بۆ دانەنراوە، بۆیە عەممانیش بە هەمان شێوە شارێکە لە کۆمەڵێک یەکەی نیشتەجێبوون، یان کۆمەڵێک گوندی نزیک لە یەک. بۆشایی نێوان ناوچەکان، پەیوەندیی نێوان دانیشتوان، شێوازەکانی ژیان و ڕەفتار و جلوبەرگ و خواردنیش دوو شێوازی جیاوازیان هەیە، واتە کاتێک خەڵکی دەچنە بازاڕ و نێوەندەکانی بازرگانییەوە و بە کڕین و فرۆشتنەوە سەرقاڵ دەبن، جۆرێکن و لە ماڵەوە جۆرێکی ترن، بە مانای ئەوەی لە ڕووی پەیوەندییەکانەوە بە یەکتری و مامەڵەیان لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاکەوە لە مرۆڤێکی نزیک لە لۆژیکی شارەوە، دەگەڕێنەوە سەر لۆژیکی گوندنشینی خۆیان، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لە بازنەی ئەو شوێنانەدا ماون کە لێیەوە هاتوون بۆ شار، کەواتە ڕاستە لە شاردا دەژین، بەڵام وەک پێویست ئینتیمایان بۆی نییە!

ئەم سیفەتانە و هاوشێوەکانی لە زۆربەی شارەکانی خۆرهەڵاتی عەرەبیدا دەبینین، جگە لە قاهیرە و بەیرووت و ئەسکەندەرییە، ئەگەر بە کەمێک جیاوازییشەوە بێت، ئەمەش دەمانهێنێتە ئەو بڕوایە، ئەم کۆمەڵە دانیشتوانە

گەورە و قەرەباڵغانە، کە لە هەمان شوێندا نیشتەجێن، تەنها ئەوەیە لێک نزیکن، نەک پێکەوە کارا و هاوبەند بن، بە واتایەکی دی، لە پەیوەندیی شارێتیدا پێکەوە نەتواونەتەوە، وەک لە شاری ئەورووپیدا بەدی دەدەکرێت.
کەواتە شێواز و دواتریش ماوەی زەمەنیی دروستبوونی شاری عەرەبیی هاوچەرخ، هێشتا بواری سەرهەڵدان و دواجاریش پەیوەندییە شارییەکانی نەڕەخساندووە، بۆیە لە شاری ئێستای عەرەبیدا هێشتا پەیوەندییەکانی پێش بەشاربوون ڕوونە و کاریگەریی لەسەر شاری ئێستا هەیە.
ئەگەر ڕۆمان بە کچی شار دابنێین وەک مێژوونووسان و ڕەخنەگران دەڵێن، یان لە سایەی گۆڕانی گەورەی شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپا و دواتریشدا لە دایک بوویێت و لە ڕۆمانی سەرچڵی و سوارچاکی و گۆرانییەوە پەرەی سەندبێت بۆ ڕۆمانی ڕۆمانسی، تا دەگاتە ڕۆمانی سرووشتی و واقیعی لە قۆناغەکانی دواتردا، ئەم گۆڕانە دەرەنجامی گۆڕانکاری بووە لەو قۆناغانەدا، کە هاوکات



**نەجیب مەحفوز**

بە هۆی هاوبەندییە نوێیەکانی نێوەندەکانی ژیانەوە، پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵدا گۆڕاوە.
گۆڕانی پەیوەندییەکان و دواتر گۆڕانی دیدوبۆچوون و هەڵوێستەکان، بە خێرایی، یان بە یەک جار ڕوو نادەن، بەڵکو دەرەنجامی کەڵەکەبوونێکی بەردەوام و درێژخایەن بووە، کە هاودەمی پەرەسەندن و بیرکردنەوە بووە لە ئامرازەکانی گوزارشتکردن. تا ئێستا ئەم حاڵەتە لە شاری عەرەبیدا ڕووی نەداوە، بۆیە شێوازی دید و بینین و مامەڵەکردنیش لەگەڵ شاردا لە ڕۆمانی عەرەبیدا سیستمێکی جیاواز، یان ڕەوتێکی زەمەنیی جیاوازی لە ڕۆمانی خۆرئاواییدا وەرگرتووە.
زۆرینەی ئەوانەی سەبارەت بە شاری عەرەبی نووسیویانە، ئەوانە بوون کە ماوەیەک دواتر تێیدا نیشتەجێ بوون و کردوویانە بە زێدی خۆیان، ڕەنگە ئامارێک ئەگەر بۆ ئەم حاڵەتە بکرێت، ئەم گریمانەیە بسەلمێنێت. دیارە ئەم گریمانەیە سیفەتێکی نەرێنی ناگەیەنێت، هێندەی وەسفکردنی دۆخێکە هەیە.
ناوچە بازرگانییەکان لە نێو شارە عەرەبییەکاندا تا سەردەمێکی نزیک و لە ئێستایشدا پاشماوەکانیان، لای نەوەی ئەو ناوچانە دیدێک و دواتر هەڵوێستێکی خوڵقاندووە، بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە بازرگانییەوە هەیە، بۆیە هەوڵە سەرەکییەکە زیاتر بۆ ئەم بوارە بووە و تەنها کۆچ و ڕازیبوون بەو پەراوێزە بەرتەسکە بۆ داهێنانی ئەدەبی ماوەتەوە، بە تایبەتی بۆ ڕۆمان و شانۆ.
لەبەر ئەوەی شاری عەرەبی، لە خولی گەشەسەندن و فراوانبوونی قۆناغی هاوچەرخیدا، فۆرمێکی سەنتەریی وەرگرتووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکیی بۆ ڕۆڵە بازرگانییەکە زیاد کردووە، بە هۆی بوونی

دەرفەت و شیمانەی زیاتریشەوە لە گوند و شارۆچکەکان، ئیتر بووەتە هۆی ڕاکێشانی خەڵکی بۆ خوێندن و بەرزبوونەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی، بەم جۆرە خەڵکانێکی زۆر و بە چەندین هۆکارەوە سەرەتا هاتوونەتە نزیکترین شار، دواتریش چوونەتە پایتەختەکان و جێگیر بوون. ئەم بارەیش هاوکات بووە لەگەڵ گۆڕانە خێرا و هەندێ جاریش کتوپڕەکان، کە بە سەر وڵاتانی عەرەبیدا هاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی شوێنی نوێی نیشتەجێبوون ببێتە پرسێکی بنچینەیی و فراوان و مانەوە تێیدا جێی مەبەست بێت.

خەڵکی گوندەکان هاتنە نێو شارەوە و نیشتەجێ بوون، بە هۆی ئەو جووڵە کۆمەڵایەتییە خێرا و بەردەوامەی هەبووە و چەندین گوزارشتی لە خۆ گرتووە، بەشێکی زۆر لەوانە بوونە بەشێک لە بونیادی نوێی دانیشتوان و دواجاریش ناچاری کردن بە دوای ڕۆڵ و پێگەیەکدا وێڵ بن، کە ئەوەیش مافی خۆیانە. ئەو هۆشیارییەی بۆ پرسێک پاڵنەریان بووە بۆ ئەو گواستنەوەیە بۆ شار، کە هاوکات بڕیاری زۆر کەسانی تریشی گۆڕیوە، ئەو گوزارشتە چەندین شێوە تەعبیری هەبووە و بێگومان ئەدەب و هونەر لە نێو ئەو تەعبیرانەدا بووە و ڕۆمانیش ئامرازێک بووە بۆ دەرکەوتن، بە تایبەتی کە ڕۆڵ و گرنگیی ڕۆمان لە قۆناغەکانی دواتریدا گەورەتر بوو، بەم جۆرەیش دەبینین دەستەبژێرێک لەو کەسانە، بە ڕۆمان تەعبیریان لە خۆیان کرد، واتە بە ڕۆمانی شار.

ڕەنگە فێرخوازی ڕۆڵی خۆی هەبووبێت، بەڵام نموونەکە دیار و ڕوونە و لە زۆر شاری عەرەبیدا جەخت لەم گریمانەیە کراوەتەوە، زۆرینەی ئەوانەی لە بارەی شاری عەرەبییەوە نووسیویانە، خۆیان لە گوندەکانەوە هاتوونەتە شار. لێرەدا نامانەوێت باس لەو نووسینانە بکەین، تەنها هێندە نەبێت، وێنەیەکی شارمان بداتێ، کە چۆن بینراوە و گوزارشتی لێ کراوە.

دەشێت چاوی خۆرهەڵاتی بە مانای نوێی، بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی بە شوێن و شتەوە لکاوە، شوێن و شتەکان ببینێت، چونکە ئەوەی ئەم دەخاتە هەڵوێستەوە ئەو شتانەیە، کە پێشتر نەیبینیون و شتی نوێ و جیاوازیان تێدا دەبینێت. لەبەر ئەوەی ئەم چاوە یادەوەرییەکی جیاوازی بینینی هەیە- دەتوانێت بۆ چاو و دواتر بۆ یادەوەریی کەسی نیشتەجێ، حاڵەت و ساتەوەختە مەئلووفەکان تۆمار بکات. بێگومان ئەم بینینە سەربارە، بەڵام لە کردەی ڕووپێو و پەیبردندا بە بینێکی دەرەکی دەمێنێتەوە. بۆیە لە کاتی تۆمارکردنەکەدا لە زۆر شت بێئاگا دەبێت و بەو جۆرەیش ڕەنگە لە پێش و لە دوای بینینەکەیشەوە بینینی چەندین شتی لە دەست دەچێت.

لەبەر ئەوەی شار، لە زۆر باردا، داخراوە و خۆ بە دەستەوە نادات و خۆی لە قاوغێکی ڕەق ناوە، بۆیە ئامێز بۆ کەسی تازەهاتوو ناکاتەوە و کلیلی ناداتە دەست و نهێنییەکانی خۆی لا نادرکێنێت، ئەم تازەهاتووە ئیدی جوانییەکانی شار نابینێت، بەڵکو دەرەوەی شار و ئەوەی پێی دەگات، دەبینێ، شاریش تەنها ئەو شتانە نییە کە ئەو دەیانبینێت، بەڵکو ئەو شتانەیشە کە نایانبینێت.

بەو جۆرەیش شار دەبێتە دوو شار، شارێکی بینراو و بەردەست، شارێکی پێچراوەیش بۆ نامۆ و تازەهاتووان کە ناتوانن وەک خۆی ببینن، لێرەوە دەبێ کەسی نامۆ یان تازەهاتووە ئەلفبێی شار فێر ببێت و ئەم کارەیش کات و ئارامی و بەردەوامیی دەوێت، بۆیە کەسی لەو جۆرە ئەگەر دیمەنەکانی دەرەوەی شاری بە بەس زانی



و زوو دەستی دایە گێڕانەوە، ئەوکات بە ئەلفوبێیەکی جیاواز و لە دەرەوە، لە بارەی شارەوە قسە دەکات، چونکە بینینەکەی تەنها بینینی سەراسوێیی بووە و تەنها شتە سەیر و نامۆکانی بینیوە.

لە زۆرینەی ڕۆمانەکانی ئەوانەی لە گوندەوە هاتوونەتە شار، دەبینین ڕووداو و کارەکتەرەکان شوێنە گشتی و کراوەکان ناگوزەرێنن، یان لە پەراوێز و لە نێو هاتوواندا بۆ شار دەگوزەرێن، بۆیە وێنە ڕاستەقینەکەی تری شار ئامادەیی نابێت، یان لە دەرەوەیەوە وێنە دەگیرێت و لە باشترین حاڵەتیشدا وێنەیەکی بەشۆکیی کاڵ دەبێت، چونکە لە دوورەوە و بەبێ ئەو ئەلفوبێیە دەگیرێت کە کۆنترۆڵی پەیوەندییە ناوەکییەکان دەکات، واتە ئەو پەیوەندییە ناوەکییەی سیمای جوان و تاموچێژ بە شار دەدات و دواجاریش لە شارەکانی تری جیا دەکاتەوە.

ڕاستە گازینۆ و چایخانەکان و هەندێ جاریش یانە شەوانەکان شوێنی پێکگەیشتن و یەکتربینین و ناسینن، دەکرێت وێنە و نموونەی لایەنێکی شەبەنگە کۆمەڵایەتییەکەی خەڵکی وەربگیرێت، بەڵام ئەو شوێنانە ڕەنگدانەوەی تەواوی واقیعی شار نین و تەعبیر لە هەقیقەتی شار ناکەن، چونکە شاریش وەک مرۆڤ چینوتوێژی کۆوەبوو و یادەوەریی بۆماوەیە و کەسی تازەهاتوو بە زەحمەت و کاتێکی زۆر نەبێت ناتوانێت بچێتە قووڵایی ئەو هەقیقەتەیەوە. جێی سەرنجە، ژمارەیەکی دیار لە ڕۆمانەکان، ڕووداو و کارەکتەرەکانیان لەو شوێنانە وەردەگرن، بۆیە دەرەنجام دەبنە ڕووداو و کاراکتەری پەراوێز، یان بەشۆکی و تەنها لە ڕووی مەجازەوە دەتوانرێت بە نوێنەری شار دابنرێن.

لێرەدا باس لە لایەنی هونەریی ئەو ڕۆمانانە ناکەین، بەڵکو دەمانەوێ بزانین شار چۆن بینراوە و چۆن وێنە گیراوە و ڕادەی هەقیقەت و وەهم لە کوێدایە.

شار، هەر شارێک بێت، تانوپۆیەکی ئاڵۆز و پێکداچووە، بریتییە لە چەندین چینی کەڵەکەبوو و تەنها لە میانەی لەگەڵداژیانی درێژخایەن و کۆششی بەردەوام و خۆشەویستی و خواستەوە بۆ مەعریفە و ناسینی دەتوانین بچینە قووڵاییەوە.ڕاستە ڕۆمانیش هەن، گەرچی سنوورداریشن، ڕەنگدانەوە و وێنەی شاری عەرەبییان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی، یان لە یەکێک لە دەرکەوتەکانیدا تێدا دەبینرێت، بەڵام زۆرینەی ئەو بینینانەیش دیلی ڕابردوون، چونکە لەودیوی یادەوەرییەکان، یان لەودیوی تارمایی ئەو شتانەوەن، کە دار و گوڵ، مرۆڤەکانن، لە هەوڵێکدا بۆ بەرگریکردن لە ڕابردوویەک، کە ناگەڕێتەوە، بەو هۆیەوە وێنەی شارێکی وەهمی گیراوە، شاری ڕابردوو، کە ئیتر بوونێکی کرداری و واقیعی نەماوە، ئەم کارەیش وەک هەڵاتنێک کراوە لە تۆمارکردنی شاری ئەمڕۆ بە هەموو کێشە و ململانێ و ڕواڵەت و خوددژەکانەوە.

دەرەنجام دەبینین وێنەی شار لە ڕۆمانی عەرەبیدا هێشتا ناڕوون و تەمومژاوییە، چونکە تێکەڵەیەکە لە گوند و هەڵوێستی ڕەتکەرەوە، لەبەر ئەوەی ئیش لە سەر جومگە ڕاستەقینەکان و ئەو ڕواڵەتانە نەکراوە، کە پێکهێنەری سیما بنچینەییەکانن، ئیتر ئەمە بۆ ڕۆمانی عەرەبی و ڕۆمانووسانیش بووەتە کۆسپێک، ئێمەیش پێویستمان بە قسەکردنە لە سەر شاری ئێستا، نەک شاری ڕابردوو و شاری وەهم، ڕەنگە ئەم کۆسپەیش هاندەر بێت بۆ نووسینی ڕۆمانی نوێ، کە تووشی کتوپڕی و سەرسووڕمانمان بکات و بڵێت: ئەوە منم و ئەوەیش شارەکەم!.

**سەرچاوە:**

کتێبی (رحلة ضوء)، عبدالرحمن منيف، لە بڵاوکراوەکانی دار العربی.

**تێبینی:**

کتێبەکەم وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و بەم زوانە چاپ دەکرێت.

به بۆنەی نەوەدەمین ساڵیادی لەدایکبوونی خۆسێ ساراماگۆوە

# من کتێب بۆ مرۆڤایەتی دەنووسم

**تێڕوانینێك لە ژیان و بەرهەمی خۆسێ ساراماگۆ**

**لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد**



خۆسێ ساراماگۆ- José Saramago، ڕۆماننووسی ناوازە لە ڕۆژی 16ـی نۆڤامبری ساڵی 1922ـی زایینی، لە دێهاتێک بە ناوی «ئەزینهاگا» (Azinhaga) سەد کیلۆمیتری خۆرهەڵاتی باکوور- لیزبۆن- ناوەندی وڵاتی «پورتوگال» هاتووەتە دونیاوە.

ساراماگۆ لە بنەڕەتدا ناوی هەڵیسێکە کە لەو سەردەمە خواردەمەنیی خەڵکی هەژار بووە. باوکی ساراماگۆ وەرزێرێکی بێ زەوی بوو، کە لە یەکەمین شەڕی جیهانیدا، سەربازی ڕیزی تۆپخانە بووە. لە ساڵی 1924 بڕیار دەدا هەتا بۆ ڕزگاربوونی خاوخێزانەکەی لە دەست هەژاری، وەرزێری جێ بێڵێت و لەگەڵ ماڵ و منداڵ، لە پایتەختی ئەو وڵاتە نیشتەجێ بێ.

باوکی ساراماگۆ لەوێ دەبێ بە پۆلیس، چونکە ڕەنگە تەنیا ئیشێک بووە کە خوێنەوارییەکی زۆری پێویست نەبوو. چەن مانگ دوای سەقامگیربوون لە (لیزبۆن)ی پایتەخت، برا چوار ساڵانەکەی خۆسێ لە دەست دەچێت.

بارودۆخی ژیانی بنەماڵەی خۆسێ تۆزێک دوای نیشتەجێبوون لە لیزبۆن باشتر دەبێت، هەر چەند هیچ کاتێک نابێت کە بە ئاسوودەیی بژین. خۆسێ کاتێکی درێژخایەن لە هەرەتی منداڵی و مێردمنداڵی لەگەڵ دایکوباوکیدا لە دێهات بە سەر بردووە. دوای ئەم چاخە، ساراماگۆ دەبێ بە خوێندکاری دواناوەندی، کە لەو قوتابخانەیە وانەی (ڕێنووسی زمان) دەوترا. نمرەی خۆسێ لە ساڵی هەوەڵدا زۆر باش بوو. لە دووەمین ساڵدا ئەگەرچی نمرەکانی بە باشی ساڵی هەوەڵ نەبووە، بەڵام مامۆستا و قوتابییەکان بە چاوی کەسێتییەکی تایبەت تەماشای دەکەن و ڕێزی زۆری لێ دەگرن. هەر لەو تافە دایکوباوکی تێ دەگەن، کە ئیتر بە بۆنەی هەژارییەوە ناتوانن خۆسێ بۆ قوتابخانە بنێرن و ناچار دەبن بۆ ئەوەی منداڵەکەیان پەشۆکاو و وەڕز نەبێت، لە (فێرگەی لێزانی) ناونووسی بکەن، هەتا لەوێ فێری میکانیکی بێت. خۆسێ پێنج ساڵی ڕەبەق لەوێ دەمێنێتەوە تا لەم پیشەیە دەبێ بە وەستاکار.

خۆسێ تەمەنی 13 ساڵانە دەبێ کە دایکوباوکی دەبن بە خاوەنماڵ. هەڵبەت لەو ماڵەدا خانەوادەیەکی تر ژیانیان بە سەر دەبرد. دوای تەواوبوون لە وانە و قوتابخانە، خۆسێ بۆ دوو ساڵی ڕەبەق لە کارگەیەکی چاکەوەکاری (میکانیکی) خەریکی ئیش دەبێت. هەر لەو سەردەمەدا خۆسێ هەموو ڕۆژێک بە حەزێکی قووڵەوە دوای تەواوبوون لە ئیشەکەی بۆ کتێبخانەیەکی گشتی دەچوو و لەوێ دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆک. کاتێ ساراماگۆ لە ساڵی 1944 بۆ یەکەم جار ژنی هێنا، پیشەگەلێکی جۆراوجۆری لە ئەزموونداا بوو. یەکەم خێزانی خۆسێ بە ناوی «یلدا ڕیس» پیتچنی بەشدارگەی هێڵی ئاسن بوو، کە هەڵبەت بە یەکێک لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی پورتوگال لە ئەژمار دراوە و لە ساڵی 1998ـدا کۆچی دوایی کردووە. شایانی باسە، لە ساڵی 1947 تەنیا منداڵەکەی خۆسێ بە ناوی (وییولانتە) لە دایک بووە.

ساراماگۆ لە تەمەنی 25 ساڵیدا هەووەڵین بەرهەمی بە ناوی (بێوەژن) لە چاپ داوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە خوێنەری زۆر بە خۆی کۆ بکاتەوە و سەرنجڕاکێشتر بێتە بەر چاو، بە ڕێنوێنی و پێشنیاری بەڕێوەبەری دەزگەی چاپ، ناوی ڕۆمانەکە بۆ ناوی (وڵاتی گوناح) دەگۆڕێ، کە دیارە ئەم ناوە ناوێکی پڕ بە پێست بۆ ئەم بەرهەمە بوو. ساراماگۆ دوا بە دوای ئەمەش هەمیسان دەستی داوەتە ڕۆمانێکی دیکە بە ناوی (هەنگوین و بلۆق) کە ئەم بەرهەمە دوای چەن لاپەڕە ڕەشکردنەوە بۆ هەمیشە فەرامۆش دەبێت. لە واقیعدا ساراماگۆ لەو تافەدا قەڵەمێکی بە پێز و چێژی بۆ نووسینی ڕۆمان نەبووە.

ساراماگۆ 19 ساڵ، واتە تا ساڵی 1966 کە کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (شێعرەکانی ڕێتێچوو) بڵاو کردووە، لە فەزای وێژەی پورتوگال کەسایەتییەکی ون بوو و بایەخی پێ نەدراوە. بە هۆی چالاکیی سیاسی، ساراماگۆ تا ساڵی 1949 هیچ ئیش و پیشەیەکی نەبووە. بەڵام بە هۆی پیاوەتیی یەکێک لە هاوڕێکانی هەرەتی گەنجییەوە، توانیویەتی ئیشێک بۆ خۆی ساز بکا و بەوە ژیانی پێ بە سەر بەرێت. لە کۆتایی پەنجاکاندا ساراماگۆ بە ئیشکردن لە بەشدارگەیەکی چاپ و پەخشی کتێب، بە ناوی (ستۆدیۆ کۆڕ) درێژەی بە ژیانی داوە. بەم چەشنە ساراماگۆ هەمیسان گەڕاوەتەوە نێو جەرگەی وشە و ئەدەبەوە، هەڵبەت نەک بە ناو نووسەرێک. ئەمە دونیایەک بوو کە زۆر ساڵ لەمەوبەر جێی هێشتبوو و

61

ئاوڕی لێ نەدابووەوە. پیشە تازەکەی ئەو فەزایەی بۆ دەڕخساند، کە لەگەڵ زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیرە ناودارەکانی پورتوگالدا ببێتە هەڤاڵ و لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت و پەیوەندیی زۆری ببێت.

ساراماگۆ تا ساڵی 1981 بۆ باشبوونی ژیانی خاوخێزانی قۆڵی هەڵکردووە و دەستی داوەتە وەرگێڕانی بڕێ بەرهەمی کلاسیک و ناودار، وەک بەرهەمەکانی (گی دۆ مۆپاسان، تۆڵستۆی و هیگڵ). لە نێوان مانگی مەی ساڵی 1967 هەتا مانگی نوڤامبری 1968 لە پاڵ ڕۆماننووسین، خەریکی ڕەخنەنووسین بوو و وەک لێکۆڵەرێ چەن دەقی رەخنەیی ئاڕاستە کردووە. لە ساڵی 1966 هەووەڵین کۆمەڵەشیعری چاپ بووە کە بە لەونێک بووە بە هۆی گەڕانەوەی بەرەو جیهانی بەرینی وێژەوانی. لە 47 ساڵیدا بووە بە ئەندامی حیزبێکی نەهێنی و ستالینی، بە ناوی (پی سی پی). خۆی لەم بارەوە وتوویەتی:



"ئەمن زۆر درەنگ بووم بە ئەندامەتی ئەم پارتە. ساڵی 1969 بوو. پارتی «پی سی پی» بزوتنەوەیەکی نەهێنی بوو. من مەزەی پیلانرێژی و گوشاری ڕۆحی و گیروگرفتم جوان چێشتبوو، بەڵام قەت نەبووبوو بکەومە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و ڕەوانەی بەندیخانە بکرێم. هەڵبەت لەم بابەتە دەبێ سپاس و لێزانینی خۆم بۆ هاوڕێکانم دەربڕم، کە لە کاتی ئیفادەدا هیچ کاتێک ناوی منیان نەدرکاند."

چالاکیی ساراماگۆ لەم حیزبە نەهێنییە، هێندە پەرە دەسێنێت کە حکوومەتی دیکتاتۆریی پورتوگال، بڕیار دەدا ساراماگۆ دەبێت بە شێوەیەکی نەهێنی و دوور لە چاوی جەماوەر قۆڵبەست بکرێت، بەڵام بە هۆی ڕاپەڕین لەو وڵاتەدا، ئەم کارە بە ئەنجام ناگات و ساراماگۆ لەم گرفتە دەرباز دەبێت. خۆی لەم بارەوە وتوویەتی:

"دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1974 ناوی من لە پێڕستی ڕێکخراوەی ئاسایشدا بوو. بەو جۆرە کە نووسرابوو من دەبوایە لە 19ـی ئاپریل- واتە چوار ڕۆژ دوای ڕاپەڕین- قۆڵبەست بکرامایە. زۆربەی هاوڕێکانم ئەمەیان کردووە بە گاڵتە و پێم پێدەکەنن و دەڵێن کە شۆڕش بەم هۆیە ڕووی دا، کە دەستبەسەرکردنی تۆ بە ئاکام نەگات."

بەڵام دوای ڕاپەڕین، ڕووداوی فرەی ناخۆشی بۆ پێش هاتووە، کە دەبێتە هۆی دابڕانی ساراماگۆ لەم حیزبە و سەرانی حیزبیش بە ساکاری جوابی دەکەن، هەتا جۆرێ نیشان بدرێت کە ساراماگۆ لەم پارتە دەرکراوە. سەرەکیترینی ئەم ڕووداوگەلە، کارەساتی مانگی نۆڤامبری ساڵی 1970 بووە، کە وێنایەکی ڕەش و ناتەبا لەم پارتە هاتە ئارا و جەماوەری ڕۆشنبیر و عەوام وەک دوژمنی چاکەمرۆڤەکان تەماشایان کرد. ئەمە خەسڵەتێک بوو کە ئەم پارتە لە خۆی بۆ خەڵکی نیشان دابوو.

لە ساڵی 1970 نامیلکەشیعرێکی بە ناوی (ڕەنگە، شادوومانی...) لە چاپ داوە و دوا بە دوای ئەم بەرهەمە لە نێوان ساڵانی 1971 و 1973 کتێبی (لەم جیهانە و ئەو جیهانەی تر) و (جانتای ڕێبوار) کە دوو کۆمەڵەوتاری رەخنەیی بوون، لێ بڵاو بووە و رەخنەگەران ئەم دوو بەرهەمەیان وەکو پردێک بۆ نێو جیهانی ئەدەبیی ئەم نووسەرە هەڵسەنگاندووە.

دوای جیابوونەوەی لە هەووەڵین هاوسەری لە 1970 ـدا، لە خانمەنووسەرێک کە ناوی (ئیزابێل) بووە، نزیک دەبێتەوە، تا ساڵی 1986 ئەم دۆستییە بەردەوام بووە، ئەگەرچی هیچ کاتێک پێکەوە ژیان بەسەر نابەن.

ساراماگۆ لە ساڵی 1971 لە ئیشکردن لە (ستۆدیۆ کۆڕ) دەست هەڵدەگرێت و لە ڕۆژنامەیەک دائەمەزرێت و تەنیا بە وتار و رەخنەنووسین خۆی سەرقاڵ دەکات.

ساراماگۆ لە ساڵی 1974 زنجیرەوتارێک بە ناوی (ڕوانگەی دیئلهات) بڵاو دەکاتەوە، کە تێڕوانینێکە

له مەڕ مێژووی ڕابردووی دیکتاتۆریی پورتوگال و ئەم کۆمەڵەوتاره هەر لەو چاخە دەنگ دەداتەوە. جیابوونەوە و دابڕان لە حیزب و نەبوونی پیشەیەکی چاک و تایبەت، دەبێتە ئەوەی که ساراماگۆ دوو ساڵی ڕەبەق له وەختی خۆی بۆ نووسین زەوت بکات. له ماوەی ئەم دوو ساڵەدا دوو بەرهەمی تازەی لێ بڵاو دەبێتەوه به ناوی (ساڵی 1993) و کۆمەڵەوتارێکی سیاسی به ناوی (یادداشەکان). کتێبی (ساڵی 1993) له واقیعدا پەخشانەشیعرێکی درێژ بووه. ئەم بەرهەمە یەکێکە لەو بەرهەمانەی که له پرۆسێسی نووسین و ئافراندنی ساراماگۆ جێگەیەکی دیاریکراو و تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، چونکه بەم نووسەرە شکۆیەکی گەورەی بەخشیوه و بەناوبانگ و نێوبەدەرەکراوی کردووه. له ساڵی 1978 کۆمەڵەچیرۆکێک و ساڵی دواتر شانۆگەریی (شەو) بڵاو دەکاتەوە، هەڵبەت له هەشتاکان چەن شانۆی دیکەی لێ چاپ بووه، که تاقمێک لەوانە بریتین له: (من دەبێ لەگەڵ ئەم ژیانە چی بکەم)، (ژیانی دووپاتی فرانسیس سیسی). شایانی باسە که ساراماگۆ لەم ساڵانەدا بێجگە بەم چەن شانۆنامە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی پانوپۆڕ و به هێزی ڕۆمانیش بوو.

ژیانی تاکەکەسی ساراماگۆ له ساڵی 1986 تووشی ئاڵوگۆڕی دەبێت، چونکه لەو ساڵەدا لەگەڵ ژنە ڕۆژنامەوانێک ئاشنا دەبێ، که دوای ماوەیەک دەبێ بە هاوسەری خۆسێ. له ساڵی 1993 حکوومەتی پورتوگال دژایەتیی خۆی لەمەڕ چاپ و ڕێزگرتن له ڕۆمانی (ئەنجیل به ڕەوایەتی عیسا مەسیح) که له ساڵی 1991دا بڵاو بووبوو، به ئاشکرا دەرئەبڕێت و تەنانەت ڕۆژنامەی واتیکان ڕەخنەیەکی توندوتیژ ئاڕاستەی نووسەری ئەم ڕۆمانە دەکا و هۆیەکەی ئەم دژایەتی و ڕەخنەگرتنە سووکایەتی و حورمەتشکاندنی ساراماگۆ به ئایینی مەسیح و هەروەتر سووکایەتی به بیروبڕوای کاتولیکەکان بوو. ساراماگۆ له وڵامدانەوە بەم کارە ئاوای وتبوو: "واتیکان وا باشترە سەرقاڵی کاروبار و چالاکیی خۆی بێت. ڕۆژنامەی سەر به واتیکان نووسیویەتی که من کۆمۆنیستم و کتێب دژ به هەڵویست و بیروبۆچوونی ئەوان و ئایینی مەسیح دەنووسم، بەڵام ئەمن له واقیعدا تەنیا کتێب بۆ مرۆڤایەتی دەنووسم."

له ڕۆمانی (ئەنجیل به ڕەوایەتی عیسا مەسیح)، ساراماگۆ ئەم بیرۆکەیەی هێناوەتە ئارا، که تەنانەت خودی مەسیح لەمەڕ بیروبڕوا لاهوتییەکەی تووشی گومانێکی قووڵ بووه. ئەم ڕۆمانە به هۆی ریشکردنی هەست و نەستی ئایینی مەسیح، له لایەن دەوڵەتی پورتوگالەوە ڕێگەی پێ نەدرا، له پێشبڕکێیەکی ئەدەبی که له ئەورووپا ڕێک خرابوو، بچێتە ریزی بەرهەمە ئەدەبییەکان و بەم کارە ناشایستەیە ساراماگۆ، که کەسایەتییەکی نێوبەدەرەوەکراو بووه، وڵاتەکەی جێهێشت و لەگەڵ خێزانەکەی ماڵەکەیان بەرەو دوورگەیەک به ناوی (لانزاڕۆتی) که یەکێک له دوورگەکانی کەناری، له وڵاتی ئێسپانیا بووه، دەگوازنەوە. هەڵبەت ئەم دژایەتییەی



**ساراماگوای**



نێوان حکوومەت و ساراماگۆ دەرەنجام بە خێروخۆشی تەواو دەبێت و زوویش لە یاد دەچێت. ساراماگۆ لە وتووێژێکدا وتبووی: "خەڵک پێشتر لە مەڕ من دەیانوت، کە ساراماگۆ چاکەپیاوە، بەڵام کۆمۆنیستە. ئێستاکە دەڵێن ساراماگۆ کۆمۆنیستە، بەڵام چاکەمرۆڤە."

ساراماگۆ لە ساڵی 1993 قۆڵی هەڵکردووە بۆ نووسینی زنجیرەدەقێک بە ناوی (یادداشەکانی لانزارۆتی) کە هەتا ئێستا پێنج بەرگی چاپ بووە. لە ساڵی 1995 لە تەمەنی 73 ساڵیدا ڕۆمانی (کوێری) و لە ساڵی 1997 ڕۆمانی (هەموو ناوەکان) بڵاو دەکاتەوە . لە ڕۆمانی«کوێری»دا حیقایەتێکی خەیاڵی لە شارێکی نەناسراو و دیارینەکراو ڕوو دەدا، کە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی سەیر، هەموو خەڵکی ئەو شارە بەرە بەرە تووشی کوێری دەبن و هەراوهەنگامەیەکی سەیر دەست پێ دەکا، بە جۆرێک کە حکوومەت هەوڵ دەدا نەخۆشە کوێرەکان کۆ بکاتەوە و لە کەمپێک کە لە دەرەوەی شار بۆیان ڕێک خراوە، ڕایانگرێت، بەڵام وا دیارە ئەم نەخۆشییە هیچ کەسێکی بۆ گرینگ نییە و تەنانەت سیاسەتکارەکانیش تووشی ئەم تراجیدیا سەیرە دەبن.

ساراماگۆ بە نووسینی ئەم ڕۆمانە ڕەمزییە دەست دەکا بە ڕەخنەگرتن لە سەرلێشێواوی و سەرگەردانیی مرۆڤ، فەرمانبەرداری بێ لاموجووم، وەڕەزی و قەڵسی، ترس و حەز و شاوەتی جنسیی مرۆڤ. لە واقیعدا ڕۆمانی «کوێری» بۆ خودی ساراماگۆ جۆرە تەمسیلێک بووە بۆ کوێریی عەقڵ و هەست و نەستی مرۆڤەکان. ئەم نووسەرە بە نووسینی ئەم ڕۆمانە جوانە و بە وەسفکردنی کوێریی تەواوی خەڵک، سەبر و تاقەت و خۆڕاگری و دڵگەورەیی و دڵۆڤانی لە چاکەمرۆڤەکان ڕێز دەگرێت.

لە نیگای (هارۆڵد بلووم)، ساراماگۆ بەزەوقترین نووسەری جیهانە. هەروەتر (فێدریکۆ فێللینی) دەرهێنەری گەورەی سینەمای ئیتالیا، ڕۆمانی (کوێری) لە ریزی جوانترین ڕۆمانگەلێ دادەنێت، کە لە سەرانسەری ژیانی خوێندوویەتی، ئەگەرچی جۆرە ڕەشبینییەک تەواوی بەرهەمەکانی خۆسێ ساراماگۆی بە خۆوە تەنیوە.

ساڵی 1997 خەڵاتی (ئالبێر کامۆ)ی پێ بەخشرا و لە 1998 خەڵاتی جیهانی «نۆبێل»ـی بۆ گشت کارە ئەدەبییەکەی و بەتایبەت ڕۆمانی «کوێری» وەرگرتووە. ڕۆمانی (کوێری) کە هەڵگری ئەم خەڵاتە جیهانییە بوو، بووە هۆی ئەوەی کە ئەدەبی پورتوگال خەڵاتی نۆبێلیش بە خۆیەوە ببینێ. ساراماگۆ لە ساڵی 2000ـدا ڕۆمانی (ئەشکەوت) و لە ساڵی 2005ـدا ڕۆمانی"دۆئێل"ـی نووسیوە.

دوایین بەرهەمی ساراماگۆ ڕۆمانی (شاڵاوی دووپاتی مەرگ) بە یەکێک لە بەرهەمگەلی گەورەی جیهان لە قەڵەم دراوە و تەژی لە هەست و خەیاڵ و فانتازیایە. ساراماگۆ لەم بەرهەمەشدا وەک زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی توانیویەتی زەربەی دەستپێکی چیرۆکەکەی هەتا دوایین وشەی ڕۆمان ڕاگرێت و دواکەوتێکی پڕ لە حەز و چێژ بخولقێنێت، کە لە نووسەرێکی وەک ئەو زۆر ئاسایی و سروشتییە. ساراماگۆ لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بە پرسێکی گرینگ و سەرەکی دەدات کە:

(ئەگەر مەرگ نەبێت، چی بە سەر مرۆدا دێت؟!)

یەکێک لە تەکنیکەکانی ئەم نووسەرە، ئەوەیە کە ناوی پاڵەوان دژەپاڵەوان و کەسێتیی ڕۆمانەکانی نانووسێت و بە جێگەی ناوەکان، لە نازناو کە نیشاندەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و هەڵسوکەوت و یاخود بارودۆخێکی تایبەت بە سروشتی ئەوانە، کەڵک وەردەگرێت. خۆسێ ساراماگۆ لە سازکردن و کەڵکوەرگرتن لە وتە سیمبۆلی و ڕەمزییەکان کە

تەژی لە چەمک و مانان، مامۆستایەکی هەرە بەناوبانگ و لێزانە. بەو جۆرەی کە خوێنەر کاتێک شتێکی لێ دەخوێنێتەوە، لە سەرەتاوە وا بۆی دەچێت، کە بە هۆی کەڵکوەرگرتنی ساراماگۆ لە حیقایەتە کۆنینەکان، خەریکی خوێندنەوەی حیقایەتێکی منداڵانەیە، بەڵام دەرەنجام دەبینێت خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکی ئەڤیندارانە یا چیرۆکێکی فەیلەسووفانەیە، کە چیرۆکەکانی (ڤۆڵتەر) کەڵەنووسەری فەڕەنسی وە بیر دەهێننەوە. شێوازی هەستییارانە و شاعیرانەی ساراماگۆ، کە خەیاڵ و فەنتازیا و رەخنە لە سەرکوتکردن و هەژاری، پێکەوە ئاوێتە دەکا، بووەتە هۆی ئەوەی، کە ئەو بە نووسەرانی ئامریکای لاتین بە تایبەت (مارکیز) بشوبهێنن. هەرچەند ساراماگۆ ئاماژەی بەم پرسە داوە کە تەواوی کەسایەتیی رۆمانەکانی دروستکراوی خەیاڵی خۆیەتی و هیچ جۆر پەیوەندییان بە واقیعەوە نییە و لەولایشەوە هیچ جۆر وێکچوونی و هاوشێوەیی لە نێوان رۆمانەکانی ئەو و دەقگەلی مارکیزدا نییە و زۆرتر لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی (سیرڤانتێس) و (گۆگۆڵ) ـدا بووە و تەنیا لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی ئەم دوو کەڵەنووسەرەدا بووە.

تا ئێستا زێدە لە 5/3 ملیۆن نوسخە لە بەرهەمەکانی ساراماگۆ لە چاپ دراوە و بە زۆرتر لە 30 زمانی بیانی وەرگێڕدراون. ساراماگۆ خاوەنی 30 بەرهەم لە بواری رۆمان، شانۆ، یادداشت و بیرەوەری، رەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵەچیرۆک و کۆمەڵەشیعر و زنجیرەوتار. دیارە خوێنەرێکی زۆر لە تەواوی دونیا لە دەوری دەقەکانی کۆ بووەتەوە.

وتەیەکی پێویستە ئەگەر بڵێین، بۆ ساراماگۆ نووسین وەک ژیان گەشت و سەفەرە، بەڵام لە رۆمان و شانۆکانی ئەم سەفەرە فرەگەڕان بە چەشنێکی تاکە. خۆسێ بە شێوازگەلی جۆراوجۆر و تایبەتی خۆی دەچێ بۆ سەفەر و گەڕان و بەرژەوەندی فرە سەیروسەمەرە ئاڕاستەی خوێنەر دەکا. واتە بە نووسینی شانۆ، شیعر، سەفەرنامە و وتار و لە هەموان گرینگتر رۆژنامەوانی و رۆماننووسین، دیمەنی گەش و جوان بۆ ئێمە دەخولقێنێت و گۆڕەپانێکی پانوپۆڕ و تەژی لە لەزەت لە چەمکی فانتازیا و واقیع دەهێنێتە بەرچاومان. خۆسێ هەروەها مێژوو و جوگرافیا دێنێتە کایە و حیکایەت و ئوستوورەی سەیرسەیر ئاڕاستە دەکا، کە دیارە لە جەرگەی ئەم چاخە سەرچاوەی گرتووە و هەڵقوڵاون. ساراماگۆ دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل لە وتووێژێکدا وتبووی:

"ئەگەر ئێوە کتێبەکانی خۆتان نەنووسن، هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ بینووسێت. هیچ کەس ئەو جۆرە ژیانە کە ئێوە کردووتانە، نەیکردووە. بۆیە، بەرچاوتەنگی لە نێوان نووسەران، دیارە هیچ مانا و چەمکێکی ڕاستەقینەی نییە."

بەم وەسفە، چۆن دەتوانین ململانێی ناشایستی برێ لە نووسەرە هاورێکانی خۆسێ دوای بەخشینی خەڵاتی جیهانیی نۆبێل بە نیسبەت ئەوەوە قەبووڵ بکەین؟ ساراماگۆ بە باشتری دەزانی هەلومەرجێکی تایبەت برەخسایە و دەسخۆشانە لە نووسەرانی دیکەی «پورتوگال»ـیش بکردرایە. لە پێڕستێک، کە خۆسێ ساراماگۆ لە نووسەرە ناوازەکانی پورتوگال سازی کردووە، ئاماژە بە ناوی ئەم نووسەرانە وەک (دۆئاندراد، خۆرخێ ئامادووی و توورگا) دراوە، کە شتاقیان بەو پلە و مەقامە کە ساراماگۆ لە ئەدەب و وێژەی جیهانی گەیشتووە، نەگەیشتوون. سەیرتر ئەمەیە، کە رەنگە خۆسێ ناوی باوباپیری بەم پێرستە زیاد کردبێت:

"لە تەمەنێکدا کە منی تێدام، مرۆڤ پێی خۆشە شوێن ریشە و رەگەزی خۆی بکەوێت، هەتا بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە. باوباپیری من بە رەچەڵەک دێهاتی و وەرزێر بوون. مامەکەم لە ساتەوەختی مردندا، لە ژێر دارە

میوەکانی دانیشت و لە دارەکان ماڵئاوایی کرد و وەک منداڵێکی ساوا هۆنەهۆن گریا. خەڵاتی نۆبێل بە جۆرێ دەستخۆشانەیەکە لە تەواوی ئەو نووسەرانە کە وەک خۆم بە ڕەگەز هەژارن."

ئەم وێنایە کە ساراماگۆ ڕەنگە وەک (ژان پۆل سارتەر) کە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بووە، خەڵاتی نوبێل وەرناگرێت، هەر لە بنچینەوە هەڵەیە. چونکە خۆی لەم بارەوە وتبووی:

"من نە بە هۆی کۆمۆنیستبوونم، بەڵکو بۆ سەرجەم کتێبەکانم خەڵاتی نۆبێلم پێ بەخشراوە، هیچ نووسەرێ بە ناوی کاپیتالیزم خەڵاتی نۆبێل قەبووڵ ناکات."



ئەم نووسەرە بە مامۆستای بەدیهێنەر و خەللاقی چرکەساتگەلی ڕەسەن و جوان پێناسە کراوە. چرکەساتگەلێک کە ڕەنگە هەموو ڕۆژێ، دەیان جار لە زەین و هۆشمان تێدەپەڕێن، بەڵام زۆربەمان هێزی ڕاگرتن و نووسینی ئەوانەمان بە هیچ شێوەیەک نەماوە. خۆسێ ساراماگۆ بۆ هەڵبژاردنی چرکەساتەکانی نەخشین و ڕەسەنی ڕۆمانەکانی هیچ کاتێک خۆی و خوێنەرانی تووشی زەحمەت نەکردووە و تەنیا بە جەوهەرە ئاساییەکان توانیویەتی جیهانێک پڕ لە سەیروسەمەرەیی بۆ ئێمە بخولقێنێت.

ئەو جۆرە کە ساراماگۆ ئاماژەی پێ داوە، هەمیشە لە هەوڵدا بووە کەسێتیی ڕۆمانەکانی زۆر ساکارانە بهێنێتە ئاراوە، نە زۆر جوان و شیرین، نە زۆریش ناحەز و نالەبار، کە لە بارودۆخێکی تایبەت، بە هۆی هەستی دۆستایەتی و عەشقەوە، لە ئەنجامدا بە یەکدی دەگەن. جیهانی خۆسێ جیهانی ئاشتییە، ئاشتییەک کە ئەو قەت پێی خۆش نییە بە هۆی ڕووداوە سروشتییە ناحەزەکانی ئەم ژیانەوە بچێتە ژێر پێ و لە ناوی بەرن.

دەبێ ئاماژە بەم پرسەیش بدەین کە یەکێک لە گیروگرفتە تەکنیکییەکەی ساراماگۆ کە ڕەخنەگەران زۆریش زەقیان کردووەتەوە، خوو و عادەت بە فرەنووسینە و لە زۆربەی دەقەکانی ئەم مەسەلە دیارە. ئەم خووە ئەگەرچی خوێنەر هیلاک و هەندێ جار وەڕەز دەکا، بەڵام دیارە کە ڕیشە و ڕەگەزی لە سەلماندنی وتەکانی نووسەر بۆ خوێنەرە. ساراماگۆ لە تەواوی بەرهەمەکانیدا ئەم پرسە دەهێنێتە گۆڕێ، کە هەموو نەهامەتی و پەشۆکاوی و سەرلێشێواویی مرۆڤی هاوچەرخ بە هۆی خواست و ویستە نەشیاو و نەگونجاوەکانی خۆیەوەیەتی، کە وەک هەڵیسێک بە دەوری خۆیەوە ئاڵاوە و لە جەستەی لێ نابێتەوە. ساراماگۆ زۆر بە سانایی ئەم وتەیە ئەدرکێنێت، کە نەبوونی بیروڕایەکی چاکەمرۆڤانە و هەروەها لەناوچوویی پێشینە باشەکانی مرۆڤ، دەبێتە بەڵگەی سەرگەردانیی ئەم بوونەوەرە لەم جیهانە ڕەش و خەمبارەدا.

ئەم نووووسەرە بەناوبانگە سەرەنجام بە هۆی نەخۆشییەوە، لە 18ی ژووەنی ساڵی 2010ی زایینی لە تەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لەگەڵ جیهانی ئافراندن و داهێنان بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کرد.

**تێبینی:**

ڕستەکانی نێو کەوانە، لە وتووێژەکانی «خۆسێ ساراماگۆ»ـوە هەڵبژێردراون.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی ئەدەبی گیلانکا و افتاب

# جەستەناسی و لێشاوی ئارەزوو

## لە (پرووشەکانی عشق)ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر-دا



**ناجح المعموری**
**لە عەرەبییەوە: عەزیز کەریم عەلی**



کەژاڵ ئیبراهیم خدر جیاوازیی نییە لەگەڵ شاعیرە ژنە کوردەکان بە قاڵبوون بە دووانەیی نێوان نێر و مێ، بەوەی کە بنەمایەکە ژیانی ملکەچ کردوو بۆ گونجان و سازان، هەر لە یەکەم شارستانییەتەوە دەرکەوتنی ئەم دووانەیە مەڵبەندێکی گرنکی ڕۆشنبیری و دینی بووە، کە شارستانییە کۆنەکانی لە خۆیان گرتووە.

گرنگیدان بە پەیوەندیی دووانەیی گیان و ورەیی هیما بۆ بوونی لێک تێگەیشتنێک دەکات کە لە نێوان هەردوو جەمسەری ژیاندا (نێر و مێ)دا هەیە. ئەم گونجان و پەسەندکردنی بەرانبەرە بڕیاردانێکی ناوەییە، من و ڕۆلی کەس لەگەڵ بەرانبەردا



له ڕێگەی منەوە نەبێت ئاشکرا نابێت. هەر ئەویشە پێویستی بە کەسانی ترە بۆ ئەوەی میکانیزمێکی ڕوونتر پێک بهێنێت.

لەوانەیە لای هەندێک سەرقاڵبوون بە دووانەیی جۆرێک بێت لە جۆرەکانی ڕۆمانسییەت و ئالوودەبوونێکی گەنجانە بێت بە خۆشەویستییەوە. چیرۆکەکانی گەڕانە کە بە درێژایی ڕۆژگار بۆ مرۆڤ ماونەتەوە، بەڵام هەرگیز وا نییە، بەڵکو بەشێکە لە مرۆڤ و لەمەش گرنگتر بەکارهێنانی سەرچاوەکان گەڕانەوەیانە بۆ بنەما ئەفسانەییە سەرەتاییەکان، کە پەیوەندیی نێوان دووانەیەیان لەسەر بنەمای خەڵەتاندن و بەئاکامبوون لە وزەی شاراوەی لاشە بنیادناوە. ئەمە سەرەتای یەکەم ناسینە، ناسینی من لەگەڵ ئەوانی تر.

منی (مێ) حەوایە لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئادەم بۆ خواردنی میوەکەی بەهەشت، میوەکەش ڕەمزێکە مانای لاشەی ژیان و هێزی گەڕۆک لە ژیاندا دەگەیەنێت. هێزیک کە دەبێت جەمسەرێکی تری هەبێت جگە لە ئادەم کەسی تر نییە. ئەمە یەکەم ساتە کە حەوا لێهاتوویی و فریوی لاشەی خۆی لە ڕاکێشانی ئادەم بە لای خۆیدا تاقیکردەوە، کە ئەمەش دەرگایەکی تازەی هێرشبەرە، دەرگای دەستپێکردنی ژیانی لەسەر زەوی و ڕای دەرچوون لە بەهەشت دۆزینەوەی لاشەی مێ و فێربوونی چێژەکانی وای لێکرد بەرەو زەویی پیسی بڕوات.

قەسیدەی کەژاڵ ئیبراهیم خاوەنی سەرەتاییەکی ڕوونە؛ پڕە لە ڕۆمانسییەت، بە دارشتنێکی ئەفسانەیی، بۆیە یەکەم سات لە مێژووی مرۆڤایەتی دەروازەی دەقێکە ڕاکیشانی ئادەمی عاشق ئاشکرا دەکات. لە بەردەم تاقیکردنەوەی فریودان و وزەی ئەفسوناوی لە حەوای مێدا.

**لەوکاتەوە کە تۆم ناسی**
**بە بێ ئاگر گڕم گرتوو**
**لە بەرپێتدا تووامەوە**
**هەر زوو زانیم**
**کانگای عشق و خۆشەویستی**
**بە عەشقێکی زۆر شێتانە**
**لە ناختدا گیرسامەوە.** لا 74

حەوا "ئادەم"ی ناسی دوایی فریودانی گڕگرتنی بەڵگەی ئاشکراکردنی نێرییە؛ ئاگر ڕەمزێکی باڵایە. مانای مێ دەبەخشێ و ئاویش ڕەمزێکی نزمە و مانای نێر، وزەی نێر دەبەخشیت.

دووانەی ئاو و ئاگر لاشەی کڕی مێی لێ تۆراندووە لە پێش ئادەمدایە، نێری حەشاروەر ناسراوە، لەبەر ئەوەی حەوا هەڵگری بانگەشەی هاوبەشی و ڕاکێشانی دووانەییە و ئەزانێت مەبەستەکانی ئارەزوو چییە، لەسەر ڕای خۆی نەوەستا، بەڵکو ڕازی بوو بە تووانەوە تووانەوەیەکی بنیادنەر، نەک ڕوخێنەر.

خۆڵەمیش دەرئەنجامی گڕگرتنە، ئاو، خۆڵەمیش لە ئەفسانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا توانای گۆڕین و شێوەیەکی تر لە خۆ دەگرن. ئاشکرایە ئاو لە گرنگترین توخمەکانی خەیاڵە. لای (باشلار) ئاو دەگۆڕێت و بە هەموو گۆڕانەکانییەوە مانای چالاکیی خۆی لە دەست نادات. لە هەر شوێنێک بێت ئاو هێمایەکە بەو ڕێنانەی پارێزگاری لە ڕەفزیەتی خۆی بەخشینە زۆرەکانی دەکات. هەروەها گڕگرتن و بە خۆڵەمیش بۆنی مانای مردن ناگەیەنێت، بەڵکو جارێکی تر گەڕانەوەیە بۆ ژیان. ئەمەش لە زۆر ئەفسانە ناسراوەکاندا هەیە ئاو بە دڵنیاییەوە دەگەڕێتەوە و دەرکەوتنەوەی خۆڵەمیش و گۆڕینی شێوەی هێز و وزەیەکی زۆرترە لە یەکەمجار.

حەوای مێ لە نهێنییەکانی بۆ ئادەمی پیاو ئاشکراکرد و باوەڕی پێکرد دوای ئەوەی کە زانیی نێر سەرچاوەی عەشق و خۆشەویستییە، هەرچەندە لە مانای فەرهەنگیدا عەشق و خۆشەویستی یەک مانایان هەیە، بەڵام جیاوازیی عەشق ئالوودەبوون و شەیدابوون و خۆبەستنەوە بە کەسێکی ترەوە، بەڵام خۆشەویستی بریتییە لە هەڵسوکەوت و دۆزینەوەی بەرانبەر پیادەکردنیان و لە دەقەکەدا ددانپیانانێکی ئاشکرا بە عەشق و شێتیی عەشق هەیە. بۆیە بڕیاری جێگربوونی لە گیانی نێردا داوە. دووبارە خوێندنەوەی ئەفسانەی تایبەت بە ئاو و ئاگر ئەوەمان لا جێگردەبێت کە دەسکەوتەکانی پەیوەندیی دووانەیی پێویستی بە بەیەکگەیشتنی ئاو و ئاگر نییە مێ ئاگرێکی گڕگرتووە بۆ گڕگرتنێکی تەواو. پێویستی بە لاشەی خۆیەتی، وەکو تاقیکردنەوە و دواتر کوژاندنەوەی بە ئاوی نێر، کە لە کاتی گڕگرتنی تەواودا ئاوەکە بەردەبێت و دەڕوات.

بەڵام گڕگرتنی حەوای مێ لە کاتی فریودان و هەڵچوونی ئارەزوو بە لافاوبوونیدا تواناکانی خۆی تاقی ناکاتەوە هەتا دوای کەڵەکەبوون و کۆکردنەوەی ئاوی نێر نەبێت.

سەرنجمان لەسەر ئەم دەقە مانەوەیەتی لەسەر نێری. وەکو گوتاری نێری پێشبینی دەکات، نێر هێزێکی لەخۆبایی و کەللەڕەقی و ملکەچکەرە.

مێ گوێڕایەڵە زۆر لێکراوە، چونکە هەمیشە خەو بە گڕگرتنەوە دەبینێت، وەکو خوای تایبەتمەند بە ڕەگەز.

بە مانای ددانپیانانێکە بە پاشکۆبوون باوەڕێکی ڕەها و ڕازیبوونە پێی، چونکە ئاگرکەوتنەوە بەخششی پیاوە، بەڵگەی بەرەفزبوونی پیاوە لێرەدا گەورەیی نێر دەردەکەوێت تێیدا. ئەم شتانە لەسەر خۆی دەزانێ و ئەمەش لای ئافرەت دووبارەدەبێتەوە و بە ئاشکرا لە سەرەتای دەقەکەدا دیارە، لەبەر ئەوەی مێ وەک خاک وایە و پێویستی بە بەشی ئاورنگ هەیە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی بەپیتی. ئەگەر خاک وشک بێت ئەوا خاکەکە مردووە، بۆیە لێکدانی هێزی ئەرێیی و نەرێیی مێ گرێدەگریت.

ئەفسانە کرانەوەیەکی بەرەو سۆفی تێدایە و پەیوەندیی نێوانیان بۆ ساتی دەرکەوتنی سۆفییەت وەکو فیکر دەگەڕێتەوە، جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە ئەفسانە پەیوەندیی لەگەڵ چەند خوایەکی جۆراوجۆردا هەیە. بەڵام تەسەوف پەیوەندیی بە یەک خواوە هەیە و ئەم خوایە لاشە نییە، بە پێچەوانەوەی خواکانی ئەفسانەوە جگە لە چەند جیاوازییەکی تر؟

**من بەر لەوەی تۆبناسم**
**تامەزرۆی سەمای پەنجەت و**
**عاشقی ڕوخساری گەش و**
**دووچاوی پڕ ئەوینت بووم... لا 75**



**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**



یەکەیەکی هەستاری کۆکردنەوەیەکی لە نێوان بینین و دەستلێداندا ئەنجام دراوە و وا دەردەکەوێت ئەم دەقە پێوستی بە ناسین هەیە، بۆیە دووبارەبوونەوەی تێدایە پەیبردنی لەناکاو بە پلە ئێستاییە. دڵدارەکە ئامادەیە وەک خەون یان لە نێوان خەون و ئەفسانەدا بە پەرۆشەوە بۆ سەمای پەنجەکانی و یاریکردن لەگەڵیاندا"

ئاشکراکردنی ئارەزووەکان ئاشکرایە و خواستراو نییە. بانگەوازەکە ئامادەیە لە گیاندا مەللە دەکات و چاوەکانی لەوێ ئاودەخواتەوە. ئەمە خولیابوونە؛ خولیابوونێکە کە بەهۆی چاوییەوە پێ گەیشتووە، ئەیبیستی. پێش زانینی ناوەرۆکەکەی خۆی پێ ئەناسێنێ تا دەگات بە هەموو شەتەکان، وا دیارە پەنجەیان پەنجەکان هێمایەکە و ژنە شاعیرە کوردەکان فەرمانێکیان پێ بەخشیووە و پەنجە جێگرێکی بابەتییانەی ئالەتی نێرینەی پیاوە و پەنجەی دەست (برای تووتەیە) کاتێک ئەڵقەی زێڕینی تێدەکریت لە ساتی گرێدانی پەیمانی هاوسەریەتیدا. بەڵگەی جوتبوونی نێر و مێیە. ئەڵقە بازنەیەکی ڕەمزییە ڕازی بوو کە پەنجەی پێدا بچێت.

وشەی (پەنجە) لە دوو قەسیدەدا هەیە. یەکەمیان لە قەسیدەی بۆ(تەنها جارێک یارمەتیم بدە)ی کەژاڵ ئەحمەد، ئەویتریان لە قەسیدەی (پرووشەکانی عەشق)ی کەژاڵ ئیبراهیمدا.

ئەوەی لەو دەقەدا ئاشکرایە پەیبردنێکی بەردەوامە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ بەرێوە دەچێت، مێ وەری دەگرێت فێری دەبێت ئاشکرای دەکات؟

ئەوەی زیاتر سەرسووڕهێنەرە خەونێکی چاوەڕوانکراوە، بریتییە لە ناسینی نێر لە لایەن مێ و ئەم ناسینەش مێ بەرەو سەربەستی دەبات ئەمە خەونی ژنە شاعیرە کوردەکانە، بەڵام ئەم خەونەش جیاوازە لە نێوان شاعیرە ئافرەتەکاندا. سەربەستی لای کەژاڵ ئەحمەد وەکو ئەو سەربەستییە نییە کە لە دەقی (پرووشەکانی عەشق)دا هەیە. کەژاڵ ئەحمەد سەربەستی یاخییە، کودەتاچییە، وروژێنەر و دانەدەرەو لای کەژاڵ ئیبراهیم بریتییە لە خەوبینینی چێژوەرگرتنی پیاو.

لاشەی ئافرەت خاڵیکردنەوەی ئارەزووەکانی ملکەچبوون و بەزین لە بەردەم پیاودا تا ئاستی کۆیلەتی چۆن دەبێت ئافرەت بچووکی و کۆیلایەتیی لاشەی قبووڵ بکات.

**لەو ڕۆژەوەی دەستەکانی تۆم ناسیووە**
**دەستی هیچ شێخێك ماچ ناکەم**
**هەر بە تەنها تۆ شیخم بەو**
**من کچە گاور**
**هەر بە تەنها تۆ**
**دەروێشی ڕۆحم بەو**
**منیش تەکیەی زکر و نزات... لا 76**

پیاوی عاشق لەم دەقەدا دەبێت بە سۆفییەک لە پلەی ڕابەردا، لای ئافرەت عاشق جیاوازیی گەورەی هەیە. گەورە و پەرستراوە ئەویش گەورەیی خۆشەویستی و پەیوەندیی دووانەییانەیە تابئاستی تووانەوە، ئەم دەقە دەمانگێڕێتەوە بۆ پەیوەندیی سرووتی هاوسەرگیریی شارستانییەکان لێرەدا فەرمانیکی تر بە مێ دەسپێرێ جگە لە چێژوەرگرتن، ئەویش پیتاندنە، چونکە عاشق پیرۆزە لای ئافرەت پێویستە عاشق سرووتەکانی لە شوێنێکی پیرۆزدا ئەنجام بدات...

**هەر بە تەنها تۆ**
**دەروێشی ڕۆحم بە و**
**منیش تەکیەی زکرو نزات**

بۆیە لەم دەقەدا تەکیە و پەرستگە کراوەتە شوێنی ئەنجامدانی جووتبوونی نێر و مێ لەلایەک، لەبەر ئەوەی




وشەی (نێر) مانایەکی دروستی نییە، گێڕانەوەی دەقە ئایینییەکان لە لایەکی ترەوە، چونکە وشەی ڕەگەزی پیرۆز لە زۆر دەقە سۆمەرییەکاندا ئامادەی لاشەی مێ بووە، بووە بە پەرستگەیەکی کراوە بۆ دەسەڵاتی بیروباوەڕ و دروشمەکانی نێر و پێگەیاندنی هەردوو ڕەگەز لە پێناوی ژیانەوەدا و تازەبوونەوەی ژیان و تەکیە من؟ بڕگەی (تەکیە و زکر و دوعاکردن) گێڕانەوەی ئەم داڕشتنە شیعرییە دەبینم بۆ ئەفسانە یەکەمەکانی و بڕواناکەم گوزارشت بێت لە پیادەکردنی سرووتی ئایینیی هاوچەرخ، بنیادی وشەی پیرۆز ئاشکرایە لە دەقەکەدا و دووبارەبوونەوەی وشەکە بە مەبەستی شاردنەوەی پیرۆزی پیادەکردنی بیروباوەڕ و دروشم و پەلهاویشتنی زۆری دەقەکەیە بۆ پیرۆزییەکان بە مەڵبەندبوونی مێی دڵدار. لێرەدا ناچارە پیرۆزیی زیاتر بدات بە دڵدارەکەی لە خەیاڵدا؛ یان گیانێکی نەبینراو و ئامادە لە ڕاستیدا هاتووە بۆ لای ئەو دێت. هەرکاتێک بیەوێ بە توانایە لەم جۆرە ئامادەبوونەدا، چونکە نێر بەستراوە بە "مێ"وە، بە هۆی گۆڕێکی گلکۆیەکی تایبەت بە نێرەوە ئەم شوێنە پەرستراوە بۆ تاکە کەسێک نییە، بەڵکو بۆ چەند گیانێکی پیرۆزە و ئەم پیرۆزییەش هەڵێکی بۆ ڕەخساندووە کە سنووری عەقڵ ببەزێنێ، ئەمەش کارێکی بەلاوەیە تەنها بۆ پیرۆزەکان دەبێت؟

**لە یەکەم دیداری تۆدا**
**من میوانێکی ناوەخت بووم**
**تۆش گڵکۆی پیاوچاکێك بووی**
**هاتم تاکوو دووبەرد بنێم**
**بە نێوچاوانی پیرۆزتەوە و**
**ڕۆژانی ڕانەبردووی خۆم**
**لەنێو مەرقەدی باڵاتا**
**تاقی بکەمەوە... لا 76**

تاکی عاشقی پیرۆزی نێر لێرەدا سیفەتێکی کۆپیی وەرگرتووە و دڵداری مێ دەچێت بۆ لای و مامەڵەیەی سۆفییەکی دڵداری تایبەتی لەگەڵدا دەکات. بۆ ئەوەی پیرۆزییەکی بێ کۆتایی بداتێ دوو بەرد ئەنووسێنێ بە ناوچاوانییەوە، چونکە سەر جێگەیەکی پیرۆزی بینراو و نەبینراوە، ئامادە و نائامادەیە. بۆیە تەکیە نازناوی پیرۆزی بەخشیووە بە ناوچاوانی. سۆفییە نموونەیەکە ئامادەیە بە لاشە بۆ ئەوەی جنس بگۆڕنەوە، هەرچەندە ئەو کەسێکی نادیارە، بەڵام پیرۆزیی خۆی جێهێشتووە وەکو ئەو پیاوچاکانەی مردوون، بەڵام ڕۆڵیان هەیە لەسەر بۆردی پیتاندن و ژیاندنەوە.

لەم دەقەدا تەقینەوەیەکی بەهێز و دەنگدەر هەیە، بەڵام شاراوە بووە بە زمانێکی نەرمی لەسەرخۆ، کە وای لە دەقەکە کردووە داگیرساوبێت؛ پابەندبوون پێیەوە ئاسان نییە زۆر هێزی خواستراوی تێدایە، کە ڕووەو یاخیبوون و توندوتیژی دەڕوات ژنە شاعیران کەژاڵ ئەحمەد و کەژاڵ ئیبراهیم و شیرین کاف و ئەرخەوان، هەموویان دەنگێکی ناڕازیی یاخین. لە هەندێک کاتدا پڕن لە ڕق و تۆڵە لەو هاوڕێیانەی کە دزە دەکەن بۆ باری ئارەزوو ژیانی خەڵکی سادەی گەڕاو بە شوێن ئازادی و چێژدا تێک دەدەن بەلاشەو، دەقە شیعرییانەی کە ژنە شاعیرەکانیش پێشکەشی دەکەن لای ئێمەی خوێنەری عەرەب نامۆیە، تەنانەت لای ئەورووپییەکانیش ئەو دەنگانەی زیاتر سەربەست و ڕزگارن لە کۆتوبەندی جنسی، کە نێرسالاری سەپاندوویەتی بەسەر مێدا لەوساتەوەی ڕۆشنبیرێکی گەورەی ئەفسانەیی دایک داڕماوە.

هەمیشە نێر ویستویەتی لاشەی مێ دروست بکات بە پێی ویست و ئارەزووی خۆی و ئەمەش بەهۆی پیرۆزییەوە بە دەستی هێناوە، لەبەر گرنگیی لاشە ئەبینین زانا ئیسلامییەکان ناوی تریان لە لاشەی مێ ناوە وەکو وشەی (جێگە) لەبری ئەوەی ژن ئەم جۆرە ئاشکراکردن و پەردەلادانانە لە ئایینە ئاسمانییەکانی

پێش ئیسلامدا هەیە لە ئاینی یەهودیدا وشەی جێگە بەکارهاتووە بۆ خێزانەکەی یەعقوب ئەو ژنە گێژەی کە کوڕەکەی یەعقوب پەیوەندیی لەگەڵیدا دروست کردووە، بۆیە وشەی جێگە بووەتە تەکیەیەک بۆ پیادەکردنی سرووتە دینییەکان و جنسیش بەشێکی زیندووی سرووتە دینییەکانە.

هەر بە تەنها تۆ
دەروێشی ڕۆحم بە و
منیش تەکیەی زکر و نزات...

لاشە لە شیعر و هونەردا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە هەموو ئەو گۆڕانانەدا ئەرکی پیرۆزی خۆی لەدەست نەداوە، کە پڕە لە چێژ. ئەمەش وای کردووە کە هەمیشە بەرز و بەهێز و لاساربێت هیچ هێزیک ملی پێ دانەنەوێنێ تەنها هێزی جنس نەبێت، کە ئەویش جەمسەرێکی ترە لاشە پێویستی پێەتی. لە شیعرەکانی (شیرین کاف)دا جنس ئامادەیە، شەکانەوەی هەیە و لاشە هێمایەکە بۆ کراوە و خواستراوە. تەنکە لەناو دەستەواژەکاندا خۆی شاردووەتەوە لاشە پەنا بۆ وشەیەک دەبات کە دەق ئامادەی دەکات شاعیر بانگی دەکات بۆ پەڕوەردەکردنی هاوارەکانی بەپێویستبوونی لاشە بە گوێماندا بچرپێنێت لاشەی نێر بە بارانێک دەزانێت کە دزە بۆ لاشەی مێ دەکات و شێداری دەکات و لە وشکی ڕزگاری دەکات.

مێیەتی گومڕا دەبێت بە هێمایەکی مانابەخش بۆی، دارچنار و سێو و سنەوبەر هێمایەکی ڕۆشنبیرانەیە بۆ ئافرەت و ئارەزووی چێژی جنسیی چاوەڕواننەکراوە، چونکە ژیانی دووانەیی، لاشەی دەقە شیعرییەکە بانگەشەی بۆ دەکات تەنانەت بۆ مردووەکانیش لە دەقی (ف×ولی) شاعیر کەژاڵ ئیبراهیمدا.

ئەم نووسینە لە ژمارە 24\25ی گەلاوێژی نوێی ساڵی 2009دا بڵاوکراوەتەوە





## گفتوگۆ لەگەڵ شاعیری ناوداری ئەرمەنی- ئێرانی

# واهە ئارمێن-دا

## واهە ئارمێن: کاتێك پێنووس دەگرم بە دەستەوە، لە خۆمەوە، لە جەستەمەوە، لە زەین و خەیاڵمەوە، لە جیهانی تاکەکەسیمەوە دەست بە نووسین دەکەم

**تایبەت بە گەلاوێژی نوێ**
**سازدانی: شادی نیکخا**

لەم ڕۆژانەدا زۆر جار نامیهرەبانیی مرۆڤەکان وا پەستم دەکات دەڵێم تازە سەردەمی میهرەبانی بە سەر چووە.. بەڵام کە دەچمە دیداری واهەی شاعیر و بەو بزە شیرینەوە بە سەر کورسیی کەمئەندامانەوە تا بەر دەرگەی ئاپارتمانەکەی دێت بە دەممەوە، دووبارە دڵم دەگەشێتەوە و هیوام دەبووژێتەوە، کە هێشتا دنیا تەژییە لە میهرەبانی و جوانی... واهە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا توانای چوونە ناو شەقامەکانی لە دەست دا و لە ماڵەکەیدا و لە ناو شیعرەکانیدا مایەوە، بۆ پاسەوانیکردن لەو میهرەبانییانەی کە خۆ لە مرۆڤەکانی دەرەوە و ناو شەقامەکان ڕادەپسکێنن و پەنا دەبەنە بەر ژوورەکەی ئەو.

"واهە ئارمێن" شاعیرێکی ئەرمەنی- ئێرانییە، ساڵی ١٩٦٠ لە شاری مەشهەد لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە دایک بووە. بە هەردوو زمانی ئەرمەنی و فارسی شیعر دەنووسێ و لە بواری وەرگێڕانیشدا بە هەردوو زمانەکە، خاوەن ئەزموونە و بە تایبەتی هەوڵی باشی داوە بۆ ناساندنی ئەدەب و شاعیرانی ئەرمەنی بە خوێنەری ئێرانی.

لە سەرەتاوە، دوو کۆمەڵەشیعری بە زمانی ئەرمەنی بڵاو کردوونەتەوە، بە ناوی "بەرەو دەستپێک" و "زریکە" و دواتر زمانی فارسیی وەک زمانی ئەدەبیی خۆی هەڵبژاردووە. خۆی لە وتووێژێکدا دەڵێ «من دەبێ دەنگم بە دنیا بگەیەنم، دەنگی مرۆڤێکی ئەرمەنی. زمان ئامرازە. خەتای من نییە کە دوور لە نیشتمانی باووباپیرانم لە مەشهەدی ئێراندا لە دایک بووم. لە شارێکدا کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ هەزاران ئێرانیی غەیرەئەرمەنی و تەنیا پەنجا- شەست کەسی ئەرمەنیدا هاتوچۆ و هەڵسوکەوتم هەبووە. بەهەرحاڵ، گۆڕینی زمان بۆ من گەرچی مایەی پەژارەیە، بەڵام پێویست بووە، هەروەک زۆربەی لاپەڕەکانی مێژووەکەشمان وا بووە. ئەمەش یەکێکە لەو ئازارانەی کە گڕوتینێکی زیاتر دەبەخشێتە من، بۆ وەی لە خۆم دابڕێم و ببمە شاعیر و دەست بدەمە داهێنان. وەک شاعیری هەمیشەزیندووی ئەرمەنی واهان دێرییان دەڵێ: ژیان یانێ ئافراندن و لەوێدا کە داهێنان نەبێ، ژیانیش نییە.

تا ئێستا چوار کتێب بە زمانی فارسی لە واهە ئارمێن بڵاو بوونەتەوە، کە سیانی یەکەمیان کۆمەڵەشیعرن بە ناوەکانی:

باڵەکانی لە لای شیعرەکەمدا بەجێ هێشت و چوو/ ١٣٨٤

پاش تێپەڕینی دوڕناکان/ ١٣٨٨

کە باران دایکرد، دەچین/ ١٣٩١

تازەترین کتێبیشی بە ناوی "حەز دەکەم هەندێ جار شاعیر نەبم" کە کتێبێکی جیاوازە و داگری کۆمەڵێک شیعر و پەخشانە لە شێوەی یادداشتگەلێکدا سەبارەت بە ژیانی خۆی.

واهە هەروەها دوو کۆمەڵەشیعری "پوونە نەدایی" و "ڕەسوول یونان"ـی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ ئەرمەنی و ئەو بەرهەمانەش کە لە ئەرمەنییەوە وەری گێڕاون بۆ سەر فارسی، بریتین لە:

کلیلی دەرگەکەم لە سەر هەتاوە (بەرهەمی شاعیرانی



**هاوچەرخی ئەرمەنی)**
**شیلەی قەیسی و سێ گۆشەیەکی ڕەش (شیعری ئێدوارد هاخوێردیان)**
**پاییزێکی تەواو جیاواز (شیعری هوانس گریگوریان)**
**دێڕی یەکەم نانووسم (کۆمەڵێک کورتەشیعر لە شاعیرانی هاوچەرخی ئەرمەنستان)**

**ئەوەی خوارەوە گفتوگۆیەکە لەگەڵ واهە ئارمێندا، کە بە تایبەتی، بۆ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ئەنجام دراوە.**

***چی هانت دەدات شیعر بنووسی؟**

-هۆنینەوەی شیعر و بە گشتی ئافراندنی هونەری، لای من زیاتر چالاکییەکی خۆڕسک و بێ ئیرادەیە. لە ڕاستیدا مەبەست لە نووسین و ئافراندنی ئەدەبی لە




ناخووریای منەوە دێت. کاتێک پێنووس دەگرم بە دەستەوە، لە خۆمەوە، لە جەستەمەوە، لە زەین و خەیاڵمەوە، لە جیهانی تاکەکەسیمەوە دەست بە نووسین دەکەم، پاشان هێدی هێدی لەوەی دەیزانم، دوور دەکەومەوە، بەرامبەر بە هزر و بنەما و بڕواکانی خۆم دەکەومە گومانەوە و بە چوونە ناو دنیای گەڕان و دۆزینەوە و خەیاڵ دەست دەکەم بە شیعرنووسین. لە ڕاستیدا کاتی نووسینی شیعر هەرگیز خۆم بە تەنیا بەو شتانە سنووردار ناکەم، کە لە هزر و ئەندێشە و دەرکی خۆمدا دەگونجێت. دڵنیام کە ئەگەر تەنیا بە خواستی ئاگایانە و بە چاودێریی زەینی وریای خۆم بنووسم، ئەنجامەکەی دەقێک دەبێ کە لەوانەیە زۆر جوان و بەرچاو بێت، بەڵام بێگومان شیعر نابێت.

***هێندەی کە لە شیعری تۆ دەردەکەوێت، لە ڕواڵەت و بەکارهێنانی جۆری زماندا سادەیە، بەڵام واتای قووڵی هەیە و هەندێ جار لە کۆتایی شیعرەکەدا، شتێک ڕوو دەدات کە بە تەقینەوە یان شۆڕشی مانا لێک دەدرێتەوە. ئایا واهە ئارمێن بڕوای بە شیعری واتاگەرا هەیە، یان بە ڕێکەوتی شاعیرانە؟**

-ئەوەی کە لە لای من لە شیعردا زۆر گرینگترە لە ساکاری یان ئاڵۆزبوونی زمان، لەحنی وشە و بە گشتی ستایل و فۆرمی شیعر، حەقیقەتی شاعیرانەی وشە، گەوهەری وشە و ئەو واتا و چەمکەیە کە لە پشتییەوە خۆی حەشار داوە. دەبێ جیاوازییەک هەبێت لە نێوان ساکاربوون یان سووک و بێناوەرۆکبووندا. ئەگەر

شاعیرێک بە زمانێکی ساکار دەتوانێ بە قووڵی بیر بکاتەوە و بیرکردنەوە و سەرسووڕمانی بەردەنگەکەی بهەژێنێ، ئەوە ساکاریی زمانی ئەو نەک لە عەوامانە بوونییەوە، بەڵکو لە زانین و بگرە زۆرزانینەوە سەرچاوە دەگرێت. سەبارەت بە فۆرمی شیعریش هەروەک گەلێک جار وتوومە، من هەرگیز پێش نووسین بڕیار نادەم کە فۆرمی شیعرەکەم چی بێ و چۆن بێ، کورت بێ، درێژ بێ، عەرووزی بێ، کێشی هەبێ یان شیعری سپی بێ؟ گرینگترین تایبەتمەندیی شیعری من، ناوەرۆکەکەیەتی و هەر ناوەرۆکە کە لە سەر فۆرمی شیعرەکەم بڕیار دەدات. بێزارم لە درێژدادڕی و فرەوێژی، بە تایبەتی لە شیعردا. پاش هۆنینەوە و خوێندنەوەی دووبارەی هەر شیعرێک، ئەگەر هەست بکەم درێژدادڕیم کردووە و دێڕێکم بەبێ هۆ سەپاندووە بە سەر شیعرەکەمدا، بێ سێودوو دەیسڕمەوە، چونکە هەرگیز حەز ناکەم بە زیادکردنی وشە و دێڕی زیادە، لە شیعرییەتی شیعرەکەم کەم بکەمەوە. کەوایە دیارە کە بۆ شاعیرێک بە شێوە بیرکردنەوەی منەوە، ڕێکەوتی شاعیرانە لە شیعردا، دەتوانێ پێگەیەکی تایبەتی هەبێت. ڕێکەوتێک کە ڕەنگە زۆر جار نادیار و شاراوەیە، بەڵام بەو متمانەیەی بەرامبەر شعوور و تێگەیشتنی خوێنەرەکەم هەمە، گومانم نییە کە ئەو ڕێکەوتە دەبینێت و بەو ڕوانینەی شتێک بەو ڕێکەوتە و بە شیعرەکەی من یان باشترە بڵێم بە شیعرەکەی ئێمە زیاد دەکات.



***لە زۆربەی شیعرەکانی تۆدا جۆرێک سروشتگەرایی بەدی دەکرێت، بە تایبەت وێنەی زۆر لە ئاسمان و خۆر و مانگ و شەو و... ئەمە بەس هۆگریی واهەیە بۆ سروشت، یان هۆکارێکی دیکەی هەیە؟**

-گەرچی هۆگرییەکی زۆرم هەیە بەرامبەر سروشت و جوانییەکانی، بەڵام ئەوەی کە وێنەگەلی زۆر لە ئاسمان و خۆر و مانگ و دیاردەکانی دیکەی سروشت لە شیعری مندا بەرچاو دەکەوێ، بێگومان هۆکارێکی دیکەی هەیە. گەرچی هەمیشە خوێندوومانەتەوە و فێریان کردووین کە سروشت یەکێکە لە بنەماییترین چاوگەکانی هونەر- بە تایبەت شیعر، بەم حاڵەوە بڕوام وایە کە ئاماژەی ڕاستەوخۆی شاعیر یان نووسەر بۆ سروشت و جوانییەکانی، دەتوانێ مایەی بێزاری و ماندووکەر بێت، بەڵام گەر بڕوامان وا بێت کە بەرزترین تەشکی جوانی دەتوانێ بەرهەمی ئەندێشە و خەیاڵی شاعیرێک، یان هەر هونەرمەندێکی دیکە بێت، لەم حاڵەدایە کە سروشتیش دەتوانێ ئیلهامبەخش بێت بۆ شاعیر لە پێناو دۆزینەوە و کەشفییاتی فەلسەفی و شاعیرانەیدا و یارمەتیی بدات بۆ بەدەستهێنانی واتاگەلی تازە لە دیاردەکانی سروشتدا و بەم چەشنە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ چێژەکان و شادییەکان و ئافراندنی بێپایانی ئەو. ئەم

جۆرە لە جوانی کە خولقاوی دەستی هونەرە، لای من بەرزترە لەو جوانییە بەرچاوەی لە جیهانی واقیعدا یان لە سروشتدا هەیە.

*گەر نەڵێین لە هەموو شیعرەکانتدا، بێگومان لە زۆربەی شیعرەکانی تۆدا بوونی پارادۆکسێکی مەبەستدار، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، هەڵبەت نەک بە شێوە باو و ئاشناکەی، بەڵکو بە شێوەی پارادۆکس لە واتا و ئیماژدا.
ئایا خودی ناوەڕۆک و چەمکی شیعرەکان ئەوە دەخوازن، یان بە مەبەست و ئەنقەست ئەوە دەکەیت و ئایا ئەم تەکنیکە بە تایبەتمەندی و دەرکەوتەیەک دەزانی بۆ شیعری خۆت؟

-وەک لە سەرەوەش ئاماژەم بۆ کرد، هەر ڕێکەوت و ڕووداوێک لە شیعری مندا لە سەرەتادا بە شێوەی خۆڕسک و بێ ئیرادە و خواستی خۆمە. بوونی پارادۆکسیش لە زۆربەی شیعرەکانی مندا هەر وایە. ڕەنگە ئەو کاتەی کە هێدی هێدی لە زانیارییەکانم دوور دەکەومەوە و گومان لە بڕوا و بنەماکانی خۆم دەکەم، هەر لەبەر ئەم گومانانە، پارادۆکس لە ئەندێشەمدا دروست دەبێت و لە سەر لاپەڕەدا گیانی دەدەمێ:
«چەن ماندووم/ لە بەڕێدانەچوون/ لە گەیشتنە مەبەست بە دانیشتوویی» (ئێوارەیەکی پاییزی- لە کۆمەڵەشیعری پاش تێپەڕینی دوڕناکان، ل: ١٠٠).
دەزانی پارادۆکسیش وەک هەر توخمێکی تر لە شیعردا، ئەگەر بەبێ هۆ و نابەجێ و بەبێ سەرنجدان بە بارودۆخ بە کار ببرێت، زیادەیە و دەبێ بسڕدرێتەوە، بەڵام ئەگەر پارادۆکس ئەنجامی ململانێی شاعیر بێت لەگەڵ خۆیدا و بوونی لە شیعردا وێڕای ئەو دژوازییەی کە لە ڕواڵەتدا هەیەتی، ناڕاست و ساختە نەبێت، دەتوانێ ببێتە جوانترین ڕووداو لە شیعرێکدا.

*یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەر، بەزاندنی سنوورەکان و خواستی بەجیهانیبوونە. ئەم خواستە لە شیعرەکانی تۆشدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە "شیعرێکی نەنووسراو"-دا لە کۆمەڵەشیعری (باڵەکانی لای شیعرەکانمدا بەجێ هێشت و چوو: دوایین شیعری ئەم دەفتەرە/ خوشکەکەم لە کێنیا لەبەر خۆیەوە دەیڵێتەوە/ براکەم لە ئارژانتین/ دەیهۆنێتەوە و/ هاوڕێکانم لە جەزایر/ شیعرەکەم لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ فەرەنسا/ تا ڕێبوارێک/ - ڕەنگە دیسان گەورەکچێک لە ئۆرلییانەوە-/ لە گۆڕەپانی ڤێۆمارشەدا/ بیخوێنێتەوە/ بۆ دنیا و/ بۆ من.)
چ تایبەتمەندی و هۆکارگەلێک شاعیرێک بەجیهانی دەکەن؟

-ئەم پرسیارەی تۆ لە ڕاستیدا وەڵامێکە بۆ پرسیارێک کە هەمیشە زەینی منی بە خۆیەوە خەریک کردووە: ئایا توانیومە ئەندێشە و هەستەکانم بگوازمەوە بۆ بەردەنگەکانم و یەکێتییەکی ڕۆحی لە نێوانی خۆم و بەردەنگدا بخولقێنم؟ هەمیشە هەوڵم داوە شیعرێک بنووسم کە تەنیا تایبەت نەبێ بە نەتەوە و ئەتنێکی تایبەتەوە و بۆ بەدیهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ بەردەنگەکانی هیچ سنوورێک نەناسێت. خۆشحاڵم کە تۆ ئەمڕۆ بە "پرسیار"-ێک "وەڵام"-ی منت داوەتەوە.

*هەندێ جار سەبارەت بە هەندێ بواری هونەری لەوانە مۆسیقا و سترانبێژی، دەوترێ قۆناغێک هەیە، کە هونەرمەند دەگاتە لوتکە و دەبێ لەو

**قۆناغەدا واز لە کار بێنێ، دەنا ئاستی هونەرەکەی دادەبەزێت. هەر لە بنەمادا وا بڕوا و بیرۆکەیەکی دروستە؟ و ئەگەر وایە، ئایا سەبارەت بە شیعریش ڕاستە؟ واتە ئایا ئەکرێ شاعیرێک لە قۆناغێکدا شیعری جوان و باشی وتبێت و پاش ئەوە نا؟**

-ئەگەر ئامانجم گەیشتن بە فلان لوتکە و پاشان وازهێنان بوایە، هەرگیز پێم نەدەنایە ئەم ڕێگە بێ گەڕانەوە و بێپەڕە. گەر بڕوامان وا بێ کە جوانی، گەورەیی، بەرزی، بەختەوەری و بە واتایەکی تر هەموو شتێک نیسبییە و فێر بووبووینایە و بمانزانیایە کە لە کاکێشانەکاندا، خۆرێکی گەورەتر لە خۆرەکەی ئێمە و خۆرگەلێکی زۆر گەورەتر لەو خۆرەی تر هەیە، ەرگیز خۆمان و هزرەکانمان نەدەبەستەوە بەو شتانەوە کە لە دەوروبەرماندا دەیانبینین و زانیاریمان لە سەریان هەیە. هەر بۆیە پێم وایە تەنیا ئەو کەسانە دەگەنە ئەو لوتکەیە کە تۆ ئاماژەت پێ کرد و پاشان واز لە کار دێنن، کە لە مێشکیاندا ئەو لوتکەیە بە بەرزترین لوتکە دەزانن و دوای گەیشتن بەو لوتکەیە، ئیتر کارێکیان نییە بۆ ئەنجامدان. من بێگومان لەو دەستە مرۆڤانە نیم.

***تۆ وێڕای شیعرنووسین بە هەردوو زمانی ئەرمەنی و فارسی، لە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرانی ئەرمەنیدا بۆ فارسی و بە پێچەوانەش، ئەزموونی باشت هەیە و بە تایبەتی شاعیران و شیعری ئەرمەنیت لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ناساندووە بە خوێنەری ئێرانی. جگە لە زمان، چی شیعری ئەرمەنی لە شیعری نەتەوە و زمانەکانی دیکە جیاواز دەکات؟**

-وێڕای ئەوەی کە فارسی و ئەرمەنی هەردوو لە دەستەزمانەکانی هیندوئەورووپایین و هاوبەشیی زۆریان هەیە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری وەک نەبوونی پێوەندیی فەرهەنگی تا بەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر یەکتر نەبووە. لە ئەرمەنستاندا پاش بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی بەربڵاو، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستی پێ کرد و لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتە لوتکە، شیعری کلاسیک بەرەبەرە شوێنی خۆی دایە شیعری ئازاد. لە ئێراندا نیما یووشیج پێشەنگ و بناغەدانەری



شیعری نوێ بوو، بەڵام لە ئەرمەنستاندا ئەو گۆڕانکارییە بە شێوەی ڕەوتێک بوو کە دیارترین کەسایەتییەکانی ئەو ڕەوتە، کە بە بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە بواری فۆرم و ناوەڕۆکدا، گیانێکی تازەیان بەخشی بە ئەدەبیات و بە تایبەت بە شیعری ئەرمەنی، بریتین لە: هوانس هوانسیان، هوانس توومانیان، ئاودیک ئیساهاکیان، واهان دێریان، سیامانێتۆ، دانییەل واروژان، ڕۆبێن سوواک و بارویەر سواک... ئەم گۆڕانکارییە لە شیعری ئەرمەنیدا، بە یەقیشە چارنتسەوە کە بیری فۆتۆریستی، سۆشیالیستی و هەستی شۆڕشگێڕانە لە شیعرەکانیدا پێگەیەکی تایبەتیان هەبوو، گەیشتە لوتکە. هەر لەو ساڵانەدا و تەنانەت دوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت و تا ئێستاش ئەدەبیاتی ڕووسیا، زیاترین کاریگەریی لە سەر ئەدەبی ئەرمەنی داناوە.
بەم حاڵەوە و وێڕای ئەو کاریگەرییە زۆرەی کە فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوە جیاجیاکان، بە تایبەت ئێستا و لەم سەردەمەدا، لە سەر یەکتر هەیانە، ڕەنگە هێشتا بەرچاوترین شتێک کە شیعری ئەرمەنیی لە شیعری نەتەوەکانی تر جیا کردووەتەوە، غوربەت و پەژارە و کارەساتە جەماوەرییەکان و هەروەها هەوڵی ئەم نەتەوەیە بێت بۆ خۆڕاگری و مانەوە. ئەم تایبەتمەندییەم لە شیعری شاعیرانی کوردیشدا بینیوە. یەکێک لە سەرەکیترین دەرکەوتەکانی شیعری شێرکۆ بێکەس شاعیری گەورەی کورد و شاعیرانی دیکەی کورد، هەمان غوربەت و تاراوگەیە. هۆکارەکەشی بە باشی دەزانم، کوردەکان و ئەرمەنییەکان، خاوەن گەلێک خەم و خۆشی و کارەسات و کامەرانیی هاوبەشن.

***تۆ بڕوات بە وەرگێڕانی شیعر هەیە؟ شیعر هەر بۆ وەرگێڕان دەشێ؟ مەبەستم ئەوەیە کە جیاوازیی وەرگێڕانی شیعر لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ وێنە چیرۆک و ڕۆماندا چییە؟ ئایا کەسێک کە خۆی شاعیر نەبێ، ئەتوانێ شیعر وەرگێڕێت؟**

-هوانس توومانیان شاعیر و وەرگێڕی ناوداری ئەرمەنی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەم بارەیەوە وتوویەتی: «وەرگێڕان سوورەگوڵێکە لەودیو شیشەیەکەوە.» پێم وایە ئەم وتەیەی توومانیان لێکچوواندنێکی زۆر جوان و دروستە. گومانی تێدا نییە، کە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و بە تایبەت شیعردا، کە بە بڕوای تاقمێک لە کەسایەتییە ئەدەبییە گەورەکانی جیهان، هەرگیز شایانی وەرگێڕان نییە، کۆمەڵێک شتی هەستیار و ناسکی هەستی و هونەری هەیە کە شاعیر یان نووسەر لە دەقی سەرەکیدا جێی کردوونەتەوە و لە وەرگێڕاندا لە نێو دەچن و بە شێوەیەکی نەخوازراو دەسڕدرێنەوە، بە تایبەت ئەگەر وەرگێڕانەکە لە زمانێکی ترەوە بێت و نەک لە زمانی سەرەتاوە. بەم حاڵەوە گەر وەرگێڕ بە تەواوی بە سەر هەردوو زمانی سەرەتا و مەبەستدا زاڵ بێت و لەگەڵ قورسایی وشە و فەرهەنگی هەردوو زمانەکەدا ئاشنا بێت، دەتوانێ ئەو سوورەگوڵەی کە توومانیان باسی دەکات و من ئاماژەم پێی کرد، بە هۆگرانی ئەدەب پێشکەش بکات. لە بیرمان نەچێ، کە بەهەرحاڵ یەکێک لە ڕێگەکانی ناسینی ئەندێشە و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، وەرگێڕانی بەرهەمەکانیانە. من هەرگیز ناوی چەند وەرگێڕێکی وەک م. ئا. ب ئازین، محەممەدی قازی، فەرهاد و مەهدی غەبرایی و چەند کەسی ترم لە بیر ناچێ، چونکە ساڵانێکی زۆر، کاتی کڕینی کتێب، بایەخی ناوی ئەم وەرگێڕانە بە سەر بەرگی کتێبەکانەوە، لای من کەمتر نەبووە لە بایەخی ناوی نووسەرە گەورەکانی جیهان.

***لەم دواییەدا بەرهەمێکی تازە لە کۆمەڵەشیعر و یادداشتەکانت بە ناوی «حەز دەکەم هەندێ جار شاعیر نەبم» بڵاو کرایەوە. وێڕای پیرۆزبایی... بۆچی هەندێ جار حەز ناکەی شاعیر بی؟ ئایا تۆش بڕوات وایە کە شاعیربوون و نووسین، هاوڕێیە لەگەڵ ڕەنج؟**

-سپاس.

ناوی «حەز دەکەم هەندێ جار شاعیر نەبم» لە ڕاستیدا درۆیەکی شاعیرانەیە سەبارەت بە کۆمەڵەبەرهەمێک کە داگری ڕاستترین خەونەکان و خەوناویترین ڕاستییەکانی ژیانی منە. ئەم بەرهەمە ژیاننامەیەکی خۆنووسراوی منە و دێڕەکانی ئاوێتەیەکە لە شیعر و پەخشانی شاعیرانە. هەوێنی ئەم شیعر- یادداشتانە، کۆمەڵێک دیاردەیە کە لە ماوەی ژیاندا، واهەی ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی بێکۆتایی کردووەتەوە دەربارەی جیهانی هەستی و بوون و لە کۆتاییدا گەیاندوویەتی بە کۆمەڵێک کەشفییاتی شاعیرانە. دیاردەگەلێکی وەک نەخۆشی، ئەوین، دڵتەنگی و تەنیایی. ئامانج و مەبەستم وەک هەمیشە ئەوە بووە کە بە وێنەکردن و وێناکردنی ئەم دیاردەگەلە، بتوانم ئەندێشە و هەستەکانی خۆم بگوازمەوە بۆ بەردەنگ و خوێنەرەکانم. ئەو بەردەنگانەی کە هەمیشە باری ئەرک و بەرپرسایەتیم قورستر و هاوکات پڕچێژتری دەکەن. شیعرەکانی کۆمەڵەشیعری «حەز دەکەم هەندێ جار شاعیر نەبم» لە ماوەی سێ- چوار ساڵی ئەم دواییەدا بە شێوەیەکی پرژوبڵاو نووسراون و هەندێ ڕووداوی ساکار، بەڵام هەرمان و کاریگەر دەگرێتە خۆ، کە کەسایەتیی تاکەکەس و جیهانبینیی واهەی شاعیریان لە سەردەمی منداڵییەوە هەتا ئێستا پێک هێناوە.

***ئایا ئەکرێ زەمانێک بێ کە واهە ئارمێن واز لە شیعرنووسین بێنێ؟ ئەو کاتە کەی دەبێت؟**

-ئەگەر بمەوێ وەڵامێکی ئاوێتە بە توانج و تەنز بدەمەوە، دەبێ بڵێم بەڵێ، ئەکرێ و ئەو کاتە هەر ئێستایە کە خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تۆم، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لای من ژیانی بێ شیعر، نەبوونە. ناڵێم هەموو ڕۆژێک و هەموو ساتێک شیعر دەنووسم، نا... بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە بۆ ساتێکیش لە شیعر و لەو دنیایەی کە بە شیعر بۆ خۆمم خولقاندووە، دوور ناکەومەوە.

***چی دەڵێی بە شاعیران و خوێنەرانی کورد؟**

-ئەڵێم سڵاو دراوسێ!... و ئەڵێم: هەر ئەمڕۆ بیرم لەو ڕستەیە دەکردەوە کە دەڵێن: «دراوسێی باش، بە مرۆڤ نزیکترە تا خزموکەس» و ئەڵێم: هەر ئێستا بیرم لەوە دەکردەوە کە چ پێوەندییەکی جوان و بێوێنە هەیە لە نێوان ئێمەی ئەرمەنی و کورددا. پێوەندییەک کە هیچکات و لە هیچکوێی دنیادا لە هاوشێوەی نابینرێت. کورد و ئێمەی ئەرمەنی، چ لەماڵەوە و چ لە تاراوگەدا هەمیشە دراوسێی یەکین.





# چەند شیعرێکی واهە ئارمێن
## شادی نیکخا وەری گێڕاوە

موسافیران
لە تاریکایی شەودا
لەودیو پەنجەرەی قەتارێکەوە
بە دووی چیدا وێڵ بووم؟
لە وێستگەیەکی چۆڵەوانیدا
کامە زاهید
ناونیشانی خودای خستە نێو گیرفانمەوە و
کە گەیشتم
کامە کافر
گیرفانی بڕیم؟

## نۆستالۆژیا
کیسەڵێك دوێنێ پەپوولەیەکی سوار کرد و
بە لای ئەو منداڵەدا تێپەڕی
ئەمڕۆ بە تەنیا خۆی بە لامدا تێپەڕی
لە سەر ئەم لاپەڕە شوێنپێیەکانی
لە باڵی پەپوولە ناچن؟

## میوانی
کورسییەکان بەتاڵن
دەورییەکانی سەر مێزەکە و
پەرداخەکان بەتاڵن
ئەو تفەنگەی بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە و
ئەو قاپی وێنەیە بەتاڵن
نازانم دێر هاتووم
یان زوو؟

...
جا فەرقی چییە؟

وای دابنێین باران نەبارێ و
هەورەکانیش بە ناو خەونی خۆڵەمێشیی خۆیاندا
پیاسە بکەن
پیاوەکە پەنجەرەکەی داخست و دەستی کردە گریان
کەسێك خەریك بوو
هەموو ئاسمانی دەبردە ناو چاوی خۆیەوە.

## تەفرە
مارشی سروودی نیشتیمانی
لێ دەدرێت
هەموومان دەوەستین
بزەیەك دەگرین و فرمێسك دەبارێنین
سروودەکە دوایی دێت کەچی هێشتا وەستاوین
کورسییان دزیوە و
خاکیان فرۆشتووە
ئیتر شوێنێکمان نەماوە بۆ دانیشتن.

## ماڵئاوایی
پاش چاوەڕوانییەکی دوورودرێژ
هەر باران نەباری
لە بەردەرگەی میوانخانەکەدا
یەکتریان بینی
بزەیەکی تاڵیان بۆ یەکتر کرد و
لێك دوور کەوتنەوە
هەرکام
تەرمی ئەوی تر
بە کۆڵیەوە.

گفتوگۆ

# چەند شیعرێکی دیکەی واهە ئارمێن
## ئەنوەر هوژەبری وەری گێڕاوە



واهە ئارمێن

### چیرۆکی ناتەواو

دوێنێ لە سەر شەقام
ژنێ کە چاوانی هیچ لە چاوی تۆ نەدەچوو
بزەیەکی بۆ کردم
بە هێوری نزیک بووەوە و
بە دەنگێ کە هیچ لە دەنگی تۆ نەدەچوو
زۆر دۆستانە پرسیاری کرد:
ئێمە یەکمان لە کوێ بینیوە؟
لەو چیرۆکە ناتەواوەدا نەبوو؟
نازانم بۆ ئەو ژنە
لە پڕ تۆی بیر هێنامەوە و
وتم: با
لەو چیرۆکەدا بوو

### پژمە

لە سەر گۆڕێکی چەنهەزارساڵە
کیژێکی پرچ سپی
چاڵێك لە زەوی هەڵدەکەنێت
جگەرەکەی لە قووڵکەی چاوی دیکتاتۆردا
دەکوژێنێتەوە
کات دەوەستێت
هەموو دونیا بێدەنگ دەبێت
شاعیرێك لە ناو تابووتدا دەپژمێ
هەڵۆیەك بە بەرزایی زەوینەوە
لە ترسان دەمرێت




# لویس: لاساییکردنەوەی شیعر زۆر چێژدارە

## چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیری ئەمریکی ج. پاتریك لویس

**سلڤیا ڤاردێڵ**
**لە ئینگلیزییەوە:**
**عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

پاش زیاتر لە دوو دەیە خزمەتکردن وەک پرۆفیسۆر لە کۆلیژی ئۆتەربەین، ج، پاتریک لویس بەرەو نووسینی شیعری منداڵان وەرئەچەرخێت. یەکەمین کتێبی شیعریی بۆ منداڵان بە ناوی "هیپۆپۆتامەسنت" لە ساڵی 1990ـدا بڵاو بووە و لەوساوە نزیک بە حەفتا کتێبی بڵاو کردووەتەوە، کە زۆربەیان شیعرن. هەروەها پاتریک لویس بەشداریکەرێکی چالاکە لە ڕانانی کتێبی منداڵان لە نیویۆرک تایمز. ساڵانە سەردانی زیاتر لە سی 30 قوتابخانەی سەرەتایی

**ئەکات و وتاربێژێکی (قسەکەرێکی) بەردەوامی کۆڕ و کۆنفرانسەکانە. لەم دواییانەش خەڵاتی ساڵی 2011ـی ئەنجومەنی نیشتیمانیی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزیی نموونەیی بۆ شیعری منداڵان پێ درا.**

**مەغزا و ناوەڕۆکی کۆمەڵەشیعرەکانی پاتریک لویس مەودا فراوانە، هەر لە جەختکردنە سەر زانست تا ئەگاتە ناوونیشانە مێژووییەکان. بێجگە لەمانەش پاتریک چێژ لە ئەزموونی فۆرمی شیعری و یاریکردن بە وشە وەرئەگرێت و کەڵێ دانراوی هەیە، هەر لە شیعری گێڕانەوە تا ئەگاتە شیعری کۆنکریت (وێنەشیعر) و لیمریک و ریدڵز (مەتەڵەشیعر) و هایکۆ. لێرەدا چ پاتریک لویس بۆچوونەکانی خۆیمان لە سەر کاریگەریی شیعری و پرۆسە و دەسەڵاتی هەڵبژاردن و گێڕانەوەی گاڵتەجاڕی و شوێنی شیعر لە ژیانی منداڵان و نەخشەکانی داهاتووی، بۆ ڕوون ئەکاتەوە.**

*بۆچی پێت وایە شیعر بۆ منداڵان گرنگە؟

—منداڵان تەواوی ژیانیان لە قسەکردن و گوێگرتن و خوێندنەوە و خەونبینین لە زمانێکدا (یان زیاتر ئەویش ئەگەر بەخت یاوەریان بێت) بە سەر ئەبەن. لەبەر ئەوە بۆچی هانیان نەدەین هەموو ئەو شتە دڵخۆشانە لە ڕێگەی شیعرەوە ئەنجام نەدەن. شیعری باش سێرکە بۆ مێشک. شیعری چاک لێوانلێوە لە جۆشوخرۆشێکی سەرکردوو، بەڵام منداڵان نازانن ئەمە مانای چییە، هەتا باشترینیان پێشکەش نەکەین، بۆیە بە زوویی داوای یارمەتیی دووەم و سێیەم ئەکەن. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لە منداڵان ئەبنە شاعیر، بەڵام شیعر یارمەتییان ئەدات بۆ هەستکردن بە یەکێک لە گرنگترین دیاری چاوەڕواننەکراو کە مرۆڤ بە خێرایی لە زمانی ئینگلیزیدا چنگی ئەکەوێت. هەروەها لە هیچ زمانێکدا شتێک نییە جوانتر و ئیلهامبەخشتر و هەست وروورژێنەرتر لە شیعر.

*چۆن هاتیتە سەر نووسینی شیعری منداڵان لە کاتێکدا خۆت خاوەن بڕوانامەیت لە مێژووی ئابووریی ڕووسیادا؟

—وەڵامی ئاساییم ئەوەیە، کە ئابووریناسێک ئەتوانێت ببێتە شاعیری منداڵان تەنها دوای نەشتەرگەرییەکی زۆر ناسک (سوعبەت ئەکەم). لە ڕاستیدا یەکەم جار ویستم ببم بە نووسەر و بۆیە بۆ ماوەی سی ساڵ خەریکی نووسینی ئابووری بووم، بەڵام خەڵکێکی زۆر کەم نووسینی ئابووری ئەخوێننەوە، جگە لەو کەسانەی کە بە کورسییەکانیانەوە بەستراونەتەوە. خۆشبەختانە وەختێک هێشتا فەرخە بووم (نزیکەی چل ساڵان دەبووم) شیعری "ئەو ڕێیەی نەگیرایە بەر"ـی ڕۆبەرت فرۆستم بەرچاو کەوت و ئیتر ئەوە هەموو شتێکی گۆڕی.

*شیعر لە سەر چ بەشێک لە منداڵیت کاریگەریی داناوە؟

—وەختێک لە قۆناغەکانی خوێندنمدا مامۆستایەکی ئەفسووناویم هەبوو، ئەیگوت "کوڕی خۆم! من یەک



ئامۆژگاریت ئەکەم، ئیمیلی دیکنسۆن و ڕۆبەرت فرۆست بخوێنەوە و پێم بڵێ ئەگەر لەرزی خۆشی نەیگرتی." بەڵام ئەفسووس، ئەمە قەت ڕووی نەدا. بۆیە دڵتەنگم بەوەی بڵێم، شیعر هیچ کاریگەریی بە سەر هیچ بەشێک لە منداڵیم جێ نەهێشتووە. من نموونەیەکی زیندووی ئەوەم کە ئەڵێت "هەرگیز درەنگ نییە." ئەوانەی چاوەڕوان ئەبن شتی باشیان دێتە ڕێ.

***حەزت لە چ شیعر و شاعیرگەلێکە؟ بۆچی؟ یان کامەیان زۆرترین کاریگەریی لە سەر داناوی بۆ بوون بە شاعیر؟**

-شیعری منداڵانی شاعیرە مەزنەکانی وەکو ئێدوارد لیر و لویس کارۆڵ و لیستی شاعیرگەلێکی کەمتازۆر لەبیرکراو، کە ئەگەڕێمەوە سەریان: ئارسەر گیتەرمان، هیلەیر بێڵۆک، چارڵس و گەی کاریڵ و زۆری تر، کە بای مەرگ ڕاپێچی کردوون. ئۆگدین ناش کاریگەریی زۆری داناوە، بەڵام من کاتێکی زۆر بە خوێندنەوەی شیعری پێگەیشتووان (گەورە) بە سەر ئەبەم، وەک ئێملی دیکنسۆن، ڕۆبەرت فرۆست، و. هـ. ئاودین، فیلیپ لارکین، تۆماس هاردی، تیۆدۆر ڕۆیسێک، ئەی ی. هاوسمان، ئیدوین ئارلینگتۆن ڕۆبینسۆن، جەیمس فێنتۆن و زۆر ناوی تر.

من پێم وایە شاعیران لە ڕێگەی هەر شیعرێکی باش کە ئەیخوێننەوە، کاریگەری دائەنێن، هەرچەندە لەوانەیە دروست نەشزانن چۆن.

***ئایا تۆ پەیڕەوی پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی داهێنانی شیعری خۆت ئەکەی؟ لە چاودێریکردنەوە تا لەگەڵ بەشکردن؟**

—نووسەران خۆیان تاکی خەڵکن و مەعسووم نین لە هەڵە. هەریەک لە ئێمە ڕێگەی بێهاوتای خۆی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

وەختێ سەردانی قوتابخانەکان ناکەم، لانیکەم هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و حەفتەی حەوت ڕۆژ لە حەفتەدا خەریکی کارکردنم. مەبەستم لە کارکردن خوێندنەوەیە (کە هەمیشە بە پلەی یەکەم دێت) ئینجا نووسین و دووبارە نووسینەوە و ئینجا خەریکی لێکۆڵینەوە ئەبم.

***زۆربەی جار شیعرەکانت دەربارەی مێژوون، یان ناوونیشانی مێژووییان هەیە. چۆن هاتوویتەتە سەر ئەو جەختکردنە؟ بۆچی ئەمەت بە لاوە گرنگە؟**

-وەک بەردەوام ئاماژەم پێ داوە، ئامانجم گەڕانە بە پانتایی بەرنامەکانی خوێندن و سەرجەم قۆناغە جیاجیاکان. بابەتی هەڵبژێردراوم جەنگی ئەهلی، ژنێکی نائاسایی، ڕەشپێستێکی ئەمریکیی سەرنجلێدراو، یادی ناوداران، جوگرافیا، گالیلۆ، مایکڵ ئەنجێڵۆ و شتی تری لەم جۆرە، کە لە هەستێکەوە هەڵئەقوڵێن تا لە توانامدا بێت دەنگی بچووکی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی مەزنی مرۆڤایەتی، بۆ ئەو مەغزایانەی لە گەشتدان و دووبارەنەکردنەوەی کاری کەسانی تر. من هەمیشە بە دوای ئەو بابەتە دەستلێنەدراوانە- یان بە پێی پێویست دەستلێنەدراوانە-دا ئەگەڕێم.

***پێ ئەچێت دڵشاد بیت بە دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ شێوەی (فۆرمی) شیعری. چ شێوەیەکت بە لاوە دڵخوازە؟ ئایا هیچ شێوەیەکی تر هەیە کە حەز بکەیت تاقی بکەیتەوە؟**

—لەو بڕوایەدام کۆپلەشیعرەکان، یان پێوانە هاوبەشەکان، زۆر لە شیعری منداڵاندا بە کار ئەهێنرێن. سەرتاپای کتێبی کۆپلەشیعرەکان تەنانەت ئەوانەی زۆر پێکەنیناویشن زۆر دووبارە ئەبنەوە و بێتام ئەبن. سەدان شێوەی تر هەیە کە زۆربەیان تەنانەت وەک سواڵکردنێک بۆ تاقیکردنەوە لە دەرەوەڕا هێنراون. وای ئەبینم شاعیرانی منداڵان ئەبێت ئامادە بن بۆ ڕیسکی "موجازەفە"-ی زیاتر. بەداخەوە شێوە درێژەکان پێ ئەچێت لەگەڵ ویستی دایکوباوک و دەزگەکانی بڵاوکردنەوەدا نەیەنەوە. بۆیە شێوە کورتەکان براوەی ئەمرۆن. ناتوانم شێوەیەکی دڵخواز



هەڵبژێرم، لە کاتێکدا زۆر شت ئەوەستێتە سەر بابەتەکە لە چەشنی داڕشتنی بێمانا، بابەتی نائەدەبی، نووسینەوەی ژیاننامە. من شێوەیەکی نووسینی نوێی هۆنراوەم داهێناوە، کە پێی ئەوترێت زینۆ، بەڵام تەقریبەن هیچ دەرفەتێکی دۆزینەوەی جێ و شوێنی گونجاوی لە ناو شێوە جێکەوتووەکاندا نەدۆزیوەتەوە، ئەویش بەوپەڕی سادەییەوە، چونکە کرداری سەروادانان تیایدا زۆر بە توندی و بە وردی پەیڕەو ئەکرێت.

***لەوە ئەچێت لاساییکردنەوەی شیعر گونجاو بێت، وەک کەنالێک بۆ دەربڕینی هەستە گاڵتەئامێزەکانت. تۆ شیعر بۆ لاساییکردنەوە چۆن هەڵئەبژێریت و پاشان چۆن ئەو ئاوازانەی بۆ دائەهێنێت؟**

-لاساییکردنەوەی شیعر زۆر چێژدارە. من وەک ستایش و (هەروەها وەک تەواوکردنیش) بۆ دەقە ئەسڵییەکە بیریان لێ دەکەمەوە، لە بری ئەوە ئەبێت تۆزێک بچێتە سەرەوە، تەنانەت ئەگەر هەندێ زیانیشی بە دواوە بێت. کۆمەڵەشیعری هارکۆرت لاساییکردنەوەن، کە لە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاو ئەبێتەوە و ئەم ناوانە لە خۆ ئەگرێت، شیرینییەکەی ئەدگار ئاڵن پۆ، شیعری کلاسیک لە مەتەڵێکی ماتماتیکدا. کلیلی هەڵبژاردنی شیعر بۆ لاساییکردنەوە ئەوەیە، کە دەقە ئەسڵییەکە ئەبێت کەمتازۆر ناسراو بێت. ئەگەر تۆ لاسایی شیعری نەناسراو بکەیتەوە، کەس نازانێ باسی چی ئەکەی. کەم کەس هەیە شیعری "ئەو مێشهەنگوینە بچووکە چەند سەرقاڵە"ـی ئیسحاق واتیان لە یاد مابێ، چونکە ئەمڕۆ زۆر بە جوانی لەلایەن لویس کارۆڵەوە لاسایی کراوەتەوە: "ئەو تیمساحە بچووکە چەند سەرقاڵە!" بەڵام بەستەکەی وات بۆ ماوەی سێسەد ساڵ لە ناو خەڵکدا بەبرەو بوو.

***زۆربەی بەرهەمەکانت لە کتێبی وێنەداردا لە لایەن هونەرمەندان و نیگارکێشەکانەوە ڕێک خراون (فۆرمات کراون.) تۆ ڕۆڵی نیگار لە کتێبی شیعری منداڵاندا چۆن ئەبینیت؟**

—ئاوێزانبوونی نێوان دەق و هونەر شوێنێکی باڵاتری





هەیە لەوەی لە کتێبی منداڵاندا هەیە. من لەوەدا بەختەوەر بووم لە هەڵبژاردنی هونەرمەندان بۆ کتێبەکانم، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی بڵاوکردنەوەی داهێنان چاپی کردوون، کە بە بۆچوونی من کتێبەکانیان کردە جوانترین کتێبی نیگاردار لە جیهاندا. خاوەندارێتیی کتێبیش ئەبێتە نیوە، یان ئەبێتە یەک لەسەر سێ، ئەگەر گرنگیی کاری نەخشەسازیی کتێبەکە لەبەر چاو بگریت. هاوڕێی کۆچکردووی ئازیزم "میرا کۆهن لیڤینگستۆن" پێی وا بوو، شیعر نابێت بە هیچ شتێک دەورە بدرێت، جگە لە بۆشاییەکی سپی. بۆ ئەو کۆشێعرانەی بۆ تەمەنگەورە دانراون، من کۆکم لەگەڵیدا، بەڵام بۆ کتێبی منداڵان هونەرمەند لە توانایدایە بە ڕێگەیەکی سەرسووڕهێنەر و هەستوروژێنەرانە هەست بخاتە بەر وشەکان، ئەو کاتەی هونەرمەند و شاعیر بە لێهاتوویی هاوکاریی یەکتر ئەکەن، باشترین کتێبی نیگاردار وەک ئەنجامی هاوکارییەکی پتەو خۆی ئەنوێنێت.

***خۆشترین شت بە لای تۆوە چییە، کە لە قوتابخانە و کتێبخانە گشتییەکاندا سەردانی منداڵان ئەکەی؟**

—دوای ئەنجامدانی زیاتر لە چواردسەدوپەنجا (٤٥٠) سەردان لە ناوەوە و لە دەرەوە، وا بزانم بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم سوپاسگوزاریی منداڵان بۆ کتێب گەورەترین خەڵاتی سەردانەکانمان بووە. بە شێوەیەک کە دڵشادییەکی بەرچاو لە ئەنجامی گوێگرتن لە قسەی شیعراوی دێتە ئاراوە. مەتەڵەکانیش هەمیشە زۆر خۆشن، چونکە بەوپەڕی سادەییەوە لە کارلێکردندان، کە وەک گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی مۆسیقای ڕۆک بەرخوردت لەگەڵدا ئەکەن، (کە هاوسەرەکەم هەتا ئێستاش ئەو شێوە بەرخوردە ڕەت ئەکاتەوە). من پەلەمە، ئەوەشی بۆ زیاد بکەم و بڵێم بوون لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە مامۆستا و ئەمینداری کتێبخانە گشتییەکانن هۆیەکی ترە، کە بۆچی سەردانیکردنی قوتابخانەکان خەڵاتن. بێ مەراییکردن و خۆبردنەپێشەوەی ڕواڵەتییانە، پێم وا نییە زۆربەی خەڵک سوپاسگوزاریی کاری سەخت و خەیاڵی چاودێریکەرانی گەنجانمان بکەن.

***بە بۆچوونی تۆ چ ناوونیشانگەلێک ئەتوانرێت بۆ شیعری منداڵان بە کار بهێنرێن. گەر لەسەر هەر شتێک بنووسیت (بە چاوپۆشی لە لایەنە بازرگانییەکەی) تۆ چی هەڵئەبژێریت؟**

-بۆ مێردمنداڵان زیاتر شتگەلی غەیرەخەیاڵی لە شیعردا پەسندە. ئەمساڵ کۆشیعری "جین یۆڵن" و کۆشیعرێکی ترم هەیە بە ناوی "پۆترەیتی خود بە حەوت پەنجەوە" ژیانی ماک جاگاڵ بە شیعر لە چاپکراوەکانی (بڵاوکەرەوەی داهێنان) . ساڵی ئاییندەش "هەورەتریشقە بەر لە برووسکە"م هەیە، شیعر بۆ مافە مەدەنییەکان کە لە لایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کرۆنیکڵ چاپ و بڵاو ئەکرێتەوە. بۆ منداڵانیش ئومێدی گەشم دووبارە نوێکردنەوەی بایەخە بە چیرۆکی درێژ لە هۆنراوەی بێمانا، وەک دارتاش و فیلی دەریای لویس کارلۆسی شاعیر، یان





**دیدار**

"ڕەفتاری پەسند"ی و. س. گیلبەرت.

***لەم سەردەمی دیجیتاڵە "تەکنەلۆجیایە"دا، ڕۆڵی نموونەیی تەکنەلۆجیا لە داهێنانی پەرەپێدانی شیعر بۆ گەنجان چییە؟**

—لەو بڕوایەدام زوو لە دایک بووم تا سوپاسگوزاریی تەواوی دەستکەوتە سەرسووڕهێنەرەکانی تەکنەلۆجیای نوێ بکەم. من بەوپەڕی پڕکێشیکردن و بێ سڵەمینەوە ئەتوانم بڵێم، هەموو ئەمانە چ مانایەکیان بۆ چاپکراوی منداڵان و شیعری منداڵان هەیە. لە واقیعدا ئەم شێواندنە خێرایەی سەردەمی دیجیتاڵ بە خێرایی تێئەپەڕێت و کەس لە ئێمە توانانی پێشبینیکردنی داهاتووی بە تەواوی نییە. من تا ئەو جێگەیەی لە توانامدایە چاوەڕوانم ببینم داهاتوو چۆن کەشف ئەکرێت.

***وەک وەرگری هەردوو خەڵاتی شیعری، خەڵاتی شاعیری هەڵکەوتووی جیاوازی منداڵان و خەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزیی نموونەیی بۆ شیعر، نەخشەکانت بۆ داهاتوو چین؟**

—ئەوە ئەوەستێتە سەر ئەوەی چی بەدی ئەکەین، بەڵام کۆمەڵێ بیرۆکەم هەن وەک ئەوەی من بە پەرۆشەوە (بە مکوڕییەوە) لەگەڵ کەسانی دلۆڤانی تر لە ڕێکخراوی شیعردا، خەریکی لێکۆڵینەوە بم. ڕۆیشتنی هەریەک لە نووسەرانی منداڵان "جاک بریلاتسکی" و "ماری ئان هۆبەرمان" جێپێیەکی گەورەیان لە دوای خۆیانەوە بەجێ هێشت. ئەگەر خۆشی و پەرۆشی بۆ هەر شتێک بە حیساب بێت، ئەوا خۆشحاڵم وا بیر ئەکەمەوە، کە من لە ئاست ئەم ئەرکەدام و ناشتوانم چاوەڕوانی ئەوە بم، دوو ساڵی تر چیمان لە گۆشەی ئەدەبیی منداڵانەوە بۆ دێنێ، ببینم. کاتێ لە لایەن "جۆن بارڕ" بەڕێوەبەری ڕێکخراوی شیعر تەلەفۆنم بۆ کرا و شوێنکاتی خەڵاتەکەی پێ ڕاگەیاندم، لەرزێکی بێئەندازە دایگرتم. ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتریش هەستم ئەکرد پەپوولەیەک لەسەر دڵم سەما ئەکات؛ ڕێک هاوشێوەی ئەوەی کاتێ کۆمیتەی خەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزیی نموونەیی بۆ شیعر لە مانگی تشرینی دووەمدا پەیوەندییان پێوە کردم. من لە قووڵایی دڵمەوە سوپاسگوزاری ئەنجوومەنی نیشتیمانیی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزیی نموونەیی بۆ شیعر و هەموو ئەو بەڕێزانەی ڕێکخراوی شیعرم، کە خەڵاتیان کردم و من وایان ئەبینم، کە دوو دەستکەوتی گەورەن لە بواری شیعری منداڵاندا.

## زۆر بە کورتی
## دەربارەی خەڵاتەکان و ج پاتریک لویس و سلڤیا ڤاردێڵ!

## ئا: وەرگێڕ

### دەربارەی خەڵاتەکان

خەڵاتی شاعیری هەڵکەوتووی جیاوازی منداڵان: خەڵاتێکە هەر دوو ساڵ جارێک ئەدرێت بەو شاعیرەی لە هەوڵی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی منداڵاندایە و بەوەی کە منداڵان ئامادەیی وەرگرتنی سروشتییان هەیە بۆ شیعر و گوێگرێکی زۆر شایستەی ئەو جۆرە شیعرەن، بە تایبەتی کاتێ بۆ ئەوان نووسرابێت.

خەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی مامۆستایانی زمانی

ئینگلیزیی نموونەیی بۆ شیعر: خەڵاتێکە و لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە هەیە، لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا ١٩٨٢ ساڵانە بوو و دواتر بوو بە سێ ساڵ جارێک و ئەدرێت بە شاعیرێکی لەژیانداماو، کە شیعر بۆ منداڵان ئەنووسێت. تا ئێستا شانزە شاعیر ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە. جێی باسە ئەم خەڵاتە تەنها ئەبەخشرێتە شاعیرانی ئەمریکا.
قۆناغی شانزەهەم لە سیستەمی خوێندنی ئەمریکا، بە مانای خوێندنی دوای ئامادەییە (کۆلێژ، یان زانکۆ.)

زینۆ: شێوازێکی نوێی نووسینی هۆنراوەی منداڵانە و ج پاتریک لویس دایهێناوە، وەک خۆی لەم چاوپێکەوتنە ئاماژەی پێ دەدا. ج پاتریک لویس ئەم شێوە شیعرییەی بە ناوی زینۆی فەیلەسووفی پارادۆکسی یۆنانەوە ناو ناوە. زینۆ لە دە دێرەشیعر پێک دێت، کە بەم شێوەیەیە (٨ بڕگە، چوار بڕگە، دوو بڕگە، یەک بڕگە، چوار بڕگە، دوو بڕگە، یەک بڕگە، چوار بڕگە، دوو بڕگە، یەک بڕگە.)

## دەربارەی ج. پاتریک لویس و سلڤیا ڤاردێڵ

ج. پاتریک لویس لە شاری گرەی لە ویلایەتی ئیندیانا گەورە بووە و بەکالۆریۆس لە کۆلیژی سانیت جۆزیف وەرئەگرێت و بڕوانامەی ماستەریش لە زانکۆی ئیندیانا و دکتۆراش لە ئابووری لە زانکۆی ئۆهایۆ وەرئەگرێت. لویس لە بەشی بازرگانی، ئابووری و ژمێریاری لە زانکۆی ئۆتەربەین تا ساڵی 1998 کە بە تەواوەتی خۆی بۆ نووسین تەرخان ئەکات، وانە ئەڵێتەوە. پاتریک لویس زیاتر لە حەفتا کتێبی شیعریی بۆ منداڵان داناوە. بە هەردوو شێوازی ئازاد و فۆرماڵ سەبارەت بە گەلێ بابەتی جیاواز هەر لە مێژووەوە بگرە تا ئەگاتە ماتماتیک.لە فۆلکلۆری ڕووسییەوە تا ئەگاتە شانشینی ئاژەڵان. پاتریک بێجگە لە نووسینی شیعر بۆ منداڵان، شیعری بۆ گەورەش هەیە "نەورەسەکان ئاسمانیان ڕاگرتووە" 1993 - 2000، بارگاوییە بە میتافۆر و گاڵتەجاڕی. پاتریک لویس ئێستا لە وێستەرڤیل لە ویلایەتی ئۆهایۆ ئەژێت.

دکتۆر سلڤیا ڤاردێڵی لە بواری وانەوتنەوەدا پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی زیمبابۆی و زانکۆی نیڤادە و یاریدەدەری پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی هیستن- ڤیکتۆریا و ئێستاش پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ژنانی تێکساس. دکتۆر سلڤیا زیاتر لە هەشتا لێکۆڵینەوەی نووسیوە و بەشداریی نووسینی زیاتر لە بیستوپێنج کتێبی کردووە. دکتۆر سلڤیا ئەندامی کۆمیتەی خەلاتی وایڵدەرە و ئەندامی کۆمیتەی ئەربسۆنتە بۆ خزمەتگوزاریی کتێبخانەی منداڵان، ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی سیبێرتە و ئەندامی کۆمیتەی خەڵاتی ئۆدیسییە. سەرنووسەری گۆڤاری بوکبێرد بووە و سەرۆکی بۆردی کتێب بۆ گەنجان بووە و دادوەری خەلاتی لی بێنیت هۆپکنە بۆ شیعر و سەرۆکی خەلاتی ئۆربیس پیکتوسە. سلڤیا زیاتر لە سەد کۆڕی لە ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی گێڕاوە. سلڤیا ئێستا پرۆفیسۆری ئەدەبی منداڵان و لاوانە لە زانکۆی ژنانی تێکساس و دایکی دوو منداڵە و زیاتر لە سی ساڵە هاوسەرگیریی کردووە. دکتۆر سلڤیا جگە لە کتێب حەزی لە گەشتوگوزار و چوونە سینەمایە.

**سەرچاوەکان:**

1-Poetry Foundation Newsletter
May 20 2011
2-http://en.wikipedia.org/wiki/J._Patrick_Lewis
3-http://www.twu.edu/slis/vardell.asp
4-http://www.ncte.org/awards/poetry
5-http://poetryforchildren.blogspot.ca/2009/10/birth-of-zeno.html



# دۆسیەی ژمارەی داهاتوو

## ئەزموونی شێوەکاریی

# باسم ڕەسام

ئەگەرچی بڕیاربوو دۆسیەی "باسم ڕەسام" لەم ژمارەیەدابێت، بەڵام هەندێ بابەتی دۆسیەکە، کە دەبوو بەدەستمان بگەن، بەداخەوە دواکەوتن... هەر لەبەر ئەوە دۆسیەکەمان دواخست بۆ ژمارەی داهاتوو؛ بەو هیوایەی لە ژمارەی داهاتوودا کارێکی شایستە بۆ ئەو هونەرمەندە بکەین...

بە داوای لێبووردنەوە




## دۆسیەی ژمارەکانی داهاتوو

کتێبی..

# ئەلف و بێ ی نوێ
# بۆ منداڵان

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار**




*نووسەربوون بە شێوەی فینلاندی.................................بەڕۆژ ئاکرەیی...................٧٢
*وریا مەزهەر شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی کوردزمان............و: شادی نیکخا............٧٥
*ئایرۆ شاعیرێکی پێچەوانە....................................و: ئەنوەر هوژەبری............ ٨٠
*نەخۆش و نیگاکان...............................................وەلید عومەر.....................٨٤
*ئەو فانۆسە ڕۆشنە، پیشەی خامۆشییە.................. .....و: حەمە قادر...................٨٨
*یادی وریا.............................................................و: باران...........................٩١
*ئامادەبوونی دوورەدەستی شیعر.................................. و: ئەنوەر عەلی..................٩٧
*قاقای چەقەڵ........................................................وریا مەزهەر.....................١٠٦
*بژاردەیەک لە شیعرە کوردییەکانی وریا مەزهەر.................................................١١١
*بەخێوکەری ڕووبار.................................................و: شالاو حەبیبە...............١١٦
*من تەنیا خەریکم چرکەکانی ژیانی خۆم دەژیم.................و: گوڵە مەلا عەبدوڵلا...........١٢٥
*من پێچەوانەی ئەوەم کە پێم دەڵێن..........................و: ئەنوەر هوژەبری...............١٣٤



# نووسەربوون
# بە شێوەی فینلاندی

## یادنووسێک سەبارەت بە وریا مەزهەر




بەڕۆژ ئاکرەیی


کەی بوو؟... سەد ساڵ؟ دووسەد ساڵ؟ یان ده ساڵێک بەر لە ئێستا؟
دەزانم هاوین بوو و باران دەباری. تەلەفۆنەکەم لێی دا، هەڵمگرت و چووم لە پشت پەنجەرە ڕاوەستام و لە باران و ئەو دڵۆپانەم ڕوانی



که بە سەر جامی پەنجەرەدا دەخزان و لە شۆڕبوونەوەدا یەکتریان دەگرتەوە و پاشان لە یەکدی دادەبڕان.

گوتی: من وریام. وریا مەزهەر.

گوتم: وریا؟...

گوتی: ئایرو... ئایروی شاعیر. لێرەم. لە ستۆکهۆلم.

کوڕێکی گەنج بوو. بە دوو چاوی مەیلەوسەوز، یان شینەوە. یان... نەمزانی. قەت نەمزانی، بەڵام لە ئاسکێکی لە دارستان دەرپەڕیوی ترساو دەچوو. تا شەو داهات، لەم بارەوە ڕایکێشامە بارێکی تر و هەر خواردییەوە و هەر لێمی دەپرسی: بۆ ناخۆیتەوە؟

لە دەرەوە، باران بە سەر باراندا دەباری.

دوو کۆمەڵەشیعری بڵاو کردبوونەوە. بە پارەی گیرفانی خۆی. یەکێکیانی هێنابوو: «هاوار مەکە! هیچ کەس لە ئاوێنەدا نییە».

– ئەوی تریانم بە دڵ نییە. ناوەکەیشت پێ ناڵێم. ئەرێ بۆ ناخۆیتەوە؟

بە فارسی دەینووسی. فارسییەکی باش و برێک جار شەڕانی. شەڕ لەگەڵ ڕێزمان و کلێشە سەدپاتەبووەکانی شیعری کۆن و نوێی فارسی. «وریا»ـی ئاوەژوو کردبووەوە و بووبوو بە «ئایرو». ئایرویش لەو کاتەدا ناوێک بوو لە نێو ناوەکاندا و شیعرەکانی دەناسرانەوە. بەو تەمەنە کەمەیەوە (چەند ساڵان بوو ئەو کاتە؟ بیستوچوار؟) تیۆرییە ئەدەبییەکانی چاک دەناسین و بێ ئەوەی خۆی لە پشتیانەوە بشارێتەوە، تەقەی لە هەست و زەینی خوێنەر و بیسەر دەکرد. وریایەکی شەرمێون و شپرزە بوو. هەر کە بێدەنگ دەبووین، دەیگوت: شیعرێکم بۆ بخوێنەوە.

خەڵکی سنە بوو. لە تاران و کەرەج گەورە بووبوو. ماوەیەکی زۆر لە تورکییە مابووەوە و دواتر گەیشتبووە فینلەندا. فینلەندی و فارسی و تورکییەکی باشی دەزانی. زۆری حەز لە ئۆرهان وەلی دەکرد و کۆمەڵەشیعرێکی ئۆرهانی کردبووە فارسی. ئاگایەکی چاکی لە شیعری کوردی بوو. سەفەرێکی هەولێر و سلێمانییشی کردبوو. نازانم کەی؟ ئەرێ بۆ نەمپرسی؟ یان لە بیرم نەماوە؟ چەند شیعرێکی خۆیشی لە فارسییەوە کردبووە کوردی، تایپی کردبوون و هەر کوردێک داوای لێ کردبا، بۆی دەناردن.

گوتم: وریا، شیعرە کوردییەکانت باش نین. باشت وەرنەگێڕاون.

گوتی: دەیاندڕێنم. دەزانم. کوردییەکەم باش نییە.

شەرمێون بوو.

جار جار تەلەفۆنی دەکرد. زۆرتر شەوان:

– تاقەتت هەیە شیعرێکت بۆ بخوێنمەوە؟... ئەگەر تاقەتی بیستنت نییە، تۆ شیعرێکم بۆ بخوێنەوە.

دواتر کۆمەڵەچیرۆکێکی بە فارسییش نووسی. هەموویانی بۆ ناردم و بە دڵ خوێندمنەوە. چیرۆکی چاک بوون. گوتم بڵاویان بکەوە. پارەی نەبوو.

خۆی گوتی.
گوتم: من خەڵکانێک لە تاران دەناسم و دەتوانم قسەیان لەگەڵدا بکەم. ئەمانە چیرۆکی زۆر چاکن کوڕی خوا!
پێکەنی: ئەو کوڕی خوایەم زۆر پێ جوانە. بەس لە کوردیدا دەگوترێت، لە سلێمانی وا نییە؟
چیرۆکەکانمان ناردە تاران و پەخشخانەی «نەی» بڵاوی کردەوە: «چنینەوەی کوارگ بە شێوەی فینلاندی» لە کۆڕە ئەدەبییەکانی ئێرانیشدا دەنگێکی چاکی دایەوە.
هاوینی دووهەزاروحەوت، کە لە کوردستان گەڕامەوە ستۆکهۆلم، ئیمایلێکی پڕ لە ماندوویەتی و وەڕزیی بۆ ناردم. تەلەفۆنم بۆی کرد.
- بیری «کلارا»ـی کچم دەکەم. بەڕۆژ تێم دەگەیت؟ من خەریکە شێت دەبم. ئاخر بەس حەفتەی جارێک دەیبینم.
لە هاوسەرەکەی جیا بووبووەوە.
گوتم هەستە وەرە و ماوەیەک لە لام بمێنەوە. حەزی دەکرد، بەڵام وەزعی باش نەبوو. بە چەند برادەرێکم گوت، یارمەتیمان دا و هات. داغان بوو. شەوان تا درەنگان دەیخواردەوە و پاشان هەر لە سەر قەنەفە دەخەوت. پانتۆڵ و پێڵاویشی دانەدەکەند. گەنجێکی پیر بوو.
شەوێک هەر وا کە لە سەر قەنەفەکەی ماڵی حەسەن نوور، پاڵ کەوتبوو، هەستایەوە و گوتی:
- کە بچمەوە کۆمەڵەشیعرێکی نوێم هەیە بۆتی دەنێرم.
حەفتەیەک مایەوە و ڕۆیشتەوە. مانگێکی نەبرد، کۆمەڵەشیعری: «تەلەڤیزیۆنی خراپ»ـی بۆ ناردم.
پڕ بوو لە شیعری جوان و بڵحایەتی لە زمان و دربڕین و بەرجەستەکردنی هەستە شاراوەکان. بڵحایەتیی زمان لەو کۆمەڵەشیعرەدا هێندە زۆر و زاڵ بوو، کە لە وەرگێڕاندا سەقەت دەبن و ناگوێزرێنەوە زمانێکی تر. ماوەیەکی زۆر خەریکیان بووم و بەشێکیانم وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی و بۆم ناردنەوە. شەو درەنگ بوو، تەلەفۆنی کرد.
دەنگی دەلەرزی:
- هەوڵێکی چاکت داوە، بەڵام دەست ڕاگرە. هەر پارەیەکم بێتە دەست، سەفەرێکی ستۆکهۆلم دەکەم و پێکەوە کاریان لە سەر دەکەین. تۆ ناتوانیت بێیتە هێلسینکی؟ ژوورێک و تەختێک و دوو کورسیم هەیە. دەزانیت، ئیدی ناهێڵن کچەکەم ببینم؟

پاشان هاتمەوە. ڕۆیشتمەوە. هاتمەوە. مامەوە.
هاوینی پار ئیمایلێکی نارد: «کوڕی خوا! تۆ ڕۆیشتی و خۆت دەرباز کرد. ناتوانیت بمبەیتەوە؟... لێرە ماندووم.»

ئێستا ئیتر ماندوو نییە. لە تەمەنی سیوپێنج ساڵیدا و لە گۆڕستانێکی هێلسینکیدا ئۆقرەی گرت.
تاهیر جام بەرسەنگی شاعیر، لە ستۆکهۆلمەوە بۆی نووسیوم: «بەڕۆژ! وریا مەزهەر خۆی کوشت و ئەم جیهانەی بۆ جاش و گەوادەکان بەجێ هێشت.»



# وریا مەزهەر

## شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی کوردزمان

ڕێبوار کەریمی
لە فارسییەوە: شادی عەبدوڵڵا

**شیعری وریا شیعری ژیان نییە، شیعری مەرگیش نییە، شیعری وریا شیعری بەرزەخە.**

وریا مەزهەر، زیاتر بەو بەرهەمانەوە دەناسین، کە بە زمانی فارسی نووسیونی، بەڵام بەستێنی ئافراندنی وریا، زۆر لەوە بەرینتر بوو. جگە لە کۆمەڵێک بەرهەمی نیگارکێشی، کە بە یادگار بەجێی هێشتوون، هەوڵێکی جوانیشی لە بەستێنی ئافراندن بە زمانی دایکیدا داوە. بەسەرهاتی پێوەندیی کوردیدا، باسێکی سەیرە. لە ڕاستیدا یەکەم



هەنگاوەکانی وریا، بۆ ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبی، کۆمەڵێک شیعری کلاسیک بووە بە زمانی کوردی، کە تێمی سروشتگەراییانەیان لە خۆ گرتووە.
وێڕای ئەو هەوڵانە، بارهاتن، یان با بڵێین، خۆبارهێنانی ئەدەبیی وریا، لە ڕاستیدا بە زمانی فارسی بووە. لە لایەکەوە لەبەر قەدەغەبوونی پەروەردە بە زمانی دایکی و لە لایەکی ترەوە، بە هۆی سنووردراربوونی بڵاوکرانەوە و لەبەردەستدانەبوونی دەقی ئەدەبیی کوردی، بەستێنی پەروەردە و لە ئەنجامیدا بەرهەمی ئەدەبیی وریا، تا ساڵانی سەرەتای جێگیربوونی لە فینلاندیش، تەنیا بە زمانی فارسی بوو. کۆمەڵێک دەستنووس، کە لە وریا بەجێ ماون، ئەوە دەردەخەن، کە وریا تا ساڵانی سەرەتای دانیشتنی لە فینلاند، تەنانەت لە ئاستێکی سەرەتاییشدا، شارەزای ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی کوردی نەبووە. خۆئاگاییەکی لەمێژینە بەرامبەر بەو بێبەشییە نەخوازراوە، وریای هان دا بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورە لەو پێناوەدا. پێوەندیی کۆمەڵایەتیی جۆربەجۆر لە تاراوگەدا، هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمگەلێک بە زمانی کوردی، وریای بەرەو کوردینووسین هان دا.
بەرواری یەکەم هەوڵی جددیی وریا، بۆ نووسین بە زمانی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ یەک- دوو ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەشیعری "دانپێدانانەکانی دەربازبوون". واتە وریا زۆر درەنگ، بەڵام زۆر بە قووڵی، لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا کەوتە ڕووبەڕووبوونەوە.
لەم دەرفەتەدا تەنیا بە شێوەیەکی کورت، بەرهەمە کوردییەکانی وریا دەناسێنین، بە ئاگاداربوون لەم بابەتەی، کە هەر چەشنە هەوڵێک بۆ کۆبەندییەکی شیکارانە، یان لێکدانەوەی بەرهەمەکانی وریا، بە تایبەت لە بواری شیعردا، ڕووبەڕووی بەربەستێک دەبێتەوە، کە وریا خۆی بە ئاگاییەوە، کردوویەتی بە دەرکەوتەیەک بۆ شیعرەکانی. وریا خۆی دەڵێ: «شیعر بە ڕای من نابێ هیچ شوێنپێیەک بە ناوی دەرکەوتە، یان تایبەتمەندی، یان هەر شتێک کە بە چەشنێک دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنی شیعرییەتی شیعر، لە دوای خۆیەوە بەجێ بهێڵێ.» ئەم (تایبەتمەندییە)- یان لە ڕاستیدا نەبوونی ئەو تایبەتمەندییە- لە شیعرە کوردییەکانی وریاشدا ڕەنگی داوەتەوە.
بەرهەمە کوردییەکانی وریا، بە گشتی دەکرێ بە سێ بەش دابەش بکرێن: کۆمەڵێک شیعر کە بە زمانی کوردی نووسراون، دوو کۆمەڵەشیعر و چیروک کە لە فارسییەوە کراون بە کوردی و لە کۆتاییدا بەرهەمگەلێکی نووسەرانی تر، کە وریا لە فارسییەوە وەری گێڕاون بۆ زمانی کوردی.
یەکەم کۆمەڵەشیعری وریا بە زمانی کوردی، ناوی "هیچ"ـە. هیچ، لە ڕاستیدا یەکەم و دوایین کتێبی وریایە، کە ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر لە چاپ دراوە. ئەم کۆمەڵەشیعرە، تەنیا بە ماوەی چەند مانگ پاش نووسرانیان لە چاپ دراون. هیچ، وەکو یەکەم تاقیکردنەوەی نووسین بە زمانی کوردی، بەرهەمێکی شیاوی ڕامان و سەرنجە.
بە چاوپۆشیکردن لە شێوەی باوی لەمانادەرچوون لە شیعرەکانی وریادا، هیچ، ڕەنگە باشترین وشە بێت بۆ پێناسەکردنی کەشی ئێگزیستییانەی زاڵ بە سەر ئەم بەرهەمەدا. هیچ، یەکەم تاقیکاریی کوردیی وریایە بۆ دووبارە ئافراندنی ئەو کەشوهەوایەی کە خوێنەری فارسیزمانی شیعرەکانی، لەگەڵیان ئاشنایە. ئاشنابوونی کەشوهەوای خولقاندنەکە- بەستێنی زمانی دایکی- وێڕای ئاگاداربوون لە بەهرە زاتییەکان، لە هەمان سەرەتاوە، وریای هان دا بۆ هەندێ هەوڵی بوێرانە لە بواری ئەدەبی کوردیدا. کتێبی هیچ، یەکەم بەرهەمی شاعیرێکە، کە لە هەمان هەنگاوەکانی سەرەتاوە، بە چەشنێکی پارادۆکسی (دژوان)، خەریکی کونترۆڵکردنی گۆڕەپانەکە دەبێت، لە دەرەوەی گۆڕەپانەکەوە. تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی شیعری وریا، شیعرەکانی ئەو لە زمانی کوردیشدا وەک «بوونەوەرێکی نامۆ» دەردەخات. هەڵبەت بە سەرنجدان بە بەستێنی بەرتەسکی پێوەندیی وریا لەگەڵ زمانی کوردی لەو کاتەدا، ڕەنگە بتوانین بڵێین، کە لە کتێبی هیچدا،

هێشتا هاوئاهەنگیی پێویست لە نێوان فۆرم و زمان و چۆنیەتیی ناوەڕۆکدا، لە ئاستی شایستەی شاعیرێکدا نییە، کە ئەزموونێکی وەک "دانپێدانانەکانی دەربازبوون"ـی لە پشتەوەیە. کۆمەڵەشیعرەکانی دواتری وریا بە زمانی کوردی، بریتین لە: ئەگەر دەتەوێ بمری، سەرخەوێک بشکێنە! (٢٠٠٣) و چونکە شیعر مانگیایە، دەتوانین بیدۆشین (٢٠٠٥).

لە هەڵبژاردنی ناوی ئەم کتێبانەدا، وریا بە هەمان بنەمای دڵخوازی خۆی، وەفادارە: بنەمای گاڵتەکردن و بوونە هۆی سەرسووڕمانی خوێنەر لە ڕێگەی دیاریکردنی ناوگەلی سەیر و چاوەڕواننەکراوەوە، بۆ کتێبەکانی.

بەبێ چاوپۆشیکردن لە بایەخی بەرهەمە هەرمانەکانی پێشتر و پاشتری وریا، ڕەنگە بکرێ کۆمەڵەشیعری "ئەگەر دەتەوێ بمری، سەرخەوێک بشکێنە"، بە باشترین کۆمەڵەشیعری کوردیی وریا بنرخێنین. لە لێکدانەوەی ئەم کتێبەدا، ناتوانین تەشک و شێوازی ڕواڵەتیی دارشتنی کتێبەکە، لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی جیا بکەینەوە. کتێبەکە لە لاپەڕەی A4 و پێکهاتەیەکی تایبەتدا ڕێک خراوە. لە هەر لاپەڕەیەکدا، سێ تا پێنج شیعر لە فۆرمگەلی جۆربەجۆر و لە چوارچێوەی تەشکی هەندەسیی جیاجیادا جێ کراونەتەوە. شێوازی ڕێکخستنی شیعرەکان وەکو پێویست، لۆژیکێکی تایبەت پێوشوێن ناگرێت.

لە هەر لاپەڕەیەکدا وێڕای شیعرەکە، وێنەگەلێکی جۆربەجۆر، لەوانە پارچەیەک لە ڕەسمێک، یان نیگارکێشییەک، هەندێ جار وەک تەواوکەری شیعرەکان و هەندێ جار وەک بەرهەمێکی سەربەخۆ، دەکەونە بەر



چاو. پێ دەچێ وریا لە هیچ بەرهەمێکی دیکەیدا هێندەی ئەم کتێبە، ئاسوودە لە هەموو کۆتوبەندەکان، ئافراندنی لە ئازادیدا تاقی نەکردبێتەوە.

ڕەنگە بکرێ بوترێ ئەم کتێبە زیاتر لە کتێبەکانی دیکەی وریا، ڕێگە بە بەشداربوونی خوێنەر دەدات. بەو واتایەی کە پێکهاتەی کتێبەکە لەو شوێنەدا، کە خۆ بە دەست پێناسەیەکی تایبەتەوە نادات، ڕێگە لە خوێنەر دەکاتەوە کە بۆ دووبارەخوێندنەوەی پێوەندییە ناڕوونەکانی نێوان نیشانە شیعری و ناشیعرییەکانی ناو لاپەڕەکان، نەک هەر لە پێناو بەشداریی خۆیدا بۆ ئافراندنی واتاگەلی خلیسک، سوود لە ئامادەبوونی سرکی شاعیر وەربگرێت- کە بە خۆدەرخستن و خۆشاردنەوەی بەردەوامی خۆی، لە بنەڕەتدا جددییەت لە ئامادەبوونی خۆی زەوت دەکات- بەڵکو لەوەش تێپەڕ ببێت و بە ئاگاداری لەو بەهرەی بەشدارییپێدانەی ناو دەقە نووسراو و نەنووسراوەکانی سەر لاپەڕەکان، ڕێگە بۆ ئامادەبوون و چالاکییەکانی دواتریش بهێڵێتەوە.

لەم کتێبەدا وریا بە تەکنیکێکی تایبەت، مەرگی نووسەر دەگۆڕێت بۆ مەرگی خوێنەر و لە بنەمادا لە جددینەبوونی ئامادەبوونی خۆیدا، خوێنەریش سەبارەت بە جددییەتی خۆی دەخاتە گومانەوە.

کتێبی "ئەگەر دەتەوێ بمری، سەرخەوێک بشکێنە"، بەم ڕوونکردنەوە ڕەسمییانەوە، لە لاپەڕەی یەکەمیدا دەست پێ دەکات:

ناوی کتێب: ئەگەر دەتەوێ بمری، سەرخەوێک بشکێنە.

بابەت: بە ش (شین) دەست پێ دەکات و بە



پیتی (ڕ) کۆتایی پێ دێت.

شاعیر : نییەتی!

حەماڵ (هەڵگر)ـی وشەکان لە سەر لاپەڕەکان: بە وریا (لە زمانی کوردیدا بە واتای وشیار و ژیر) بانگی لێ دەکەن، خوی زۆر بڕوای بەم ناوە نییە.

تیراژ: بە ژمارەی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە کاتێک بەیانیان لە ئاوێنەدا سەیری خۆیان دەکەن، کەسێکی تر دەبینن.

ساڵ: کۆتاییەکانی ٢٠٠٣، یان ناوەڕاستەکانی ٠٠٢٣، یان سەرەتاکانی ٣٠٠٢.

چاپخانە: بنکەی کۆبوونەوەی مردووە تەرپۆشەکان.

ناونیشان: قیامەت- تەنیشت چاپخانەی لای پردەکەی سیرات.

دارشتن و ڕێکخستنی سێیەمین کۆمەڵەشیعری کوردیی وریا، لە ڕووی کاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "هاوار مەکە، ئاوێنەکە کەسی تێدا نییە". ئەم بەرهەمە جگە لەو شیعرانەی کە بە زمانی کوردی نووسراون، وەرگێڕانی هەندێ شیعریشی



وریا مەزهەر

تێدیە، کە لە پێشدا بە فارسی بڵاو بوونەتەوە. وەکو پارچەشیعرێک لە کۆمەڵەشیعری فارسیی "بیرۆکە کانزاییەکان" و چەندین نموونەشیعری کتێبی "هاوار مەکە، ئاوێنەکە کەسی تێدا نییە".

جگە لەو کۆمەڵەشیعرە کوردییانەی وریا، کۆمەڵەشیعرێکی دیکەش بە ناوی تەلەڤزیۆنە لەکارکەوتووەکە (یان بە ناونانی خۆی تەلەڤزیۆنی خەراپ) قەرارە بڵاو بکرێتەوە، کە بە هاوکاریی کەسایەتییەکی ئەدەبی، بە زمانی کوردی وەری گێڕاوە.

لەو کۆمەڵەشیعرانەدا کە باس کران، وریا لە ڕووی تەکنیکی شیعرییەوە، بە هەمان ئەو بنەمایانە وەفادارە، کە خوێنەری بەرهەمە فارسییەکانی ئاشنان پێی: فۆرمی گێڕانەوەیی، یاریکردنی وشیارانە بە واتای باوی وشە و ڕستەکان، لە واتادەرچوونی واتادار، بەیانی پارادۆکسیی مەبەستدار و هتد... لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە وریا دیسان لەگەڵ هەمان ئەو چەمک و بابەتانەدا، کە خووی پێوە گرتوون، دەستەویەخەیە، وەکو: هەستی بەدەروونیکراوی نزیکایەتیی مەرگ (زۆر جار بە هۆی نەخۆشیی قورسی درێژماوەوە) ڕوانگەیەکی بێهیوایانەی سەرچاوەگرتوو لە گیرۆدەیی لە ناو داوی چارەنووسێکدا، کە ئەنجامەکەی "هیچ"ـە و هەروەها کاریگەریی پاڵەکیی هۆکارە کۆمەڵایەتییە نەخوازراو و ناخۆشەکان، کە باڵی بە سەر ژیان و بۆچوونی هەر مرۆڤێکدا کێشاوە.

شایانی باسە، وریا ئەم چەمکانە لە شێوازی دەربڕیندا، دەنوێنێ و لە باتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لە دەرەوە، نوقمی ناوەوەیان دەبێت. هەڵبەت دەبێ توخمێکی ستراتژیکیش بەم زنجیرە پێوەندیدەرەی شیعرە کوردی و فارسییەکانی وریا زیاد بکەین: ئەویش تەنزە. تەنزێکی تاڵ، کە تەنانەت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو سێبەرە قورسە ئیگزیستانسییانەی، کە بە سەر زۆربەی شیعرەکاندا زاڵ بووە، شیاوی تەحەمولکردن بێت. لەو شوێنانەدا کە وریا خۆی لە دەربڕینی چەمکە تایبەتەکان دەبوێرێ، یان لە بنەماوە هەوڵ دەدات ڕێ لە پێکهاتنی نوتفەی

واتا دیار و ئاشناکان بگرێ، تەنز چەکێکی ترسناک و غەدداره بۆ تێکشکاندنی واتا باوەکان. وریا خۆی وەک «تاکە تەکنیکێک، کە حەقیقەتی هەموو پێوەندییەکان (بەبێ پێشکەشکردنی چەمک) دەخاتە بەر پرسیار»، باسی تەنز دەکات. شیعری وریا شیعری ژیان نییە، شیعری مەرگیش نییە، شیعری وریا شیعری بەرزەخە. شیعری مرۆڤێکی هاوچەرخە، کە ڕێک دە ساڵی ژیانی، لە بەرزەخی نێوان ژیان و مەرگدا بە سەر بردووە. بەرزەخێک کە لەوێدا تەنیا ئافراندن بە زمانی دایکی و بە زمانی فارسی، سوکنایی بە وریا دەدا.

وێڕای بەرهەمە شیعرییەکان، کۆمەڵەچیرۆکێکیش بە زمانی کوردی لە وریا بەجێ ماوە. ئەم کۆمەڵەچیرۆکە لە ڕاستیدا وەرگێڕانی ئەو چیرۆکانەیە، کە پێشتر لە کتێبی "قارچککەندن بە شێوازی فینلاندی"دا بڵاو کراونەتەوە. وەرگێڕانی شیاوی ئەم چیروکانە ڕەنگە باشترین دەقی پەخشانی وریا بێت بە زمانی کوردی. وریا لە پێشەکییەکدا کە لە سەر چەند شیعری بڵاو کراوەتەوە، وەک «کەسێک کە بە دوو زمانی، کوردی و فارسی، شیعر و چیرۆک دەنووسێت» باسی خۆی دەکات، بەڵام زیاترین چیرۆکەکانی وریا بە زمانی فارسی نووسراون. سەرەڕای ئەمە، زاڵبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی وریا بەسەر زمانی دایکیدا، وای کردووە ئاسەواری وەرگێڕان بەو چیرۆکانەوە دیار نەبێت و وەک ئەوە بێت، کە لە سەرەتاوە بە کوردی نووسراون. بۆ ناساندنی چالاکییە نێوانزمانییەکانی وریاش، دەتوانین ئاماژە بکەین بە هەوڵەکانی وریا لە بواری وەرگێڕانی کورد- فارسیدا. لە نێوان ئەو بەرهەمانەدا



کە لێی بەجێ ماون، وەرگێڕانی شیعری چەند کەسایەتیی فەرهەنگی و ئەدەبی لە فارسییەوە بۆ کوردی بەر چاو دەکەوێ. هەڵبەت وریا سەرەتا لە کوردییەوە بۆ فارسی کاری وەرگێڕانی دەست پێ کرد. وێڕای وەرگێڕانی بەشگەلێکی زۆر جوان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیای بەختیار عەلی، کاری وەرگێڕانی ڕۆمانی منداڵبازی فەرهاد پیربالیشی لە چەند ساڵ لەوەبەرەوە دەست پێ کردبوو.

گەشەی ئەدەبیی وریا (هەڵبەت بە شێوەیەکی نەخوازراو) لە ناخی زمان و ئەدەبی دایکییەوە ڕووی نەدا. ستایلی نووسینی وریا و ئەو جیهانبینییەش کە لە پشتییەوەیە، لەگەڵ شێوازی سوننەتیی ئەدەبی باوی هاوچەرخی کوردی ڕێک نایەتەوە. هێشتاش جگە لە کۆمەڵێک خوێنەری تایبەت و بلیمەت، کەسێکی ئەوتۆ، وریا و بەرهەمەکانی لە زمانی کوردیدا ناناسێ. وریا نامۆیانە هات و نامۆیانەش چوو. نامۆییەک کە بە دڵنیاییەوە وریا ئازاری لێ بینی، بەڵام بێگومان بەرهەمە چاپنەکراوەکانی، پێگەی تایبەتی وریا، لە قووڵایی ئەدەبیاتی مودێرنی کوردیدا، جێگیر دەکەن.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری هەمیان. ساڵی یەکەم. پاییزی ٢٠١١. تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی و. م. ئایرو (وریا مەزهەر)



80

# ئایرو...
# شاعیرێکی پێچەوانە

**هادی ئیبراهیمی**
**لە فارسییەوە: ئەنوەر هوژەبری**

یەکەم جار لە ڕێگەی "پەیمان وەهابزادە"ـوە لەگەڵ وریا مەزهەر و شیعرەکانیدا ئاشنا بووم، کە بەهرەی وریای لە شیعردا ستایش دەکرد. وریا مەزهەر بە هۆی وشەکانیەوە توانیویەتی ئێمە لە تاکێتی و هەستوسۆزی خۆی نزیک بکاتەوە. وریا لە شیعرەکانیدا لە بارەی دەقەوە، خەریکی ڕوونکردنەوە

نابێت و وشەکانی ئیدیعای دەربڕینی بابەت و مەبەستیان نییە، بەڵکو وەک هەرچەشنە داڕشتنێکی شیعریی سەرکەوتوو، ڕاڤەهەڵگرن، واتە بوار دەدەن بۆ ڕاڤەکرانی زۆر. قەبووڵنەکردنی ڕێسا، [سەرنجدان بە] فۆرم، بنەماشکێنی و بایەخدانان بۆ شتەکان لە شیعرەکانی وریادا، نیشانەی داڕشتنی شاعیرانەی دەق و مودێڕنبوون و سەردەمییانەبوونی و هەروەها نیشانەی زانیاریی ئەوە لە بارەی دونیای ئەمڕۆوە.
زیندوویی و تازەیی وشە لە ناو شیعردا، شاعیرێک بەناوبانگ دەکات و لە ڕووی جوانیناسییەوە، شیعرەکانی دەباتە پلەی هەرەباش. وریای شاعیر بە تەواوی خووی گرتووە بە وشەکان و لە ئافراندن و ڕیزکردنی ئایرونییانەی وشەکاندا، خۆی لە چوارچێوەی دیکتاتۆرییانەی وشە سوواوەکان دەرباز کردووە و کەسایەتی و تاکێتیی خۆی، بە دوورکەوتنەوە لە دووپاتەوەکردن، نیشانی خوێنەرانی دەدات.
زمانی شیعریی وریا دوورە لە خۆنواندن. زمانەکەی زمانی جیهانی ئەمڕۆیە و هەموو هەستەوەری و تایبەتمەندیی مرۆیی و ئالوودەیی مرۆڤی سەردەمی پێوەندییەکانی تێدایە.
ئێوارەیەکی خەمین و بارانی و خەمی گەلایەکی نیگەران لەو خوارەوە لە ناو ئاوی نزیک کەناردا، فریوی نادات، کە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانتیسیزم. ئاوابوونی خوێناویی خۆر لە ئێوارەیەکی گەرمی هاویندا، کە لە ناو دەریادا خەریکی پەلکوتانە، هێوریی پێ نابەخشێت، چونکە مرۆڤی هاوچەرخی ئەو، بەو وێنانە ئارام نابێتەوە و هەر دەرفەتی سەیرکردنی ئەوانەشی نییە و نابینێت، کە خۆری خوێناوڵ لە ئێوارەیەکدا نوقمی دەریا بێت.



مرۆڤی لای وریا، خۆی خەریکە لە ئاڵۆزییەکانی دونیای ئەم سەردەمەدا پەل دەکوتێت و دەخنکێت. ئەو تاوەرە بەرزانەی، سەر لە ئاسمان دەسوون و جەستەیان بە هۆی گەرمای خورەوە، کە تیشکی لە کونەکانی توێژی ئۆزۆنەوە دێنە خوارەوە، بلۆقی کردووە و بە شیعری شێوازی نیمایی و شاملوویی، باس و وەسف ناکرێن. دەبێ شیعری ئەمڕۆ بە کرێمی دژەتاو و چاویلکەی ڕەشی دژەتیشکی سەرووبەنەوش، تەیار بکرێت و لە تیشکی ڕادیۆ ئەکتیڤی بەدیهاتوو لە دەستەوئێخەبوونی زلهێزان لەگەڵ سروشت و مرۆڤدا، بپارێزرێت.
«باوە دەڵێن هەر هونەرمەندێکی گەورە، یەک بەرهەمی گەورە و بەرچاوی هەیە، کە ڕۆحی هەموو ڕاوبۆچوونە گرینگەکان و هونەری و ژیانیەتی و بە وتەیەکی دی، مانیفێستی هونەر و بوونیەتی و بەهەرحاڵ چڵەپۆپی کارەکانیەتی و زیاتر لە بەرهەمەکانی دیکەی، سیمای شاعیر نیشان دەدات و دەری دەبڕێت. بەرهەمەکانی دیکەی ئەو هونەرمەندە، هەموویان بە جۆرێ بنچینە و ئامادەکارین بۆ ئەم بەرهەمە، یان بۆ دووبارەخوێندنەوەی و گەرا و بێچووی بچووکن، کە لە ئاکامدا، دەبێ بگۆڕێن و ببنە ئەو بەرهەمە گەورەیە، بەوتەیەکی دیکە، بەشەکانی ئەو بەرهەمەن.»
پەیمان وەهابزادە، هاوڕێی نزیکی وریا و یەکێک لە کەسانی بەمتمانە بۆ شیعرەکانی وریا، دەڵێت: وریا، شیعری خراپ و لاواز و کەمبایەخی نییە و هەموو بەرهەمەکانی، داگری شیعری باش و بەبایەخ و بەنرخن و خوێندنەوەی شیعرەکانی، ئەم وتەیە پشت ڕاست دەکەنەوە.



شیعرەکانی وریا، دەبێ لە دەلاقەی ئەو ڕووداوەوە سەیر بکرێن و لێیان ورد بینەوە، کە لە دەرەوەی زماندا ڕوو دەدات و تێیدا بایەخی کەرەستەییانەی زمان کەم دەبێتەوە. سەرپێچیکردن لە بەکارهێنانی زمان وەک کەرەستە، دەسەڵاتداری و سەرپشکبوون لە داڕشتنی دەقدا، وای کردووە وریا گیرۆدەی مەنتیقی گەڕاندنەوە بۆ میسداق نەبێت، یان تەنانەت لێی نزیک نەکەوێتەوە. گیرۆدەبوون لە داوی بەکەرەستەکردنی زمان لە شیعری وریادا، گرتنەبەری ڕێگەی هەڵەیە و لە بایەخ و بەها هونەرییەکەی کەم دەکاتەوە.

«دوبارە
می ویرانم ات
نـ طـ و(×)
...
و گرنە دوبارە چگونە بسازم ات، بگو؟!»
(دیسان وێرانت دەکەمەوە
نـ ا. مـ تـ شـ یـ ن
دەنا دیسان چۆن ئاوەدانت بکەمەوە، پێم بڵێ؟!)

... (وەرگێڕانی ئەم شیعرە، تەنیا بۆ تێگەیشتنە لە مانا و باری هونەرییەکەی لەبەرچاو نەگیراوە... وەرگێڕ.)

لەم شیعرەدا دەرکپێکردنە هەستەوەرییەکان بە ئاسانی دەگوازرێنەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بە ڕێزمان، یان هەڵبژاردنی زمان وەک کەرەستە بێت. ئێمە لە زمانی کەرەستەییدا [کە تەنیا بۆ تێگەیشتنمان لە یەکتری بە کاری دەهێنین و باری هونەری لە خۆ ناگرێت] «می ویرانم ات» [وەکو دەتوێرانم لە بری وێرانت دەکەم] بە کار نابەین. بەڵام زمانی ئەم شیعرە پشت بە جەوهەری خۆی نابەستێت و زۆر بە جوانی خەریکە لە دەرەوەی زمان ڕوو دەدات. تەنانەت لە کۆتایی ئەم کورتەشیعرەدا، هیچ هۆیەک نابینێت بۆ ئەوەی سەرەڕۆیی حەشاردراوی ناو زەینی بشارێتەوە. وریا بە سوودوەرگرتن لە وشەی دەستکردی (نـ طـ و) [کە پێچەوانەی (وطن)ـە] نایەوێت ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە، بە زمان بیڵێت و بە دەرککردنی دەروونناسانەی زەینی کەسێکی تاراوگەنشین، بە بێدنگییەکەی، کەشێک بۆ خوێنەرەکەشی دەهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی ئەویش بگات بە هەستی هاوبەشی ئاوادانکردنەوەی نیشتیمان و زۆر زیرەکانە لە دێڕی کۆتاییدا وشەی «بگو» [بڵێ]ـی بە کار هێناوە. ئەم وشەیە تازەیە و شادمانی دەنوێنێت و کەسایەتی بە شاعیر دەبەخشێت.

ناکرێت شیعرەکانی وریا بخرێنە چوارچێوەی چییەتی و بواری مەعریفەناسییەوە. خوێنەری شیعری وریا، وەکو خودی شاعیر، لە بەرهەمهێنانەوەی مانا و ڕاڤەی دەقدا، ئامادەبوونی سەربەخۆی دەبێت و دەوری هەیە.

مەرگ وەکو تاڵەبەنێکی نەبینراو، لەگەڵ تەنز و سەرەڕۆییدا، بە دەوری زۆربەی شیعرەکانی ئایرودا دەئاڵێت و پێکیانەوە گرێ دەدات. لە زۆربەی دەقەکاندا، مردن ئامادەیە و زیندووەکان بە سەر دەکاتەوە، بەڵام مردنی وریای شاعیر خۆی لەو ژیانە کورتەیدا، ڕووداوێکی شیعری و کاریگەرە. ئەم وتەیەش بەو واتایە نییە، کە هەموو شاعیران تەنیا بە مردنی خۆیان دەگەنە شیعرێکی ڕەسەن و بێگەرد، بەڵام بەو واتایەیە، کە خودی مردن، دوایین شیعری کاریگەری دەبێت.

دەق لە شیعرەکانی وریادا، یەکێک لە ڕاڤەهەڵگرترین دەقەکانە. ئەو ڕاڤە و تێگەیشتنەی لەبارەی شیعری «من چیم»ـەوە لای من دروست دەبێت، ئەوەیە، کە ئەم شیعرە، وێڕای لایەنی کومەڵایەتیی زۆر دەوڵەمەند، دەقێکی نزیک لە ڕوانینی فێمینیستیی لە خۆدا جێ کردووەتەوە. ئەم ڕاڤەکارییە نەک بە پێچەوانەکردنەوەی وشەکان، بەڵکو بە مانا و لایەنی واتایی پێچەوانە، بەرجەستە کراوەتەوە و لە سەرانسەری شیعرەکەدا خۆ دەنوێنێت، بەڵام ئێوە لێرەدا پیاوێکی نەوعی نابینن و ئەم پیاوە، بە بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم، خاوەن شووناسێکە. ئەم شووناسە بەو واتایە نییە، کە ئەو بابەتانەی شاعیر باسی کردوون، حەتمەن لە

ژیانی خۆیدا ڕوویان داوە، یان خۆی هەموو ئەوانەی تاقی کردوونەتەوە. لە ڕووی فۆرم و پێکهاتەشەوە، وێڕای کەڵکوەرگرتن لە ئاوەڵناوی بەرزەجێ و دووپاتکردنەوەی مۆسیقیی «چیم» [چیستم] لەگەڵ کێش و سەروادا، نەک هەر بۆنی کۆنیی لێ نایەت، بەڵکو گەشی و تازەیی، لە سەرلەبەری دەقەکەدا پارێزراوە. لای ئەو «نوێبوون مۆد نەبوو، بەها و بایەخ بوو.»



من چیم؟ من دارێکی لار و گێڕ نیم
کە بکرێ لە سێبەرم دابنیشن
من چیم، من چیم؟ من نیوەدیوارێك نیم
کە بکرێ پاڵم پێوە بدرێ، یان لانیکەم
بمیزنە بن لاسکمەوە
من چیم، من چیم؟ من هیچ نیم.
جگە لە قۆپیی مەرگ، گیانە!
قۆپییەکی هەڵە
لە تاقیکردنەوەی ژیاندا
کە تەنیا دەکرێ بدزرێ و
دەرەجەی پێ وەرنەگیرێت.
من کەسێکی ئاوەهام
تێگەیشتنی من کێم؟
لە بیستەوەم تا سفر نیم
من پیاوێکی لەو چەشنەم
دەخۆم و دەڕیم
کاتیەتی ژن بێنم
لە ناو مێرداندا سەرترینم
بتەوێ و نەتەوێ هەر ئەوەم
من باشترین بژارەم
من باشترین بژارەم!

وریا مەزهەر شاعیرێکی یاخی بوو، کە شۆڕشی لە زمانی شیعریدا کردبوو و هەموو شتێکی تێک دابوو و سەرەوژێری کردبوون و دیسان ڕۆی نابوونەوە. ئەو زمانەی سەرەوژێر دەکرد، کە بیوستبا ملکەچ، کۆنە و یەکدەست و ماندووکەر بێت. تەنانەت خۆیشی پێچەوانە و سەرەوژێر کرد. ئایرو پێچەوانەی «وریا»ـیە. ڕێک وەکو لاساری و سەرەڕۆیی سەردەمی منداڵی، کە لە ژیان ماندوو بووبێت و بتەوێ بە هەردوو پێ، خۆت بە بنمیچەکەدا هەڵبواسیت و هەموو شتێک و هەموو کەسێک بەراوەژۆ ببینیت.

ڕەنگە هەڵبژاردنی پێچەوانەی ناوەکەی، واتە گۆڕینی «وریا» بۆ «ئایرو» دەرکەوتەی تاڵی و ئاوەژۆیی سەپێندراو بێت، بە سەر ژیانی کورتی شاعیردا، کە گاڵتەی بە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کردبێت.

* ئەم شیعرەی وریا مەزهەر، لە شیعرێکی بەناوبانگی سیمین بێهبەهانییەوە وەرگیراوە. دێڕێکی شیعرەکەی سیمین ئەمەیە: «دوبارە می سازمت وطن/ اگرچە با خشت جان خویش» واتە: ئاوەدانت دەکەمەوە وەتەن/ ئەگەر بە خشتی گیانی خۆیشم بێ (وەرگێڕ)

**سەرچاوە:**

گۆڤاری هەمیان. ساڵی یەکەم. پاییزی ٢٠١١. تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی و. م. ئایرو (وریا مەزهەر).



# نەخۆش و نیگاکانی

## سەبارەت بە کورتەچیرۆکی
## بەیانی بوو...

**وەلید عومەر**

84

نیگای نەخۆش نیگایەکی تایبەتە. دەکرێت وەکو دەقێکی نیشانەڕێژکراو، مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. نەخۆش خۆی ئەو سوبێکتەیە، کە دیوێکی زۆر سوبژەکتیڤانەی خۆی ئەزموون دەکات. زمان بۆ ئەو دەچێتە بارێکی ترەوە.

دەکرێت سوبێکتی سەرەکیی زۆربەی چیرۆکەکانی وریا مەزهەر لەم کۆمەڵەیەدا بە «نەخۆش» بزانین. نەخۆشێک کە زۆر دۆخ و ڕووکاری نەخۆشانە تاقی دەکاتەوە. "بەیانی بوو" چیرۆکێکی کورتی کۆمەڵەکەیە. سێ نەخۆش لە ژووری نەخۆشخانەیەکدان. سەعات 5:30ـی ئێوارەیە و چاوەڕوانن سبەی نەشتەرگەری بکەن. گێڕەرەوەکە لە سەر سیسەمەکەی خۆیەتی و لای پەنجەرەکەوەیە. کەسی دووەم براوەتە سەرئاو. سێیەمیش پیاوێکی پیرە و هەرسێکیان یەک کێشەی جەستەییان هەیە. ئەوان لە بەردەم هاتونەهاتی مەرگدان. دەکرێت هەریەکەیان مردنی ئەوی تریان ببینێت. سەرەنجام هەمان فەزا ئامادەیە و سەعات 5:30ـی ئێوارەی دواتر سێ سیسەمەکە چۆڵن. تەکنیکی گێڕانەوەکە قەشەنگە و دەڵێت: بەیانییش وەکو ئەمڕۆ سەعات 5:30ـی ئێوارە بوو...جگە لە من، کە لەسەر سیسەمەکە نەبووم، چاوم گێڕا: ئەو دوو سیسەمەی تریش هیچ کەسێکیان لەسەر نەبوو.

ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی بازنەیی کات دەگێڕێتەوە. بەیانییش وەکو ئەمڕۆ سەعات 5:30ـی ئێوارە بوو. ئەم شێوازە لانیکەم دوو خاڵی لە خۆیدا شاردووەتەوە: یەکەم، بەدەر لە شەپۆلی هۆش، لە دەروونی نەخۆشەوە باس لە کات دەکرێت. دووەم، کاتەکە جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ ئاییندە، جۆرێکە لە دیالەکتیکی ئێستا و داهاتوو؛ کە زەمەن بە جۆرێک لە جۆرەکان دەوەستێت. نیگای نەخۆش بۆ زەمەن لێرەدا خۆی دەسەپێنێت.



نیگا جگە لەوەی نیشانەیە، دیاردەشە. واتە جگە لەوەی هەڵگری دەلالەتی چڕ و ناوەکییە، فینۆمینێکی سەربەخۆشە. تەنیا مرۆڤ نیگا ناگرێتە مرۆڤ، بەڵکو شتەکانیش دەتوانن سەیری مرۆڤ بکەن. هەر یەک لە نیچە و سارتەر و لاکان و...باسی ئەوەیان کردووە، کە دونیای دەرەوەش دەتوانێت بە قووڵی نیگات تێ بگرێت. تەنانەت گەر کەسێکیش نەکەوێتە بەرامبەرتەوە، هێشتا هەر هەست دەکەیت لە ژێر نیگادایت. دیلن ئۆنێز، لە فەرهەنگە دەروونشیکارییەکەیدا دەڵێت: "نیگا ناچار نییە پەیوەندیی بە ئەندامی بینایی و بینینەوە هەبێت." زۆر جموجوڵ و دۆخی تر هەن و دەچنە خانەی نیگاوە. دەتوانن چاوێکی زەقیان لەسەرت بێت و هەست بە فشارەکەی بکەیت. بۆ نموونە ئەوی تری گەورە لای لاکان، وەکو زمان و دابونەریت و یاسا و پۆلیس، دەتوانن جۆرێک بن لە نیگای هەمیشەیی. نیگا دەتوانێت کۆد و پەیام بگوازێتەوە. نیگا واتە ئەوێکی تر هەیە. ئەمە جگە لەوەی نیگا، خۆی بریتییە لە ئامادەیی ڕەمزییانە و تەنانەت ئۆنتۆلۆژییانە و ئەخلاقییانەی ئەوی تریش. کەواتە نیگای نەخۆشەکان بۆ یەکتر دەبێت نیگایەکی چۆن بێت؟

لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوەکە هاوکات نەخۆشیشە. ئەو وەسفێکی سادە و ساردی فەزای دەوروبەری خۆی دەکات. هەور و ئاسمانێکی بێ ڕووداو لەودیوی پەنجەرەکەوە دیارن. چاوەڕوانییەکی پووچ هەموویانی داگرتووە. نەخۆشی لێرەدا خۆی نیگایەکە بۆ سەر گوتاری مۆدێرن. نەخۆشخانە بەرهەمی



گوتاری مۆدێرنە. نەخۆشخانە ئەو شوێنەیە، کە هەموان دەتوانن بە بەرچاوی هەموانەوە بمرن. لەوێ مردن نابێتە ڕووداوێکی تایبەت. بێگانەکان دەچنە تەنیشتی یەکەوە و پێکەوە دەمرن. نیگایان بۆ سەر یەکتر، نیگایەکی تا ڕادەیەک بەتاڵە. نیگای غەریبەیەکە بۆ سەر غەریبەیەکی تر. دەکرێت چەمکی ڕووخسار لای "لیڤیناس"ـیش، نەتوانێت بەتاڵی و ساردوسڕیی نیگای نەخۆشەکان پاساو بدات. لای لیڤیناس ڕووخساری ئەوی تر، دەرگەیەکە بەسەر ناکۆتادا. تۆ تا ناکۆتا بەرپرسیاریت لە هەمبەر ئەوی تر. نیگا کۆدێکی تەواو ئەخلاقییە. ڕەنگە لە دۆخی نەخۆشیدا نیگای دوکتۆر و نەخۆش، یان نەخۆش و نەخۆش، یان نەخۆش و ساغ جێی تەنگژە بێت. جگە لە دوکتۆر، ئەوانی تر چۆن مامەڵە بە نیگای یەکترەوە بکەن؟ تۆ چۆن دەتوانیت سەیری چاوی نەخۆشێک بکەیت، لە کاتێکدا خۆت ساغیت؟ دەسەڵاتی تۆ لەکوێدایە؟ ئەی ئایا بەریەککەوتنی نیگای دوو نەخۆش چیمان پێ دەڵێ. لەم چیرۆکەدا هاتووە: «ئێمە سێ کەس بۆ ماوەی چەند ساتێک چاومان بە چاوی یەکتر کەوتبوو، نیگامان بە نیگای یەکترەوە گرێی خواردبوو. بۆ ماوەی چەند چرکەیەک بەزەییمان بە حاڵی ئەو دووانەی تردا هاتبووەوە و هیچ یەکمان بیری ئەوەی نەکردبووەوە کە ئەوەی پاش نەشتەرگەرییەکە بڕیارە نەگەڕێتەوە ، خودی خۆی بێت.» ل: 78

نیگا جۆرێک لە ئازادی لە ئەوی تر دەسێنێتەوە. دەتوانێت وەهەم و خۆفریودانەکانت هەڵبوەشێنێتەوە. لە چیرۆکەکەدا هاتووە: «هەر یەکێک لە ئێمە ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان بکوژی ئەو دووەی ترمان {بووین}.»"هەمان لاپەڕە" کوشتن لێرەدا ئەوە نییە، کە ئەوی تر بکەیتە کۆیلەی نیگات. ئەوە نییە، کە بیخەیتە ژێر فشاری بەزەییتەوە، بەڵکو لێرەدا بە پێچەوانەوە، بەزەییت بە خۆتدا دێتەوە. لێرەدا ئەوی تر دەکەیتە شاشەیەک بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێیەکانی پێش مردنی خۆت بشاریتەوە: پێش مردن ئەوی تر شاشەیەکە بۆ شاردنەوەی خۆت! تۆ نیگایەکی توندوتیژ بە ناو ئەودا دەنێریتەوە بۆ خۆت. بەڵام ئایا ئەم نیگایە لە شوێن و دەزگە مۆدێرنەکانیشدا هەمان مانا و مەدلوولی هەیە؟ ئایا ئەوی تر دیسان دەبێتەوە بە ئاوێنەی تۆ، یان بە شووشەیەک و نیگاکەت وێڵ و ون دەبێت؟ بە تێڕوانین لە هەندێک ئاسۆی مۆدێرنە و هەندێک مانای شوێن لە سەرمایەداریدا، دەڵێین نەخێر. ئەمڕۆ لە پشتی نیگای تۆوە کەسێکی تر دەبینێت و سەیردەکات. نیگا پتر بۆتە سرووت و مەسرەف. خاڵێکی نەگۆر نەماوە تاکو نیگاتی لەگەڵ جووت بکەیت. ڕەنگە نیگای دوو کریار لە شوێنێکی وەک سۆپەرمارکێتدان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ نیگای دوو نەخۆشدا نەبێت لە نەخۆشخانەدا. لە پشت چاوی دوو نەخۆشەکەوە، زانین و دەسەڵات و دالی سەرووتر ئامادەیە. لەم چیرۆکەی وریادا، هەست ناکەین مەدلولێکی گەورە هەبێت و بۆی بوەستین. ئەوەی هەیە وەسفێکی سارد و



فینۆمینۆلۆجییە و شتەکان هەر ئەوەن کە خۆیان دەردەخەن.

نیگا، ئەڵتەرناتیڤێکی فراوانە، لە بری زمان، لە گوتاری مۆدێرندا، سەبارەت بە شوێن. دەزگە و شوێنە مۆدێرنەکان، زمانی مرۆڤ و مرۆڤ بۆ ئاستی نیگا کورت دەکەنەوە. نیگای نەخۆشەکان زۆرجار مەدلوولێکی دیاریکراو جێ ناهێڵن. نیگاکانیان یەکتر نابڕن و بەریەک ناکەون. ئەمە خەسڵەتێکی ئەزموونی مۆدێرنەیە لە کێشەی شوێندا. نیگای نەخۆشێکیش وەک نیگای موسافیرێک دەکرێت دالێکی کراوە و خاڵی بێت. جۆرە زمانێکە، کە شوێن و فەزا لە دونیای نوێدا دەیخولقێنێت. گەرچی چیرۆکنووس بە کرداری (گرێخواردن) باسی نیگای نەخۆشەکان دەکات، وەک ئەوەی ئەو شتە نەڵێن، کە دەیزانن، یان ئەو شتە بڵێن، کە نایزانن. ئەمە لۆژیکی نیگایە لە شوێن و پانتایی مۆدێرندا. ئەوەی کە ناتوانیت زانین و وتنت هاوتەریب بکەیتەوە: من نەخۆشم، نیگاکانمروو لە هیچ خاڵێک نین، دیوار و شوێن و خەڵکی غەریب لە بری من دەبینن، من چاوم هەیە و نیگام نییە!

نەخۆش لەگەڵ زماندا تووشی گرژی دەبێت. ئەرکی‌زمان دەکەوێتە سەر نیگاکانی. وێنە بۆ ئەو گرنگە، نەک ڕستە و گوتن. ئەو هەمیشە نیگایەکی زەقی بۆ دەوروبەری خۆی هەیە. خودی نەخۆشییەکە نیگایەکی بەردەوام و نەپچڕاوە لە بەردەم ئەوانی تردا.

دواجار نەخۆشەکان نامێنن و غایب دەبن. دوکتۆر دەتوانێت موعجیزەیەکی پزیشکی بنوێنێت و نەیانگەڕێنێتەوە بۆ ژووری نەخۆشییەکە. چیرۆکنووس لێرەدا



نایەوێت ئەنجامەکە یەکلا بکاتەوە. ئەم ئیلهام و تەمومژە، جاروبار لە چیرۆکەکانی تریشدا هەن. بۆ نموونە تۆ چەپکەگوڵێک دەکڕیت و دەیبەیت بۆ مەعشووق، بەڵام درەنگتر تێدەگەیت، کە دەیبەیت بۆ سەر گۆڕی مەعشووق، نەک دەستی مەعشووق. یان پیرەژنەکە پارەت بۆ کڕینی بلیت دەداتێ، کەچی تۆ چاوەڕوانی ئەوەیت وەک پاداشتێک بتداتێ.

دوایین ڕستەی چیرۆکەکە، ئەو دیدگا لاکانییە ڕوون دەکاتەوە، کە ئۆبێکت پێشوەخت نیگا دەگرێتە سوبێکت. واتە بەر لەوەی سوبێکت سەیری بابەتی دەرەوەی خۆی بکات، ئەو سەیری ئەمی کردووە. هەڵبەت لە گۆشەنیگایەکەوە کە جیاوازە لە گۆشەنیگای سوبێکتەکە: «من کە لەسەر سیسەمەکەم نەبووم، چاوم گێڕا: ئەو دوو سیسەمەی تریش هیچ کەسێکیان لەسەر نەبوو.» ل: 78

دەکرێت بە دیوێکی تردا، ئەم کورتەچیرۆکە، بە نیگایەکی کابووسئامێزانەی نەخۆش/ گێڕەرەوە بزانین: وڕێنە.



# ئەو فانۆسە ڕۆشنە، پیشەی خامۆشییە

**حوسێن نوش ئازەر**
**لە فارسییەوە: حەمە قادر**

کاتێک یەکێک لە ئێمە دەمرێت، شتێک لە هەمووماندا دەمرێت. حەفتەی ڕابردوو، کە هەواڵی خۆکوشتنی هاوڕێم وریا مەزهەرم بیست، بە ئارەقێکی سارد هەموو لەشم خوسا، دواتر تووڕە بووم. هەموو کەس بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. بێگومان وریا شیعر و چیرۆکی ئێجگار زۆری هەن، کە هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە.

88

ئەوانەش کە بڵاو کراونەتەوە، دەتوانین بڵێین بە مانایەک هێشتا بڵاو نەبوونەتەوە.

(هاوار مەکە، لەم ئاوێنەیەدا کەسی لێ نییە)، یەکەم جار هاوڕێم پەیمان وەهابزادە بە ئیمکانییەتی کەسێکی تاراوگەکراو و بە تیراژی زۆر کەم، لە چاپخانەی چاپەرێکی چینیدا بڵاوی کردەوە. وریا بە عەشقەوە یەکبەیەکی ئەم کتێبانەی خستە ناو زەرفی تایبەتەوە و هەموویانی ڕەوانەی هاوڕێکانی کرد. بەهزارد ڕەعیەت، شاعیرێکی تاراوگەکراوی دیکەشمان، دوو ساڵ دەبێت کە پێش خۆکوشتنەکەی کۆمەڵێک لە شیعرەکانی کردە ناو چەندین زەرفەوە و بۆ هاوڕێکانی بە هەموو جیهاندا بڵاوی کردەوە. ڕەعیەت لە سەر هەموو نوسخەکانی نوسیبووی: لەگەڵ ڕێزدا، بەهزاد ڕەعیەت، کە ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. وریا دیوانی (هاوار مەکە لەم ئاوێنەیەدا کەسی لێ نییە)ـی بە جوانترین شیعری ژیانی (کلارا)* پێشکەش کردووە و لە کتێبەکەدا سوپاسی پەیمانی کردووە. ئەم کۆمەڵەیە لە ئاییندەدا لە کۆڕی فیکریی (MINDMOTOR) لە لایەن هاوڕێییەکی شاعیرەوە، بابەک سەلیمیزادە، بڵاو کرایەوە. هەر ئەمانەیە تا ئەمڕۆ ئێمەی زیندوو هێشتووەتەوە. دەبێ بڵێین و بە دەنگی بەرزیش بیڵێین، دەبێ ڕوو لە هەموو سانسۆرچییەکانی مێژوو، بە دەنگی بەرز بڵێین، ئێمە هێشتا زیندووین.

بەرنامەی ڕادیۆیی خاک*، ئەمڕۆ تایبەتە بە شاعیری جوانەمەرگ، وریا مەزهەر و کۆمەڵەشیعری (هاوار مەکە لەم ئاوێنەیەدا کەسی لێ نییە). وریا کە خۆی کوشت، تەنها سیوپێنج ساڵی بوو. لە شەش ساڵی ڕابردوودا، ئەو بە پانتایی دە ساڵ پیر بووبوو. کە وێنەکەیم بینی، نەمناسییەوە. عەینەکێکی



ڕەش، دەموچاوی لە سەر لا، دەموچاوی شاعیرێک بوو کە وێرانە، بەڵام ئەم وێرانبوونەی نابینین. وریا نووسیویەتی: ئای لەم ڕووداوە سەیرە/ کە مرۆڤ تا غەمگینتر دەبێت/ لە باری ئاسایی خۆی بچووکتر دەبێتەوە.

وریا کاتێک شیعر دەنووسێت، چیرۆکنووسە و کاتێک چیرۆک دەنوسێت شاعیرە. کاتێک تەماشای ئاوێنە دەکەین، کێ دەبینین؟ من کە لە ئاوێنە دەڕوانم خۆم دەبینم و کە بیر لە خۆیشم دەکەمەوە، وێنەی باوکم دەبینم. هاوار مەکە، لەم ئاوێنەیەدا کەسی لێ نییە. نا، کەسی لێ نییە. ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو لایەکەوە لە مانای بێکەسیدا، نەک هۆنینەوە بەڵکو نوسراونەتەوە. هەر یەک لەم شیعر/ چیرۆکانەی ئەم کتێبە، وردبوونەوەیە لە چەمکی (بێکەسی). کەسێک لە ناو ئێمە دەڕوانێت، کەس نابینێت. لە خۆی دەڕوانێت، کەس نابینێت. جیهان خاڵییە. ئەگەر جیهان تەواو خاڵی بێت، من چی بکەم؟ هاوار دەکەم بەو هیوایەی کەسێک دەنگم ببیستێت. ئەگەر کەس لە وەڵامدا هیچ نەڵێت: دەنووسم هاوارم کرد، کەس وەڵامی نەدایەوە و ڕادەبوورم. ڕێک وەک چیرۆکێکی پرۆیس ویان، گێڕەرەوەی چیرۆکەکەی قاچی لە سەر مین داناوە. حەفتەی پێشوو گوێم لە دەنگی تەقینەوەکەی بوو. وریا پێمان دەڵێت: کەواتە ئیدی هیچ ئاسایی نییە، ئەگەر بنووسم: تۆ خۆت چەند غەمگینی ئەی بێزاریی گەورە.

(هاوار مەکە، لەم ئاوێنەیەدا...) هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەم بێزارییە گەورەیە. دەڕۆی بۆ پارک، پیرەژنێک دەبینی بە تەنوورەی درێژەوە. دەموچاوێکی چرچولۆچ و میهرەبان.

ئەم ئارامییە، هێڵنجهێنەرە. دەتەوێت قسە لەگەڵ هاوڕێکەتدا بکەیت، بە دوای وایەری تەلەفۆنەکەدا دەگەڕێی. وایەرەکان لێک ئاڵاون. هەموو شت بە جۆرێک تێک چرژاوە، کە دەنووسی: چەند گەڕام، تەلەفۆنەکەمان دیار نەبوو. تا زیندووی کەس گوێی لە دەنگی تۆ نابێت، بەڵام مردنەکەت تەقینەوەیە، قاچت لە سەر زەوی هەڵگرە. کاتێک یەکێکمان دەمرێت، شتێک لە هەمووماندا دەمرێت. ئێمە لە سادق هیدایەتەوە تا ئەمڕۆ، تەنها دەتوانین گوێمان لە دەنگی مەرگ بێت.

**کاتێك كۆلان خاڵی دەبێتەوە لە دەشت و**
**دەشت لە كۆلان**
**یان هەردووكیان لە یەك**
**دوو لێكدانی دوو دەكەم و لە بەردەم چوارڕێیانەكەدا**
**دەبمە مەجنوونێكی ڕاوەستاو**
**بە چاكەتوپانتۆڵێكی نیلییەوە**



**كە لە تاو زەبری سەرگەردانیدا**
**كراڤاتەكەی ئەجووێت و**
**بە لەیلا دەڵێت لەیلی! و**
**لە شیعرێكی دیكەدا نووسیویەتی:**
**بەر لەوەی بێتە گۆ شتێك، كەسێك و**
**بێتە قسە لەسەر كەسێك، شتێك**
**ڕێگەكە گەیشتووەتە كۆتایی**
**-گەیشتووی هاوڕێ!**
**لە كۆتایی كۆتاییدا**
**فانۆسێك ڕۆشنە**
**پیشەی خامۆشییە**

خامۆشیی فانۆسێک، تەنها خامۆشیی فانۆسێکە و هیچی تر. مەرگیش تەنها مەرگێکە. کاتێک مردی، ئیدی بوونت نییە. نەمری بێمانایە. کە ڕۆیشتی، ڕۆیشتووی، کاتێک کە نیت، ئیدی نیت. (دەبێ بژین).

*کلارا: کچی وریا مەزهەر، کە بەر لەوەی وریا خۆی بکوژێت، لەگەڵ دایکی و دوور لە باوکی، لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیا. باوکی وریا مەزهەر پێی وایە گەورەترین کارەساتی دەروونی بۆ وریا، جگە لە هاوسەرگیرییە سەرنەکەوتووەکەی، دووربوونی بوو لە کلارای کچی. وریا لە ناو زۆر لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا، ناوی کلارا دەهێنێت. (و. ک).

*ئەم نووسراوەیە، لە ڕاستیدا تایبەتە بە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی: بەرنامەی خاک. (و. ک)

**سەرچاوە**:
http://archive.radiozamaneh.com/culture/khaak/2011/05/09/3844



# یادی وریا

**کیامەرس باغەبانی**
**لە فارسییەوە: باران**
**[بە نەختێک کورتکردنەوەوە]**

شەوی دووشەممە ٢٥ـی ئاوریلی ٢٠١١، لە ئاپارتمانێکدا لە شاری "هێلسینکی"ـی فینلاند، وریا مەزهەری شاعیر (١٣٩٠ـ ١٣٥٤ـی هـ) یان وەک خۆی حەزی دەکرد بانگی لێ بکرێت: "ئایرو" (پێچەوانەی وریا)، بە هۆی وەستانی دڵەوە، لە تەمەنی سیوشەش ساڵاندا، کۆچی



دوایی کرد و بە سەفەری بێوادەی بەرەو وڵاتی بێسنووری نهێنییەکان، دۆستان و ئازیزان و لایەنگرانی خۆی، تووشی حەپەسان و پەشۆکان و پەژارە کرد. پاش مەرگی وریا مەزهەر، لە زۆر شوێنەوە دەنگۆی ئەوە بڵاو کرایەوە، گوایە وریا خۆی کوشتووە، بەڵام بنەماڵەکەی و هاوڕێیانی نزیکی، بە توندی ئەو دەنگۆیە ڕەت دەکەنەوە.

کورتەیەک لە ژیاننامەی وریا مەزهەر، لە زاری کیۆمەرس باغەبانییەوە، کە یەکێک لە نزیکترین هاوڕێیانی وریا بووە:

هاوینی ١٩٩٩، لە فێستیڤاڵێکدا، لە بارەی زمانی دایکەوە، سەبارەت بە شیعر و ئەدەبیاتی فارسی، لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیدا قسەم دەکرد. کاتی نیوەڕۆ، یەکێک لە قوتابییان بە ناوی دڵنیا مەزهەر، پێی وتم، کە براکەی ئەویش شاعیرە. ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار ناوی وریا مەزهەرم بیست و زانیم، لە باکووریترین شاری فینلاند، لە چەندکیلۆمەتریی مەداری جەمسەریدا، هاووڵاتییەکی ئێرانیی لێیە، کە شیعر دەنووسێ. زۆری پێ نەچوو، بە تەلەفۆن پێوەندیمان پێکەوە دامەزراند و پاش ئەوەی ئەو



**وریا مەزهەر**

لە شاری "ڕوانیمی"ـیەوە هات بۆ هێلسنکی، پێوەندی و هاوڕێیەتییەکی زۆر قووڵ لە نێوانماندا دروست بوو، کە تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی کورتی وریا، بەردەوام بوو.

باسکردن لەو وریایەی، کە من لەم پرۆسە یازدەساڵەیەدا ناسیم، لە ئێستادا ئاسان نییە بۆم، بەڵام ئێستا بۆ ڕوونبوونەوەی شوێنپێی وریا لەم جیهانەدا، گوێ لە بنەماڵە میهرەبانەکەی ڕادەگرم.

ساڵی ١٣٥٢، فارووق مەزهەر، کوڕی شێخ فەخرەدین مەزهەر- یەکێک لە مامۆستایانی ئایینیی ناوداری شاری سەقز و برازای نافیع مەزهەر، شاعیری بەناوبانگی کوردستانی، لە شاری سنە، لەگەڵ شەهابە ساڵحی، کە مامۆستای قوتابخانە بووە، ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێ و ڕۆژی دەی ڕەشەمەی ١٣٥٤، یەکەم و تاکە منداڵیان لە دایک دەبێت و ناوی دەنێن وریا. کاتێک کە تەمەنی وریا تەنیا دوو ساڵە، دایکی بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی دەکات. باوکی وریا، کە لەو کاتەدا فەرمانبەری بانکی میللیی سنە بووە و لەبەر سەرقاڵبوونی بە کارەوە، ناتوانێ بە وریادا ڕابگات، وریا دەنێرێتەوە بۆ لای بنەماڵەی دایکی وریا، لە سەقز. وریا نازداری دایەگەورە و پوور و خاڵەکانی بووە و هەموویان زۆر نازی دەکێشن و چیی بوێت دەیخەنە بەر دەستی.

وریا تا تەمەنی هەشت ساڵان و تەواوکردنی پۆلی یەک و دووی سەرەتایی، لە سەقز دەبێت. باوکی وریا شەش ساڵ دوای کۆچی دوایی دایکی، لەگەڵ پەریسا حیسامی، ژیانێکی تازە پێک دەهێنێ و پاشان وریاش دەبەنەوە بۆ سنە، بۆ لای خۆیان. سەرەڕای هەندێ کێشەی سەرەتایی لە ئەنجامی ئەو جێگۆڕکێیەدا، وریا زۆر زوو بە پەریسا ڕادێت، کە دوازدە ساڵ لە خۆی گەورەترە.

پەریسا کە لەو کاتەدا چالاکێکی سیاسیی چەپ بووە، دەڵێ وریا منداڵێکی زۆر وریا و زیرەک و پڕ لە گوڕوتین بوو و هەمیشە گوێی لە باس و وتووێژی سیاسیی نێوان

من و خۆشکەکەم دەگرت و هەندێ جاریش دەهاتە ناو باسەکانمانەوە. زۆر حەزی لە وەرزشی کاراتە بوو و لە هەر دەرفەتێکدا، بە تایبەتی کاتێک میوانمان دەهات، جلی تایبەتیی کاراتەی لەبەر دەکرد.
وریا هاوینی ١٣٦٢، لەگەڵ بنەماڵەکەیدا، بۆ پشووی هاوینە، سەردانی تایلەند و هیند دەکات. پەریسا دەڵێ: زیاتر لە هەموو شتێک، مورتاز و جۆکییەکانی هیند سەرنجی وریایان ڕادەکێشا و هەر لەو سەفەرەوە، بوو بە هۆگری یۆگا و دوای گەڕانەوە دەستی کرد بە پرۆڤەی یۆگا.
وریا زۆر لە شەڕ دەترسا. لە کاتی بۆردمانەکاندا بنەماڵەکان پەنایان بۆ ژێرخانەکان و هەندێ جار بۆ دەرەوەی شار دەبرد، بەڵام وریا دەرەوەی بە هێمنتر دەزانی. لەو کاتانەدا هاوڕێی زۆری هەبوو و کەمتر بە تەنیا دەهاتەوە بۆ ماڵەوە.
دڵنیای خوشکی، کە ساڵی ١٣٦٣ لە دایک بووە، بیرەوەریی زۆری لە وریا لایە و دەڵێ، وریا دەچوو بۆ فێربوونی تێکواندۆ و لە ماڵیشەوە منی لە فێربوونی یۆگادا یارمەتی دەدا.
دڵنیا دەڵێ، وریا زۆریش حەزی لە مۆسیقا بوو، چونکە باوکم هەندێ جار لە ماڵەوە ڤیۆلۆنی دەژەند و سەنتوورێکیشی بۆ وریا کڕیبوو. وریا منی ناچار کردبوو شیعری پەریای شاملوو لەبەر بکەم، پاشان ئەو سەنتووری دەژەند و من شیعرەکەم دەخوێندەوە.
ئەنوەر مەزهەر، یەکێک لە مامەکانی وریا، کە شاعیر و ئەدەبدۆست بوو، زۆر لە وریا نزیک بوو، بەڵام بەداخەوە لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی کرد و ئەو مەرگە زۆر کاری کردە سەر



وریا.
ساڵی ١٣٦٧ بنەماڵەی مەزهەر کۆچیان کرد بۆ تاران. وریا لە تاران درێژەی بە خوێندن دا. ئەو گەرچی زۆر هۆگری شیعر و ئەدەبیات بوو، بەڵام بواری زانستی وەک بواری خوێندن هەڵبژارد، کە باوکی ڕای وایە ئەوە هەڵە بووە و گەر لە ئەدەبیاتدا بیخوێندایە، بێگومان سەرکەوتووتر دەبوو.
لەو ساڵانەدا لە ڕێگەی خاڵۆیەوە (ئەکرەم ساڵحی) کە مامۆستای ئەدەب بوو، ڕێگە دەباتە شەوی شیعر و کۆڕە ئەدەبییەکان.
وریا زۆر هۆگری شیعری شاملوو بووە و کاتێک ساڵی ١٣٧١ خوشکی دووەمی لە دایک دەبێ، لەبەر هۆگریی بۆ شاملوو، پێشنیار دەکات ناوی بنێن ئایدا.
ساڵی ١٣٧٠، بنەماڵەی مەزهەر لە تارانەوە دەچنە کەرەج. دڵنیا، کە خۆیشی لەو کاتەدا دەستی بە نووسین کردووە، لەبەر هاوڕێیەتی لەگەڵ کچی عەلی ئەشرەف دەرویشییان، کە دراوسێیانە، ئامەشۆی ماڵی عەلی ئەشرەف دەکات و وریاشیان پێ دەناسێنێ.
ساڵی ١٣٧٢، وریا بۆ خزمەتی سەربازی دەچێتە سەقز و ساڵی ١٣٧٤ دەگەڕێتەوە بۆ کەرەج و بۆ نزیکەی دوو ساڵ بە مووچەیەکی باشەوە، لە دامەزراوەیەکی بەرهەمهێنان لە قەزوێن کار دەکات و لەوێش لەگەڵ کەسانێکی ئەدەبدۆستدا ئاشنا دەبێت و هەندێ جار دەچێت بو کۆڕە شیعری و ئەدەبییەکانی قەزوێن.
بنەماڵەی وریا جارێکی تر کۆچ دەکەن و ئەمجارەیان بۆ تورکیا و بە نیازی ڕۆیشتن



بۆ ئەورووپا. ئەوان بۆ ماوەی ١٦ مانگ لە ئانکارا و کاستامنۆ دەبن و زۆربەی ئەو ماوەیە، هەموو خێزانەکە بە کۆ لە یەک ژووردا دەبن. وریا لە تورکیا لە دووکانێکی شیرینیفرۆشی کار دەکات و بە خێرایی فێری زمانی تورکی دەبێت و لەسەر بەرگی CD-یەوە گۆرانی و ئاوازە تورکییەکان دەخوێنێتەوە و ماوەیەکیش خەریکی فێربوونی سازی تورکی- باغلاما دەبێت. جارێک لە بەرنامەیەکی فەرهەنگیدا، کە بۆ پەنابەران ڕێک دەخرێ، دەچێتە سەر شانۆ و چەند گۆرانیی فارسی و تورکی پێشکەش دەکات.

بۆ ماوەیەکیش لە قاوەخانەیەکدا کار دەکات. پەریسا دەڵێ، وریا بەشێک لە داهاتەکەی خۆی دەدا بە کوڕێکی هەژار، کە لە نزیک قاوەخانەکەدا بۆیاخچی بوو. دڵنیا دەڵێ، شەوێک وریا، تووتەڵەسەگێکی لەڕ و چڵکنی هێنایەوە و داوای لێ کردین ڕایبگرین و بەخێوی بکەین.
وریا لە تورکیا خۆی بە ناوی دێنیز و موراد ناساندبوو. هەر لەوێ بەڕێز حەیدەرییەی چیرۆکنووس دەناسێت و زۆر لەو ناسیاوییە خۆشحاڵ دەبێ. پاش شانزە مانگ مانەوە لە تورکیا، ساڵی ١٩٩٩ بنەماڵەی مەزهەر دەچنە فینلاند و لە باکووریترین شاری فینلاند نیشتەجێ دەبن. وریا لەوێ دەست دەکات بە فێربوونی زمانی فینلاندی و جارێکیش لە بەرنامەیەکی فەرهەنگیی شارەوانیی ڕوانیمیدا، شیعرەکانی دەخوێنێتەوە و کەسێک بە زمانی فینلاندی وەریان دەگێڕێ.
شەش مانگ دوای مانەوە لە فینلاند، وریا بە لەیلا، کە لە فەرمانگەی سوشیاڵ وەرگێڕی بنەماڵەکەیانە، ئاشنا دەبێت. لەیلا هۆگری شیعر و ئەدەبیاتە و لە فینلاند خوێندوویەتی و دانیشتووی هێلسینکی بووە. لە ئەنجامی ئەم ئاشناییەدا، وریا لە ڕوانیمییەوە دەچێت بۆ هێلسینکی و لەگەڵ لەیلادا ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێ. بەرهەمی ئەم ژیانە هاوبەشە، کچێکە بە ناوی کلارا، کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا، لە



**کلارا و وریا مەزهەر**

دایک بووە و خۆشەویستیی وریا بەرامبەر بە کلارا، بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا دیار و بەرچاوە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە کە منیش هاتبووم بۆ هێلسینکی و لە فەرمانگەی فەرهەنگدا دامەزرابووم، بە بەردەوامی چاوم بە وریا دەکەوت و ئەو لە هەموو بەرنامە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی مندا، لە ناوەندی فەرهەنگیی نێودەوڵەتیی هێلسنکی، بەشداریی دەکرد؛ هەندێ جار بە تەنیا و هەندێ جار لەگەڵ لەیلادا، کە شیعرەکانی ئەوی وەرگێڕابووە سەر زمانی فینلاندی. پاش جیابوونەوەی وریا و لەیلا و لە ئەنجامدا، دوورکەوتنەوەی وریا لە کلارا، باری دەروونیی وریا، ئیتر هەرگیز وەک پێشووی لێ نەهاتەوە و لەم دواییانەدا، بە کەمی لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و لە کۆڕە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا دەردەکەوت و دیدارەکانمان ئیتر لە کاتی پشوو و لە ماڵەوە، یان لە خواردنگەیەکدا، دەبوو.

ڕۆژی یەکشەممە، 10ی ئاوریل 2011، من و وریا نزیکەی سەعات و نیوێک بە تەلەفۆن قسەمان کرد. ئەو لە هەمیشە بەکەیفتر بوو و کاتێک قسەی سیاسی و ئەدەبیمان تەواو بوو، باسی ئەوەی کرد، کە دڵنیای خوشکی، هاوین زەماوەند دەکات و منیشی بۆ ئەو زەماوەندە بانگهێشت کرد. وتیشی، کلارا خەریکە لەگەڵ دایکی لە ئەڵمانەوە دێتەوە بۆ فینلاند. بڕیارمان دا، من و وریا و کلارا، ڕۆژێک پێکەوە بین و بچین بۆ باخچەی ئاژەڵان. پاشان باسی ئەحمەد کایای بۆ کردم و هەر ئەو ڕۆژە لینکی گۆرانییەکانی ئەوی بە ئیمێل بۆ ناردم. دوای ئەو ڕۆژەش چەند جار پێکەوە قسەمان کرد.



ڕۆژی ٢١ـی ئاوریل، وریا لەگەڵ کلارادا، لە ماڵی باوکی بوو و تەلەفۆنی بۆ من کرد، کاتێک دابنێین و لەگەڵ کلارادا بچینە دەرەوە. پاش ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کلارادا قسەم کرد، کە وەک هەمیشە لە دیداری وریا، دڵخۆش و بە کەیف بوو. بۆ ڕۆژی ٢٣ـی ئاوریل قەرارمان دانا. من لەیلاشم ئاگادار کردەوە. لەیلا وتی خەریکن دەچن بۆ شاری تورکو و بڕیار بوو کاتێک هاتنەوە هەواڵم پێ بدات.

باوکی وریا ئێوارەی دووشەممە، ٢٥ـی ئاوریل، تەلەفۆن دەکات بۆ وریا و قەرار دادەنێ، کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دواتر (سێشەممە) پێکەوە بچن بە دوای کلارادا. ڕۆژی سێشەممە، وریا هەواڵی نابێ. باوکی چەندین جار تەلەفۆنی بۆ دەکات، بەڵام کەس وەڵام ناداتەوە. پاشان لەگەڵ ئایدای خوشکیدا، دەچنە بەر ماڵەکەی، بەڵام کەس دەرگە ناکاتەوە. لە درزی تایبەتیی نامەی دەرگەکەوە، سەیری ناوەوە دەکەن، دەبینن چراکان هەڵکراون و کەوشەکانی وریاش دیارن. تەلەفۆن بۆ موبایلەکەی دەکەن، دەنگی موبایلەکە لە ماڵەکەوە دەبیسرێت. ئیتر گومانێک نامێنێ. پولیس ئاگادار دەکەنەوە. پولیس دەرگەی ئاپارتمانەکە دەکاتەوە. زۆری پێ ناچێت، پولیس، هەواڵی مەرگی وریا بە فارووق و ئایدا ڕادەگەیەنێ. باوکی دەچێتە ناو ئاپارتمانەکە و وریا دەبینێ، کە لە تەختی ژوورەکەدا و لە بەردەم موبلەکاندا کەوتووە. دادەنیشێ و سەری کوڕە شاعیرەکەی دەخاتە باوەشی، ڕووخساری کەوەهەڵگەڕاو و ساردی ماچ دەکات و بەم چەشنە ئازیەتی لەبنەهاتووی بنەماڵەی



مەزهەر، دەست پێ دەکات.
کۆچی وریا زۆر بێوادە و چاوەڕواننەکراو بوو.
ئەو هەواڵانەی لە ئینتەرنێتدا سەبارەت بە خۆکوشتنی وریا بڵاو کرانەوە، بنەماڵەی خەمباری وریای، زیاتر خەمبار کرد. دڵنیای خوشکی وریا و هاوسەرە فینلاندییەکەی، کە هەردووکیان پزیشکن، سەریان لەو هەواڵە ناڕاستە سووڕ ماوە. پەریسا کە پێوەندییەکی واوەتر لە پێوەندیی خێزانیی لەگەڵ وریادا هەبوو و من گەلێک جار لە وریام بیستووە، وەسفی میهرەبانیی پەریسای دەرهەق بە خۆی دەکرد، دەڵێ: وریا چەند ڕۆژ پێش ئەو ڕووداوە، کۆتێکی سووری جوانی کڕیبوو و وتی بۆ ئەم هاوین و پاییزە باشە. دڵنیا دەڵێ، لەو حەفتەیەدا من لە سەفەردا بووم و بە تەلەفۆن، داوای لێ کردم پایپێکی بۆ بکڕم. باوکی دەڵێ، وریا بۆ حەفتەی دواتر قەراری لای دوکتۆری هەبوو.
خۆیشم باش دەزانم، گەرچی وریا، ئەو کاتەی لە هاوسەرەکەی جیا بووبووەوە و کلارای دێردێر دەبینی، تووشی خەمۆکی بووبوو و ساڵی ٢٠١٠ـش کۆچی دوایی خاڵۆی (سیاوەش ساڵحی) زۆر خەمباری کردبوو، بەڵام وریا لە بنەڕەتدا کەسێک نەبوو کە بتوانێ زیان بە هیچکەس و بە خۆیشی بگەیەنێ.
لە هەموو ئەو کاتەدا، کە ئێمە، واتە من و کاک فاروق و پەریسا و دڵنیا، خەریکین باسی وریا دەکەین، ئایدا لە سووچێکدا دانیشتووە و بێدەنگە. لە کۆتاییدا لێی دەپرسم: ئایدا! ئەی تۆ ناتەوێ سەبارەت بە وریا هیچ بڵێی؟
ئایدا دەست پێ دەکات: بێدەنگ، وشەی فرمێسک بە چاوی ئایدادا دێتە خوارێ و جارێکی تر ڕوومەتی ئێمە تەڕ دەکاتەوە.

**سەرچاوە:**
گۆڤاری هەمیان. ساڵی یەکەم. پاییزی ٢٠١١. تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی و. م. ئایرو (وریا مەزهەر).



**وریا مەزهەر**



# ئامادەبوونی دوورەدەستیی شیعر

## وتوویژێکی ئینتەرنێتی لەگەڵ وریا مەزهەر-دا

**بابەک غەفاری**

**لە فارسییەوە: ئەنوەر عەلی**

ئەم وتووێژە ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجام دراوە و پێشتر لە ماڵپەڕی «پوئیتریسم»ـدا بڵاو کراوەتەوە، ئەو ماڵپەرە ئێستا نەماوە.

بابەک غەفاری: باسی خۆت و بەرهەمەکانت بکە.
وریا مەزهەر: لە بارەی خۆمەوە شتێکی وام نییە. جگە لەوەی بڵێم ساڵی ١٩٧٥ لە شاری سنە لە دایک بووم، لە تەمەنی مێرمنداڵیدا ڕۆیشتینە



**تاران. سەربازیم کرد و دوای ئەوەش چووینە یەکێک لە شارۆچکەکانی دەوروبەری کەرەج و لەوێ نیشتەجێ بووین. تا پێش ئەوەی بێمە دەرەوە، لە کەرەج بووین. ماوەیەک لە تورکیا بووم و ئێستاش دانیشتووی هیلسینکیی فنلەندام. هاوسەرم هەیە و کچێکی بچووکیشمان هەیە ناوی کلارایە، کە ڕەسەنترین و دووپاتەوەنەبووترین شیعری منە.**

**واز لەو باسانە بێنین و بڕۆینە سەر باسی نووسراوەکانم. چەند کتێبەشیعرم بڵاو کردوونەتەوە، کە لەوانە، دەکرێ ئاماژە بکەم بە «دانپێدانانەکانی دەربازبوون، ماددەی ١، هزرە کانزاییەکان (ئەمەیان تەنیا لە سەر ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە)» و لەم دواییانەشدا، لە سەر ئەرکی دۆستی هێژام کاک پەیمان وەهابزادە، کتێبێکی ترم بڵاو کرایەوە بە ناوی «هاوار مەکە، کەس لەم ئاوێنەیەدا نییە» کە بریتییە لە بڕێک لە شیعرەکانی هزرە کانزاییەکان و چەند شیعرێکی تازەتر. کۆمەڵەشیعرێکیشم ئامادەیە بۆ چاپ و هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.**

***شیعر لای تۆ چییە؟**

-ئەگەر مەبەستت ئەوەیە پێناسەیەکی تایبەت لە شیعر بە دەستەوە بدەم، من کاری وا ناکەم. بە ڕای من شیعر شتێک نییە کە بتوانرێ پێناسەیەکی تەواو و وەبەرگری لێ بخرێتە بەر دەست. بەم حاڵەشەوە هەر کەسە و بە شێوەی ڕێژەیی، بۆچوونێکی سەبارەت بە شیعر لایە. بۆ وێنە خۆم سەردەمێک هەوڵم دەدا بە بۆچوونی خۆم شیی بکەمەوە بۆ ئەوەی لانیکەم پاسایەکم بۆ کەمکاریم لا بێت. ئێستە بڕوام وایە، شتی وا ناکرێت، چونکە ئەو بۆچوونە شتێکی جێگیر نییە و دەکرێ بگۆڕدرێت و لایەنی سەرنجڕاکێشیشی هەر لەوەدایە. پێناسەی شیعر لە ناخی شیعردایە و تا ئەو کاتەی لە ناخیدا شاراوە بێت تەزایەکی ڕێژەییە، کاتێ دەگاتە قۆناخی شیکردنەوە و لێکدانەوە بە مەبەستی ئەوەی هەموان لێی تێبگەن، ئەوە دەگاتە پێناسەیەکی بڕاوە و لە باری ڕێژەییبوون و بە وتەیەکی تر، لەو خلیسکییە دەردەچێت و جێگیر دەبێت. بابەتەکە لێرەدایە، کە ناکرێت ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لێک بدرێتەوە و باسی لێوە بکرێت. وەڵامی ئەو "بۆچی"ـیە لای من ئەوەیە: شیعر لەگەڵ بوون (هەستی)ـدا مامەڵە دەکات. ئەگەر پرسیارت ئەوە بێت کە بوون



کلارا و وریا مەزهەر

چییە، ئەڵێم ئەوەیە کە بە بیری ئێمەدا نایەت. ئێمە دەتوانین چ پێناسەیەکی تەواو لە بوون بە دەستەوە بدەین؟ (هەڵبەت ئەگەر بوون بە گۆلاوێکی مەند و وەستاو نەزانین) واتە ئەو شتەی لە بوون (هستی) ـدایە و بە بیری ئێمەدا نایەت، یان باشترە بڵێم، بە توانای شهوودیی ئێمە دەرک ناکرێت. شتێکی دیار و ڕوون نییە، کە بە پشتبەستن پێی، بتوانین پەردە لە سەر ئەو مەتەڵەی کە بە (شیعر چییە؟) ناوبردەیە، لا بدەین. هەڵبەت ئەگەر بانگەشەی ئەوەمان نەبێت، کە لایەنەکانی دیکەی بوون پێ دەزانین. ئەم بۆچوونە بە ئەزموون و تاقیکردنەوە، بە شێوەیەکی غەیری شهوودی بیچم دەگرێت و ناکرێ بە چەند چەمکێکی ئۆبژێکتیف شی بکرێتەوە. ئەم چەمکانە هەرگیز توانای ئەوەیان تێدا نییە کە بە هۆیانەوە، ڕێ ببەینە سەر ناخی بوونی شیعر. تەنانەت ئەگەر بکرێت پێناسەی شیعر بکرێت، کێشەکە چارەسەر نابێت، جگە لەوەی شیعر (ئەم دوایین مەتەرێزە) لە دانوستان و ئاڵوگۆڕێکی شەرماوی لەگەڵ کۆمەڵگەی بەکارهێندا، بکاتە شتێکی بەرهەست و لە ئەنجامدا بیکاتە شتێکی مەسرەفی (بۆ بەکارهێنان). ئەمە لە حاڵێکدایە، کە شیعر لە تاقیکردنەوە و ئەزمووندا ڕوو دەدات. ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی کە ڕوویان نەداوە، ناکرێ بخرێنە بەندوداوی پێناسەوە. کەسی وەک شەمس و قەیس و ڕازیمان کەم نەبوون. ئەو کەسانە ئەگەر بەستێنی شیعریان بە موڵکی خۆیان نەزانیبا، ڕەنگە شیعر بەم شێوەیە نەدەکەوتە بواری مەرگ و ناکامیی سەرچاوەگرتوو لە خۆ بە ئاوەزمەندترین زانینەوە.

بۆیە دەرکردنی هەر بڕیار، یان حوکمێک



لەسەر ئەوەی کە شیعر چییە، وا دەکات بە دەستی خۆمان، لەمپەرێک بخەینە سەر ڕێگەی خۆمان و بەردەم شیعری خۆمانەوە. هەروا کە وتم، ئێمە بە دانەدەستی پێناسەیەک لە بارەی شتێکەوە کە ڕێژەییە، شتێکی ڕەها دەخولقێنین، واتە خوازراو و نەخوازراو، لە ڕێگەی پێناسەکردنی زۆر تاکەکەسییانە و باسی زەوقی و سەلیقەیی شەخسییەوە، وای لێ دەکەین ببێتە موڵک. شیعر تا ڕادەی بێسنووری و بێکەناری، کەشێکی بەرفراوان و ڕەهایە، بەڵام شادمانیی سەرچاوەگرتوو لە زانین، جاری وایە بە شێوەیەک دەمان پەشۆکێنێت، کە خۆمان بە خاوەنی بێسێودووی ئەو کەش و دۆخە بزانین.

***لەو بەرهەمانەی تۆدا کە خوێندوومنەتەوە: مادەی ۱، هزرە کانزاییەکان و کۆمەڵەشیعری تازەت، واتە "هاوار مەکە کەس لەم ئاوێنەیەدا نییە" دەوری تەنز و تارۆز زیاتر دەردەکەوێت، هۆی ئەوەی ڕووت کردووەتە تەنز چی بووە؟**

-جیهانی بێ تەنز لای من جیهانێکی ترسناکە. هەر ڕۆژێ زیاتر لە سیمای جیهان دەترسم، زیاتر پەنا دەبەمە بەر تەنز. جاری وایە لە تەنزدا مرۆڤ دەستی دەگاتە ڕاستییەکی ورد و شاراوە، کە لە دونیای وشک و جددیی ئەدەبیدا، کەمتر دەستی پێ دەگات. مرۆڤ ناتوانێت لە ناو زمانێکی وشک و فەرمیدا، وەک ئەمەی کە من ئێستا بە هۆیەوە وڵامی پرسیارەکانی تۆ دەدەمەوە، گەمە بکات و کونجکۆڵانە چاو بەملاولادا بگێڕێت و جاروبار هەر لە ناو ئەم زمانە یاخییەدا و بە هۆی ئەو وردبوونەوانەوە، پرسیاری ئاژاوەسازکەر و مەترسیدار بهێنێتە



ئاراوە. دونیای ئەمڕۆ بێبەزەییترە لەوەی سەرەتا بێیت سیمایەکی ئەدەبی بە خۆتەوە بگریت و پاشان لەگەڵیدا بکەویتە وتووێژ. جاری وایە پێویستە نەقیزەی بدەیت، دەست بدەی لە شوێنێکی هەستیاری، کە لە جێی خۆی هەڵتۆقێت، با تۆ بتوانی بۆ چرکەیەکیش بێت، ژێرەوەی (ژێری ژێرەوەی) ببینیت.

***بۆچ شیعر دەنووسیت؟**

-هەروەک دەزانین مرۆڤ بەردەوام تینووی حەقیقەت بووە. «نووسین»ی شیعر، ئەم هەڵە باوە، تەنیا سێبەرێکی بچووکە کە بتوانین لە بەریدا، بۆ ماوەیەک بیر لەو وشە نامۆیە، ئەو وەهمە گەورەیە، واتە حەقیقەتی پەتی بکەینەوە. (من لێرەدا جەخت لە فرمانی بیرکردنەوە دەکەمەوە) و کە حەقیقەتی پەتی نەبێت، ئێمە دەگەینە وەهمی حەقیقەت. ئەم دوانە یەکتری تەواو دەکەن و بە هۆی ئەم تێکەڵبوونەی حەقیقەت و وەهمەوە، دەگەینە حەقیقەتێکی سێیەم، کە حەقیقەتی شیعرە. (یان دەکرێ یەکێک لە حەقیقەتەکانی شیعر بێت) و من ڕەنگە بۆ نزیکبوونەوە لەو حەقیقەتە سێیەمە بێت، کە شیعر دەنووسم. «نووسین» هەندێ جار تەختکردنی ئەو ڕێگەیەیە، کە بتوانین تێیدا بیر لە خودی «حەقیقەت»، حەقیقەتی دەربازبوو لە دەسەڵاتی شتە سەپێنراوە عەقڵانییەکان بکەینەوە. کەواتە بە پێچەوانەی ڕای برێ کەسەوە، کە شیعر بە ڕێگەیەک دەزانن بۆ پاشەکشێکردن و دوورکەوتنەوە لە بیر و ئەندێشە، من بڕوام وایە شیعر ئەو پانتاییەیە، کە بێسنووری دەخاتە بەردەم ئەندێشەوە. دەکرێ بڵێم شیعر خودی ئەندێشەی لە چوارچێوە نەگیراوە. واتە ئەندێشەی ڕەسەن و پەتی و سەرچاوەی هەموو خواست و حەزە ڕەهاکانی مرۆڤ، ڕێک بە پێچەوانەی وەستان و نوقمبوون لە ژێر دەسەڵاتی شیعرنووسیندا و ڕەشکردنەوەی لاپەڕە و قاقەزی زۆر و زەبەند، واتە بزووتن و مەلەکردن لە سەر ڕێگەی بە شیعر ژیان و بە شیعر بیرکردنەوە، وەک ڕوانگەیەکی بەدیهێنەری هەستی. نووسینی شیعر لێرەدا گرینگایەتیی






تەوەرەبوونی نامێنێت. ئەوەی لە سەر قاقەز دەنووسرێت، تەنیا ستایشی ئێمە لە شیعرە، دەربڕینی دڵتەنگییەکانی ئێمەیە لە نەبوونی ئەو شتەی کە هەرگیز بە تەواوی ئامادەبوونیمان هەست پێ نەکردووە. کەواتە ئێمە بە شیعرنووسین، تەنیا هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی، ئامادەبوونی دوورەدەستی شیعر مەزەندە بکەین. بۆیە ناکرێت بە شێوەیەکی تەواو بڕاوە، بگەین بە ناخی حەقیقەتی شیعر. نەک ئەوەی بمەوێ بڕیارێک دەربکەم و نووسین بە بێسوود بزانم، چونکە بەهەرحاڵ ئەمانە (نووسینەکانمان) نیشانەی دەرکەوتووی مەزەندەکانمانن سەبارەت بە ئامادەبوونی شیعر و هەرچەند ئەم نیشانانە زیاتر ئاستی مەزەندەکانمان بەرنە سەرەوە، وزەی زیاتریان بۆ تێڕامان تێدا دەبێت. لەوێدا کە من شیعرم وەک هەڵەیەکی باو ناو برد، هەر بەم هۆیەوە بوو. لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین، نووسین، بە جۆرێ دۆزینەوە و بیرکردنەوەیە لە سای مومکینەکاندا، کە هەمیشە شتی نامومکین چێژبەخش دەکات و دەیکاتە بیانوویەک بۆ بەردەوامیی ژیان و درێژەدان بە ڕێگە. بۆ ناپرسیت (بۆچی بیرکردنەوە؟!) چونکە دەزانیت هۆی بیرکردنەوە، لە ناو خودی بیرکردنەوەدا شاردراوەتەوە. هۆی پاسای ئەم هەناسەکێشان و هەناسەدانەوە، بێ پاسایە. واتە هۆی ئەم بوونە ساکارە، کە خۆی دەکرێ سەختترین هۆی ژیان بێت.

***لە دوایین کتێبتدا کەڵکت لە چەند شیعری "هزرە کانزاییەکان"یش وەرگرتووە. پێوەرت بۆ هەڵبژاردنی ئەو شیعرانە چی بووە؟**



-ئەم کتێبەی دوایی لە ڕاستیدا ئەنجامی هەندێ وەسواسیی شەخسیی منە، هەڵبژاردەیەک لە "هزرە کانزاییەکان" و دەستچنێک لە بەرهەمی تازەترە. هزرە کانزاییەکانم سەرەتا بە ئیمایل نارد بۆ دۆستان و دواتر لە ئینتەرنێت بڵاوم کردەوە. پاشان هەستم کرد زۆر متمانە بەم لاپەڕە دیجیتاڵییانە ناکرێت. بۆیە ژمارێکیانم لەم کتێبەی دواییدا هێنایەوە، لەبەر ئەوەی شوێنێکی دڵنیاتریان بۆ دابین بکەم. پێوەریشم بۆ هەڵبژاردنیان، ئەوە بوو، هەستم کرد لەگەڵ شیعرە تازەکانمدا ڕێک دێنەوە.

***هاوار مەکە کەس لەم ئاوێنەدا نییە! داگری بڕێک شیعرە کە زۆربەیان لە زمانی ئاخافتن زۆر نزیکن و ڕێنووسیشیان هەر وایە. ئەمە لەبەر بەدیهێنانی فرەچەشنی بووە، یان پێویستیی شیعرە؟ هۆی ئەوە چییە تۆ لەو شیعرانەتدا ئەو شێوە زمانەت هەڵبژاردووە؟**

-هەر زمانێک پێویستی بە شێوەدەربڕینی تایبەت بە خۆیەتی. نازانم ڕەنگە بکرێت بڵێین پێویستییەکی شیعرییە. دەربڕین بە شێوەی ئاخافتن، بە ڕای من توانا و وزەیەکی زۆری تێدایە بۆ دەربڕینی تەنز و بەکەمبایەخدانانی جیهانی پاوانخوازیی فرەزانانە. هەڵبەت من پێش ئەوەی شیعر بنووسم، دانانیشم بیر لەوە بکەمەوە کە بە چ زمانێک بینووسم. لەوانەیە لە کۆتاییدا پێیدا بچمەوە، بەڵام کارێکی وا ناکەم جەوهەری سەرەکی و لە ناکاوی شیعرەکە،







وریا مەزهەر

زەبری لێ بکەوێت. ڕەنگە ئەم ڕەفتارە لە ناکاوەی من بە نیسبەت زمانەوە، بووبێتە هۆی بەدیهاتنی جۆرە تەنز و دژوازی (پارادۆکس)ـێک لە شیعرەکاندا، دەنا من بە مەبەستی تەنزاندنی شیعر نانووسم. هەر لەو کتێبەدا زۆر شیعریش هەن، کە بە زمانی نووسینی پێوەر نووسراون. هەموو ئەمانە پێوەندییان هەیە بەو کەش و دۆخەوە، کە شیعرەکەی تێدا دەنووسرێت. ئەو چرکەساتانە زووتێپەڕن و کەمتر لە بیر دەمێنن.

***پێوەندیی نێوان ژیانی ڕۆژانەت و شیعر چۆنە؟**

–پێوەندییەکی چڕوپڕ لە ئارادایە. شیعرەکانم لە ژیان و حاڵوئەحواڵم جیا نین. هەڵبەت حاڵ و ژیانی منیش، پێوەندیی بە ڕابردوو و داهاتوومەوە هەیە. کەواتە پێم وایە ژیانم و شیعرەکانم بە تەواوی لێک ئاڵاون. وەکو ئێستا و ڕابردوو و داهاتووی من. خۆم وای بۆ دەچم. واتە وا دەزانم ئەم پێوەندییە بەردەوام هەیە و دەبێ ببێت. ئەم دووانە پێویستیان بە یەکترییە. دیار و ڕوونە بەبێ ژیان شیعر نییە و بەبێ شیعریش ژیان شادمانیی تێدا نابێت. دوای نووسینی هەر شیعرێک، ئەو هەستە لە مندا دەبووژێتەوە کە ئەم نووسراوەیە، ئەم شیعرە خۆی، سەربەخۆ و جیا لە من ڕێ دەگرێتە بەر.

ئەمەش یانی بوونی ئەو هەستە، واتە بەردەوام بوونە قوربانی، بۆ لەدایکبوونی شتێکی دیکە و دوای هەر مردنێک دیسان زیندووبوونەوەی خود.ژیانی شیعری جۆرێکی دیکەی ژیانە. ئەم جۆرە ژیانە، تەنیا تێپەڕاندنی چرکە زەمەنییەکانی دوای لەدایکبوون تا مردن نییە. لەدایکبوون و مردنی، هاوکات و بە نۆرە لە خۆیدا جێ کردووەتەوە.

***ڕات چییە لە بارەی دابەشکردنی شیعری هاوچەرخەوە؟**

–من بڕوام بەم دابەشکردن و سنووربەندییە نییە. ئەم سنووربەندییانە چی دەسەلمێنن؟ شیعر ڕەوتێکی بوونگەرایانە و ئەزەلی و ئەبەدیی هەیە. (هەڵبەت ئەگەر وەک زانایانی بواری بیرکاری ئەزەل و ئەبەد بە دوو خاڵی دیار و دەستنیشانکراو وێنا نەکەین) تەمەنی پێوەرە سنووردارە زەمەنییەکان دیاریکراوە.




هەڵبەت بێگومان بمانەوێ و نەمانەوێ شیعر دەکەوێتە بەر کارێگەریی زەمانی خۆیەوە. ئەم کارێگەرییە دەکرێ سروشتی بێت

و سەرچاوەی لە ناخۆوریاوە گرتبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە بمانەوێ بە ئاگاییەوە و بێ سێودوو، شوێن ئەم دۆخ و هەلومەرجانە بکەوین، بەو واتایەیە کە بەردەوام گیانی بەرزەفڕ و کونجکۆڵیی شیعر بخەینە داووبەندەوە.
کە هەڵبەت ئەوەی لەم داونانەوەدا بۆ ڕاوچییانی شیعر دەمێنێتەوە، تەنیا زیانە و هیچی تر.

***تۆ خۆت بە "چریکی شیعری" (پارتیزانی شیعری) دەزانیت؟ دەکرێ لەو بارەیەوە بدوێیت؟**

–ئەم زاراوەیە (چریکی شیعری) دوکتۆر پەیمان وەهابزادە، شاعیر و مامۆستای کۆمەڵناسیی دانیشتووی کەنەدا دایناوە. بێگومان ئەو باشتر و ڕوونتر لەم بارەیەوە دەتوانێ قسە بکات و باسیشی کردووە، بەڵام من تەنیا تێگەیشتنی خۆم لەم بارەیەوە باس دەکەم. ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی کۆماڵناسییانە- بوونناسانەیە، کە لە ناخی ئەو شۆڕشوانییەدا، شۆڕشوانیی هەمەلایەنەی شیعر، تا قۆناخی یاخیبوون لە خود، بە شێوەی سەرەکی و تەوەرەیی بەرجەستە دەبێتەوە. ئەم گوزارشتە بە بۆچوونی من ئەوەندەی دەکرێ ببێتە هۆی بیچمدان بە ئەستوونەکانی ڕەخنەی تیۆرییانەی شیعر، ئەوەندەش نایەوێ شیعر بخاتە چوارچێوە و تەنگەبەریی پارێزراوی سەپێندراوی (وەک فۆرم، ناوەرۆک و تەکنیکی زمان)ـەوە. واتە بۆ وێنە، ئەو کاتەی پەیمان وەهابزادە لە ڕوانگەی کومەڵناسییەوە، شیعر وەکو کردەیەکی پارتیزانی، یان پارتیزانییانە گریمانە دەکات، دەیەوێ بەرجەستەبوونی توخمی بەرەنگاربوونەوە لە شیعردا و سەرپێچیکردنی لە چوونە بن دەسەڵاتی سیستەم و ڕێسا



ئەدەبییەکان وەبیر بێنیتەوە و شیعر ئاماژەیەک بێت بۆ بێسنووری و بێکەناری. بەو مەرجەی مەسەلەکە بەم شێوەیە ببینین، شیعر نەک وەکو ژانر و جۆرێکی ئەدەبی، بەڵکو وەک ئەزموونێک کە بەردەوام ڕوو دەدات و گرۆیی هەیە بە لای ڕوانگەیەکی بوونناسانەدا، دەتوانێت هیچ نەبێت بەرەنگاری ئەو سیستەم و ڕێکخراوە بێتەوە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە گەمارۆدەرن و دەبنە لەمپەر.
لەم یاخیبوون و شۆڕشە خۆکردەدا، شیعر بەبێ کەمترین دەستێوەردانی شاعیر، خۆی نوێ دەکاتەوە. واتە وەک ئەزموونێک بێ ئەوەی بەربەست دروست بکات، لە چرکەبەچرکەی ژیانی ئێمەدا ڕوو دەدات.
مەبەستم لەم باسە ئەوە بوو بڵێم، بیردۆزەی چریکە شیعرییەکان نە دەتوانێت و نە دەیەوێت سنوور و چوارچێوە بۆ شیعر دروست بکات. خۆیشی نایەوێ ببێتە قوتابخانەیەکی شیعری، بەڵکو بە تەواوی بە پێچەوانەوە مەبەست، لابردنی بەربەستەکان و ئەو بەندوداوانەیە، کە بە دەستوپێی شیعردا ئاڵاون. ئەو بەندوداوانەی کە لە هەر سەردەمێکدا و بە ناوی قوتابخانە، گرووپ و دەستەیەک، تەنیا ئەڵقەیەک بە ئەڵقەکانی زنجیر زیاد دەکەن. ئەگەر ئەم پێشگریمانە بۆ تێگەیشتنی من لەم وتەزایە ڕاست بێت، دەبێ بڵێم، بەڵێ، من خۆم زور بە نزیک لەم ڕوانگە و بۆچوونەوە دەبینم.

***دووربوون لە ئێران و دووریی ڕێژەیی لە ڕەوتە شیعرییە هاوچەرخەکانی ئێران و دووری لە زمانی فارسی، چ کاریگەرییەکی لە سەر شیعرەکانت بووە؟**



-کەمتافرە ئاگام لە ڕەوتە شیعرییە هاوچەرخەکانی ئێران بووە، هەڵبەت نەک وەکو ئێوە کە بەردەوام و ڕۆژانە ئاگاتان لێ بووە. هەڵبەت ئێستە کە ئینتەرنێت لەبەر دەستدایە، ئەو کەسانەش کە لە دەرەوەن، زیاتر لە ڕابردوو ئاگایان لە ڕووداو و مەسەلەکانی ناوەوە دەبێت. ئەم مەسەلەیەش یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئینتەرنێتە. بەڵام ئەگەر شیعر نەبەستینەوە بە شێوازێکی (نحلە)ـی ئەدەبییەوە، هەڵسەنگاندنیشی بە ڕێسای تایبەت و گریمان نوێی هەمان شێوازەوە، لەو حاڵەتەدا شیعر سیمایەکی ئەزموونی و تا ڕادەیەک سەربەخۆ، لە خۆ دەگرێت، کە دەکرێ وەک ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانێکی سەربەخۆ سەیری بکرێت، یان بە وتەیەکی تر، ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک کە لە ژیاندا بێ پچڕان ئامادەیە. کەواتە ئەم ئامادەییە چ لێرە بێ و چ لەوێ، ئەنجامەکەی یەکسان دەبێت. تەنیا شتێک کە دەکرێت ببێتە هۆکار بۆ هەڵسەنگاندنی دوو بەرهەم، یان زیاتر پێکەوە، دەرککردنی ئەم ئامادەیی و هەوڵدانەیە بۆ نزیکبوونەوە لەو ئامادەبوونە، بەڵام ئەوەی کە دەرەوەی وڵات چ بوارێکی بۆ گۆڕین (نەک بە شێوەی پێویست پەرەپێدان)ـی دیدی من بە نیسبەت ژیانەوە ڕەخساندووە، پرسیارێکە وەڵامەکەی ئەوەندە ئاسان نییە (لانیکەم لە لایەن خۆمەوە)، چونکە من بە دوای ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییەدا نەچووم. بەم حاڵەوە هەست دەکەم، تەنیا هەست دەکەم کە لەم ماوەیەدا، هەندێ گۆڕانکاری ڕووی داوە. من هەڵبەت لەو ئاستەدا نیم بمەوێت نرخ و بایەخ دابنێم بۆ ئەم گۆڕانکارییە.

***لەگەڵ ئەدەبیاتی کلاسیکدا چۆنی و لە کلاسیکەکان کامەیان زیاتر لات پەسندن؟**

وریا مەزهەر: خوێندنەوەی شیعری کلاسیک، سەرەتا ماندووی دەکردم. دەزانی بۆ؟ چونکە لە سەرەتای کارکردنمەوە خۆم زۆر بە ئاوانگارد دەزانی و شیعری کلاسیک ئەو پیرەپیاوە خانەنشینانەی بیر دەهێنامەوە، کە لە پارکێکدا لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و حافز و مەولەوییان بۆ یەک دەخوێندەوە. بە کورتی، شیعری کلاسیک لای من حوکمی پیر و پەککەوتەکانی بوو، بەڵام ئێستە بە تاسەی یەکجار زۆرەوە شیعر و دەقە کلاسیکییەکان دەخوێنمەوە و فێریان دەبم. بو وێنە بیدل و مەولەویم زۆر خۆش دەوێن (هەردووکیان شاعیری فارسن. وریا مەزهەر: نامەکانی "عین الق×ات" و "هێڵی سێیەم"ـی شەمس، لای من پڕن لە شیعر. ئاوانگاردیزم کاتێ دەگاتە قۆناخی توندوتیژ و تەشقی خۆی، گیانی گەڕان و ئەندێشە لە شیعر دەسێنێتەوە و خۆبەکەمگرتن «ئەم گەوهەرە نایابە» لە بەرانبەر حەق (وەک پشک، یان بەش) و لەخۆباییبووندا دەدۆڕێنێت. «ئاوڕدانەوە» و «دووبارە بیرکردنەوە» بە «گەڕانەوە بۆ دواوە» و «پاشگەزبوونەوە» دەزانێت.



وریا مەزهەر

تاسەمەندیی من بۆ خوێندنەوە و فێربوون لە کلاسیکەکان، هەڵبەت بە واتای ڕەتکردنەوەی بێ سێودووی ئاوانگاردیزم نییە، بەڵکو بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بەشە لە ئەندێشەیەکە، کە خۆی بە حەق و سەلمێندراو تەواو دەزانێت و هەوڵ دەدات بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ئەزموونەکانی پێش خۆی. پێم وایە لە بابەتی سەرەکیی پرسیارەکەت دوور کەوتمەوە.

***لە کۆتاییدا پرسیار ئەوەیە، قۆناخێکی پێگەیشتن لای تۆ بۆ شیعر هەیە، کە شیعر خەریکە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت، یان وا دەزانیت ئەو پێگەیشتنە لە هەندێ شیعردا دەبینرێت؟ یان هەر لە بنەماوە بڕوات بە پێگەیشتن لە شیعردا هەیە؟**

-نا! هەروا کە وتم، بە ڕای من شیعر ڕواڵەتێکی ئەزمونیی هەیە و وێناکردنی ڕەوتی پێگەیشتن و پەرەسەندنی مێژوویی بۆ شیعر ڕاست نییە. شیعر ئەزموونێکە کە بەردەوام و لە هەموو حاڵێکدا ڕوو دەدات و لە چوارچێوەی زەمان و ڕۆژمێردا نییە. ئەزموونێکی نەیاب و لەم ڕووەوە شیاوی هەڵێنجان و دۆزینەوە. پێگەیشتوویی، پێگەیاندن، پێگەیشتن و پێگەیشتوو، وشەگەلێکن لە بەرانبەر ئەو کارانەدا دێن، کە ئێمە زۆر بە ئاگادارییەوە ئەنجامیان دەدەین، یان هەوڵ دەدەین بە خۆوریاییەوە ئەنجامی بدەین. گریمان پێگەیشتووییەک بۆ شیعر لە ئارادا بێت، دوای ڕوودانی ئەو پێشکەوتنە «تەواوبوون» دەبێتە ئەنجامی کۆتایی. کەواتە ئەگەر پێگەیشتن ئەنجامێکی وای ببێت، من بە باشی دەزانم شیعر بە دەرکەوتەی ناپێگەیشتوویی و ناتەواوی بزانم. لەم ڕووەوە باسەکە تەنانەت



لە «سەلیقەش» تێپەڕ دەبێت، واتە شیعر ناتوانێت بە بۆچوونێکی سەلیقەیی سنووردار بکرێتەوە، چونکە لە باسی «سەلیقەدا»، «هەڵبژاردن» توخمی سەرەکی دەبێت، بەڵام «ئەزموون» تەنیا ڕوو دەدات، چ بمانەوێ و چ نەمانەوێت. بۆیە هەرچی ئێمە لە باسی «عەینییەتگەرایی» لە شیعردا دوور بکەوینەوە و لە دەلاقەی بووناسانەوە بڕوانینە مەبەستەکە، دەوری ئێمە وەک بڕیاردەر، یان بکەری تەواوی شیعر، زۆر کاڵتر خۆ دەردەخات. ئەگەر ئێمە بەو جۆرە سەیری مەسەلەکە بکەین «خۆبەکەمگرتن» (ئەم گەوهەرە نایابە) لەوانەیە دیسان بتوانێت ڕێگەی خۆی بەرەو لای ئێمە لار بکاتەوە. ئەویش ئەو شتەیە کە بە تەواوی کەمبوونی لەم توخمەدا هەست پێ دەکرێت. کاتێ شاعیر بتوانێت لە ڕێگەی خۆبەکەمگرتنەوە فێری شیعر بێت، لەو حاڵەتەدا پلەی لەمەوبەر خوداناسای، واتە هەمان عاشقیخۆبوون، نەک عاشقیشیعربوون، لە بەرانبەر دەسەڵات و بەرفراوانیدا کاڵ دەبێتەوە. ڕەنگە یەکێکی دیکە لە ڕاستییە جوانەکانی شیعر هەر ئەمە بێت.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری هەمیان. ساڵی یەکەم. پاییزی ٢٠١١. تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی و. م. ئایرو (وریا مەزهەر)**



# قاقای چەقەڵ

وریا مەزهەر

لە خەون ڕاچەنیم. نیوەشەو بوو. گڵۆپەکەم هەڵکرد و یەکسەر چووم بەرەو یەخچاڵەکە. یەک- دوو قوم شیری ساردم نۆشی. بۆنێکی پیس بەر لووتم کەوت. بۆنی زبڵەکان بوو. لە بیرم چووبوو بیانبەمە دەرەوە. کۆتەکەم دا بەسەر شانمدا، نایلۆنی زبڵەکانم گرێ دا و چوومە دەرەوە. هەوا سارد بوو. کیسەی زبڵەکانم خستە ناو زبڵدانی ژووری تایبەت بە زبڵەکانەوە و کاتی گەڕانەوە چسکەی چاوی پشیلەیەک لەو تاریکەساتەی نیوەشەودا، هەموو

106

هۆش و هەستمی بەرەو لای خۆی ڕفاند. بە ئارامی ڕاوەستام، جۆرێک کە پشیلەکە هەست بە هیچ مەترسییەک نەکات. ئینجا خۆم لە ناوقەدەوە نووشتاندەوە و وەک ئەوەی خواردنێکم بۆ پشیلەکە لەناو لەپی دەستمدا شاردبێتەوە، دەستی ڕاستم بردە پێشەوە و گوتم: «پش پش پش، مەترسە وەرە پێشەوە!» پشیلەکە هەنگاوێک بەرەو دواوەوە ڕۆیشت و من هەر لەو حاڵەتەی خۆمدا مامەوە. ئینجا بە ئارامی دەستم بردە پێشترەوە و گوتم: «پش پش، ئۆخخەی. وەرە پێشەوە. کارێکم بە سەرتەوە نییە. دەمەوێ بتبەمەوە ماڵی خۆم. حەزیشت لێی بوو، هەر لەوێدا بنوو. ئاخر لە سەرمان ڕەق هەڵدێیت ڕۆڵە. وەرە، منیش بە تەنیام. دادەنیشین تۆزێکیش پێکەوە دەمەتەقێ دەکەین.»

پشیلەکە چیتر جووڵەی نەکرد. لە شوێنی خۆی مایەوە. دەتگوت توانیومە بەو قسانە پشیلەکە کەر بکەم. دەستەکەی تریشم بە هێواشی بردە پێشەوە و لە پڕ بە هەردوو دەست گرتم. تەنیا میاوێکی کرد و پاش ئەوە هیچ تەقەلایەکی تری نەکرد. جەستە گەرم و نەرمەکەی لە ناو دەستەکانمدا بوو. هەستم بە ترپەترپی لێدانی دڵی دەکرد. لای خۆم بیرم کردەوە: چ بە ئاسانی دەتوانیت پشیلەکانی ئێرە کەر بکەیت. پشیلەکانی وڵاتی من تەنانەت ئەگەر سێبەری مرۆڤێکیشیان بینیبا، دەمودەست دەبوون بە فیشەک و لە چاونووقانێکدا ئاسەواریشیان نەدەما. بیرم کردەوە: ئاخۆ بەم نیوەشەوە، ئەم پشیلەیە دەبێ لێرە چ بکا! خاوەنەکەی کێیە! ناشێ ڕای کردبێ؟! ئاخر من تا ئێستا پشیلەیەکی بەرەڵام نەبینیوە، هەر بەوجۆرە کە مرۆڤێکی بەرەڵایشم بەرچاو نەکەوتووە. واتە ئەو بەرەڵایانەی کە بە بۆچوونی ئێمە بەرەڵان و خەریکی خوێڕیگەری و بەرەڵایین، بەرەڵا نین. ڕەنگە کارێکیان هەبێ، کە هەمدیسان بە بۆچوونی ئێمە "کار" نین و قەت حیسابی کاریان بۆ ناکەین، بۆ نموونە پیاسەکردن بە هۆی بێکاری و دەستبەتاڵییەوە بۆ هەڵمژینی هەوای تازە و تەماشای دەرکودیواری ناو کۆڵانەکان کردنیش بە واتای "بەرەڵایی" نییە، بەڵکو بە واتای "پیاسەکردن بە هۆی بێکاری و دەستبەتاڵی بۆ هەڵمژینی هەوای تازە و تەماشای دەرکودیواری ناو کۆڵانەکان کردن"ـە. پشیلەکە خەریک بوو پێڵووی چاوەکانی دادەخرا. دەتگوت هەموو ئەم بیرکردنەوانەی منی لە مێشکی خۆیدا خوێندبووەوە و لە لای خۆی بیری دەکردەوە، کە بە خوا ئەم بنیادەمە دەستبەتاڵانەش زۆر جار بیر لە چ تورەهاتگەلێ دەکەنەوە. ئاخر خۆ پشیلە بیر لەم شتانە ناکاتەوە. نازانم، ڕەنگە بیریش بکاتەوە، خۆ ئێمە پشیلە نین هەتا بزانین پشیلە بیر لەم شتانە دەکاتەوە، یان نا.



دەموچاوی پشیلەکە لەبەر ئەوەی بە هەردوو دەست لە بنباڵییەوە بەرزم کردبووەوە، وەکو گونکی هەویر وێک هاتبوو. دەرگەی ئاپارتمانەکەم کردەوە و بردمە ژوورەوە. بەرم دایە ناو ماڵەوە، با بە ئارەزووی خۆی بگەڕێ و سەیری کەلوکونەکانی ناو ماڵەوە بکات، هەتا تۆزێ هەست بە نامۆییکردنی بڕەوێتەوە. لە پێشدا بە چاوێکی لێکۆڵەوە لە ناو دەرگە نیوەداخراوەکەوە سەیرێکی ژووری



نووستنی کرد. لەو ساتەدا من خەریک بووم دەڕۆیشتم کتریی چایەکە بخەمە سەر تەباخەکە. لە سەر کاناپەی ناو هۆڵەکە دانیشتم و بۆ ئەوەی سەرنجی پشیلەکە بۆ نزیکبوونەوە لە کاناپەکە ڕابکێشم، هەندێ دەنگم لە قوڕگم دەرهێنا، کە لێرەدا ناکرێ بینووسم. دەنگ ناکرێ بینووسیتەوە. ئەگەر بینووسی چیتر دەنگ نییە، وشەیە، قسەیە... بۆ نموونە ئێوە گوێ لە وشەی "میاو" بگرن. بەڵێ: "میاو"! بەڵام خۆ پشیلە لە ئەساسدا ناڵێ "میاو"، شتێکی تر دەڵێ کە "میاو" نییە، "میاوە"ش نییە، بەڵام ئێمە خۆمان، خۆمان هەڵدەفریوێنین و قەناعەت بە خۆمان دێنین کە پشیلە گوتوویەتی "میاو" و ئینجا سوێندیش دەخۆین، کە وەڵڵا و بیللا دەڵێ "میاو". دواتریش ئەم دەنگە بەستەزمانە کێش دەکەینە ناو ڕێزمانەوە و وەکو "کردار" مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین و دەیکەین بە "میاواندن". زۆر جاریش بە پێی زاراوە دەنووسین "میاوانن" یان "میاوان"، کە دواتر پشیلە پێمان پێبکەنێ و ببینە مەسخەرەی دەستی ئەو ئاژەڵە حیزە. من ئەم شتانەم پاش ساڵەها کۆشش و لێکۆڵینەوە وەدەست هێناوە، کەچی پشیلە بێ ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کردبێ، ئەو مافە بۆ خۆی قاییل دەبێ، کە بیر بکاتەوە بنیادەمەکان زۆر جار بیر لە چ تورەهاتگەلێ دەکەنەوە. لە ئەساسدا پشیلە ئەم مافەی بۆ نییە. نابێ ڕێی ئەوەی پێ بدرێ، کە ئاوها لە بارەی کۆشش و ئارەقڕشتنی زانستییانەی مرۆڤەکان لە سەر بابەتی زمانناسی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، بەڵام چیی لێ دەکرێ! پشیلەیە، خۆ مرۆڤ نییە. چوزانم، ڕەنگە هەبێتیش. خۆ ئێمە پشیلە نین، هەتا بزانین پشیلە مرۆڤە، یان مرۆڤ نییە.

بە نادڵنیاییەوە هاتە ناو هۆڵەکەوە. من هەر خەریکی ئەو دەنگدەرهێنانە بووم لە قوڕگم. نزیک بووەوە و پشتی خۆی لە کاناپەکە هەڵسوو. بەرزم کردەوە و نامە سەر کاناپەکە. ئینجا دەستم کردە ختووکەدانی. ئەویش خۆی دەتلاندەوە و پێ دەچوو خەریکە پێدەکەنێ و دەڵێ "بەسە"، یان دەڵێ "توخوا... ناوزگم پچڕا... بەسە!" هەر وا کە خەریک بوو خۆی لەم شانەوە بۆ ئەو شان دەخست و بە خەیاڵی خۆم دەیشیگوت "بەسە!" یان "هاهاها... توخوا... ناوزگم پچڕا... بەسە!" لە پڕدا چاوم کەوت بەو کلکە نائاساییەی، کە لەژێر دوولاقییەوە هاتبووەوە دەرێ و وەکو کلکی پشیلەکانی تر سەرەکەی خڕ نەبوو. زۆرتر لە کلکی سەگ دەچوو، یان لە سمێڵی ناسرەدین شا (سێهەمین پاشای قەجەڕ لە ئێران.)

هێواش هێواش کەوتمە گومانەوە، کە ئەم ئاژەڵەی لە دەرەوە دۆزیبوومەوە و هێنابوومە ناو ماڵی خۆم، ئایا دەشێ پشیلە بێ؟! دەموچاوم بردە نزیکییەوە و بە وردی سەیری ناو چاوەکانیم کرد. لە چاوەکانیدا حیزیی چاوی پشیلە بەدی دەکرا، بەڵام ئەوانەی ئەو ئێجگار ڕەش بوون، ڕەشێکی قەترانی. دەتگوت بە کل چاوەکانیان ڕشتووە. سەیر بوو. کەواتە ئەمە چ جۆر گیانلەبەرێک بوو؟! بۆ ساتێ موچوڕکەیەک بە لەشمدا هات و هەموو تووکی لەشم ڕەپ بوو. کاتێ چاوم بە لمۆزی کەوت جۆرێک دەستم لێی کشاندەوە دەتگوت کارەبای دووسەدوبیست ڤۆڵت گرتوومی. بەڵێ، چاوم بە هەڵەی نەدەبینی. ئەو گیانلەبەرە چەقەڵ بوو: بێچووە چەقەڵ، یان چەقەڵێکی لاو، یانیش پیرەچەقەڵێک. نەمدەزانی. من تا ئەوکاتە چەقەڵم لە نزیکەوە نەبینیبوو. لە تەلەڤزیۆندا ئەو کاتەیم بینیبوو، کە خەریکی خواردنی گۆشتی لەشی جەنازەیەک بوو. ئەم وێنەیەی چەقەڵ لە مێشکمدا مابووەوە. دەمودەست لەسەر کاناپەکە هەڵسامەوە و چوومە تەنیشتی پەنجەرەکەوە. چەقەڵ بۆ من ئاژەڵێکی نەناسراو و نامۆ بوو. بیرم کردەوە: ئەو لمۆزەی تا چەند دەقە لەمەوبەر پەنجەکانمی خووساندبوو، ڕوون نییە پێش ئەمە خۆی بە ناو جەرگ و ڕیخۆڵەی چ مردوویەکدا کردبێ. ئینجا بۆ چەند ساتێ خەیاڵێکم لە لا دروست بوو: چەقەڵێک لەسەر کاناپەکەم پاڵی داوەتەوە و بەوپەڕی ئاسوودەییەوە، لمۆزی کردووەتە ناوزگی جەنازەکەمەوە. جەنازەکەیشم

پشتەوقەفا، لەسەر کاناپەکە بە چاوێکی دەرپۆقیوەوە ڕاکشاوە.

بە پەلە پەنجەرەی هۆڵەکەم کردەوە. بە مێشکمدا هات ڕابکەم، بەڵام هەر زوو بیرم کردەوە، ڕاکردن، ئەویش ڕاکردن لە دەست چەقەڵ کارێکی گەمژانە و پێکەنیندارە. بۆیە هەوڵم دا بیر بکەمەوە لەوەی چەقەڵیش گیانلەبەرێکە وەکو هەموو گیانلەبەرانی تر و بە گشتی ئاژەڵێکە ترسنۆک و بێمەترسی. دەمویست بە بیرکردنەوە لەم شتانە، تۆزێ ترسی خۆم برەوێنمەوە و دڵی خۆم بدەمەوە، بەڵام ئەم شێوازەش سەرنەکەوت. حەپەسا بووم. ترس و خۆف بە تەواوەتی بە سەرمدا زاڵ بووبوو و کۆنترۆڵی ئەندامەکانی لەشی خۆم لە دەست دابوو.

دەسکەی پەنجەرە کراوەکەی هۆڵەکەم بە دەستی ڕاستم ڕاگرتبوو و بە دەستەکەی ترم وەکو پۆلیسی ڕێگەوبان هەر هێمام دەکرد، بەشکەم لە پەنجەرەکەوە دەرچێتە دەرەوە.

چەقەڵ... چەقەڵ... خوایە گیان... ئێستاش کە خەریکم ئەمانە دەنووسم، تەنانەت بە نووسینی ناوەکەیشی موچڕکە بە لەشمدا دێت. بەڵێ، لە هەمان حاڵدا کە دەسکەی پەنجەرەکەم ڕاگرتبوو و بەو دەنگە عەجاییبانە، کە لە قوڕگمەوە بۆ ترساندنی چەقەڵەکە دەرم دەهێنا و بەو هۆیەی پێشتر نووسیم، ناتوانم ئەو دەنگانە لێرەدا بنووسم، بەڵام دڵنیام هیچ لێکچوونییەکی لەگەڵ ئەو دەنگە نەوازشکارانەی پێشترمدا نەبوو، بە نائومێدییەوە دەپاڕامەوە، کە تەشریفی نامووبارەکی لە ماڵەکەم بچێتە دەرەوە. چەقەڵیش کە ترس و دەستەپاچەبوونی بە تەواوەتی لە ڕووخسارمدا بەدی کردبوو، دەتگوت شانۆی بۆ دەنوێنم: لەگەڵ هەر جووڵەیەکی دەستی مندا سەری بە هەمان لا دەسووڕاندەوە و دواتر کە بێئومێد دەبووم و دەوەستام، زیتەزیت چاوی دەبڕییە ناو چاومەوە و قیتەقیت سەیری دەکردم. چیتر نەمدەزانی چ بکەم. لە بیرمە یەک- دوو جاریش بە هۆی زاڵنەبوون بە سەر ژێیەکانی حەنجەرەمدا، دەنگێک وەکو دەنگی پرخە لە قوڕگم هاتە دەرێ و بەو خەیاڵەی دەنگی چەقەڵە، ئەوەندەی نەمابوو زەندەقم بچێ. بەڵام چەقەڵ، هەر دەتگوت هیچ شتێک نەقەوماوە، لە شوێنی خۆیدا بە خاترێکی ئاسوودەوە پاڵی لێ دابووەوە و پەشۆکیی بە خۆی ڕێ نەدەدا. لەو ئانوساتانەدا بوو کە لە دەرگە درا. بە ترسەوە، بەو جۆرەی ڕووم لە چەقەڵەکە بێت و پشتم بە دیوارەکەوە- قرژاڵئاسا- لە هۆڵەکە چوومە دەرەوە و هاتمە ناو ڕاڕەوەکە و دەرگەکەم کردەوە. پیاوێکی بەساڵداکەوتووی سەرڕووتاوە، لەوبەری دەرگەکەوە ڕاوەستابوو. چاویلکەیەکی فۆتۆکرۆمیکی لە چاودا بوو. بەبێ پێشەکی هاتە قسە و گوتی:



«تۆزێ پێش ئێستا یەکێک لە دراوسێکان پەیوەندیی لەگەڵ کردم و گوتی بینیویەتی چەقەڵەکەی منتان بردووەتە ژوورەوە.»

خاترم ئاسوودە بوو. گوتم: «ئاە بەڵێ بەڵێ... هەوای دەرەوە سارد بوو، گوتم ئەگەر ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە لە دەرەوە بمێنێتەوە، لە سەرمان ڕەق هەڵدێ. بۆیە...»

گوتی: «هیچ گرفتێک نییە. سوپاست دەکەم بیهێنی بۆم!»

گوتم: «لە هۆڵەکەدایە، فەرموونە ژوورەوە



خۆتان هەڵیبگرن و بیبەنەوە!»
کاتێ چەقەڵەکەی لە باوەش گرت، هەناسەیەکی ڕاحەتم هەڵکێشا. چەقەڵ تەماشای منی دەکرد، تەماشایەکی تێکەڵ بە توانج و تەشەراوی و پڕ لە مەزاقپێهاتن. ئینجا بینیم، کە خەریکە پێدەکەنێ. بەڵێ، بینیم، کە چەقەڵ خەریک بوو بە من پێدەکەنی. دەرگەکەم داخست و لە کونی دەرگەکەوە سەیرم کرد:
چەقەڵ لە باوەشی خاوەنەکەیدا سەری هەڵبڕیبوو و دەحیلکایەوە. دەنگی قاقای لە ناو ڕاڕەوەکەدا دەزرنگایەوە. تەنانەت چەند کەس لە دراوسێکان لە ناو دەرگەکانیانەوە سەریان هێنایە دەرەوە، کە بزانن چ مرۆڤێکی بێئەدەب و دوور لە مەدەنییەتە ئەوەی خەریکە بەو درەنگوەختە بە دەنگی بەرز قاقا دەکێشێ، کەچی بەوپەڕی سەیرپێهاتنەوە بینییان، چەقەڵە.
پاش ئەو بەسەرهاتە چووم لە کتێبخانە چەند کتێبێکی جانەوەرناسیم بە ئەمانەت وەرگرت و دەستم کردە خوێندنەوەیان: "تایبەتمەندییە ئاکارییەکانی چەقەڵان". دەمویست هەرچۆنێک بێت، پەردە لە سەر ڕازی قاقالێدانی چەقەڵ لا بدەم، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەو کتێبانەدا نەنووسرابوو چەقەڵیش دەتوانێ وەکو مرۆڤ قاقا بکێشێ.
بەڵام نە، من دڵنیام، ئەو شەوە بە هەڵەدا نەچووبووم، بیری هەلەقومەلەق ڕووی تێ نەکردبووم. نە سەرخۆش بووم، نە تام لێ هاتبوو، خۆم بینیم، لە ڕاڕەوەکەدا سەری هەڵبڕیبوو و قاقا پێدەکەنی. بە من پێدەکەنی، بەوەی کە گاڵتەی پێ کردووم و چەند کاتژمێری تەواو پێمی ڕابواردووە. پێیشی دەچوو بیرەوەرییەکی پێکەنینداری بیر کەوتبێتەوە. خۆ ئێمە چەقەڵ نین هەتا بزانین چەقەڵەکان بە چی پێدەکەنن. پێویستیش نییە بزانین. هەر ئەوەی بزانین چەقەڵەکان پێدەکەنن بەسە.
واتە ئەمانە هیچیان گرینگ نەبوون، گرینگ ئەوەیە، کە من شێوەی قاقاکێشانی چەقەڵێکم لە نزیکەوە بینیوە و بیستووە. سەیرتر لەمەش ئەوەیە، کە هەرکات ئەم بەسەرهاتە وەکو خۆی بۆ هاوڕێیانم دەگێڕمەوە، پێم دەڵێن: "واز بێنە" و دەست دەکەنە پێکەنین. قاقا، پێدەکەنن. ڕێک بەو شێوەیەی چەقەڵ پێدەکەنی. هەر دەڵێی هەموویان دوای ئەو ڕۆژە پرۆڤەی لاساییکردنەوەی پێکەنینی چەقەڵیان کردووە. جا با پێیشبکەنن... چ قەیدەکا... کە ئەوان پێدەکەنن منیش لەگەڵیاندا دەکەومە پێکەنین. تەنانەت شەوێکیش کە دابووم لە قاقای پێکەنین، لە دەنگی قاقای من چەند دراوسێیەک لە ناو دەرگەکانیانەوە سەریان هێنایە دەرەوە، تا بزانن چ چەقەڵێکە ئەوەی بەو درەنگوەختە داویەتی لە قاقای پێکەنین. وای بۆ دەچوون چەقەڵ بێت، کەچی بەوپەڕی سەیرپێهاتنەوە بینییان، کە منم.
ئینجا خۆیان بۆ ڕانەگیرا و دەستیان کردە پێکەنین. زۆر پێکەنین. هەموویان دەتگوت چەقەڵن و پێدەکەنن. ڕەنگە بۆیان سەرنجڕاکێش و لە هەمان کاتدا جێی باوەڕپێنەهاتن بووبێت، کە کەسێک توانیویەتی بە لێهاتووییەکی ئاوهاوە لاسایی قاقاکێشانی چەقەڵ بکاتەوە. خۆ تازە ئەگەر ئەوانیش بە دەنگی بەرز پێنەکەنیبانایە و منیش لەگەڵیاندا دەستم نەکردبایەتە قاقاکێشان، هیچ یەک لە ئێمە بیری نەدەکردەوە کە ئەوەی ترمان چەقەڵە و هەرگیز ئەم چیرۆکە نەدەنووسرا و چەقەڵیش هەرگیز قاقای نەدەکێشا.



### بژاردەیەك لە شیعرە کوردییەکانی

# وریا مەزهەر

### لە کتێبی "هیچ"ەوە

## ئەمە ساتێکی ناکاوە

**پێشکەش بە هاوسەری خۆشەویستم: لەیلا**

چی دەبێ
گەر ڕۆژێ خۆت لە سەر شەقامێکی
"پاریس" بدۆزیتەوە و
وەکو کوڕێکی سەر شەقامەکان
لە تەنیشتی تەزبێحەکەت هەڵسووڕێیت



دەنکەدەنکە خەونە نەبینراوەکانت بێنیتە پێش
چاو.

چی دەبێ گەر من بەهارێکی تر نەبم و
تۆ هەتا زستانێکی تر بژیت
چی دەبێ گەر بەیانییەك هەڵسیت و هیچ بیر
نەکەیتەوە
کە لە نێو بیرەکانی خۆت خنکاوی و
لە نێو خنکاوییەکانی خۆتدا مەلە دەکەی
کەچی کە بیر بکەیتەوە
هەمووی خەون بێت و خەون و خەون و خەون...

چییش دەبێ
گەر هەمووی خەون و خەون و خەون نەبێت و
بشخنکێیت و
هیچ مەلەشت نەزانیبێ.

چی دەبێ
گەر هەست نەکەی بە تەمەنت و
دیسانەوە
لە نێو رەحمی دایکتدا
ئەم جارە
بتلیسێیتەوە و
لە دوارۆژدا
رەحمی ئامێزی تلیساوەی کەس
تۆ لە خۆی نەگرێ

چی دەبێ گەر برۆیت و گرێ گرێی هەموو ژیانت
بکەیتەوە و
لە گرێپووچکەی دێرێکی بچووکدا
ئیست بکەیت و
بڵێی: "نەمویست!
ژیان و گرێ و دێڕ و هیچم نەویست!"
چی دەبێ گەر سەروەنەوزی ماندوویەتیی عەشقێك
بتشکێنێ و
وردت بکا و
بتکاتە نێو
شووشەی ناسکی خۆشەویستییەکی بەسراوەوە
چی دەبێ گەر رقت لە وێنەشیعرییەکانیشت
هەڵسێت و
ئەو شووشەش
وردوخاش کەیت!

چی دەبێ گەر لە سەرگەردانییە پووچەکانتدا و
لە ناکاودا
فرێ بدرێیتە ئاسمان و تەنانەت
بایەکی پووچەڵیش هەڵ نەکات و هەڵت نەگرێت
و نەشتبا

چی دەبێ گەر لە سەر مێزی کۆنفیرانسێکی
مانگانە
"سوسور" هەڵسێت و سوور ببێتەوە
لە سەر زمان
تۆش ئەوەندە گوێ رابگری
هەتاکو بن هەر دوو گوێچکەت
سوور هەڵگەڕێن.

چی دەبێ گەر لە ناکاودا
هەڵسیت و لە بەرامبەر ئاوێنەدا
هەست بکەی هیچ نابیسیت و هەر دوو گوێت

پڕکراوە لە زمانی گۆشتنی سوور
یان چی دەبێ گەر لە پڕدا هەڵسیت و
بمریت و بنووسیت:
"ئەمە ساتێکی ناکاوە!"
یان "ناکاویش" لە پڕدا پڕ ببێ لە هیچ

چی دەبێ؟

هیچ!

هێلسینکی
28_2_2002

## لە سەرەتای جادەی مەرگدا

تۆ نەڕۆیشتیت
تۆ
تەنیا
بە دڵ
راوەستایت و
مردیت و
تۆ راوەستایت و من ژمارەی پێڵاوەکانم
نەزانی
تۆ مردیت و من دەستم پێ کرد
دەستم پێ کرد بە هیچ و
ئێستە من
لە سەر ئەرزی دیارێکی نادیارەوە
لەپی دەستم دەکەم بە بنی پێڵاوێك و
جێپێی هەنگاوە نەڕۆیشتووەکانت
دەپێوم!

هێلسینکی
2/4/2002



## بەسەرنەهاتێکی ریالیستی

سووکنایی بە سەر پشتدا راکشابوو
و
ئاسوودە لە هەموو فەرمانە
تەپوتۆزهەڵکەرەکانی مێژوو
پێستە برۆنزییەکەی بۆ میوانیی
تیشك راخستبوو...
بەڵام ئەم وێنە ئارامە هەر ئەوەندەی
لەم تێکستانەدا خایاند و
سووکنایی لە ڕچەکانی یادییەوە
گەڕایەوە بۆ بەسەرهاتی خۆی و مێژوو،
ئەو کاتە وا
مێژووی لاواز، فریا نەکەوت
فەرمانی "بەرەوپێشچوون" بە خۆی بدا
من و تۆ خەیانەتمان بە سرەوتی لەشمان
کرد و
مێژوومان نووسییەوە و
بۆ هەمبانی خۆمان رفاند.
مێژووش رێگەی بە هەڵە برد و دوای
ئەوەش،
وەکوو زەلامێکی گێل و زەبەن
لە شانۆی کەڵەگاییدا
خۆی بە سەر
سووکنایی
داسەپاند

29/4/2002
هێلسینکی

## هەڵمێ بەهەڵکەوت

تەڕ و ماندوو، رچەکانی بیرەوەریم
دەشکێنم و



ئەبەدیەتی فریودەریشم لە زبڵدانی مێشکم
فڕێ دەدەمە دەرێ
لە دواجاردا ڕەنگە
بگەمە ئەو سەرمەنزڵە بناغە لە خشتی "هیچ"
داڕژاوە
کە وا نیشانی خۆی ون کردووە و
بە بەردەوامی ئەم پرسیارە لە خۆی نادیاری دەپرسێ
کە:
"هام
لە
کوێ؟"

یان دەبمە
دانیشتوویەکی بێ ئۆقرەی
هەموو شارۆچکە بێ دەڤەرەکان
- "شارۆچکەی بێ دەڤەر" چییە، برام؟!
وا
های
لە
کوێ؟
وا دەڵێی خولیای سەرسام
کاسەی سەری گشت سەفەرەکانی لێوانلێو
کردبێ!

. هەنووکە نازانم بەڵام
لەوەش دەچێ مەبەستی تۆ هەر لەو کاسە ئاوە بێ
کە وا دایە گەورەم
بە شوێن پشتی
هەموو سەفەرەکانمیدا دەرژاند!
دەنا ئێستەش پشتی تەڕی سەفەرەکان
من بە شوێن خۆی پەلکێش دەکات
دەم با
بەرەو ناکوێ!
بەڵام هاوڕێی ناهاوڕێی من!
لەوە دەچێت
ئەم سەفەرە
وەکو نووسینی ئەم نووسینانەی ئێستەم
هەڵکەوتێك بێ
کەوا هێشتاش خۆم نازانم
چۆن بە چی سەفەر دەکەم بۆ کوێ؟
تاکو ڕەنگە ئەم سەفەرە
عەکسی هەموو ئەو دابونەریتانەی
سەفەرەکانی دەروون بێت...
کە ئێستەی من وا دەمەوێ
لە ڕەپێڵکەی پڕپێچ و تەمگرتووی مردنەوە
بە پێی پەتی
بڕۆمە نێو ژیانێکی رووت و روونترەوە

تەڕو ماندوو
تەڕ و تلێس
وەك مستێ ئاو کە پێش کوشتنی ئاژەڵ دەیدەنێ
خۆم قڵم دەدەمەوە بەسەر هەموو نادیارە بێ زەمەنەکان.
یان، نا...
وەك چۆڕچۆڕی ئارەقە
دەپرژێمە سەر تاتەشۆری ئاواییەکی وێرانە
کە لە ئاویلکەی مرۆڤێکی تازەمردوو
هێشتا گەرم بێ و
جا ئەو کاتە
زۆر بەهەڵکەوت
دەبمە بوخار،
دەبمە هەڵمێ لە مردن و
رووسووخ لە شادەماری رۆحی ژیان دەکەم!

- "شادەماری رۆحی ژیان" ئیدی چییە برام؟!

. بڕوا بکە، هەنووکە نازانم بەڵام
لە ڕۆژێکی دژبەمێژوو ڕاوەستاودا
مانایەکی پڕ بە پێستی پێ دەبەخشم
ئەوسا
وەڵامەکەت دەدەمەوە!-
ئەو کاتە وا
لە دەرەوەی ئەم شیعرەدا
بە تەواوی
ببمە بوخار...

29/4/2002
هێلسینکی

ئەم خەفەتە پشیلەیە، بۆیە نەرمە
گۆڕێکی بەرەڵا لە ڕشانەوەکانی دنیا
گەورە؟
نا گەورەتر
تەنیا لەبەر ئەوە
خەفەتەکان پێشە و ئێسقانی
بەدانگرتووی
سەگەکانن
لە کۆشکە هەڵچووەکانی کەلاوە

تەشتێ لە بێ تانییە چەورەکانی دنیا
چەور،
بۆ باوێشکدانی پەنجەرە بێ شووشە
چاوەڕوانەکان
لە تەنیشتی سمێڵە شۆڕەوبووەکانی
پشیلە دانیشتووەکانی ئەفریقا
بۆ پەراسووی 100ەمی
نەهەنگێکی شەرمنۆکی هیچنەخۆر



لە سەدەی بیستویەکەمدا
وەرە ئێستە، خۆشەویستم!
وەرە و
لە سەر کەلاوەی کۆشم دانیشە و
هەر بیست
و
یەك
ئێسکی گیانم
دا
کرۆ
ژە
تۆ و من لە گۆڕەپانی زگی ئەم
نەهەنگە گەورەدا
بە شوێن گۆڕێکی خاوێن دەگەڕێین
خاوێن،
هەتا
لە نێویدا دابنیشین
یان نا:
دامرکێین و
ئێسقانەکانی لەشمان
بۆ سەگەکان فڕێ بدەین و
پشیلەکانمان لە باوەش بدوێینین.

5/5/2002
هێلسینکی

**سەرچاوە:**
هیچ/ کۆشیعر- وریا مەزهەر



# بەخێوکەری ڕووبار

**وریا مەزهەر**
**لە فارسییەوە: شاڵاو حەبیبە**

تێبینییەک:
شیعری وریا مەزهەر، سەرڕای تەنزە قووڵەکەی، نزیکەی هەمیشە توانیویەتی، بە هەمان تەنزی قووڵەوە، قووڵ خەمگینم بکات.
شیعرگەلێک کە دەیخوێننەوە، بژاردەیەکە لە دەفتەرەشیعری "هاوار مەکە لەم ئاوێنەیەدا کەسێک نییە!" کە ساڵی 2004، لە کەنەدا چاپی کرد و منیش چەند ساڵێک لەمەوبەر وەرم گێڕاون.

116

## ئەڤینی پۆستمۆدێرن

هەر کە پێی شکاوم لە دەرکەی حەوشەوە
خستە کۆڵان
بیرت نەچێ
جانتاکانم لە دەست وەربگرە
زۆر نا، بەڵام
نەختێك ئاشکرا وا خۆت بنوێنە پەرێشانی
پاشان
دەستبەجێ
تاکسییەکم بۆ بگرە و
تا وێستگەی قەتار
بۆ بەرێکردنم وەرە.
منیش لە پەنجەرەی قەتارەوە
ئازیزم!
لە بری دوو جار
سێ جار
دەستمت بۆ ڕادەوەشێنم.



## نۆستالژی بۆ نۆستالژی

ڕووداوێکی چەندە سادەیە!
کە مرۆڤ هەرچەند خەمگینتر دەبێت
بچووکتر دەبێتەوە لە ئەندازە ئاساییەکەی

کە وا بوو هیچ ئاسایی نییە
ئەگەر کە بنووسین:
چەندە خەمگینی خۆت ئەی دڵتەنگیی گەورە!

## شتی سێیەم

بەلەمێك کە لە شەڕی جیهانگری سێیەمەوە دەگەڕایەوە
بەلەمێك پتر نەبوو
بەلەمێکی فرە ئاسایی
لە ئاوگەلی ڕەهای جیهاندا
بەرەو ئێمە دەهات
بەڵام سەوڵێکی لە شەڕی جیهانگری یەکەمدا و
سەوڵەکەی دیکەی
لە شەڕی جیهانگری دووەمدا بەجێ هێشتبوو.

سەوڵی سێیەمی
بەشێك لە نهێنیی چەکداریی بوو.



## دەرەوە ساردە، بفەرموون: دژەبووز!

من لە وڵاتێکدا دەژیم
کە هەمیشەی خودا ساردە و
سبەینان لە بری چا و قاوە
دەبێ دژەبووز بخۆیتەوە،
بەڵام لەوێ شوێنێکی گەرمیش هەیە،
شوێنێك بۆ پاڵدانەوە،
سەرنانی مانای گەرم و
لاواندنەوە ڕۆح.

ئەو شوێنە دەکرێت هەر شوێنێك بێت
هەر شوێنێك
لە دەرەوەی شیعری من!

## چەکمەکانی ڕۆژگاری عاشقی

هێشتا چەکمەکانی ڕۆژگاری عاشقیم پاراستوون
هەرکات لە بۆفییەکەم دەریان دەهێنم و
دەیاننێم بە سینگمەوە
ساردییەکی قووڵ لە جەستەمدا هەڵدەکا
کە بەختەوەرانە
کار لە کەشوهەوا ناکا.

## سێبەر

لە ژوورێکدا کە پڕتاریکە
خەریکم لە دووی سێبەرێك دەگەڕێم
سێبەرێکی پڕ
سێبەرێك
بە مینای ئەو سێبەرانەی لە ڕووناکیدان
بەڵام هەرچی دەکەم نایدۆزمەوە
وا بزانم ڕووناکی بەر هەموو شوێنێکی کەوتووە

!

سبەی بە جۆرێك لە گاکێوییە پیر و شاخدارەکان
کە لە باخچەی ئاژەڵاندا دەیانبینی دەفکری و
سەرت سووڕ دەمێنێ کە چۆن
ئەمانە تا ئەمڕۆ زیندوو ماونەتەوە،
سبەی ئەگەر لە باخچەی ئاژەڵاندا هیچ گاکێوییەك نەبینی
پتر لەمانەیش سەرت سووڕ دەمێنێ و
تازە ئەگەر سبەینێیەك نەبێ
تا باخچەی ئاژەڵانی تێدا ببینی
ئەوکات باخچەی ئاژەڵان لە بری تۆ شاخ دەردەکا
و
تۆ ئیتر پێوستت بە شاخەکانت نابێ؛
تووڕیان دەدەیت و
ئیتر سەرت لە هیچ شتێك سووڕ نامێنێ.

## پیکنیک

دوێشەو لە شاردا پیاسەم کرد
شوێنێکی بەتاڵم هەر لەو ناو شارە
دۆزییەوە
دڵم تەنگ بووبوو بۆت
دانیشتم
~~ڕستەیەکم بۆت نووسی و خەتم لێی دا~~
~~ڕستەیەکی دیکەم نووسی و~~
~~دیسان خەتم لێی دا~~
~~ڕستەیەکی دیکە و هەروەها ڕستەگەلی~~
~~دیکە~~
~~کە هەر نووسیمن و هەر خەتم لێیان دا~~
ئەوەندە ئەم کارەم درێژە پێ دا،
کە هەستم کرد:

ڕووبەڕووی تۆ لە شوێنێك لە دەرەوەی
سنووری شیعرییەوە دانیشتووم.

## فانۆز

بەرلەوەی بێتە قسە شتێ، کەسێ و
بدوێ لە کەسێ، شتێ
ڕێ بە کۆتایی خۆی گەیشتووە
- گەیشتووی برادەر!

لە کۆتایی کۆتاییدا
فانۆزێکی پێکراو هەیە
پیشەی:
خامۆشی.



## یادی هیچکەس

شەوان ساتێك لە بەر یادت خەوم لێ
ناکەوێ و
شەوان ساتێك بە یادی تۆوە دەخەوم
لەم نێوانەدا ساتگەل هەن کە بە
خەبەرم
ساتگەل
کە لە یادی هیچکەسدا دەخەوم.

## شیعرێک بۆ دۆنکشۆت

تا ئەم پەنگوئێنە لەو دەرختە نەیێتە
خوارەوە شیعر ناڵێم
تا ئەم درەختە نەبێتە پەنگوئێن
ئەسڵەن دیسان شیعر ناڵێم
"- دەست هەڵگرە، واز بێنە یان لانیکەم
نەختێك هێواش!"
ئەمە فەیلەسووفێك کە بە دۆنکیشۆتی
گوتبوو: تۆ ئیتر چ شەیتانێکی! و
پاشان خۆشخۆش بە تەنیشت جادەکەدا
تێپەڕیبوو و
ساتناساتێك دەست لە گیرفاندا فیکەی
لێ دابوو و
یەکەمی ناوەکەییم لەبەر نییە چ بگا بە
ئاخری ناوەکەی، گوتی.
پاشان، ئیتر کەس شتێکی نەگوت.



نەك وا بیر بکەیتەوە کە بۆ نموونە بێدەنگی
هات زریکاندی و قژی سەری تاڵ تاڵ دەرکێشا
نا،
من دەستبەردار بووم و شیعرم نەگوت
تا
ئەوەی پەنگوئێن نەختەنەختە لە کەری شەیتان
هاتە خوارێ و
درەخت،
پتر لە پەنگوئێن سەر شێوەی خۆ کەوت.

## پاشی ئەو ڕۆژە، پاشی ڕۆیشتنت

پەنجەرەکانی ژووری نووستنەکەم کردنەوە
ڕێم دا
چەند دانە چۆلەکە و دوو- سێ کەناری و چەند
کۆتر بێنە ژوورەوە
کە بینیم سەگێك و حەوت پشیلە و پێنج- شەش
دانە سمۆرەیش هاتنە ژوور
پاشان، دە- بیست دانە شێر و پڵینگ و چل دانە
مار و ڕیزێك سۆنەبۆگەنە بە دوایاندا،
کورتی ببڕمەوە نازانی بوو بە چ باخچەئاژەڵێك
بەڵام هێشتا نەمزانی بۆچی وێنەکەت لە دەلاقەدا
پێی وا بوو
ئەم ژوورە
بۆ خەونبینینەکانی ئێمە دوو نەفەر بچووکە!

## ماشێنەکان تێدەگەن

لە شەقام کە دەپەڕیتەوە مەترسە بڕۆ
ماشێنەکان خۆیان دەوەستن
ماشینەکان تێدەگەن
تێدەگەن کە مرۆیەکی بریندار خەریکە بە
شەقامەکەدا تیدەپەڕێ
ڕێڕەوی خوێنەکەت بگرە و بڕۆ، لە ماشێنەکان
مەترسە
لێگەڕێ سێ- چوار هۆڕنیش لێ بدەن- سەرەنجام
کە چی!-
دەوەستن.

ئەم ڕۆژانە
ماشێنەکان ئیدی کەر نین.

## تۆ

دەنگت نابیستم،
بەڵام چەند سێبەری سووکەڵە
بە تاقەتێکی منداڵانەوە
لەم لاوە بۆ ئەو لای ژوور خۆ هەڵداوێن
کە زۆر کەس دەڵێن: تۆی!
حاڵم کە باشتر بوو

به سێبەرەکان دەڵێم کە من تۆم
ناسیوە و
چاک زانیومە تۆ کێی
ئەوان لەوەی کە دەنگم نابیستن
بەرز
بەرز
پێدەکەنن؟!
منیش
پێدەکەنم و
پێم وایە ئەوان چاک زانیویانە
کە من هێشتا نازانم تۆ کێی!



**من دڵنیام** ئەم پیاوەی بەم کاتەی شەو
ئاوا بە حەزەرەوە
لە تەنیشت نەردەکانی حەوشەوە
لە شۆستەدا هەنگاو هەڵدەهێنێ
خەریکە بیر دەکاتەوە لەوەی بۆچی ئاخر
دەبێ ناکاو دەست بکا بە ڕاکردن!
من ئەگەر لە بری ئەو بام
بیرم لەمە دەکردەوە
کە لە کوێوە ڕابکەم تا قاچم لە دارێك،
بەردێك، شتێك گیر نەبێ
ئێوە ئەگەر لە بری ئەو بان...
ئەوان ئەگەر...
خۆزگە کەسێك دەهات و دەمی ئەم
پەنجەرەیەی لە قوڕ دەگرت
باشترە نانێك بۆ شەو حازر بکەم
ئێمە لەم حاڵانەدا
دەبێ توانای ڕاکردنمان هەبێ
پاتی دەکەمەوە:
دەبێ توانای ڕاکردنمان هەبێ!
بەڵام نا،
هەموو شتێك بە شێوەی ئاسایی
خۆی دەڕواتە پێش
پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکا،
بەڵام:
هەموو شتێك بە شێوەی ئاسایی
خۆی دەڕواتە پێش
تەنانەت دیمەنێك کە تێیدا
پولیسەکان سەرلەدووی سێبەرێك
ڕادەکەن
کە جەستەی
پاڵی داوەتە نەردەکانی حەوشەی
ماڵەکەی و
لە مێژە
ڕاکردنی
لە بیر کردووە.

## رژەبیرەوەری

بیرەوەریگەلی سرنجکێش و دووروودرێژم
هەن
کە ئەگەر ڕۆژێك تاقەتم هەبێ و
بیاننووسمەوە
بە خەروار کاخەزم پێویستە
بەڵام بە داخەوە هیچکامیانم بیر نەماوە
جگە لەم دانەیە:
"سبەی بە نیازم بۆ میوانییەکی گرینگ
بچم
لە بەختی خەراپ بارانێکی بە تاو دەبارێ
و من لە ماڵ دەمێنمەوە."





## شتگەلی گرینگ

خۆی چووەتە بیرەوە و
دەستی چووەتە ژێر چەنەی
کە چەنە لە بن دەستی درەدەچێ و
سەری توند بەر مێز دەکەوێ
نەختەنەختە بیری دەکەوێتەوە
کە جگە لە سەر، دەست، چەنە، مێز
شتگەلی گرینگیش لە دنیادا هەن
وەك سەر و دەست و چەنە و مێز

## کاوێژ

گیایەك
لە ناو زەویدا
لە ژێر زەویدا
لە سەر زەویدا
بە من چی لە کوێ
دەڕوێ و
مانگایەك
لە ناو زەویدا
لە ژێر زەویدا
لە سەر زەویدا
بە تۆ چی لە کوێ
دەیخوا و
دیسان
بە ئێمە چی
گیایەکی تر و
هەمان مانگا و
بە هەموان چی و
هەر ئەوەندە

**نامەی یەکەم بەتاڵ بوو**
لە هاوڕێیەکەوە کە دەمناسی و
گا سەری دەخستە سەرم
نامەی دووەم لە لایەن نێنەرێکی
نەناسراوەوە گەیشتبوو
کە نەدەکرا گریمان بکەی کێیە
تێیدا بە خەتێکی گەورە نووسرابوو:
"ژیان گا هەر ئەمەیە کە هەیە و
گا هەر ئەوەیە کە نییە."
من، بەڵام تەنیاوتەنیا
بە هیوای ئەوەی ڕۆژێك
نێنەری ئەو نامەیە یان شیعرە یان هەر
چییە بدۆزمەوە
دەژیم

تەنیا لەبەر ئەمە.



## کۆترەکان

دوێنێ، هەروا لە پارکدا
تێڕامابووم
لە دەستەیەك کۆتر کە نیشتبوونەوە و
پیرەژنێك کە بە داوێنی کورت و چرچ
و دلۆڤانەوە
نانی بۆ ڕۆ دەکردن
ساتێ حاڵم تێك چوو لەم هەموو
ئەهوەنییە
پیرەپیاوێك کە نزیکەی شەستساڵ
دەینواند
هاتە پێشەوە:
"لە وڵاتی ئێوەیشدا کۆتر هەیە؟"
گوتم: "هەڵبەت کە هەیە، بەڵام نەختێ
گوێت بێنە پێشەوە:
ژمارەی کۆتربازەکانمان لە
کۆترەکانمان زیاترن!"
پێکەنی و ڕۆی...
پێکەنیم و هەستام:



لە پارک، هیچ کۆترێک نەبوو
ئەو پیرەژنەیش
ساڵان لەمەوبەر مردبوو.

## کوندەپەپووەکان

مەکۆکە، خەریکم شیعرت بۆ دەخوێنمەوە
هەڵبەت ئەو ڕۆژەت لە بیرە
من و تۆ و یووسف دانیشتبووین لەو کافەیە...
کە گوتتان:
ئێستا لە بەر هەمەڕەنگییش بێ شیعرێک بخوێنەوە،
با بڵێین هەر ئەوەی ناوی "کۆترەکان" بوو!
کە یووسف هەر کۆکی، کۆکی، ئەوەندە کۆکی
تا کۆترەکان یەکجێ فڕین و هەر کە هیچیان لەوێ نەمان
ئەویش کۆکەکەی وەستا. گوتی: "حاڵم باش بوو."
گوتم: باش بوو؟!
گوتی: چی؟!
گوتم: هەر ئەوەی دواجار کۆترەکانت هەڵفڕاند!
گوتی: کۆترێک بە کۆکەی من بفڕێ ئەسڵەن کۆتر نییە، کوندەپەپووە!
تۆ چی؟ تۆیش پێت وایە ئەو لەسەر حەق بوو؟

ئێستا کە "چوزانی"
گوێ بگرە لە شیعری "کوندەپەپووەکان"
مەکۆکە گوتم،
هەرکە کۆترەکان بگەڕێنەوە
شیعر
دووپاتەوەبوو دەبێت.

## ڕووبارێکی بچکۆلە لە ماڵەوە بەخێو دەکەم

24 ساعەت لە کەناری دادەنیشم و
تێکڕای کاتەکەم سەرفی پەروەردەکردنی دەکەم،
بەڵام چ گرفتێک لە گۆڕێیە
لە بەرامبەردا بایەخی هەیە
گەورە کە بوو
دەنێرمە ئەکادیمیای ئۆکسفۆرد لە لەندەن وانە بخوێنێ و
پاشان کە بووە ئەندامی فەرهەنگستانی گشتی
واتا بۆ خۆی بووە زەریایەک و گەڕایەوە
دەورەیەکی تەواو لە فەرهەنگی دهخدای تێدەڕژم.

## گۆڕی بەکۆمەڵ

گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک
گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک
گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک
گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک
گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک
گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک
گۆڕگەلی بەتاک   گۆڕگەلی بەتاک   - ها...



# من تەنیا خەریکم چرکەکانی ژیانی خۆم دەژیم

## وتووێژی کووشیار پارسی لەگەڵ وریا مەزهەردا

**لە فارسییەوە: گوڵە مەلا عەبدوڵلا**

*تۆ وتووتە:
سەردەمی ڕەشی بێ خانەولانی دوایی هات
ماڵێکم بۆ کڕیوی
لە نزیک دارستان، لە کەنار دەریا
دیوارەکانی بەرزتر، قایمتر
باڵکۆنەکەی لە شووشە
دەرگەکانی ڕەیلی
لە هەمووی خۆشتر
پەنجەرە بچووکەکەی
لاسەرووی سنگی دەسشۆردنەکەیە



**که هەریەک لە ئێمە دەتوانێ لەوێوە بە تۆرە هەڵاتن و ونبوونی تەواوی ئەوی تر ببینێ...**

-سەردەمێک بوو شاعیر "ئاوێنەیەکی لە بەردەم ئاوێنەیەکدا" دادەنا، بۆ وەی "ئەبەدییەت"ێک لە دڵدارەکەی دروست بکات. کەچی ئێستا...

ئەم دووانە (ڕابردوو و ئێستا) زیاتر لەوەی کە تووشی جیابوونەوەیەک بووبن، لە پێکەوەسازانێکی ناچاریدان. واتە باس لەسەر چۆنیەتیی "ڕوانگە"یە و ئەمە ئیتر پێوەندیی بە "سەردەمێک" و "ئێستا"وە نییە. بۆیە دەڵێم "ئێستا" دەکرێت هەمان "سەردەمێک" بێت. لەوانەیە سەردەمێک شاعیرێک هەر ئەمەی هەست پێ کردبێت، کە من وتوومە، یان بە جۆرێکی تر دەری بڕیبێت، کە من ئێستا زانیاریم لە بارەیەوە نییە. کەوایە ئەم جیاوازییە لە جیاوازیی دوو جۆرە ڕوانگەوە دێت، نەک لە جیاوازیی دوو زەمانەوە.

پێم وایە دەبێت ئەمەم لە سەرەتای قسەکانمەوە بوتایە: ئاساییە کە دڵدارەکەی من ئاوێنە بیر نەخاتەوە، ئەو هەرگیز هێندەی ئاوێنە بێگەرد و ڕوون نەبووە و نییە و من ناتوانم خۆم بە تۆکمە و تەواویی لەودا ببینم. ئەو؛ ئەوە، هەر وەک خۆی و من، منم، هەر وەک خۆم. کۆی ئەم دووانە دەبێتە ئێمە. بە هەموو کەموکورتییەکانمانەوە. بە هەموو ئەو خۆشەویستی و ڕقەوە، کە بەرامبەر یەکتر هەمانە.

***یان وتووتە:**
**بەبێ هۆ**
**هەندێ لە وشەکان (بە پێی جۆر و توندیی لێدانی ئێمە)**
**دەنگێکی تایبەت بەرهەم دێنن**
**بۆ وێنە بە پڵتۆکدان لە کەڕاگەی وشەی "گۆرانیبێژ"**
**دەنگی "دینگ" دێتە گوێمان**
**بە لێدانی مستێک لە ناوەڕاستی تەوقەسەری "پەنابەر"**
**دەنگی "دانگ" و**
**لەگەڵ بەرکەوتنی شەق لە کەلەکەی نووسەر، دەنگی**
**"دانگ**
**دینگ**
**دینگ**
**دانگ."**
**زەنگی کڵێسەکان چیتر**
**دەنگی هیچیان لێوە نایەت**
**تەنانەت ئەگەریش لەم ناوەدا**
**کەسێک بەبێ هۆ لە ناوەوە هەستابێ و**
**لەولاترەوە**
**مردووییەک بەبێ هۆ ڕابووبێ.**
**ئەم "بەرهەم دێنن"ـە نەختێک خراپتێگەیشتن بەرهەم ناهێنێت؟**
**یان بۆچی مست نادەی لە تەوقی سەری پەنابەر و دەیدەیت لە ناوەڕاستی تەوقەسەری پەنابەر؟**

-ڕاستە و بەرهەمهێنان تا ڕادەیەک وشەیەکی زانستی-پیشەییە، بەڵام دەی لەم سەردەمەی گەشەی پیشەسازیدا، تەنانەت دایکان لە باتی ئەوەی شیر بدەن بە منداڵەکانیان، سەرەتا دەبێت لە جەستەی خۆیاندا بەرهەمی بهێنن، پاشان بۆ بەکارهێنان بیگەیەنن بە کۆرپەکەیان. لەم ناوەدا ئیتر بەهەرحاڵ دەبێت شوێنێکیش بۆ خراپتێگەیشتن بهێڵینەوە. بەمە دەوترێت: سیاسەتی پیشەیی و دیارکەوتنی **پێشکەوتنەکانی لە شیعری سەردەمدا.**

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەشت، دەبێت بڵێم، وشەی ناوەڕاست، تەئکیدە لەسەر بەبڕشتبوون و وردیی هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەو دەنگە. جۆرێک وردبینی و پلانی ئەشکەنجەگەرانەی لە پشتەوەیە. ناوەڕاستی تەوقەسەر، بە واتایەک هەمان مەڵاشووە. شوێنێک لە ناوەڕاستی سەردا. یانێ شوێنێکی باش بۆ لێدانی مست.

***ئەمە وەک ئەوەیە، لە شارێکی غەریبدا لە ناو تەکسییەکدا دابنیشیت و شۆفیرەکە هەر بتسوورێنێتەوە و ڕۆژی دواتر بزانیت کە ئەی هەی، خۆ ڕێگەکە زۆر لەوە**

**کورتتر و نزیکتر بووە... ئەی باشە بۆچ هەر نەتوتووە مەڵاشوو، با هێندە ئێمەش نەسووڕێنیتەوە؟**

-یەکێک لە هۆیەکانی ڕەنگە ئەوەیە، کە من لە کاتی نووسیندا، بیر لە ئێوە (ئێوە بە شێوەی گشتی) ناکەمەوە. جگە لەوەش وەک وتم، جۆرێک وردبینی و پلانی ئەشکەنجەگەرانەش لە بەکارهێنانی ناوەڕاستی تەوقەسەردا، لە ئارادایە، کە لە مەڵاشوودا نییە. سەیرکە تۆش چۆن هەر واز لەم تەوقەسەر و مەڵاشووە کەچەڵەی ئێمە ناهێنیت.

***چەن کۆمەڵەشیعرت بڵاو کردوونەتەوە؟**

-خوا لە تاوانەکانم خۆش بێت. بە گشتی هەشت دانە. هەر هەشتەکەشی لە دەرەوەی وڵات. جگە لە دواییینەکە (هاوار مەکە...) کە لە کەنەدا و ئەوەی پێش دواییینەکە (بیرە کانزاییەکان) کە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاو کراونەتەوە، ئەوانی تریان هەموویان خۆم بە شێوەی کتێبی پۆلی کۆپیکراو، دەمناردن بۆ هاوڕێکانم لە وڵاتانی تر و ئەوانیش هەندێک جار دەیانگەیاندنە دەستی هاوڕێکانیان. واتە چاپ و بڵاوکردنەوەی خۆیی.

ئێستا وەک خۆم، تەنیا چەند شیعرێکی ئەم دوو دەفتەرەی دواییم بەدڵە. حەز دەکەم کتێبەکانی بەر لەم دووانەی کۆتایی، هەر بە نەنووسراو دابنێم. لەم حاڵەدا دەتوانم بڵێم، دوو کۆمەڵەشیعر و دوو کۆمەڵەچیرۆکم هەن، کە یەک لە کۆمەڵەچیرۆکەکان لێرە چاپ کراوە و ئەوی تریان، قەرارە لە چەند مانگی داهاتوودا لە ئێران (هەڵبەت ئەگەر بە سەلامەت دەربچێت) لە لایەن دەزگەی چاپ و



بڵاوکردنەوەی "نەی"یەوە چاپ بکرێت.

***بە سەلامەت؟**

-مەبەستم سانسۆری دەوڵەتییە.

***تا ئێستا چەن شیعرت وتووە؟**

-باش نازانم، بەڵام پێم وایە ڕەنگە نزیکەی دووسەد، دووسەد و بیست دانە، دە دانە، بیست دانە.

***لە کارەکانتدا پێشکەوتنێکیشت بینیوە، یان بینیویانە؟**

-من باش لە پێشکەوتن و پاشکەوتن تێناگەم. من تەنیا خەریکم چرکەکانی ژیانی خۆم دەژیم. هەڵبەت دیارە مرۆڤ کاتێک بەرهەمێک بڵاو دەکاتەوە، وا هەست دەکات لە بەرهەمەکانی پێشووی باشترە. هەڵبەت ئەگەر پێش ئەوە بەرهەم، یان بەرهەمگەلێکی بڵاو کردبێتنەوە، بەڵام ئەمە تەنیا هەستی خودی کەسەکەیە و بەس نییە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ڕەخنەگر بیت و بێلایەن بیت. شاعیر، ئەگەر خۆیشی ڕەخنەگر بێت، دیسان ناتوانێت لە سەر کاری خۆی بێلایەنانە داوەری بکات. لانیکەم من ناتوانم وا بم. ئەوە خۆم. هەندێ لە هاوڕێکانیشم کە کتێبەکانی پێشوومیان خوێندووەتەوە، وتوویانە ئەم کارانەی دوایی تەنزیان زیاترە، سادەترن و یاری بە زمان و فۆرمیان تێدا بەدی ناکرێت و بە بۆچوونی ئەوان، لەبەر ئەم هۆکارانە، ئەم بەرهەمانە، لەوانەی پێشوو باشترن، بەڵام بە ڕای خۆم، هیچکام لەمانە لە خۆیاندا ناتوانن پێوەری گەشەی بەرهەمێکی شیعری بن. هەندێ کەسی تریش، ڕێک هەر



لەبەر ئەم هۆکارانە، لایان وایە تووشی نوشووستی هاتووم و ئەم کارانەی دواییم سەرکەوتوو نین. لە شیعردا زۆر متمانە و بروام بە ڕای کەس نییە. هەڵبەت هەندێک قسەی هاوڕێیان وەردەگرم. چەند ڕۆژ لەوەبەر، لەگەڵ دۆستێک چووم بۆ شوێنێک قاوەیەک بخۆینەوە و کەمێک قسە بکەین. دەیوت خۆشحاڵە کە ئیتر لە دنیای شیعری ئەو کاتانەمدا نەماوم. ئەوەش بڵێم، من زۆر بە کەمی لێرە لەگەڵ هاوڕێکانم سەبارەت بە شیعر و ئەو شتانە دەدوێم، مەگەر ئیتر چۆن بێت... دەیوت ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لەو دەفتەرانەی پێشووی منی خوێندووەتەوە و ترساوە. ترس لە دنیای ناوەوەی ئەو شیعرانە. ئەو شیعرانەی بە دالانگەلێکی ترس و تۆقان لێک دەچوواند، کە خوێنەر دەترسێنن. دەیوت شیعرەکانی ئەم دواییە، لانیکەم ئەوەیان باشە، کە مرۆڤ دەتوانێت بەبێ ترس، مامەڵەیان لەگەڵدا بکات،



وریا مەزهەر

تەنانەت ئەگەر نەتوانێت بەو جۆرەی کە شایستەیە، پێوەندییان لەگەڵدا، دابمەزرێنێت. ئەمە ڕێک قسەکانی ئەوە. پاشان قسەیەکی کرد کە خستمیە بیرکردنەوەوە. وتی خودی کردەوەی ترساندن و تۆقاندن، بە هەر هۆیەک بێت، کارێکی نائەخلاقییە. بۆچی مرۆڤ دەبێت خەڵک بترسێنێت؟ بە بۆچوونی ئەو، ترساندن، تەنانەت بەبێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شتێکی واوەتر لە خۆی لە پشتییەوە بێت و تەنیا بۆ ئەوە بێت، کە ترس بخاتە نێو دڵی کەسێکەوە، پاساوهەڵنەگرە... دەی ڕاستی دەکرد. ئەو کاتانەی کە ئەو شیعرانەم دەنووسین، زۆر کێشەم هەبوو. نەخۆش بووم. کەسێکیش کە نەخۆشە، بە هەر هۆیەک و بەبێ هۆ دەترسێت. من ددان بەوەدا دەنێم، کە ئەو کاتانە ترسابووم و هەستم دەکرد، کەسانی تریش، دەبێت هاوبەشی ئەو ترسەی من بن. گواستنەوەی نەخۆشی کارێکی ناشیرینە. قسەی ئەو هاوڕێیەم پشت ڕاست دەکەمەوە.

***پێشەکیی قسەکانت باش بوو، بەڵام لە ئەنجامەوەرگرتنەکەی تێنەگەیشتم. پێوەندیی نێوان ترساندن و گواستنەوەی نەخۆشی. هەڵبەت من ئەو شیعرانەم نەخوێندوونەتەوە.**

-سەرەتا با بڵێم باشترکە ئەو شیعرانەت نەخوێندوونەتەوە. کاتی مرۆڤ بایەخی لەوە زیاترە. پاشان مەبەستی من ئەوە بوو، کە من لە ڕێگەی شیعرەوە بە ترساندنی کەسی تر (تۆ ناوی بنێ بەردەنگ،) دەمویست ئەو لە نەخۆشییەکەی خۆمدا بەشدار بکەم، یان بە واتایەکی تر، ترسی سەرچاوەگرتوو لە نەخۆشییەکەی خۆمم لەگەڵ ئەو (ئەوان)دا دابەش دەکرد، بۆ ئەوەی لە قورساییەکەی کەم بکەمەوە، نەک بۆ ئەوەی ئەو (بەردەنگ) بە حەقیقەتێکی باشتر بگەیەنم.

***پێم وایە لەو شیعرانەی سەرەتادا، زیاتر پەرۆشی شاعیرانەیی بوویت. ئێستە شیعر هاتووەتە پێشەوە.**

**پێشتر دەتویست ڕای خۆت دەرببڕیت، کەچی ئێستا ئیتر نا.**
-وا بزانم هەروایە، کە تۆ دەڵێیت.

***دەکرێ زیاتر ڕوونی بکەیتەوە؟**
-تا ڕادەیەک خۆت ئاماژەت پێی کرد. یانی پێم وایە خەریکم پرۆڤەی ئەوە دەکەم، کە خۆم بخەمە بەر دیدی شیعر، نەک پێچەوانەکەی. پێشتر وا نەبوو، شیعرم بە دەستکردی خۆم دەزانی. وامدەزانی شیعر لە گەمارۆی نیگای مندایە، چونکە شیعر لە دەرەوەی ئەو وشە و دێڕانەوە، واتایەکی نەبوو بۆم. دواتر زانیم هۆنینەوەی شیعر بە نقەنق و بە زۆر ناکرێت. نابێت وشە برێژیتە سەر لاپەڕە و ئەوندە جێگۆڕکێیان پێ بکەیت، تا سەرەنجام شتێکی لێ دەربکێشیت. هەڵبەت ئەم قسانەی من پێوەندیی بە ئیلهام و جادوو و سیحرەوە نییە، تەنیا دەڵێم دەبێت ئەو کاتە دیاریکراو و بەڵێندراوە بگات. ئەو کاتەیە، کە ئەو خۆی دێتە دیداری تۆ. تۆ تەنیا هەستی پێ دەکەیت، نایبینیت. پاشان هەرکاتێکیش پێی خۆش بوو دەچێت. بینینێک لە ئارادا نییە و ئەمانە بەبێ کەمترین خۆتێوەردانی تۆ ڕوو دەدەن. هەڵبەت لێرەدا پێم وایە شیعر بۆ لای کەسێک دەچێت، کە ئەو کەسە، بە جۆرە ڕوانگەیەک بەرامبەر بە خۆی گەیشتبێت.
کەوایە ئەو کاتە تۆ تەنیا بۆ خۆت دەڕوانیت. شیعر دێت و دەچێت و تۆ بە چاوی کراوەوە تەنیا سەیری خۆت دەکەیت... ئەوەی کە دەڵێی شیعر هاتووەتە پێشەوە، لای من بە واتای جۆرێک دووربوونیشیەتی.

***حەز دەکەیت دەنگت ببیسرێت؟**



-بێگومان، بەڵام نەک بە هەر مەرج و هەر نرخێک.

***دەتوانیت شیعرەکانت بخەیتە ناو فایلێکەوە، یان بۆفییەکەوە. بڵاویان بکەیتەوە. بیانخوێنیتەوە.**
-ئێستە ئیتر حەز دەکەم بۆ ماوەیەک لە ناو فایلێکدا بن. ئەگەر پاش ماوەیەک بتوانم بڕۆم بە لایانەوە، ئەوە بەو مانایەیە، کە دەتوانم چاپ و بڵاویان بکەمەوە.

***ئەوسا دەناسرێیت.**
-ناسران شتێکی باشە. ناسران شتێکی زۆر باشە، بەڵام بۆ ناسران تەنیا بڵاوکردنەوەی بەرهەم بەس نییە. دەبێت لە ڕێگەکەی بزانیت. ڕیکلام بۆ خۆت بکەیت. بڵیندگۆیەک بە دەستەوە بگریت. هۆگر و هەوادار کۆ بکەیتەوە. چەند کەسێکیش بدۆزیتەوە، کە جارجار لەسەر چەن دێڕ لە فشقییاتەکانت، بە ناو کیلۆ کیلۆ ڕەخنە و مەن مەن لێکدانەوە بنووسن.
من بەهرەی ئەو کارە لە خۆمدا شک نابەم. بەڕاستی نیمە. من بۆ خۆناساندنێکی ئاساییش تووشی کێشە دەبم.

***بڕوانە: "گەوهەر" یان "چییەتی"، وشەگەلێکی قورسن. ئایا شاعیر دەیەوێ بڵێت کە گەوهەریش خەیاڵە؟**
ـ نا، گەوهەر، یان جەوهەر، لەو شتانەیە کە شیاوی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە نییە و ناتوانێت لەگەڵ هیچی تردا، جگە لە خۆی، بەراورد بکرێت. تەنیا دەتوانیت هەستی پێ



بکەیت. حەزی لە بێدەنگییە و قورساییەکەی لە بێدەنگی وەردەگرێت. خەیاڵ زۆر سووکە. هەموو کەس دەتوانن بیانبێت. دەستی هەموو کەسێکی پێ دەگات.

***من دوێنێ گەوهەرم بینی.**

–گەوهەر خۆ نابینرێت. ڕەنگە مەبەستت گەوهەر خانمە...

***هەر کەسێکی تری جیا لە وریا مەزهەریش دەتوانێت ئەمە بڵێت.**

–کەسێکی تر؟ دەی با بیڵێت. مەگەر وریا مەزهەر کێیە؟ تازە ئەو خۆی هەمان (کەسێکی تر)ـە: و. م. ئایرو.

**–لە کام شاعیران دەخوێنیتەوە و کامیانت بە دڵە؟**

–کەم نین، بەڵام بۆ وێنە شیمبۆریسکا و ئۆرهان وەلی کانیک لەوانەن، کە زۆر حەزم لە شیعرەکانیانە. گەرچی هەرکام لەم دووانە دنیاکانیان زۆر لە یەک جیاوازە.

**–ئەی لە شاعیرانی ئێرانی؟**

–مەولەوی، خەیام.

**–ئەی لەوانەی هاوچەرخ؟**

–مەولەوی، خەیام.

**–کام مەولەوی؟ یان کەم یەک لە مەولەوییەکان؟ ئەوەی مەسنەوی، دیوانی شەمس، فیهی مافیە...؟**

–پرسیارێکی بەجێیە. مەولەوییەکەی دیوانی شەمس بە






قووڵتر دەزانم. لەبەر ئەو جنوونە بێوێنە و ئەو یاخیبوونە وێرانگەرانەیەی، لە شوێن بەشوێنی ئەو بەرهەمە مەزنەدا بەرچاو دەکەوێت.

**-ئەی سەبارەت بە کاریگەریوەرگرتن؟**

-شاعیر یان نووسەرێک دەناسی کە کاریگەریی لە کەس وەرنەگرتبێت؟

**-دەبێت بیر لە مۆسیقا بکەینەوە؟ مۆسیقا خۆی لە واتا دوور دەخاتەوە. مۆسیقا ڕەنگکردنی دەنگ و دێڕە دەنگخۆشەکان و کێش و ژەندنە. وێڕای ئەمانە، پارچە مۆسیقایەک واتاشی هەیە، بەڵام واتایەک کە لە وشەدا ناگونجێت. گوێ بگرە...**

-گوێم لێیە. بەڵێ. ئەمە هەمان گەوهەری شیعرە، کە مەیلی لە بێدەنگییە. کە دەگات بە وشە، ئیتر شەهید دەبێت. لە خۆمدا خۆم بە بکوژێک دەزانم.

**-وەکو شاعیر دەتوانیت بڵێیت «برۆ بە لای کاری خۆتەوە» یان «برۆ لەگەڵ لێکۆڵەرێک قسە بکە»؟**

-هەموو شتێک بخەیتە ئەستۆی لێکۆڵەرەوە، بە واتای ئەوەیە، کە لە وتەکانی خۆت بەرپرسیار نیت. لە بیرم بێت، ئەم کورتەڕستەیە، بە ناوی خۆمەوە تۆمار بکەم.

***بڕوانە کاتێک دەڵێیت:**
**سەرت دابخە و بیهێنە پێش چاوت**
**دەکرێت زنجیرەچیای هیمالیا بە تاڵەکانی**
**ماکارۆنییەوە هەڵکێشی و**
**قومێک شەرابیش بە شوێنیدا.**



-من تۆ نابینم، کە دانیشتبێتی و خەریک بیت ماکارۆنی و شەراب بخۆیت، تا پێت بڵێم نۆشت بێت.

-من خۆیشم سەرەتا وا بیرم دەکردەوە، یانی وامدەزانی ئەو کەسە خۆمم، بەڵام ئەوە کەسێکی ترە، کە لەبەر خۆیەوە قسە دەکات. نە، وا باشترە بڵێم: ماکارۆنی دەخوات و شەراب دەخواتەوە و لەبەر خۆیەوە قسە دەکات و وەڵامیش لە خۆی دەبیستێت. ئەمە دیالۆگی ئەوە لەگەڵ خۆیدا، کە هەڵبەت دەکرێت منیش بێت: منیش دەتوانم بەشێک بم لە ئەو. من یان هەر کەسێکی تر، بەڵام ئەو بەهەرحاڵ فیزیکییە. مرۆڤێکە هەر لەم دەوروبەرەدایە. خەریکی پیاسەکردنە لە پەراوێزی ژیاندا، لە لێواری کەوتنەخوارەوەدا. هەرگیز نابێت بەو کەسە بڵێیت نۆش. لەوانەیە وا بزانێت گاڵتەی پێ دەکرێت، بەڵام ئەو خۆی دەتوانێت بە خۆی بڵێت. ئێوە دەبێت بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. خۆ تێدەگەن چی دەڵێم.

***ئایا وەڵامی ئەو پرسیارانەی، کە نەمپرسیون، "بەڵێ"یە؟**

-نەخێر!

**-دەی باش، با ئەم شیعرەش بخوێنینەوە:**
**بەرلەوەی بێتە قسە شتێک، کەسێک و**
**باسی کەسێک، شتێک بکات**
**ڕێگە گەیشتووەتە کۆتایی**
**گەیشتووە ئەی هاوڕێ!**

**لە کۆتایی ڕێگەدا**



**فانۆسێکی ڕۆشن١ هەیە**
**پیشەی خامۆشی٢ـیە!**
**ڕوونە. بازنگەکە دەسووڕێتەوە و دادەخرێت. من بێهیوا دانیشتووم و کەتوومەتە بیرەبیرە.**

-ئەم شیعرە هەروەک وتت ڕوونە، بەڵام ئەم ڕووناکییە بەو واتایە نییە، کە لە هەموو شتێک بە باشی تێگەیشتووین. من لێرەدا جۆرێک لە هەوڵدان دەبینم، بۆ گەڕانەوە، یان بە هەڵکراوی هێشتنەوەی فانۆسی ئەم پرسیارە، کە گەڕانەوە چۆن مومکین دەبێت؟ بەڕاستی گەڕانەوە چۆن دەڕەخسێت؟ ئەمە بە ڕای من نابێتە هۆی بێهیوایی، بەڵام من بە گشتی کەسێکی ڕەشبینم. ئەوەی کە ڕەشبین بیت، جیاوازە لەوەی هیچ پرسیارێکت نەبێت، یان بە ڕاشکاوانە ڕاییگەیەنیت، کە «بێگومان گەڕانەوەیەک لە ئارادا نییە.»

***کەوایە من دەبێت فێر ببم، کە لە شتەکان تێنەگەم؟**
-من بە گومانەوە ئاوا لای خۆم پرسیارەکەی تۆ مانا



وریا مەزهەر

دەکەمەوە: کاتێک دەبێت فێر ببین، کە لە شتەکان تێنەگەین، ئەوسا فێر بوون ئیتر هەر مانای چییە؟ ئەگەر ئەو واتایەی من بە پرسیارەکەی تۆم داوە دروست بێت، ئەوسا پرسیارەکەت ڕەنگ و بۆنێکی فەلسەفی لە خۆ دەگرێت، کە من بە پێی توانای کەمی خۆم و بە سەرنجدان بەو کۆمەڵگەیەی کە لێوەی هاتووین، بە کورتی وەڵامی دەدەمەوە: سەرەتا بەرلەوەی فێر ببین، دەبێت هەستمان بە پێویستیی فێربوون کردبێت، پاش ئەوە، ڕەنگە فێر دەبین بۆ ئەوەی بگەین بەو تێگەیشتنەی، کە ئەوانەی فێریان بووین، بە هیچ شێوەیەک بەس نین و ئەم (پاش ئەوە)، ئەم تێگەیشتنە، خۆی زیاتر تینوومان دەکات، بۆ فێربوون، واتە (ڕێگەبڕینێکی بێکۆتایی.) واتە ئەم ئەنجام ەرگرتنە لە خۆیدا نە فێربوون ڕەت دەکاتەوە و نە پاساوێکیشە بۆ فێرنەبوون. گەیشتن بە دەرکی (بەسنەبوونی ئەوانەی فێریان دەبین) پێویستی بە فێرکارییە، بەڵام کێشەکە لەمە سادەتر و بنەماییترە: ئێمە هێشتا فێر نەبووینە، چونکە هێشتا پێویستیی ئەو فێربوونە هەست پێنەکراوە. هیوادارم بە باشی لە پرسیارەکەت تێگەیشتبم.

***ئەو کارەی نیما یووشیج، کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر بە "جوانیناسیی بە کلێشەبووی شیعری فارسی". شیعری دوای نیما ڕێگەی گرتە بەر، هەتا بە ئەنجامی بگەیەنێت. گەیاندی؟ پاش ئەو هەندێک بزووتنەوەی شیعریی دیکەمان بووە، ئاوانگارد، کە کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر واقیعگەرایی و جوانیناسیی شیعری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. ئێستاش کە "پاش مۆدێرنیسم" و "پاش ئاوانگارد" یان هیچ نەبێت بانگەشەکەی لە ئارادایە، ئایا بەم پاش بزووتنەوانە، نەگەڕاوینەتەوە بۆ دواوە؟**
-دەی هەر ئەو کاردانەوەیەی نیما بەرامبەر "جوانیناسیی بە کلێشەبووی شیعری فارسی"، دواتر بە هۆی شاعیرانی "نیمایی"ـیەوە، لە ماوەیەکی نەک درێژخایەنیشدا، جۆرە جوانیناسییەکی بە کلێشەبووی دیکەی بونیات نا، چونکە

له دنیای (شوێنکەوتوویی)ـدا، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە، کە دەتوانیت هەنگاوێکی گەورەتر هەڵبگریت، بەڵام توانای بازدان و فڕینت لێ زەوت دەکرێت. هەر تەنیا لەبەر ئەوەی شوێنکەوتوویەکی. شاعیرانی نیمایی دەیانویست شوێنکەوتووی ڕێگەی نیما بن و وەک تۆ دەڵێیت، ڕێگەکەی ئەو بگەیەننە ئەنجام، بەڵام بەڕاستی بەئەنجامگەیاندنی ڕێگە واتای چییە؟ یانی چی؟ من کە تێناگەم. ئەو بزووتنەوە و ناوەکانی تریش، بە هەمان شێوە. کاتێک کەوتیتە سەر ڕێگە، هەر ڕێگەیەک بێت، ئەوە ئیتر ڕەوتی ڕێگەکەیە، کە تۆ بەرەو پێش دەبات و ڕێگە خۆی مرۆڤ پێدەگەیەنێت. بۆ نموونە ئاوانگارد بەو بانگەشەی پێشڕەوبوون و پێشڕەویکردنیەوە؛ پێشڕەوی لە چیدا؟ ئەمانەش هەر درێژەی هەمان شوێنکەوتوویيە. ئاوانگارد لە ڕوانگەی منەوە، بە واتای ڕێزکردنی کۆمەڵێک مەڕە. جۆرێک بەدیهێنانی یەکڕیزیی مەڕانە. پاش ئاوانگارد و پاش مۆدێرنیسم و ناوەکانی تریش هەر بە هەمان شێوە. وەک ئەوەیە کە بە مەڕەکانی ناو ڕیزەکە بڵێین: «ئێوە مافی خۆتانە، کە بە مەڕی بمێننەوە و کەس بۆی نییە ئەم مافە ڕەوایەتان لێ زەوت بکات. کەوایە بۆ پێشەوە!»



***پێت وا نییە خەتاکە لە ئەستۆی ڕەخنەی شیعردایە، کە کۆن بووە و پێویستی بە تەکاندن و خاوێنکردنەوە هەیە؟**

-هەڵبەت ناکرێت هەموو تاوانەکە بخرێتە ئەستۆی ڕەخنەی شیعرەوە. ئینجا خۆ ڕەخنەی شیعر، چوارچێوە، یان قاپێکی لەپێشدا ئامادەکراو نییە، کە کاتێک شلەکی شیعری تێبکەیت، ئەو شیعرە پڕ ببێت لە قسەی شیاو بۆ وتن، یان ئیتر جوانتر و ڕازاوەتر دەربکەوێت. واتە شیعر خۆیشی دەبێت بەهرەی دروستکردنی ڕەخنەی باشی تێدا بێت. خەتاکە لە ئەستۆی هەردووکیانە.

***چەندە کاتمان پێویستە؟**

-ساڵێک، دوو ساڵ، هەزار ساڵ، هیچکات!

***تۆ ئاوانگاردیت، یان پاش مۆدێرن؟**

-پێت وایە کامیان بم، زیاتر ناوبانگ دەردەکەم؟

***باشتر وایە ئیتر قسە نەکەم!**

-ها! کەوایە ناتەوێت ناوبانگ دەربکەم.

١. ڕۆشن: وشەی ڕۆشنم لەبەر ئەوە وەک خۆی هێناوەتەوە، کە لە شیعرەکەدا دەکرێت هەر سێ واتای ڕوون، ڕووناک و هەڵکراوی لێ بگیرێت. هەروەک لە وەڵامەکەی وریا مەزهەریشدا هەر سێ واتاکە باس کراون. (و)

٢. خامۆش: وشەی خامۆشم وەک خۆی هێنایەوە، چونکە هەم بە واتای تاریکی و کوژانەوە هاتووە و هەم بە واتای بێدەنگی. (و)

## سەرچاوە:

گۆڤاری هەمیان. ساڵی یەکەم. پاییزی ٢٠١١. تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی و. م. ئایرو (وریا مەزهەر)



# من، پێچەوانەی ئەوەم، کە پێم دەڵێن

**نووسینی عەلی نیگەهبان**
**لە فارسییەوە: ئەنوەر هوژەبری**

وتی: «کەواتە دەبێ ببیتە ماسی.»

وتم: «ئاخر ماسی خۆ، کار نییە.»

134

وتی: «هەر ئەوەیە.»

خوێندنەوەی هاوڕێیەک کە لە پڕ کۆچ دەکات ئاسان نییە.

لە سەر ڕستەی «لە پڕ کۆچ دەکات جەخت

دەکەمەوە!» چونکە هەموو کێشەی من لە سەر خوێندنەوەی کەسێکی وا، ڕێک لە ناوادە کۆچکردنەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. هەڵبەت ئەگەر بکرێت بەو کۆچە بڵێین ناوادە. مەگەر مەرگ ئەوە نییە هەرکات بیەوێت دێت؟ ئەی مەرگی ناوادە لە کامە چەشنە؟

بەڵام من مردنی بەوادە یان بەوەختم بۆ خوم پێناسە کردووە و ئەوەش ئەو مردنەیە کە دێت، ئەویش تەنیا ئەوکاتەی کە مرۆڤ لە توانا کەوتبێ بۆ ژیان.

خوێندنەوەی هاوڕێیەک لە دوای مردنی ناوادە ئەبێ چون بێت؟

ئێمە هەوڵ دەدەین بەم خوێندنەوەیەمان، وڵامێک بۆ مردنی ئەو، یان بە گشتی بۆ مردن بدۆزینەوە. یان هیوادارین دوای مردنی دیسان بە خۆمانی بناسێنینەوە؟

دەمانەوێ قەرزەکانی پێ بدەینەوە؟ ئەو کارانەی دەبوا بمانکردایە وەک کەپنگی دوای باران، ئێستە ئەمانەوێ بیکەین؟ دەروونی خۆمانی پێ سووک بکەین و قەرەبووی کەمتەرخەمیمان بکەینەوە؟ یان ئەمانەوێ بەم شێوەیە ماڵئاوایی لێ بکەین؟

بەهەرحاڵ، مردن توخمێکی بەرجەستەیە کە دەبێ لە کاتی خوێندنەوەی شێعرەکانی وریادا سەرنجی تایبەتی پێ بدرێت.

ڕەنگە نەتوانرێت تاکە تایبەتمەندییەکی بەرجەستە و گشتگیر بۆ شیعرەکانی ئایرو دیاری بکرێت، بەڵام دەکرێ لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەت ئەو بەرهەمانەی کە لە نیوەی کۆمەڵەشیعری «هاوار مەکە کەس لەم ئاوێنەیەدا نییە» بە دواوە نووسیویەتی، بە هەندێ وەڵام و پاشخان بدۆزرێتەوە، کە



ڕەنگە نووسینیان لای ئەم شاعیرە وەک پێویستییەک بۆ بوون، یان دەرککردنی بووناسانە بووبێت. کەواتە ئەوەی لەم بارەیەوە دەینووسین، ئەو نووسراوە نییە کە لە چاوی بینەرێکی چەقبەستووی بێجووڵەوە بێت، کە سەیری دیاردە، یان شتێکی وەستاو دەکات و وەسفی دەکات، بەڵکو هەوڵ دەدەم، هەر بەو شێوەیەی کە دەجووڵێت و هەڵبەزودابەزیەتی دوای بکەوم و هەرچیم بینی بیگێڕمەوە.

هەر یەکەم جار کە دەفتەرەشیعری «هاوار مەکە، کەس لەم ئاوێنەیەدا نییە» دەکەمەوە و شیعری «کۆترەکان» دەخوێنمەوە، هەست دەکەم ئەم بازدان و جووڵەیە، جووڵە و ڕۆیشتنی شتێک، کە جێگەیەکی بەتاڵ، بۆشاییەک، هەستێک، بیرەوەرییەک یان خەمێکی لێ بەجێ دەمێنێ، یەکێکە لە کلیلە هەڵگرەکانی خوێندنەوەی شیعری ئایرو، بەو جۆرەی کە ڕەنگە بکرێ بگوترێ، بەشێک لە هزری بووناسانە لە زۆربەی شیعرەکانی ئایرودا میراتگری نەبوونە.

کۆترەکان
دوێنێ هەروا لەناو پارك
چاوم بڕیبووە
پۆلی ئەو کۆترانەی نیشتبوونەوە و
پیرەژنێك بە تەنوورەیەکی کورت لۆچ و
میهرەبانەوە
وردەنانی بۆ دادەکردن
بۆ ساتێ حاڵم لەم هەموو ئارامییە تێك
چوو
پیرەپیاوێك کە تەمەنی نزیکەی شەست



**ساڵ بوو**
**نزیك كەوتەوە:**
**«وڵاتەكەی ئێوەش كۆتری هەیە؟»**
**وتم: «بێگومان هەیەتی بەڵام گوێت بێنە پێشەوە،**
**ژمارەی كۆتربازەكانمان لە كۆترەكان زیاترن»**
**پێكەنی و ڕۆیشت...**
**پێكەنیم و هەستام:**
**پارك هیچ كۆترێكی لێ نەبوو و**
**ئەو پیرەژنە ساڵانێك پێش ئێستە مردبوو.** (ل: 5)

لەو شیعرەی سەرەوەدا سەرەتا پیرەژنێک دەبینین بە تەنوورەیەکی میهرەبانەوە کە نانەوردە بۆ پۆلەکوترەکان دادەکات. ئەو شتانەی دیکە، کە لە شیعرەکەدان، بریتین لە بگێڕەرەوە، پارک، ئارامییەک کە لە پارکەکەدایە، پیرەمێردێکی نزیک شەست ساڵ تەمەن، وڵاتی بگێڕەرەوە، کۆترەکانی وڵاتی بگێڕەرەوە، کۆتربازەکانی وڵاتەکەی و پێکەنینی بگێڕەرەوە و پیرەمێردەکە.

لە کۆتاییدا بگێڕەرەوە هەواڵێک ڕادەگەیەنێت، ئەو پارکە نە کۆتری لێ بووە نە پیرەژنێک بە تەنوورەی میهرەبانەوە. ئەی ئەوانە لە کوێ بوون؟ ئەگەر لەو پارکەدا نەبوون، لە کوێوە هاتوونە ناو ئەم شیعرەوە؟ ئەوان هاتوونە ناو ئەم شیعرەوە بۆ ئەوەی یارمەتیی بگێڕەرەوە بدەن، کە هەڵفڕینیان و ڕۆیشتنیان (ڕەنگە بۆ بگێڕەرەوە) نیشان بدات.

هەڵبەت لە خۆم دەپرسم بۆ بگێڕەرەوە کۆترەکان و پیرەژنەکە بۆ نەبوونیان لەو پارکەدا هەڵدەبژێرێت؟ ئەی ئەو پیرەمێردە و کۆتربازەکانی وڵاتی بگێڕەرەوەکە چییان لێ دێت؟ ئایا ئەوانە هەر هەن؟ یان بوون؟ بۆ ئەو پیرەژنە تەنوورەیەکی کورت و میهرەبانی لەبەردایە؟ ڕەنگە خۆیشی میهرەبان بێت، بەڵام بگێڕەرەوە لەم بارەیەوە هیچ ناڵێت. ئەوەی بۆ ئەو گرینگە ئەوەیە کە تەنوورەیەکی میهرەبانی لەبەردایە. ئایا ئەو تەنیا پیرەژنێکی تەنوورەی میهرەبان لەبەرە و هیچی تر؟ تەمسیلەکە هەڵبەت زۆر لەوە سەرترە.

ئەو نەبوونە، نەبوونی شتێکە کە بووە یان دەبوا ببێت، بەڵام هەرگیز نەبووە! ئەها! ئەو شتەی دەبێ ببێت بەڵام نییە، ئەو شتە چییە کە بوونەکەی لە ئەو، یان لەو کەسەی کە دەبوا بیبوایە سەنراوەتەوە، یان هەر لە بنەڕەتەوە نەهاتووەتە ناو بوونەوە؟

دادگەری ئەوەیە، ئەو شتەی دەبێ ببێت، ببێت و لە جێی خۆیدا بێت! ئەمە مامۆستای پۆلی پێنجی سەرەتاییم وتی و من ئەو ڕۆژەم هەرگێز لە بیر ناچێت.

بە خوێندنەوەی کارەکانی ئایرو، بۆم ڕوون بووەوە، بەرهەمەکانی دەرکەوتنی نەبوونی ئەو (داد)ـەیە، بەڵام لەم میراتی نەبوونەدا، تازیەداری ئەوەندە خۆ دەرناخات. لە بری تازیەداری و خەمباری بۆ ئەو شتە لەکیسچووانە، شیعری ئایرو زیاتر بە جۆرێ ژیانی دوای نەبوون دەگێڕێتەوە.

ئەکرێ بگوترێ زۆربەی شیعرەکانی دەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم، گێڕانەوەی مردنێکە و بەشی دووەم گێڕانەوەی ژیانی پێش ئەو مردنەیە. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە، کە شیعرەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەهێڵی (ڕاست و بێ بەرزی و نزمی، یان هەڵچوون و داچوون و...) کرابن بە دوو بەشەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، بابەتی لەدەستچوون یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر پاتە دەبنەوە. لە لایەکی ترەوە، لە زۆربەی شیعرەکاندا، بە شێوەیەکی نۆستالۆژیک و خەمبارانە، سەیری ئەو شتە لەدەستچووە، یان ئەو مردنە ناکرێت، بەڵکو ئایرو بە جۆرێ پێوەندی لەگەڵ ئەو مردن و شتە لەدەستچووە دەگرێت و لە جیهانێکدا بە تایبەتمەندییەکی دیکەوە ژیانێکی دیکە دەبەخشێت بەو شتەی نەماوە و مردووە. ئایرو ژیان دەنووسێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە لە بارەی ژیانەوە دەنووسن، ئەو لە بارەیەوە نانووسێت، خودی ئەو شتە دەنووسێت، خودی خود دەنووسێت. ئەوەی کە دەڵێم ئایرو ژیان دەنووسێتەوە، نابێ دژوازییەکی لەگەڵ وتەکانی پێشوومدا هەبێت، کە شیعرەکانیم بە میراتی نەبوون

(مردن یان لەدەستدان) باس کردبوو. ئەو ژیانی بە ئامادەبوونی هەمیشەیی مەرگ و بەردەوام لەدەستدان دەبینی. ئەو هەڵبەت خۆیشی میراتگری زۆر نەبوون و لەدەستدان بوو. مردنی دایکی، جێهێشتنی زێدەکەی، بە کۆچکردن بۆ کەرەج و تاران، دیسان لەدەستدانی نیشتیمان (دوورخرانەوەی بەزۆر لە ئێران)، دوورکەوتنەوە لە بنەماڵە، لەدەستدانی زمانی دایکی و... ڕەنگە جیاوازیی ئایرو و کەسانی هاوجیل و بەرەی ئەو هەر ئەم بابەتانە بێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی شیعری ئایرو، پەراوێزبوونیەتی، هەڵبەت پەراوێزبوونی خێرا و بێ وەستان، ئامادەبوون لە ناو دەق و لە ناوەند و چەقدا دێنێتە پێشەوە. لە پەراوێزی کام ناوەندا؟ کام دەقدا؟

بۆ وێنە باسی شیعری «گۆرانیی کەنار» بکەین. بگێڕەرەوە لە کەناری دەریادایە، لەگەڵ گوێچکەماسی و بەرد و حاڵێکی ناخۆشدا. لەبەر ئەوەی چێژی شیعرەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، لێرەدا نایهێنینەوە، بەڵام پەراوێزبوونی بگێڕەرەوە، لە دوو دێڕی کۆتایی شیعرەکەدا دەردەکەوێت: «تەنیا ڕوو لەوانەی وەک کۆرپەی تازەبوو ڕووت بوونەتەوە و بۆقەمەلە دەکەن، دەکرێ هاوار بکەیت:
میزم کردە ئەم دەریایەوە!» ل: 48

«گۆرانیی کەنار» تا پێش دوو دێڕی کۆتایی، تەنیا جیهانێک دەگێڕێتەوە، جیهانی بگێڕەرەوە. لە جیهانی خۆیدا بگێڕەرەوە لەگەڵ کەنار، گوێچکەماسییەکان، بەردەکان و حاڵی خۆیدا دەکەوێتە ناو پرۆسەیەکی کردار و پەرچەکردارەوە. بەڵێ کردار و پەرچەکردار، چونکە وەک بڵێی بەردەکان



و گوێچکەماسییەکان بەئاگایانە لە بەرانبەریدا کردار لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەو لەو جیهانە داخراوەی خۆیدا، بەرەوڕووی گرفتێک بووەتەوە، بەڵام توانای مشتومڕی لەگەڵ دەوروبەریدا نییە. بەرد و گوێچکەماسییەکان ئەڵێی لەگەڵ ئەو بەشەڕ هاتوون و ئەو توانای هیچی نییە، مەگەر ئەوندەی کە ڕوو لەو کەسانەی ڕووتوقووت بوونەتەوە هاوار بکات، بەڵام هیچ وەڵامێک لەوانەی مەلە دەکەن نابیسێت. نەک هەر قسەکەی بە هەند ناگرن دەڵێی خۆیشی نابینن.

ئەگەر مرۆڤێک بیت لە پەراوێزدا، بەو واتایەیە، لەو سووچ و کەنارانەوە بۆ خۆت پیاسە دەکەیت. پەراوێزبوون یان ئامادەبوون لە ناو دەقدا، پێم وایە دەبێ پێوەندییەکی بە یاسای کردار و پەرچەکرداری (نیۆتۆن)ـەوە هەبێت، بەو جیاوازییەی کە لێرەدا کردار و پەرچەکردار بەردەوام پەیڕەویی یاسایەکی نەگۆڕ ناکەن. کردار و پەرچەکردار لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەریدایە، جا ئەو دەوروبەرە هەرچی بێت، بە نیسبەتی پەراوێزبوون یان ئامادەبوونی لە دەقدا جیاوازە. کێش و قورسایی کەسی ناو دەق جیاوازە لە کێشی کەسی پەراوێز. دەق هاواری پەراوێز بە هەند ناگرێت. پێکەنینەکانی، خەمەکانی، پێشنیازەکانی، دۆستایەتییەکانی، جنێوەکانی و تەنانەت هەڕەشەکانیشی لە لایەن دەقەوە پشتگوێ دەخرێن. خەییام وتەنی: «بەدی هات مێشێک و ئینجا پێوار بوو.»

**سەباری ئەوەی ماوەیەکە**
**کەمتر بێ دەمامک دەردەکەویت**



هێشتا زۆر کەس ڕێك وەك خۆت دەبینێت
کە تۆ ڕێك وەك خۆیان ناناسن
(شیعری «ع» لە دەفتەری تەلەفیزیونی خراپدا)

یان:
هەستی دڵنیاکەرەوەی لە ناو کومەڵ بوون،
کاتێ
سەگی ڕێبوار لێت دەوەڕێت
(بێ ناونیشان، لە دەفتەری تەلەفیزیونی خراپدا)

یان
بە تاوانی شەشخانکردن لە سەر ڕێگەی تراموا
مۆڵەتی پاسپۆرتەکەم
هەڵدەوەشێتەوە
(بێ ناونیشان، لە دەفتەری تەلەفیزیۆنی خراپدا)

لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی شیعری ئایرو ئەوەیە، کە لە سەر شێوازی گێڕانەوەن. بە تایبەت دەکرێ بگوترێ



وریا مەزهەر

ئایرو هەرچی لە ئافراندندا دەچێتە پێشەوە، شیعرەکانی زیاتر شێوەی گێڕانەوە لە خۆ دەگرن. ئایرو لە هەندێ شیعری کومەڵەشیعری یەکەمیدا، لە ڕووی زمان و پێکهاتەی شیعرییەوە بە ئاشکرا کاریگەریی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی لە سەرە، بەڵام دوای ماوەیەک و لە شیعرەکانی دیکەیدا دەگاتە شێوە گێڕانەوەی تایبەتی خۆی، وەک بڵێی پێبەندی ژانر (جۆر)ـێکی تایبەت نییە و زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە ئەمەکداری هەستی دەروونیی خۆی و حەزی ئەو دۆزینەوە (موکاشەفە)ـیە، کە لە خۆیدا دەیبینێت. هەر بەم هۆیەوە ئەم شاعیرە لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا بە تەواوی تێکەڵ دەبێت و لێی نزیک دەبێتەوە و هەر شیعرێک لە سەر تەوەرەی پێکهاتە و جیهانی خۆی بەرین دەبێتەوە. زمان لەم ڕووەوە زمانێکی تەمسیلییە تا ئەوەی زمانی خوازەیی (ئیستیعارەیی) بێت و ئەمەش هێندە ڕێک نایەتەوە لەگەڵ ئەو زمانە باوەدا، کە شیعری فارسی لێی تێگەیشتووە. بۆیە شیعری ئایرو زیاتر لەوەی شیعری وێنە و تابلۆ بێت، شیعری گێڕانەوەیە. بۆ ئەم بابەتەش پێویست بە نموونەهێنانەوە نییە، چونکە دەکرێ تا ڕادەیەک بگوترێ هەموو شیعرەکانی لە دەفتەری (هاوار مەکە...) بەم لاوە گێڕانەوەیان تێدایە.

لە «بایەقووشەکان»ـدا بگێڕەرەوە دەسبەجێ ڕوو لە کەسێک دەڵێت: «مەکۆکە! خەریکم شیعرت بۆ دەخوێنمەوە/ ئەبێ ئەو ڕۆژەت لە بیر بێت.» ل: 29.

شیعری «جۆلانێی منداڵ و باوکی» وتووێژی باوک و منداڵێکە لە کاتی جۆلانێدا. ئەگەرچی تەنیا دەنگی بگێڕەرەوە دەبیسین، لە ناو ئەو گێڕانەوەدا دەنگی منداڵەکەش دەبیسین. لەم شیعرەدا بە هۆی کورتبێژی (ئیجاز)، بە هاتوچۆی جۆری دەربڕین کە بە شێوەیەکی زیرەکانە و وشیارانە جۆلانێکردن نیشان دەدات و بەو زمانەی کە زمانی کایەکردنی باوک و منداڵە، جیهانێکی قووڵ دەخولقێنێت. جیهانی ئەو شیعرە بەو هۆیەوە بە جیهانێکی قووڵ باس دەکرێت کە لەو دەرفەتە

کورتەی لە بەردەستدایە، خوێنەر بە باشی بە کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە، واتە باوک ئاشنا دەکات.

«زۆر حەزیشی لە یارییە بابە
جۆلانێوانێکی باش نییە چون نەبووە
بەڵام
وا دەزانێ جۆلانێ هەیە.
(ڕەنگە لێرەدا مەبەست تواناش بێت،
واتە توانای هەیە چونکە لە فارسیدا تاب،
بە واتای توانا و هێزیش دێت...)
بەڵام نەك وا بزانێ گێژ بووە یان
بیانوو دەگرێت یان یاری بێتاقەتی
کردووە
یان بیری ماڵەوە دەکات
- نە بابە تەنیا -
لەوەی
بەردەوام تەرکی جیهان بکات و بێتەوە
تا بەردەوام جیهان بگەڕێتەوە و تەرکی
بابە بکات- ماندوو بوو» ل: 35

نەک هەر لە شێوازی گێڕانەوەکە و هێما و ئەو نیشانانەی لە بارەی ڕابردوو و ئێستای بگێڕەرەوەوە، کە خراونەتە بەر دەست، دەچینە ناوەوە، بەڵکو دەکرێ جیهانی خەیاڵیی داهاتووشی بێنینە بەر چاو. بگێڕەرەوە «منێک کە بۆ خۆی بووەتە باوک» (ل: 35)، ماندوو بووە لە ڕۆیشتن و گەڕانەوە، لە بەردەوام بەجێهێشتنی جیهان، کەواتە بگێڕەرەوە ئەو داهاتووە دەخاتە ڕوو، کە منداڵەکە گەورە بوویێت و بە سەر جۆلانێکەوە پاڵی پێوە بنێت، وا کە بەردەوام بگەڕێتەوە. لە کۆتاییدا باسی تەرکی جیهان ناکات، بەڵکو باس لەوەیە



کە بابە بگەڕێتەوە دووبارە و دووبارە بگەڕێتەوە- بابە؟!» (ل: 35) . ئەم ئاواتخواستنەی بگێڕەرەوە/ بابە، بە نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان کۆتایی پێ دێت و شیعرەکەش کۆتایی دێت— چیرۆکەکە کۆتایی دێت. کۆتایی دێت؟! ماوەیەکە نامەوێ خۆم لە قەرای باسی چۆن ئافراندنی ئەو بەرهەمانە بدەم کە دەیانخوێنمەوە، ئەمەش ڕەنگە پەرچەکردارێکی سەرچاوەگرتوو لە نەستەوە بێت بەرانبەر ئەو دۆخەی زاڵ بووە بە سەر ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا، کە گرفتاری پاپۆکەی فۆرم و «چۆن»-وتن بووە و «چی»-وتنی بە لاوە کەمبایەخە. لەم باسەشدا تا ڕادەیەک خۆم بواردووە لە شیکردنەوەی شێوازی کاری ئایرو و زمان و ڕەوتی کارەکەی، تەنیا ئاماژەم بە هەندێ تایبەتمەندی کردووە کە ناکرێ خۆیان لێ ببوێرم، ئەمانەش ئەو تایبەتمەندییانەن کە ناکرێ ئاستیان بۆ ناو چوارچێوەیەکی فۆرمی و ناوەرۆکی بوون دەبەزێنین. گێڕانەوەییبوونی بەرهەمەکانی ئایرو، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە.

ئەوە چییە کە گرینگی دەداتە تایبەتمەندییەک لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا؟ بۆ نموونە هەر ئەم تایبەتمەندییە گێڕانەوەییە لە ژمارێکی زۆر لە بەرهەمی ئێرانییەکانی دیکەشدا بەدی دەکرێت، ئەی بۆ ئەمە بە شێوەیەکی جیاواز لای ئایرو دەبینین؟ یەکێک لەو خاڵانەی کە دەبێتە هۆی جیاوازیی ئایرو، ڕاستگۆییەتی لەوەدا، کە کارە ئەدەبییەکان و ژیانی لای ئەو یەک شتن. ئەو دوورە لەو جۆرە خۆنەبانکردنەی لای هەندێ شاعیر هەیە و وا



دەزانن نموونەیەکی بێهاوتان و دەتوانن لە سەرووی جیهانەوە بڕواننە ئەم جیهانە و بیکەن بە شیعر. ئەو لە ناو ژیاندایە، تێکەڵ و ئاڵوودەی ژیانە و هەر ئەوەش دەنووسێتەوە. ئەمڕۆش لە پشت هەموو ئەو بیردۆزییە ئەدەبییە ورد و درشتانەوە وێنە و تابلۆسازی و خوازە (استعارە) بە شێوەی جۆراوجۆر زاڵە بە سەر پێشینەی شیعری هاوچەرخی ئێراندا. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە ڕادەیەکی زۆر لەو بیردۆزییانەی کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ مانیفێستە دژەخوازەییەکاندا سەریان هەڵدابوو، کاتێ کە پەردە لە ڕوویان لادرا، جگە لە شێوەگەلی نوێ بۆ ڕێکخستنی خوازەیی هیچی دیکەیان نەخستە بەر دەست.

ئەوەی لەگەڵ ژیان و نووسینی خۆیدا ڕاستگۆ بێت، ئەوەی کە ڕۆحی خۆی بە بیردۆزییە ئەدەبییەکان نەفرۆشتبێت، ئەوەی کە بیردۆزی و هزری خۆی لە ناخی هەستی (بوون)ـی خویەوە خستبێتە ڕوو، لە بارەی جیهان و بوون و ژیان و کۆمەڵگە، یان هەر شتێکی دیکەوە شیعر نانووسێت، ئەو کەسە خودی ژیان دەنووسێت.

ئایرو بوونی خۆی دەنووسێت. «شیعری من شتێکی جیا لە ژیان و حاڵ و ئێستای من نییە و هەڵبەت حاڵ و ئێستای منیش شتێکی بێ پێوەندی بە ڕابردوو و داهاتوومەوە نییە. بەم پێیە وا دەزانم من و شیعر لێک تەندراوین، وەکوو ئێستا و ڕابردوو و داهاتووی من.»

## ئایرو و شیعری هاوچەرخی ئێرانی

دەبێ شیعری ئایرو لە ڕیزی شیعری ئێرانیدا دابنرێت، بۆ ئەوەی شوێنەکەی دیاری بکرێت. ئایرو دوورە لە سێ تایبەتمەندیی شیعری هاوچەرخی ئێرانییەوە، هاتوهاوار و خۆنواندن، عەشقی خۆبوون و خۆبەکەمزانین. شیعری ئێرانی بۆ شاردنەوە، یان ڕەنگەش بۆ تێرکردنی ئەم سێ تایبەتمەندییە ڕێگەیەکی درێژی بڕیوە و هەڵبەزودابەزی کردووە، یان بە کورتی بیردۆزەی ئەدەبیی بۆ خۆی وەک زڕیاب قەبووڵ کردووە. بەهەرحاڵ، کەمئاوەزییە ئەگەر ئاماژە نەکەم بەوەی چی شیعری هاوچەرخی ئێمەی تووشی ئەم گرفتانە کردووە. پێویستە ئەم بابەتە، شی بکرێتەوە، چونکە ناکرێ و نابێ وا بزانرێت کە شاعیرانی ئێرانی هەموویان تووشی گرفتێکی تایبەت بوون، بەڵام بە دەیان و سەدان بەڵگەی ئاشکرا، دەکرێ بگوترێ، شاعیرانی ئێرانی ناچارن بوون و هەستیی شیعری خۆیان لە بەردەم هەژدیهایەکی گەورەدا پێناسە بکەن، کە لە ماڵەوەیاندایە و ئەویش هەژدیهای سانسۆرە. کەواتە پێش لە هەر شتێک و زیاتر لە هەر شتێک دەبێ سەرکۆنەی سانسۆر بکرێت. چونکە سانسۆر ڕێگرە لە بەردەم یەکبوونی تاک لەگەڵ خۆیدا، ڕاستگۆیی لەگەڵ جیهانەکەی و کارەکەیدا. بە وتەی نادین گۆردیمەر «سانسۆر، لای ئەو کەسانەی کە تاقییان کردووەتەوە هەرگیز کۆتایی نایەت. سانسۆر مۆرکێکە بە خەیاڵ و وێناکردنەوە، کە تا هەتایە داخەکەی بە نێوچاوانی کەسی ڕەنجدەرەوە دەمێنێتەوە.»

بەو مەرجەی وتەکەی گۆردیمەر ڕاست بێت، وەڵامی پرسیاری چەندین ساڵەی ئێمەی داوەتەوە. ماوەیەکی زۆرە هەم لە نووسینەکانمدا و هەم لە ڕامانە تاکەکەسییەکانمدا لەگەڵ ئەم پرسیارە لە ململانێدام، بۆچی تەنانەت ئەو کاتەی لە سانسۆری حکوومەت ڕزگار دەبین- بۆ نموونە کۆچ دەکەین بۆ دەرەوەی ئێران- دیسانیش زۆر بە ئەستەم گۆڕانکارییەک لە نووسینەکانماندا دێتە ئاراوە؟ ئێستا گۆردیمەر کە خۆی ئەزموونی نووسینی لە ژێر گوشاری ڕژێمی ئاپارتایددا هەبووە، دەلاقەیەک بە ڕووی ئەم پرسیارەدا دەکاتەوە. بۆ هەر کوێ بڕۆیت سانسۆر لەگەڵت دێت. واتایەکی دیکەی وتەکەی ئەوەیە، یەکێک لە دواهاتەکانی سانسۆری حکوومی، خۆسانسۆرکردنە. سانسۆری حکوومی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئێمە، ئەوەندە بەرفراوان و بە زەبر بووە، کە وەکوو جین (Gene)

ـێک لە نەوەیەکمانەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و بۆمان دەمێنێتەوە. بۆیە لای من گرینگە ئەوە بزانم، کە ئایا لە ناو ئێمەدا کەسێک هەبووە ئەم ئەڵقەی بەرهەمهێنانەوەی سانسۆر و خۆسانسۆرکردنەی شکاندبێت؟
ئایرو خۆی لە کۆتوبەندی ئەو سانسۆرە و دواهاتە تێکدەرەکانی دەرباز کردبوو. لە وتووێژێکیدا وتبووی: «شیعر مامەڵەی لەگەڵ هەستی (بوون)ـدایە. ئەگەر پرسیارت ئەوە بێت کە مەبەست لە بوون چییە، دەڵێم ئەوەیە کە دێتە ناو زەین و هزری ئێمەوە و هاوکات ئەوەشە کە نایەتە زەین و هزری ئێمەوە. پێناسەی شیعر تەنانەت ئەگەر بیشکرێت گرفتێکمان لێ چارەسەر ناکات. جگە لەوەی شیعر (واتە ئەو دوایین مەتەرێزە) بکاتە شتێکی بەردەست و بەو هۆیەشەوە شتێکی بەکارهێنراو (ئەوەش لە دان و ستاندن و ئاڵووێرێکی شەرماویدا لەگەڵ کۆمەڵگەی بەکارهێن.»
هەنووکە کە ئەم پرسەمان بەرجەستە کردووەتەوە، دەبێ نیشان بدەین ئایرو چۆن توانیویەتی خۆی لە کۆتوبەندی سانسۆر دەرباز بکات؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ بزانین سانسۆر لە ئێمەدا چۆن خۆی بەرفراوان دەکات. شیعری هاوچەرخی ئێرانی بە پێچەوانەی بیردۆزە و تیۆرییە قەبەکانی پۆستمودێرنیستی و بنەماشکێنەکانی، بە پێچەوانەی بانگەشەی کردەی زمانی و دێموکراسیی زمانی، هەر وەک هەمیشە وا بووە، شیعرێکە وێنەتەوەرە و گیرۆدەی خوازە (استعارە) و ئەمەش خۆی ئاوەڵدوانەی سانسۆرە. خۆرخێ لویس بۆرخس ئەو کاتەی



لە ژێر گوشاری ژیانی پڕ نەهامەتیی سەردەمی حکوومەتکەی خوان پرۆن ڕزگار بوو، وتی تێگەیشتووە کە «سانسۆر دایکی خوازە (استعارە)ـیە. کەسێک کە ناچار دەبێت جۆرێ بیر بکاتەوە و بە جۆرێکی دیکە دەریببڕێت، کەسێک کە ناچار دەبێت دۆستایەتی، پێوەندی، نەفرەت و هیوا و ئاواتەکانی بشارێتەوە و لە بری ئەوانە شتی دیکە بخاتە ڕوو، کەسێک کە ناچار دەبێت ژیانی خۆی بخاتە ناو دوو کەوانەوە و شتێکی دیکە لە بری ئەوە بنێتە زەین و بیریەوە، واتای کارەکەی تەنیاوتەنیا یەک شتە، شاردنەوەی سانسۆر لە خوازە (استعارە)ـدا و بە یارمەتیی خوازە.
خوازە ئاوەڵدوانەی سانسورە. کەواتە من وێڕای داوای لێبووردن لە بۆرخس، بە پێچەوانەی ئەو وا نازانم سانسۆر دایکی خوازە بێت. ناکرێ بگوترێ ئەم دوانە کامیان سەرچاوە و کامی دیکەیان دواهاتی ئەوی دیکەیە، چونکە تا زیاتر ورد بینەوە بۆ جیاکردنەوەی خوازە و سانسۆر لە یەکتری، زیاتر تێدەگەین مەسەلەکە وەک مەسەلەی مریشک و هێلکە وایە. دەکرێت بڵێین یەکەم جار خوازە بۆ ئەوە وتراوە وتە بڕازێنێتەوە؟ ئەگەر وا بێت خوازە دەبێتە سەرچاوەی سانسۆر، چونکە خوازە واتە نەگوتنی شتێک کە دەبێ بگوترێت و لە بری ئەوە وتنی شتێک کە مەبەست خودی ئەو شتە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە شتە نەوتراوەکە بگەیەندرێت، بەم شێوەیە شتێک دەسڕدرێتەوە، دەشاردرێتەوە، یان لانیکەم بە شتێک دەپێچرێت. لەولاشەوە سانسۆرە، ئەگەر وای دانێین یەکەم خوازە



بۆ ئەوە بووبێت کە شتێکی قەدەغە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕێت، کەواتە قەبووڵمان کردووە سانسۆر سەرچاوەی خوازەیە. بەهەرحاڵ، ئەمانە هاوەڵ دوانەن، بەڵام لە شیعری ئێرانیدا خوازە وەکو تەوەرەی سەرەکی و ئێسکەپەیکەر وایە، هەم لە شیعری کۆن و هەم لە شیعری هاوچەرخدا. هەرگیز کەس نەیتوانیوە زاڵبوونی خوازە و وێنە و تابلۆسازی بەرەوڕووی پرسیار بکاتەوە. سانسۆر توانیویەتی ئەندیشەخانەی شاعیرانی ئێرانی بە چەشنێکی بەدەر لە زەمان بە شێوەیەک ئاوس بکات، کە خۆی بە شێوەیەکی ناوەکی دیسان بەرهەمی بێنێتەوە.

شیعری دژەخوازە یان لانیکەم ئەو شیعرەی گرینگی نادات خوازە، ئەو شیعرەی کە کاری خۆی دەکات، دەربڕینی خوی هەیە و کەشف و دۆزینەوەی خۆی دەکات و بێ فێڵ و بێ دەستتوندکردنی لە زمانێکی ساختە، ئەوەی دەبێ بیڵێت دەیڵێت، ناتوانێت لە چەقۆی سانسۆر دەرباز بێت. شاعیری ئێرانی لە بری ئەوەی چاوی بەرەو ئەو واتا ناچارییەی خوازە بکاتەوە و هەوڵ بدات خۆی لێ دەرباز بکات، ڕێک و ئاسان خۆی تەسلیمی کردووە.

باشە ئەمە بیرهێنەوەی ئەو زیندانە نییە کە تێیدا ئەویندار بووبووە ئەشکەنجەدەری خۆی؟ ئەو بیردۆزییانەی بۆ شیعری هاوچەرخ خراونەتە ڕوو، نەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی سانسۆر، بەڵکو بۆ قووڵکردنەوەی زیاتری بوون. شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین لە سەر بنەمای بیردۆزییە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان، بێ ئەوەی لە قووڵایی ناسینی ژیان لەو ژینگەیەدا هەڵقوڵابن، جگە لە بەهێزکردنی زیاتری سانسۆر هیچی تریان پێ نەکراوە، بۆ وێنە سەرنجی بیردۆزەگەلی وەک فرەواتایی یان توانای دابەشبوونی شیعر یان بیردۆزەی شیعری زمانتەوەرە بدەن. ئەگەر لەم لێکدانەوەدا تەنیا بە باسە تیۆریکەکان قایل نەبین و باش ورد بینەوە لەو شیعرانەی کە ئەم باسانە بوونەتە سەرچاوەیان، تێدەگەین جگە لە پەرەپێدانی هەمان بنەمای هەمیشەیی شیعری فارسی، واتە خوازە و تابلۆسازی و لە ئەنجامدا باجدان بە سانسۆر، هیچی تریان پێ نەکراوە. تابلۆسازی بە بیانووی دروستکردنی فرەمانایی و ڕاڤەهەڵگربوونی شیعر، جگە لە درێژەدان بە ڕوانگە و بۆچوونی سەردەمی سەفەوی و قاجاڕی، کە ناسکیی خەیاڵ و نیانیی دەروونیان ستایش دەکرد، چیتر نییە و ئەو شیعرەش ئەمڕۆ لە توێی پەردەی زمان و پۆستمودێرن و بارستا (ئێسپاسماتیزم) و دێموکراتیکدا دەیخوێنینەوە، هەمان ناسکخەیاڵیی سەدەکانی ڕابردووە لە جلوبەرگی تیۆریدا.

لەم سۆنگەیەوە ئایرو لە شیعری ئەمڕۆی ئێراندا جێگەیەکی نییە و بۆیە لەو پەراوێزبوونەی خۆیدا و بە شێوازی خۆی، نموونەیەکە بۆ شکستپێهێنانی ئەو خولانەوە بێ سوودە و دەربازبوونە لە هەژموونیی خوازە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری هەمیان. ساڵی یەکەم. پاییزی ٢٠١١. تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی و. م. ئایرو (وریا مەزهەر)



# پشــیلەیەك لە تاریکیدا

**بەختیار حەمەسوور**

-هـــ، هـــ، هـــ!...

بە بەردەم دوکانێکدا، کە شامپۆ و سابوون و کرێم و بابەتی ئافرەتان دەفرۆشێت، تێدەپەڕیت. پیاوێک، لە پشتی مێزێکەوە دانیشتووە. ژنێک، شامپۆیەکی بە دەستەوەیە و لە بەردەم پیاوەکەدا وەستاوە. ژنەکە وەک ئەوەی شتێک بخوێنێتەوە، لە شامپۆکە ورد دەبێتەوە. بە قسەیەک کە ژنەکە دەیکات، پیاوەکە دەکەوێتە پێکەنین. پشیلەیەک دەبینیت، لە چاڵاوێکی چکۆلەی بەردەم دوکانەکەدا ئاو دەخواتەوە. بیرت دەکەوێتەوە: بەر لەوەی بە بەردەم ئەم دوکانەدا تێپەڕیت، تینووت بووە.

## دەق



ئەژنۆت ژان دەکات. لە سەر کورسیی بەردەم باخێک دادەنیشیت و بیر لە گەڕانەوە دەکەیتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام کە بێدەنگیی ژوورەکان دەهێنیتەوە خەیاڵت، پەشیمانی دادەگرێت. کە ئیشێکت دەست ناکەوێت، هەست دەکەیت دەستت بێ لە گرتنی جگەرە، ئەرکێکی دیکەی نییە. جگەرەیەک دادەگیرسێنیت. دەنگی بەرزی کەسێک، سەرت پێ بەرز دەکاتەوە. کەسەکە، لە شوێنێکی بەرزەوە قسە لەگەڵ کەسێکی دیکە دەکات. کەسەکەی سەرەوە بەوەی خوارەوە، کە تۆ نایبینیت، دەڵێت:

-گوریسەکە توند گرێ بدە.

کەسەکەی خوارەوە قسەیەک دەکات، بەڵام دەنگی لە هەوادا ون دەبێت. کەسەکەی سەرەوە دەڵێت:

-بۆ خۆت دەڵێم، ها.

تەنەیەک بە گوریسەکەوە هەڵدەکێشرێت. جگەرەکەت نیوە بووە. دەستت بەرز دەکەیتەوە بۆ کێشانی، سووتووەکەی دەوەرێتە سەر پێڵاوەکانت. قاچت دەجووڵێنیت. سووتووەکە دەکەوێتە سەر زەوی.

-هەستاویت لە خەو؟

-ئم. تازە هەستاوم.

-نیوەڕۆخەو دەکەیت؟

-ئێ چی بکەم، خۆ تۆ شەو نەتهێشت بخەوم.

-کافر! خۆ تۆیش نەتهێشت بخەوم.

-دە باشە ئیتر. کەی دێیتەوە؟

-ئێوارە.

-خۆزگە بۆ نیوەڕۆ دەگەڕایتەوە.

-ناتوانم.

-ئێ دەنا.

-تەماتەت کڕی؟

-نا. چاوەڕێم عەرەبانەکە بێت.

-دوکان قەرەباڵخە، دواتر قسە دەکەینەوە.

-باشە گیانەکەم! خوات لەگەڵ.

بە تەنیشت دوکانێکدا تێ دەپەڕی و خاوەندوکانەکە شامپۆ و سابوون و کرێم بۆ ژنێک دەخاتە عەلاگەوە. هەست دەکەیت دوکان و خاوەندوکانت جارێکی دیکە بینیوە. کەی؟ دەنگی هۆڕنێکی بەرز، لەو بیرکردنەوە دادەبڕێت. دەپەڕێیتەوە سەر شۆستەی دەستەچەپ و لە دڵی خۆتدا دەڵێیت:

-نا، ئەمە یەکەم جارە ئەم پیاوە و دوکانەکەی دەبینم، ئاخر بیرم نایەت، ڕۆژێک بە بەردەم دوکانێکدا تێپەڕیبم و ئۆتومبێلێک هۆڕنی بۆ لێ دابم.

کەسێک دەست دەخاتە سەر شانت، ئاوڕ دەدەیتەوە. ئاشنایانە سڵاوت لێ دەکات. حەپەساویت. وەڵامت نییە.

-نامناسیتەوە؟

"نامناسیتەوە؟"کەی، وەکو بزمار بە سەرتدا دادەکوترێت.

-نا.

-چۆن؟ بەڕاست؟

خۆیت پێ دەناسێنێت، نایناسیتەوە. ناوی دوو- سێ کەس دێنێت، ئەوانیش ناناسیتەوە. نازانی ئەم کەسە لە چ کەلێن و درزێکی بیرەوەریی تۆدایە. کابرا دەکەوێتە گومانەوە، جارێکی دیکە و سەرلەنوێ دەست دەکاتەوە بە پرسیار و خۆناسین، جارێکی دیکە و سەرلەنوێ نایناسیتەوە. لە بیرەوەریتدا، ئەم پیاوە بێ شوێنە. دوو ئاراستەی دژبەیەکی شەقامێک، لێکتان جیا دەکاتەوە.

کۆڵانێکی تەسک دنەی بیرەوەریت دەدات. پێت وایە ئەم کۆڵانە لە شوێنێکی بیرەوەریی تۆدا نووستووە. چاو دادەخەیت. لۆرییەک بە ئاهوناڵەی کۆمەڵێک سەربازی تۆزلێنشتوو و بریندارەوە، بە بیرەوەریتدا تێدەپەڕێ بۆ نەخۆشخانە. دەنگێک لە ناو کۆی ئەو دەنگە کز و

لێڵانەدا، ساڵەکان دەبڕێت و دەگاتەوە گوێت:
-ئــــــاو... ئــــــاو... بۆ خاتری خوا...
نیوەی کۆڵانەکە دەبڕیت و دەگەیتە نزیک عەرەبانەیەک، ژنێک سەرقاڵی کڕینی تەماتەیە. کابرای عەرەبانەچی بە دەم کێشانی تەماتەوە، گوێی بۆ ژنەکە ڕاگرتووە. تێدەپەڕی. هەر ئەوەندە لە قسەی ژنەکە تێدەگەیت، کە دەڵێت:
-پێم گوت، خۆزگە بۆ نیوەڕۆ دەگەڕایتەوە و...
دەتەوێت شتێکی کۆنی ئەم کۆڵانە، لە سەردەمێکی کۆنی تەمەنتدا بهێنیتەوە خەیاڵت؛ نایەت. جارێکی دیکە هەوڵ دەدەیت؛ ناتوانیت. پشیلەیەک لەوسەری کۆڵان، لە هەوڵدان دەتوەستێنێت. دەوەستیت. پشیلەکە، لە بەرانبەر منداڵێکدا دەوەستێت. ژنەکە، بە عەلاگەیەک تەماتەوە دەچێتە ژوورەوە. پیاوەکە، عەرەبانەکەی پاڵ دەنێت. منداڵەکە، پشیلەکە تێپەڕ دەکات. تۆ وەستاویت. پشیلەکە ڕووەو کۆڵانێکی دیکە دەڕوات و لە چاوت ون دەبێت.
بە نزمی شتێک دەڵێیت:
-پشیلە دەتوانێت بچێتە بیرەوەریی کۆڵانەوە و من ناتوانم.
تەقەی کردنەوە و داخستنی قاپیی حەوشەت، ژن و پیاوێک لە گانکردن دەوەستێنێت.
-پیاوەکە بوەستە! گوێم لە تەقەی دەرکەیە.
-بەم درەنگی شەوە؟
ژن و پیاوەکە لە یەک کاتدا، سەیری کاتژمێری ژوورەکە دەکەن: 12:22
ژنەکە دەڵێت:
-دەترسم شتێک ڕووی دابێت.
-ئاخر ئێستا کەی وەختی ڕوودانی شتە!
پیاوەکە دەستی بە سمتی ژنەکەوە شل دەبێتەوە. بە پەلەپرووزێ قاتی خەوەکەی دەکاتە بەری و دەگاتە حەوشە. دەستت بە دەسکی دەرکەی ژوورەوەیە، کە پیاوەکە دەڵێت:
-ئەوە کێیە؟
پشیلەیەک، بە سەر دیواری نێوان هەردووکتاندا تێپەڕ دەبێت و بازدەدا بۆ کۆڵان.
لە حەوشەکەدا، با یاری بە چەند گەڵایەک دەکات.
دەچیتە ماڵەوە، بە نیازی خواردنی شتێک. بیرەوەریت، بە توندی بەر بێدەنگیی ژوورەکان دەکەوێت. لە نزیک تەباخەکە، دوو هێلکە دەبینیت لە قاپێکدا. بیر دەکەیتەوە: هێلکەکان بکەیت بە هێلکەوڕۆن باشە، یان بیانکوڵێنیت؛ نازانیت.
لە تاریکیی کۆڵاندا، پشیلەکە دەگاتە ئاستی تەنەکەزبڵێک و دەوەستێت.
پیاوەکە دەگەڕێتە ژوورەوە. ژنەکە مەکسییەکی تەنکی لەبەر کردووە و لە قەراخ سیسەمەکە دانیشتووە.
-کێ بوو؟
-ئەم سەگبابەی ئەمدیومانە.
ژنەکە، سەیرێکی کاتژمێری ژوورەکە دەکات: 12:25
-ئەیەڕۆ، بەم درەنگە دەگەڕێتەوە؟!
-بەڵێ، بە ملی شکاوی. خوا دەزانێت لە چ حیزخانەیەک بووە.
-دەی قەینا تووڕە مەبە.
-چی تووڕە نەبم.
-تووڕە مەبە و ئا.
پیاوەکە بە دەم داکەندنی قاتی خەوەکەیەوە، دەڵێت:
-مەکسییەکەت دابکەنە.
ژنەکە مەکسییەکەی دادەکەنێت و بە ڕووتی لە سەر سیسەمەکە ڕادەکشێت. پیاوەکە بە هەردوو دەست، قاچی ژنەکە بەرز دەکاتەوە. لەگەڵ یەکەم تەکانی پیاوەکە و یەکەم هەناسە و قیژەی ژنەکەدا، پشیلەکە دەگاتە سەر سووچی کۆڵانەکە.



# دەستنووسی سەر مقەبا

**هەژار عوسمان**

**شەممە: ڕۆژی لەپەلوپۆکەوتن**
من، تینوویەتی پێی پێ خستمە ئەم شارەوە.

**دووشەممە: ڕۆژی بێقەراری**
... بیستوچوار... سیوحەوت... پەنجاونۆ... تەواو... نا... تەواو نابێ! بەڵام من شەکەت بووم. جرت فرت... جرت فرت... چ پووچی و چ داماوییەکە، پەنجاونۆ جاران (هەڵبەتە تا پەنجاونۆ جاران تاقەتی ژماردنم هەبوو!) بە ژوورێکی بۆگەندا... هم... بۆگەنی ناوگەڵی قەحپەکان، بێیت و بڕۆیت و نەگەیتە هیچ جێ... هیچ قەرارێک.





**یەکشەممە: ڕۆژێک پێش دووشەممە**
هەچکات قەحپەیەک بەم ئەم شارە زیادی دەکرد، من، منی قوڕبەسەر، پتر بەم شارەوە مینا مێخی ناو مەزرا دادەچەقێنرام.

**سێشەممە: شارێک لەهیچنەچوو!**
ئەم شارە... ئاهـ! لە بیرمە زۆر ئۆردوگە و لادێ و شاران بە پێیان گەڕاوم و هەرگیز وێنەی شارێکی ئاوهام وەبەر چاو نەکەوتووە و لە دەمی کەسیشم نەژنەوتووە. من، منی بەدبەخت و سیگارفرۆشی ئەم شارە، دەبێ ئەوەم بیر بێ، کە بیرم نایەتەوە شارێکی لەم چەشنەم لە هیچ جێیەکی دی دیبێ. شارێک، بێ مزگەوت و بێ مەکتەب و بێ نەخۆشخانە و بێ چی و چی و چی.
ئا... ئێستا، لە سەر ئەم پارچە مقەبایە دەبێ هەندێک شت لە بارەی ئەم شارەوە بنووسم و جێی بهێڵم. هاهـ! دیسان بۆنی ناوگەڵی قەحپەکانی ئەم شارە؛ ئەم شارەی تەنیا بە کەڵکی ئەوە دێ تێیدا بمری، ناهێڵن ئاهێک هەڵبکێشم و بە ئاسوودەییەوە لە بارەیەوە بنووسم. نا... نەخێر، ناهێڵن.

**چوارشەممە: نێزیکبوونەوەی بە دزییەوە هەڵاتن**
بەیانی!
بەیانی!
... هم، شتێک دەقەومێ.

**پێنجشەممە: ڕۆژی خۆبزرکردن، قەراخی شار**
بە پێچەوانەی گشت ڕۆژەکانی دیکەوە، شار، شاری بێ مەیخانە و بێ باخ و بێ قەحپەخانە!... چۆڵ و بێ سرتە بوو... چۆڵییەک هەر بەڕاستی بنیام زندەقی دەچوو. زۆر خۆفناک! زۆریش ساردوسڕ. هەنگاوێک... چوار... یازدە... لە ماڵ دوور کەوتمەوە و شار سەرتاپا بوو بە قیژە! هەر ماڵ و هەر دەرکە و هەر پەنجەرە و هەر بان و بنبان بوو؛ قەحپە بێ سیگارەکان لێیانەوە دەیانقیژاند. وامدەزانی هەڕا دەکەم و لە جێی خۆیشم چون مێخ، مێخی ناو مەزرا، دەچەقیم و نەدەجوولام. نا... هەنگاو دوای هەنگاو... بە سێبەرەکانیاندا هەستم بە بزوانی پێیەکانم دەکرد و دەمزانی ئیتر لەم شارە، ئەم شارە گەنیوە، ڕادەکەم...لە گشت کۆڵانەکانەوە... لە گشت ماڵ و لە گشت ژوورەکانەوە... قیژە نەیدەهێشت گوێت لە قیژە بێ!
کە هەنگاوێک پتر دوور کەوتمەوە، بە ئاستەم گوێم لە دەنگی یەکیان بوو دەیقیژاند:
-ئەم شارە، بەبێ سیگار خوێنی ئێمە دەبیا.
قیژەکەی بە ئەندازەیەک بڵند بوو، کە خەیاڵی چکانەوەی خوێن و دڕانی شوێنێکیم دەکرد!
یەک... سێ... پێنج هەنگاوان بەر لەوەی لەو شارە بۆگەنە نەجات بم، بۆ دوایین جار قیژەی یەکێکی دیکەم لە قەحپەکان ژنەوت... ناسیمەوە... بە ناحاڵ... دەنگی پیرەقەحپەکەی هاوسێم بوو (هەڵبەتە لەبەر ئەوە ناسیمەوە، کە زۆر شەوان لە درزی دیواری حەوشەوە حەمامەکەییم دەدی... تەماشای مەمکی چرچولۆچ و ڕەشایی بەینی ڕانەکانیم دەکرد و... من... منی سیگارفرۆشی ئەم شارە... شاری بێ پیاو و بێ منداڵ و بێ خێزان... یەکپارچە ناوگەڵم پڕ دەبوو لە لینجی و ژان...) دەیقیژاند:
-قەحپە دەبێ هەموو شتێکی هەبێ، هەموو شتێک...

## دەق





لە پێش سوورا و سپیاو و تێڵاکەی ناوگەڵیشەوە... سیگار! سیگار! ئاای! هەی سیگارفرۆش! هەی حیزی زۆڵ! زوڵمت کرد... زوڵم! خوا قەت ئەمەت لێ قەبووڵ نەکا، نا... نەبەخوا... قەت قەبووڵی ناکا، خوا!...

### مەغریبانێکی درەنگی پێنجشەممە: پارچەمقەبایەکی جێهێڵدراو

ڕێبواری من نەدیدە! ئەوەی ڕۆژێک دەستنووسی سەر ئەم مقەبای سیگارانە دەخوێنیتەوە، گەرەکمە پێت بڵێم: لە بیرمە، من، لەو شارە... شاری قەحپە بێ سیگارەکان، ڕام کرد!

من، تینوویەتی پێی لەم شارە پێ خستمە دەر.



# کفنی ماندوو



**کاروان محەممەد فەتاح**

چێژی هیچ شتێک تا کۆتایی نییە و لە قۆناغێکی تردا ئەو چێژە بۆ ئازار دەگۆڕێت. ساڵانێکی زۆر، پێش ئەوەی ببمە پاسەوانی گۆڕستان و کارم دزینی کفنی مردووەکان بێت، چێژم لە شتێک دەدی، کە ئێستا بۆم مایەی ئازارە.

ناوم (مەردان)ـە، خەڵکی شار کاتێک بانگم دەکەن، بە (مەردانی پاسەوان) ناوم دێنن. لێرە، هەموو کەس بە پیشەکەیدا دەناسرێتەوە، نەک خۆی، پرسیار ناکرێ تۆ



کێی؟ بەڵکو پرسیار لەوە دەکرێ تۆ چیت؟ منیش بە پیشەی پاسەوانیی دەناسرێمەوە و بەوە ناوم دەرکردووە. خەڵکی ئەم شارە منیان خۆش دەوێ و ڕێزی زۆرم دەگرن، بێئاگان لەوەی دزینی کفنی مردووەکانیان لە هەناومدایە، ناهەقیان ناگرم، چونکە ڕووخسارێکی فریودەرانەم هەیە و بە بێدەنگییەکەم چاویان لە ئاست خراپەکانم کوێر دەکەم. هەندێ مرۆڤی وەک من گورگێکی پاشوقلدەرن لە پێستی مەڕدا، هەر من نا، زۆربەی خەڵکی وان، بە تایبەت ئەو زیندووانەی بۆ ئەوەی لە جووڵە و زیندوویی خۆیان دڵنیا بن، بۆ مردووەکانیان دەگرین، تابووتەکان دەنێنە ژێر شانیان و ڕێگەی گۆڕستانەکان دەگرنە بەر، تا بەو هۆیەوە خراپییەکان و درۆ و فێڵی خۆیان بشارنەوە.

پاسەوانی گۆڕستانی (ئیمام محەممەد)ـم، ئەو گۆڕستانە کەوتووەتە سەر گردۆڵکەیەک و لە قەراغی شاردایە، لە نزیکییەوە هەندێ ماڵی زۆر کۆن هەیە، کە شێوەی بیناسازییان لە هیی سەردەمە کۆنەکان دەچێت، گومەزیان هەیە و لەبەر کۆنیان درز کەوتووەتە دیواری خانووەکان، هەر بە بینینیان دەتوانیت لە خانووەکانی ناوشار جیایان بکەیتەوە.

هەموو کاری من لە شەودا دەست پێ دەکات، بۆ بڵێم هەموو کار، من تەنیا یەک کار دەکەم، ئەویش دزینی کفنی سپیی مردووەکان لە شەودا. بە ڕۆژ ئەو کەسانەی مردووەکانیان دەهێننە ئێرە و ژێر خاکیان دەنێن، هاوکارییان دەکەم، لەبەر ئەوە نا، تا وەک کەسێکی باش و بە کەڵک تەماشام بکەن، نەخێر، بەڵکو لەبەر شتێکی تر، کە تا ئێستا تەنیا خۆم دەیزانم و لەم شارەدا کەس لە مانای ئەو هاوکارییەم نەگەیشتووە. هاوکاریکردنم بۆ زانینی شوێنی مردووە تازەنێژراوەکانە، بۆ ئەوەی شەو کاتێک ئاسمان ڕەنگی ڕەش دادەگەڕێت، لە ناو تاریکییەکی تۆخدا گۆڕی مردووە تازەنێژراوەکە هەڵدەمەوە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی کفنەکەی لەبەر دابماڵم و لە ماڵە یەکژوورییەکەی گۆڕستانەکەدا لەبەری بکەم، ئەویش بۆ گەیشتن بە شتێکی تر و دۆزینەوەی ونبوویەک. مرۆڤ وایە، هەر شتێک لە پێناو گەیشتن بە شتێکی تردا دەکات.

من (ئەستێرە)ـم، پورزای (مەردان)، مەبەستم (مەردان) ـی پاسەوانی گۆڕستانەکەی نزیک ماڵمانە. ئەو ئێستا زۆر پیر بووە، بەڵام هێشتا ڕەنگوڕووی منداڵی لە ڕوویدا دەبریسکێتەوە، ئێستاش وەک منداڵێک بە شەوقێکی زۆرەوە دەژی. جاران دزێکی خۆشەویست و منداڵێکی چەتوون بوو، لە دزیندا زۆر هونەری بە کار دەهێنا، تەنیا من دەمزانی ئەو دز بوو، ماڵی خزم و دراوسێکانی هەموو تالان کردبوو، بەڵام ئێستا پاسەوانی گۆڕستانە، نازانم لەو گۆڕستانەدا جگە لە پاسەوانیی مردووەکان هیچ کارێکی تر دەکات یان نا؟ مردووان پاسەوانیان بۆ چییە؟ بڵێی لە گۆڕستاندا ژیانێکی تر هەبێت و ئێمەی زیندوو هەستی پێ نەکەین؟ وتم (ئێمەی زیندوو!؟) بەڵێ، ئێمەی زیندوو! (مەردان) کاتێک منداڵ بوو کەرەستە و شتی زیندووەکانی دەدزی، بەڵام ئێستا لەگەڵ مردووەکاندا دەژیێت، بڵێی بتوانێ دزی لەوانیش بکات؟

ماڵی ئێمە سەد مەترێک لە گۆڕستانەکەوە دوورە، زۆر جار سەر لە (مەردان) دەدەم و خواردنی بۆ دەبەم، منی زۆر خۆش دەوێ، چونکە دەڵێ: "ئەستێرە زۆر هاوکاریم دەکات و پێمەوە ماندوو دەبێت." وتم زۆر جار سەری لێ دەدەم؟ بەڵێ، بەڵام مەرجی چوونم بۆ لای، ئەوەیە، کە تەنیا لە ڕۆژدا ببینم و خواردنی بۆ ببەم، یان ئەگەر کارێکم پێی هەبێت، دەبێت لە ژێر ئاسمانی ڕووندا بڕۆم بۆ لای، ئەویش هەروا دەکات، تەنیا لە ڕۆژدا دێت بۆ




مالّمان، نازانم ئەمە بۆ دەکات!

ماوەیەکی زۆرە ئەو گومانە لە سەرمدا دەخوولێتەوە و هەڵهێنانی ئەو مەتەڵە پڕ ئەفسوونە بووەتە ماخۆلانم، کە پوورزاکەم بۆچی نایەوێ لە شەودا کەس ببینێ و کەس بیبینێ؟ بە منداڵیش کچێکی بزێو و سەرکەش بووم، هەمیشە دەمویست ئاگام لە هەموو ئەو شتانە بێت، کە لە دەوروبەرم ڕوو دەدەن، تەنانەت هەوڵم دەدا بزانم کێ کێی خۆش دەوێ و کێش ڕقی لە کێیە، وام هەست دەکرد بەو کارە دەتوانم خۆشەویستیی هەموان بە دەست بهێنم، بۆیە نهێنیی زۆر لە خزمەکانم لای من بوو، زۆر کات هانایان بۆم دەهێنا و منیش لە پێدانی نهێنیی باش و پێویست دڵفراوانیم دەکرد و پێم دەدان، بەڵام نازانم بۆ دوای ئەوەی (مەردان) کاتێک تەمەنی تەنیا بیست بەهار بوو، بووە پاسەوانی گۆڕستانی (ئیمام محەممەد) و پێمانی گوت، نامەوێ کەس لە شەودا سەردانم بکا، زاتی ئەوەم نەکردبوو بگەڕێم بە دوای ئەو نهێنییەدا، ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بێت، کە (مەردان) ژیانێکی زۆر لەوە ئاڵۆزتری هەبوو، من بتوانم بە هەوڵێک درکی پێ بکەم، لەوانەیشە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە دایکم چیرۆکی سەیر سەیر و ترسناکی لە بارەی ئەو گۆڕستانەوە بۆ دەگێڕامەوە و هەمیشە پێی دەگوتم: "ئەستێرە گیان! شەوان مردووەکانی ئەو گۆڕستانە لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە و بە ناو کۆڵان و شەقامەکانی شاردا دەگەڕێن، هەر کەس بیانبینێت، زەندەقی دەچێت، بۆیە هەرگیز نەکەی شەوان بچیتە دەرەوە." وتم هەر لە منداڵییەوە کچێکی بزێو و سەرکێش بووم؟ بەڵێ، بۆ ئەوەی بزێوی و سەرکەشیی خۆم بسەلمێنم، وزەم دایە بەر خۆم و شەوێک لە شەوە گەرمەکانی کۆتایی مانگی شەشی ساڵی (1988) فانۆسێکم هەڵگرت و هێواش هێواش هەنگاوم بەرەو گۆڕستانی (ئیمام محەممەد) نا. کاتێک بە سەر خاکە زبر و بەردەڵانەکەی نێوان ماڵی خۆمان و گۆڕستانەکەدا دەڕۆیشتم، بە جۆرێکی وا هێمن پێم زەوییەکەی ماچ دەکرد، هەندێ کات هەستم دەکرد قاچەکانم لە هەوادا دەڕۆن و لە نێوان قاچەکانی من و زەویدا بۆشاییەک هەیە، کە نایەڵێت قاچی من و زەوی بە یەک بگەن، بۆ ئەوەی بزانم بە ڕێگەدا بۆ شوێنێک دەڕۆم و دڵنیا بم لە بۆشاییدا نیم، چەند چرکەیەک هێزێکی زۆرم خستە سەر پێڵاوەکانم و لە زەویم خشاندن. دەزانن بۆ وا هێمن و نەرم دەڕۆیشتم؟ چونکە دەمگوت نەک دایکم و مردووەکان بمبینن و نەیەڵن کلیلی ئەو نهێنییە بدۆزمەوە. فانۆسەکەم بە دەستی ڕاست گرتبوو، تیشکێکی زۆر کزی هەبوو، تەنیا چەند مەترێک بەرپێی خۆم دەبینی، تا گەیشتمە بەردەم دەرگەی گۆڕستانەکە چەندین جار پێم هەڵکەوت، لەترم دەدا و دەکەوتمە سەر زەوی، پێیەکانم دەسووڕان و ئازاری زۆرم پێ دەگەیشت، بەڵام لەبەر زانینی نهێنییەک هەستم بە ئازاری کەوتنەکان نەدەکرد، ئەو نهێنییەی، کە تا ئەو ساتە بووبووە مۆتەکەیەک و هەموو شەو دەهاتە خەوم، بینی دەگرتم و هەناسەی دەبریم. مرۆڤ لە ساتی گەڕان بە دوای نهێنییەکی گرنگدا هەست بەو ئازار و ناخۆشییانە ناکات، کە بە هۆی زانینی نهێنییەکەوە دێنە پێشی.

لە پەنا دیوارێکی گۆڕستانەکە و لە ژێر دارهەنجیرێکدا لەنگەرم گرت، بۆ ئەوەی ئەو هەست بە بوونم نەکات، فوویەکی هێواشم لە تیشکی فانۆسەکە کرد، کەوتە سەما و دواتریش کوژایەوە، تا فانۆسەکەم نەکوژاندەوە، نەمزانی دنیا وا تاریک بووە. نزیکی کاتژمێر هەشت بوو، هیچ دەنگێکم نەدەبیست، گەڵای دارەکانی لێواری گۆڕستانەکە نەدەجووڵانەوە و خشەیان نەدەهات، بێدەنگییەک باڵی بە سەر شەودا کێشابوو، بەرچاوم تاریک بووبوو، هیچ شتێکم بەدی نەدەکرد، هەستم کرد



له شوێنێکم تەنیا تاریکی سەروەرە، دواتر وردە وردە چاوم لەگەڵ تاریکییەکدا ڕاهات و توانیم بە تەڵخی شتەکان ببینم. لە پڕ چاوم بە تیشکێک کەوت، تەماشای مەترێک سەرەوەی تیشکەکەم کرد و ڕووخسارێکی لێڵم بەدی کرد، کەسێک بوو، لە ڕۆیشتنیدا هەستت دەکرد مرۆڤێکی پیر و ساڵدارە، چونکە کاتێک بە ناو گۆڕستانەکەدا دەڕۆیشت، پشتی چەمابووەوە. ڕوونتر بینیم، جامانەیەکی ڕەشی ئاڵاندبووە سەریەوە، کە خاڵی ورد وردی سپیی تێدا بوو. بە دەستێکی فانۆسێکی وەک ئەوەی من و بە دەستەکەی تری دارێکی درێژی وەک خاکەنازی گرتبوو، یەکسەر ترپەی خێرا و بەرز کەوتە ناو دڵمەوە و هەستی ترس ڕژایە گیانمەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم:

"ئەو کەسە کێیە؟ بەو شەوە تاریکە لە نێوان ئەو کێل و گۆڕانەدا چی دەکات و بۆ چی دەگەڕێت؟!" لە بەردەم گۆڕێکدا نووشتایەوە، سەری سووڕ دا و سەیری دەوروبەری خۆی کرد، لە تیشکی فانۆسەکەی دەستی نزیکتر بووەوە، ئۆوو! ئەوە (مەردان)ـە، لە سەر ئەو گۆڕە چی دەکات؟! پێش ئێستا وتم (مەردان) زۆر پیر بووە؟ بەڵێ، کاتێک تیشکە کزەکەم لە سەر ڕووخساری بینی، لۆچە ئەستوورەکانی دەموچاوی بە جوانی خۆیان نیشان دەدا.

یەکێک لە شەوەکانی سەرەتای مانگی نۆی 1930ـیە، منداڵان بە قاووقیژ و داخستنی بەهێزی دەرگەی ماڵەکانیان، بۆ یاریی فرێوە، گرتن و بەردان، چاوشارکێ دەچنە دەرەوە. هەر کۆمەڵە منداڵێک پێکەوە یاری دەکەن، هەندێکیان فرێوە، هەندێکی تریان گرتن و بەردان، دوو منداڵیش بە تەنیا و پێکەوە چاوشارکێ دەکەن، ئەم کچۆڵە و کوڕیژگەیە جیاواز لە منداڵەکانی تر چێژی زۆر لە یاریی چاوشارکێ وەردەگرن و هەر تەنیا ئەو یارییەش دەکەن.

کچۆڵەکە پێشنیارێک بۆ یاریی ئەمشەویان دەکات و دەڵێ:

-هەموو شەوەکانی تر تۆ چاوی منت دەبەست و خۆتت لێم دەشاردەوە، منیش جۆم دەکردی، حەز دەکەم ئەمشەو من چاوی تۆ ببەستم و خۆمت لێ بشارمەوە، تۆ من جۆ بکەی، باش؟

-ئاخر من زوو تۆ جۆ دەکەم، حەز ناکەم یارییەکەمان زوو تەواو بێت.

-ئەگەر ڕازی نەبی، من یاریت لەگەڵ ناکەم و دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئیتر هیچ شەوێکی تریش بۆ یاری نایەمە دەرەوە و چاوەڕێم نەکەی.

-باش، ڕازیم، بەڵام توند چاوم ببەستە، بۆ شوێنی دووریش مەڕۆ، تەنیا لەو جێگەیانە خۆت بشارەوە، کە من خۆم تیا شاردبووەوە.

-باش، دەی کوا پارچەپەڕۆ سپییەکەم بدەرێ.

کوڕیژگەکە دەستی بە ناو گیرفانی ڕاستی پانتۆڵە بچووکەکەیدا گێڕا، پارچەپەڕۆکەی (کە هیی کچۆڵەکە بوو) دەرهێنا و خستییە ناو دەستی کچۆڵەکەوە، بۆ ئەوەی چاوی ببەستێ. (مەهتاب) هەوڵی زۆری دا، تا توند لە دواوە پەڕۆ سپییەکە گرێ بدا و نەکرێتەوە، چەند جارێک جەختی لێ کردەوە، کە ئایا چاوی دەبینێ، یان نا، دوای ئەوەی دڵنیا بوو کوڕیژگەکە هیچ نابینێ، خۆی شاردەوە و پێی گوت:

- ئێستا چاوت بکەوە!

کوڕیژگەکە چاوی کردەوە، بە هۆی ئەوەی کچۆڵەکە گرێی توندی لە پەڕۆکە دابوو، بە خێرایی چاوی وەک تیشکی مۆمی بەر هەوا دەپرتاند و سەری بۆ چواردەوری خۆی دەسووڕاند. کەوتە گەڕان بۆ جۆکردنی کچۆڵەکەی هاویاریی، زۆر گەڕا، کەلاوە تاریکەکان، کۆڵانە تەسک

و شێدارەکانی ئەو نزیکانە، ئەو کۆڵانانەی ماڵەکانیان تەنیا یەک گڵۆپی تێدا دەسووتا، هەتا ئەو ماڵە چۆڵەش گەڕا، کە پێش دوو ڕۆژ خاوەنەکەی جێی هێشتبوو و ڕووی لە شارێکی تر کردبوو، بەڵام لە هیچ یەکێ لەو شوێنانە هەواڵێک لە کچۆڵە نەبوو، ئاخر ئەم تەنیا لەم شوێنانە خۆی دەشاردە و ڕووی لە هیچ شوێنێکی تر نەدەکرد، دەبوو ئەویش هەر وای بکردایە، بەڵام وا دیارە وای نەکردووە. ڕۆیشتەوە بۆ ناو منداڵەکان و بە وردی چاوی بە ناویاندا گێڕا، تا کچۆڵەی هاوڕێی بدۆزێتەوە، کەچی لە ناو ئەوانیشدا نەبوو، پرسیاری لە یەک- دوو منداڵی هاوڕێی کرد و ئەوانیش بێئاگایی خۆیان لە بینینی (مەهتاب) دەربڕی. هەناسەی سوار و ڕەنگی بزڕکابوو، کاتێک لای منداڵەکان قسەی دەکرد، تۆنی دەنگی وەک کورە هەرزەکارێک گڕ بووبوو. بیری کردەوە، کە ڕەنگە بۆ ماڵ ڕۆشتبێتەوە، چونکە زۆر شەوی تر، بێ ئەوەی ئەمی جۆ کردبێت، دەڕۆشتەوە ماڵ و تاقەتی یاریی نەدەما، بەڵام هەرچەندی کرد، نەیتوانی بڕوات بۆ ماڵیان و هەواڵێکی (مەهتاب) بزانێت. ئێستا ئەو هەستە تیایدا سەروەرە، کە کچۆڵەکەی ون کردووە، ونکردن وایە، مرۆڤ گەر یەک جار کەسێک یان شتێک ون بکا، ئیتر هەرگیز نایدۆزیتەوە، گەر ئەو کەس و شتەیش ببینێتەوە.

ماوەیەک لە شوێنی یارییەکە مایەوە و چاولەڕێی هاتنەوەی (مەهتاب) بوو، تا بگەڕێتەوە و کۆتایی بە یارییەکەیان بهێنن و هەر یەکەو بڕۆنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام کچۆڵەکە بۆ شوێنی یارییەکەش نەگەڕایەوە. نائومێدانە ڕێگەی ماڵەوەی گرتە بەر، دایکی لە سەر سەکۆی حەوشەکە جێگەی نووستنی بۆ ڕاخستبوو، ئەویش بێ قسە و بە دڵێکی منداڵانەی ناسکەوە چووە ژێر جێگەکەی و بیری لە دیارنەمانی (مەهتاب) دەکردەوە، هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە، منداڵێک خەمی هەبێت، لە ناخەوە خۆی بخواتەوە و بە کەس نەڵێ چ خەمێکم هەیە.

لە هەڵدانەوەی گۆڕەکاندا، لە یەک کاتدا و بێ ویستی خۆم گومان و چێژ و ترسم تێکەڵ دەبن و بۆم جیا ناکرێنەوە. زۆر ماندوو دەبم، تا خۆڵی سەر گۆڕەکان لا دەبەم، هەڵیاندەستێنمەوە و پشتیان دەدەمە کێلی گۆڕەکەی خۆیانەوە و دایاندەنیشێنم، تا کفنە سپییەکەیان لەبەر دابکەنم. هەرچەندە مردووەکان زیاتر لە زیندووەکان دەمترسێنن، چونکە زۆریان دوای لابردنی خۆڵی سەر گۆڕەکانیان، کاتێک تیشکی فانۆسەکەیان لێ دەدەم، ڕووخسارێکی ترسناک و پێستێکی ڕەق و بێدەنگییەکی دڵلەرزێنیان هەیە، بەڵام چێژی زیاتریشم پێ دەبەخشن، زیندووەکان نامترسێنن، بەڵام ئازارم دەدەن و لە چێژ بێبەریم دەکەن، هەموو چێژێک لە ناو ترسی گەورەدایە، من تا نەهاتمە ئەم گۆڕستانە و مردووەکانم بە چاوی خۆم نەدی، نەمدەزانی چێژ لە کاری مەترسیداردایە. ئەمەی ئێستا خەریکی هەڵدانەوەییم 182ـەمین گۆڕی مردووە، کە تا ئێستا لەم گۆڕستانە هەڵمداونەتەوە.

دوای قۆناغی منداڵیم ئەمە یەکەم جارمە ئاوا بە شەو بێمە دەرەوە، ماڵەوە و ترسی خۆم تا ئێستا ڕێگریی ئەوەم لێ دەکەن، بە تایبەتی کاتێک ماڵی ئێمە نزیکی گۆڕستانێکی گەورە و ترسناکە، شەوانی هەر چوار وەرزی ساڵ، کاتێک دەچوومە ژێر جێگەی خەو، سەرەتا زیندەخەونم بەو کوڕەوە دەدی، کە هاوپۆلم بوو، زۆر یەکدیمان خۆش دەویست، بەڵام ماڵیان گواستەوە بۆ شارێکی گەورەتری دوور لەم شارە بچووکەی ئێمە و ئیتر هەرگیز نەمبینییەوە، دوای تەواوبوونی زیندەخەونی هەمیشەییم، بیرم لەو نهێنییە دەکردەوە، کە بۆچی (مەردان) نایەڵێ کەس بە شەو بیبینێ! دێمەوە سەر خۆم و جووڵەی (مەردان) دەخەمە ژێر چاودێریی

## دەق



وردەوە، دەبێ چ بکات؟ هەستایە سەر پێ و بە هەردوو دەستی داری خاکەنازەکەی گرت، کەوتە لابردنی خۆڵی گۆڕێک، ئەوە چی دەکات؟! خۆ ئەوە گۆڕەکەی هەڵدایەوە، وای! مردوویەکی هێنایە دەرەوە، دەستی بۆ کفنەکەی برد و لەبەری داماڵی، مردووەکە ڕووت بووەوە، لەشم داهێزرا و لە جێی خۆم وشک بووم، ئەمە یەکەم جارمە مردوویەکی ڕووت ببینم. لە ڕووخساری (مەردان)یشدا هەستم بە ترس و شڵەژان نەکرد، پێ دەچێت لەگەڵ ئەم پیشەیەدا ڕاهاتبێت، وای! نازانم، بۆ هێندە لە بینینی مردوو دەترسم؟ لە کاتێکدا زیندووەکان جێی ئەوەن لێیان بترسم. چاوم دادەخەم و دەمەوێ دیمەنی ڕووتی ئەو مردووە نەبینم، بەڵام هەوڵەکەم بێ ئاکام دەبێت، جارێکی تر و بێ ئەوەی خۆم پێی بزانم چاوم دەچێتەوە سەر (مەردان) و مردووە ڕووتکراوەکە، دەمەوێ چاو دابخەم، بەڵام هێزێک لە ناوەوە پێم دەڵێت: "ئەستێرە! نابێت بترسیت. تۆ! ئەمشەو بۆ زانینی نهێنییەک هاتوویت، بڕۆ پێشەوە و پرسیار لە (مەردان) بکە، بزانە بۆچی ئەو گۆڕانە هەڵدەداتەوە؟ بۆچی کفن لەبەری مردووەکان دادەماڵێ؟ بۆچی؟..." ترس ئارەقی زۆری پێ کردووم، وام هەست دەکرد لەبەر خۆری گەرمی هاویندا وەستاوم و سەرم تاوەسووت بووە، وردە وردە چوومە پێشەوە و لەشم نا، دڵم دەلەرزی. (مەردان) سەرێکی هەڵبڕی و گوێی بۆ دەنگێک هەڵخست، زانیم ئەویش ترسی لێ نیشتووە. گەیشتمە لای و بە دەنگێکی هەڵبزرکاوەوە سڵاوێکم لێ کرد، ئەویش بە هەمان دەنگی من و ڕەنگی تاساوەوە سڵاوەکەی سەندمەوە، ورەم دایە بەر خۆم و وتم:

- (مەردان)، بۆ ئەو مردووەت لەو گۆڕە دەرهێناوە و کفنەکەی لەبەر دادەکەنی؟!

-ها؟ نا، ئەوە هیچ نییە، تەنیا کفنەکەی پاک دەکەمەوە!

-نا، ئەوە ڕاست نییە، تۆ دەتەوێ شتێک لەو مردووە بکەی، دەتەوێ تۆڵە لەو مردووە بکەیتەوە؟

-بەڵێ.

-تۆڵە لە زیندووەکان دەکرێتەوە، نەک مردووەکان.

-تازە تۆ بە هەموو شتێکت زانی. با بچینە ژوورەوە هەموو شتێکت پێ دەڵێم.

کاتێک گوتی "هەموو شتێک"ـت پێ دەڵێم، هەستم دەکرد ئەو نەک هەموو شتێکم پێ ناڵێ، بگرە یەک شتیشم لەو هەموو شتە پێ ناڵێ، کە بڕیاری داوە پێم بڵێ. (مەردان) هەستایە سەر پێ و خۆی تەکاند، پێکەوە چووینە ژوورەکەی، کە کەوتبووەوە بەشی ڕۆژئاوای گۆڕستانەکە.

لە ساتی چوونەژوورەوەدا (ئەستێرە) لە دوای (مەردان)ـەوە دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی تەواو هەست بەو گۆڕانە لەناکاوە بکات، کە لە ڕووخسار و جەستەی پوورزاکەیدا ڕووی دابوو. چوونە ژوورەوە و دانیشتن، (ئەستێرە) بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەو بکات، سەیری دەمارە سەوزەکانی دەستی (مەردان)ی دەکرد، کە لەبەر تیشکی فانۆسەکە وەک هێڵی لاری سەر نەخشەکانی لێ هاتبوو. دەستی بە پرسیارە زۆرەکانی کرد و گوتی:

- (مەردان) گیان! ئەمە یەکەم جارمە بە شەو دەتبینم، لە ڕۆژدا گەنجتر دەردەکەوی، بەڵام لە شەودا زۆر پیر دیاری.

بێ ئەوەی ئەو قسەیەی (ئەستێرە)ی بە لاوە گرنگ بێت، گوتی:

- (ئەستێرە) گیان! خۆت دەزانی ماوەیەکی زۆرە لەم گۆڕستانەدا دەژیم، لە پێناوی یەک شتدا، ئەویش ڕاکردن لە زیندووان. ماوەیەک لەگەڵ زیندوواندا ژیام، ئازاری

زۆرم چەشت، بۆیە بڕیارم دا ئیدی لەگەڵ مردوواندا بژیم، ئەوە ئێوەن لە دوورەوە وا تێدەگەن، کە ئەوانەی لێرەن جووڵەیان نییە و ناتوانن بژین، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، ئەوان جوانتر لە زیندووەکان دەژین، دنیایەکی ئارام و جیهانێکی بێدەنگی پڕ لە ژیانیان هەیە.

(ئەستێرە) کەمێک بێزارانە خۆی نیشان دا و ویستی وەڵامی پرسیارەکەی دەست بکەوێت. جارێکی دی لێی پرسییەوە:

– (مەردان)، پێم بڵێ، کفنی ئەو مردووەت بۆ چی بوو؟ بۆ لەبەریت داماڵی؟ چی لێ دەکەی؟

–چونکە مردووەکان پێویستیان بە کفن نییە، ئەوان جەستەی ڕووتیان لەگەڵ خاکدا تێکەڵ دەبێت و گەر پارچە قوماشە سپییەکانی بەریان دانەکەنرێت، لەژێر خاکدا دەڕزێن. کفن بۆ زیندووانە، نەک مردووان، کفن بۆ ئەوەیە ناشیرینییەکان بشارێتەوە. مرۆڤ، کە دەمرێت ڕۆحی بۆ ئاسمان و جەستەشی بۆ ژێر زەوی دەچێت، کفن بۆ کەسێکە لە سەر زەوی بێ و خراپەکانی خۆی پێ داپۆشێت.

(ئەستێرە) وەک ئەوەی بڕوای تەواو بە قسەکانی پوورزاکەی نەکات، سەیرێکی بنمیچی ژوورەکەی کرد، دوو فەردەی هەڵواسراوی پڕ لە شتی سپی بینی، سەرەتا وایزانی لۆکە، یان پەمووی تێدایە، بەڵام کاتێک وردتر تەماشای کرد، بینی هەمووی کفنی مردووە، هەناسەی توند بوو، بۆی دەرکەوت، کە بۆچی بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە نەیهێشتووە کەس لە شەودا بێتە ئەم گۆڕستانە و بیبینێ، چونکە کفنی زۆری مردووەکانی ئەم گۆڕستانە لێرەن، لای (مەردان)، بۆیە نەیهێشتووە لە شەودا کەس بۆ لای بێت، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت. بڵێی لە ناو ئەو پارچە قوماشە سپییانەدا بۆ چی بگەڕێت؟

جارێکی تر لە (مەردان)ی پرسی:

– پوورزاکەم! هەموو ئەمانەی تۆ دەیڵێی ڕەنگە ڕاستی بن، بەڵام تۆ وەڵامی پرسیارەکانی منت نەدایەوە. کفنی ئەو مردووانەت بۆ چییە؟ لەوە ناترسی کەسوکاری مردووەکان گۆڕەکانیان هەڵدەنەوە و ببینن کفنی مردووەکەیان نەماوە، یەکسەر گومان لە تۆ دەکەن.

–نا، خەمی ئەوەم نییە، هیچ زیندوویەک مردووی خۆش ناوێ، کاتێکیش دێنە سەر گۆڕەکانیان و بۆیان دەگرین، لە ڕاستیدا دەیانەوێ بزانن، کە تا ئێستا دەژین و لە سەر زەوین، جیاوازن لە مردووەکانی ژێر خاک.

–ئەی کاتێک گۆڕەکان هەڵدەدەیتەوە ترس داتناگرێت؟

–مرۆڤ هەموو کارێک بۆ چێژ دەکات، هەموو چێژێکیش ترسی خۆی هەیە، هەر کارێک ترسی نەبێت، چێژیشی نییە. بردنی کفنی مردووەکان بۆ من چێژی زۆری هەیە، وەک چۆن لەگەڵ داکەندنی کفنی بەر هەر مردوویەک، خەریکە ترس دڵم بۆ خۆی دەبات، ئەم چێژە یان ئەم کارە تەنیا بۆ گەیشتن بە شتێکی تر، یان بڵێم چێژێکی تر دەکەم.

–ئەو شتە چییە؟

–شتێکە دەمەوێ پێی بگەم.

–تا ئێستا پێی نەگەیشتوویت؟

–نەخێر. ڕاستییەکەی (ئەستێرە) گیان! ئەو کاتەی گەنجێتیی خۆم لەناو مرودووەکاندا پیر کرد، مانای وا بوو منداڵیی خۆم ڕەت کردووەتەوە، کە بریتی بووە لە ژیان لەگەڵ زیندووەکاندا.

–ژیان لە گۆڕستاندا و لەگەڵ مردوواندا چۆنە؟

–یارییەکە، زیندووان ناچارت دەکەن بیکەیت.

دوای ئەو شەوەی کچۆڵەکە یارییەکەی جێ هێشت، ونبوون ڕووی دا و کوڕێژگەکەش زوو گەورە بوو...

فەردەکانی کفنیش کەمێکیان مابوو پڕ بن.



# بڕوانە ئێرە...
# چ جەهەننەمێکە
# بێ تۆ!

**ڕاهۆز کامەران**



پەنجەرە بە ڕوومدا ناکرێتەوە
باخچە بۆم پێناکەنێ
گۆرانی تاقەتی پیاسەی نەماوە
لەگەڵمدا،
ـتۆـ لێرە نیت.
×
بەهار...
نایەت و شەو ناڕوات.
باران...
ناباری و تەنیایی خۆش
ناکاتەوە.



خۆر... هەڵنایەت و من تا ئەبەد تاریک دەبم،
-تۆ- لێرە نیت.
×
ژیان... ژانە
پەنجەرە... زیندانە
سەفەر... وێڵبوونێکی ئەبەدییە
بێ -تۆ-!
×
چۆلەکەکان دەجریوێنن
دایکم دەڵێ: کەسێک دێت!
من سەر بەرز دەکەمەوە بۆ ئاسمان و
بیر لە جریوەی چۆلەکەکان و
تەپەی پێی -تۆ- دەکەمەوە!
×
شەو دەڕوا
بەیانی دێت
بەیانی دەڕوا و بەم جۆرە حەفتەی من
بێ هاتنی -تۆ- و ڕوودانی هیچ شتێک ساڵ دروست دەکات!
×
**12_11_10_9_8_7_6_5_4_3_2_1**
**1_2_3_4_5_6_7_8_9_10_11_12**
میلی ڕاڕای کاتژمێرەکەم
لەسەر کامە ژمارەی چاوەڕوانی بوەستێنم
تۆ دەردەکەویت؟
×
تا ئەبەد دەرگەکە پێوە نادەم
تا بەیانی قیامەت من لە پەنجەرەکەوە
لە ڕێی ڕۆیشتنی تۆ دەڕوانم
حەقیقەتی بەدم..!
×

ژیانی من
تاریکە وەک قووڵایی ئەشکەوتێکی پشت لە خۆر





## دەق

دوای ـتۆـ!

×

دەرزی ئاژەنکردنی ڕۆح

له لەبیرکردنیـ تۆـ

ئاسانترە!

×

بروانە کۆڵان چەند تەنیایە

باران چەند بە خەمگینی دەباریّ

من چەند شاعیرانە ئەوەریم بێـتۆـ

×

هەناریّکی گرتووە

ڕەنگی لە تەنیاییم دەچیّ

بارانیّکی لیّ بووە لە عیشقەکات،

ئەو ئیّوارەی پیاسەیەمان!

×

لە سەر لقی درەختی حەوشەکەمان

باڵندەیەك وەك ئیستای من

بیری لەـتۆـ دەکردەوە،

دوێنیّ!

×

لەبەر ـتۆـدا سەیرکردنی خود

بەخشینی مانایە بە ژیان!

×

که له دڵی تۆدا نیم

ئیتر دڵی کانی و

ماسی و

باخچە و

هەتاو و

تریفە و

نیشتیمان و

مانگ بە جەهەننەم!



# ماچم بکە
# کاتێك
# باران دەبارێ

**کەتایۆن ریزخەڕاتی**
**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

دەگەڕێمەوە و
پێکەوە
لە جووڵەی هەورەکان دەنواڕین
کاتێك بە سەر پێستماندا تێدەپەڕن
گریمانەی بکە ئێرە چیایەکە و
لە دامێنەکەی دانیشتووین
پێکەوە سەیری
یەکتر و
هەورەکان دەکەین.

گەر بتەوێ دەمرم
ئەوسا هەر لێرە دادەنیشی و
دەست بە گیا نووستووەکاندا دەهێنی
ماچم بکە
کاتێك بەفر دەنیشێتە
سەر جێگەی بەتاڵی من

## دەق

سەر گیا نووستووەکان.

من
لە سێبەری هەورەکانەوە دەبارم
لە خۆم
کە هەرگیز تۆی بیر ناکەوێتەوە
دڵم تەڕتەڕە و
کراسەکانم
لە سەر لقەکەمان
وەك قەلەڕەش
بوونەتە شەختە.

دەستەکانم
بە تاجەگوڵێنەی سپییەوە
پیر دەبن
دەگەڕێمەوە و قژم
دووبارە لە پەنا گوێیەکانمەوە گرد دەبێتەوە.

هەورەکان تەواو نابن
سەیر دەکەیت
نیم و
شوێنپێیەکانم
تا ئەوسەری دامێنەکە رایان کردووە.

دەچمە پێش و
وێنەی پیاوێك
بە کڵاو و ئەوینەوە
لە جووڵەی سێبەرەکاندا شێوە دەگرێت
نیم و
نۆتەکان
لە پیاو و
باراندا
دەبارێن.






# ژن

ژن
ڕووەو دەریا
لە سەر پیانۆکە
ڕاکشاوە.

ئاو
تا سەر کلیلە سپییەکان
هەڵکشاوە
لە کلیلە ڕەشەکانەوە
گۆرانیی مەلەوانان
دەگاتە گوێ.

ژنەکە تلێك دەدا و
دارستان بە سەوزەی لینجییەوە
لووتی پڕ دەکات
مەلەوانان
بە قەدی دارەوە
لە خەونەکانی ئەو تێپەڕیبوون
ئەو کچێکی منداڵکار بوو و
گۆرانیی گەلەریی دەوت
کوڕەکان
بە قەدی دارەکانەوە...

مانگ هەڵهات
ئاو
قامکەکانی ژنەی



## دەق



لە سەر کلیلەکان هەڵگرت
هەورەکان
داکشابوون
سوورمەیی
سپی
نیلی

جگە لە مەمکەکانی
کە دورگەگەلی نیوەڕووت بوون
شتێك نەدەبینرا
مەلە دەریاییەکان
ساتێك
لێی دەنیشتنەوە



ئاسمان
داکشابوو و
گۆرانیی مەلەوانان
بە کلیلی سپی
دەژەنرا
تلی دا و
ئاو
دوورگە چکۆلەکانی
لە خۆیدا نوقم کرد.

# قژی درێژ

به قژی درێژ و
سنگی گەرمەوە
بانگی وی دەکەم بۆ زۆران

شڤالییە
بە ڕمێکی پۆڵاوە
پێ بە ئاوزەنگیدا دەنێ بۆ نێو دوو بورجی سپی

بە فانۆسی مردووان
بە نێو تونێڵەکاندا دەڕۆم
شەمەندەفەرێك ئاژێر لێ دەدا و
زەنگەکان
بە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی من
لێ دەدرێ
لە وێستگەی دواتر... دادەبەزم
بە سەر شەقامەکاندا دەڕۆم و
بە ڕووخساری ئەو پیاوانە پێدەکەنم
کە ئیدی من نابینن

## دەق



هێشتا قژم درێژە
سنگم گەرم و
کەروێشکە سپییەکان
بە لەرزەی دامێنم
هەڵبەزودابەز دەکەن
دەگەمەوە ماڵێ
چەپکێك لە کاغەزەکان لە ئاگرەکەدا دەسووتێنم

لە سەر تاقچەکان
مۆمی ڕەش دەسووتێن
هێشتا باوەڕی نەکردووە و
ڕمی پۆڵایین
بە کوتانەکانی سمی ئەسپەکەی
بە نێو دوو بورجی سپیدا
دەچێتە پێش.



**سەرچاوە:**
به کسی نگو
کتایون ریزخراتی
انتشارات اهنگ دیگر
چاپ اول، 1387



# گەر تـــۆ نەبێ

**هەڵبژاردەیەک لە شیعری وەحید عیمرانی**

**لە فارسییەوە: توانا**

## نامە

سڵاو گوڵێ..
پییتەکانی سەرەتای ئەم سێ دێڕە
پێکەوە بچنە..
تا دەردم بزانی؛
عەیبی ئەم ئازارە ئەوەسە تا ویساڵ
شەوی بێ کۆتایی و بێ مانگ ببڕی
قاچی بێ سروەتت هەڵنێیت هەتاکو قاف



# ڕووداو

تیا ماوم..!
لە ڕوودانی دوو دەنگی پەیاپەی؛
هەڵدانی بەردێك بۆ سەر ڕووی ئاو و
ڕاكردنی ماسییەك لە قووڵاییدا..

# بـــا و بی

بـا لەسەر لقە بەرزەکانی بییەکە
بۆ بێچووە قەلەڕەشێکی تەنیا؛
لای لایە دەکا..

# باران

باران کە دەبارێ
کات و شوێن پێکەوە لە ئامێز دەگرێ
لە سەفەری تەمومژاویی ئەم کەشەدا
کێ چوزانێ
کە دڵۆپەکانی ئەم بارانە..
هەرکامیان
کەی و
لە کامە دەریـاوە
هاتـوون...
نهێنییەکە بۆ خۆی
بارانیش..!



# خاڵ

خاڵی کۆتایی
بۆ شیعرێکی درێژ؛
قەلەڕەشێکە لەسەر دارکاژێك.



# گەر تــۆ نەبی

کۆڵان؛ پیاسە و
مانگ؛ شەو و
ڕۆیشتن؛ گەڕانەوە و
ماسی؛ دەریا و
نابینا؛ بێدەنگی و
جەنگەڵ؛ درەخت و
مــن؛
تــــۆ..
مانامان دەدەیتێ..
گەر تـۆ نەبی؛
پەڕەیەکی سپیم
چاولەڕێی بارینی پەیڤت





### دەق

وەنەوز دەدەم و خەو دەمباتەوە
گەر تۆ نەبی؛
کتومت عەدەمێ حازرە لە سەرم
ئەم چارەنووسەم دەمبا
لە توێی هەزار لۆچی ئەزەلدا
لە توناوتوونی نادیاری ئەبەدا
وەك ئەوەی هەر نەبووبێتم..!

## ئێمە مەحکوومین

کێ جواب بە ئازارەکانمان دەداتەوە
ئەی ڕەنجمان..؟
نازانم گەر عەشق نەبایە
ئەوکاتە ژیانمان چۆن ڕادەکێشا
خۆ ئێمە مەحکوومین بە بوون..؟!

## بۆ دڵم؟

گەر بە دەمارەکانمدا ناڕۆی
ئەی بۆ دڵم
حەفتا جار لە دەقیقەیەکدا
ناوت دەهێنی..؟!
×××

زەمەن لە سەر پەندۆڵی کاتژمێرەکە دانیشتووە
بێ سرەوت دەخولێتەوە
نازانم ئەم منداڵە لاسارە
تا ئەبەد خەریکی ئەم یارییە دەبێ..؟
×××

من باشم.. زۆر باشم
شەوە و
مانگ پڕە و
دەریا هەڵدەکشێ..
دەریای خوێنی دڵی منە کەوتووەتە جەزبە
ڕۆحم دەیەوێ بۆ سەرێ هەڵشاخێ
×××

دەستەکانت
دوو لاولاوی ناسکن
کە عەشقئاسا
بە باڵامدا هەڵدەگەڕێن و
دەمشارنەوە..
ئێستا ئیتر
هیچ لە من نەماوەتەوە
ئەوەی هەیت تەنیا تۆیت..



سەرچاوە:
/http://sher1360.blogfa.com
http://bifarda71.blogfa.com
http://rain135.blogfa.com



# نووسینەوەی یادەوەریی ونبوویەك!

**کامەران سوبحان**

**کارەکتەرەکان**
**شاسوار: نووسەری یادەوەریی ونبوویەک.**
**تەمەن: 45 ساڵ.**
**مینا: یاریدەدەری نووسەری یادەوەریی ونبووەکە و هاوسەری شاسوار. تەمەنی 40 ساڵ.**

شاسوار، هەرکات هەستی بە بێزاری بکردایە بە خۆی و کورسییەکەی و دەفتەر و قەڵەمەکەیەوە دەچوویە پێشەوەی هەیوانی ماڵەکەیان، ئەم بەیانییە جیاواز لە بەیانییەکانی تر بە بێزاری و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە چەندین جار بە خۆی

و کورسی کەم ئەندامییەکەیەوە چەندجارێک لە نێوان هەیوان و ژوورە تایبەتەکەی خۆی لە هاتووچۆیەکی سەیردا بوو، جار جارەش لە ئاوێنە گەورەکەی ماڵەکەیان ڕادەما و لە ڕووخساری خۆی دەڕوانی و لەو ساتانە زیاتر هەستی بە بێزاریی ڕۆحی خۆی دەکرد کە خۆی دەبینی چۆن بە سەروکەلەیەکی شێواو و کەمێک ڕیشەوە ئێستا زەلیلانە لەسەر عەرەبانەکەیە و لە چوارچێوەی ماڵێکدا قەتیس ماوە... بە دەم ئەم تێڕامان و بیرکردنەوانەوە بە خێراییەکی زۆر بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت. ژوورەکەی تاریکییەکی کوشندەی تێدایە و هەمیشە لە کاتی بێزاری و تووڕەبوونەکانیدا بۆ ئەو ژوورە تاریکە دەگەڕێتەوە، ئەو ژوورەش بەدەر لەو تاریکییە کتێبخانە و یادەوەری و یادداشت و لاپەڕەی بڵاو و مێزێکی کۆنی تێدایە، کە لەبەر کتێب و سی دی و قەڵەم و ریکۆردەر و ڕۆژنامە و گۆڤار جێگەی تەنانەت کوپێک چاش نەماوە لێی دابنرێت، لەولاشەوە تابلۆ و کەرەستە کۆنەکانی قۆناغی لاویەتی و پێشمەرگایەتی لە جەستەی خۆی و لە کەرەستەکانی نێو ژوورەکەی ڕادەمێنێت، چەند جارێکیش لەبەر خۆیەوە قسە دەکات وەک ئەوەی لەگەڵ ناخی خۆی بێت هیواش هێواش دیالۆگ دەڵێت: (تاریکی.. کتێبخانە.. نووسینەوەی یادداشت و یادەوەری.. منداڵ .. گەڕانەوە بۆ ئەم شارە).

جار جارەش پاڵ بە عەرەبانەکەیەوە دەنێت و نزیک دەبێتەوە لە کتێبخانەکەی و بە وردی بۆ کتێب و سەرچاوەیەک دەگەڕێت و وردە وردە نزیک دەبێتەوە لە مێزەکەی ناوەڕاستی ژوورەکەی، کە داینیاوە یادەوەرییەکانی قۆناغی منداڵی و لاوی و پێشمەرگایەتی خۆی لەسەر بنووسێتەوە، وردە وردە ژوورەکەی جێدێڵێتەوە و بەرەو پێشەوەی هەیوانەکە دەڕوات.

لە پشتی ئەمەوە، واتە لە هەیوانەکەدا مینا وەک جاران پەرۆیەکی بەستووە بە ناوچاوانییەوە، کە هەر کات ئەو پەرۆیە بە ناوچاوانییەوە بێت ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ماندووبوون و بێزاربوونی لە ژیانی پڕ لە دووبارەبوونەوەی ڕۆژانەی خۆی لەگەڵ ماڵە کۆن و کەرەستە کۆنەکانی ناویدا.

تەختەی شانۆ کەمێک ڕووناکە، ڕوناکی بە کزی لە کارەکتەرەکان دەدات، مینا بە دەم شەکەتیی جەستە و ڕوخسارییەوەوە وردە وردە دەکەوێتە قسەکردن بە پچڕ پچڕی، وەک ئەوەی بێزاری دەربڕێ لە دووبارەبوونەوەی ئەو دیمەنانەی کە ڕۆژانە لەو ماڵەدا لەگەڵ شاسواردا دەیبینێت.

**مینا**: دیسانەوە ماڵەوە. دیسانەوە بینینەوەی شتە دووبارە و سەدبارەبووەکان، بەفرگرێک دەبینم، لەولاشەوە ئەو تابلۆ کۆنە دەبینم کە چەند ساڵێکە لێرەدا هەڵواسراوە بێ ئەوەی جگە لە لەم ژن و پیاوە هیچ کەسێک وتبێتی ئای لەو تابلۆ جوانە! ئەوە کێ کێشاویەتی؟ هونەرمەندەکەی کێیە؟ لە چ سەردەمێکدا بووە و سەر بە چ ڕێباز و ستایلێکە؟ (بێدەنگی) پانکەکەش تۆزی گرتووە، تەلەفزیۆنەکە ئەوەندە دەمێکە دانەگیرساوە دەڵێی گوڵدانە و لە هەموو شت دەچێت لە تەلەفزیۆن نەبێت (بێدەنگی) بەرلەوەی بمرم جارێکی تریش هەموو ئەم شتانە دەبینمەوە، شتێکی بێمانایە... زۆر بێمانایە بەردەوام بینین و بینین و دووبارەبوونەوە (بێدەنگییەکی قووڵ لەگەڵ ڕووناکییەکی کزی بێزارکەردا) (وردە وردە ڕوناکی دەدات لە شاسوار و ئەویش دەردەکەوێت و دەکەوێتە قسەکردن).

**شاسوار**: ئەوە تۆیت؟ گڵۆپی ژوورەکەی پشتەوەت کوژاندووەتەوە؟ ئەی کتێبەکانت خستەوە جێی خۆی؟ جلەکانت بە تەنافەوە لێ کردەوە؟ ئاگاداربە دەمێکە ئەو قۆرییە بە سەر سۆپاکەوەیە، ڕادیۆکە بە کزی ئیش دەکات، بیکوژێنەرەوە (بێدەنگی) لەوێوە سەیر بکە بزانە ئاسمان هەوری پێوەیە، بزانە باران ئەو گەنمەی تەڕ نەکردووە کە بۆ کەوەکانم داناوە؟ سەرێکی



ژوورەکەشم بدە بزانە کتێبەکانم خستووەتەوە جێی خۆی؟

**مینا**: (بە دەنگێکی بەرز) دەتوانیت دووبارەی بکەیتەوە؟ ئەم هەموو شتە بکەم، بیرم چووەوە چیت وت؟ ئەگەر من نەهاتمایە کێ ئەم هەموو شتەی دەکرد؟ هەموو شت لەم ماڵەدا دووبارە و سەدبارە دەبێتەوە.

**شاسوار**: ئەو شتانەی وتم، دەمێکە بیریان لێ دەکەمەوە، هەمیشە لە بیرکردنەوەی ئەوەدام، ئەگەر ڕادیۆکە دانەگیرسایە، بۆ دەموت بیکوژێنەرەوە، ئەگەر جلەکانت نەشۆردایە بۆ بە تەنافەوە لێت دەکردەوە، ئەگەر چێشتە دووبارەبووەکانی نیوەڕۆ و ئێوارەی تۆ نەبێت بۆچی ئەو هەموو پیشلەیە ڕوو لە تەنەکەی خۆڵی ماڵەکەمان دەکەن؟ هەموو شتەکان بۆ ئێمە و بۆ پشیلە و بۆ چۆلەکە و باڵندەکانی ئەم ماڵەش دووبارەن.

**مینا**: (بە دەنگێکی بەرز و کەمێک بە گاڵتەجارییەوە) کەواتە تۆ هەر بەردەوامیت لە قسە کۆن و دووبارەکانی خۆت، ئەو قسانە دەمێکە بۆ منی باس دەکەیت، بەڵام لە ڕاستیدا نە ئەوەی لێی بێزار دەبم، نە ئەوەی شتێکی نوێ بێت و حەز بکەم لە کاتی گێڕانەوەیدا بیر لە چیرۆکەکان بکەمەوە.

**شاسوار**: گرنگ نییە چیرۆکەکانی من چی بن، گرنگ ئەوەیە بەردەوام ئەو چیرۆکانە دووبارە دەبنەوە و تۆش ناچاری گوێیان بۆ شل بکەیت، ئەگەر گوێ لەو چیرۆکانە نەگریت، دەبێت بچیت سەیری ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنە بێتامانە بکەیت، کە سەرەتای هەیە و کۆتایی نییە، ئەگەر ئەوەشت نەکرد، دەبێت گوێ لە هەواڵی درۆ و لە موژدەی زۆری بەرپرسان و هەواڵی درۆی کەشناسی و ڕێژەی بارانبارین و گەڕان بە دوای زانینی بورجەکەت و یان لەگەڵ ژنانی گەڕەک باسی جلشۆرە نوێیەکەی فلان ماڵ و باسی دڵپیسیی ژنی کابرای میوەفرۆشەکەی گەڕەک، یان باسی قەرزی ئەو دەستگێڕە بکەن کە بە شانی خۆی جلوبەرگ و ژێرکراس و عەتری خۆماڵی و خەنە و وسمە و سپیاوی (کەرەچی)یتان پێ دەفرۆشێت.

**مینا**: دیارە بە تەواوی تێگەیشتوویت کە ئیدی چیرۆکە کۆن و نوێکان هیچ بەهایەکیان نەماوە، ئەگەر بمایە دەبایە من بە شەوقەوە گوێم بۆ بگرتایە، بە بڕوای من ئەوەش جۆرێکە لە هەستکردنت بە بێزاری و دۆڕاندن، چونکە ئەو چیرۆکانە بۆ من و تۆش مایەی بێزارین.

**شاسوار**: بێگومان مایەی بێزارین، لەبەر ئەوەی هەمیشە وێنەکان زۆر پێچەوانە دەبنەوە، یان دەبێت لەم شاخ بۆ ئەو شاخ، لەم گوند بۆ ئەو گوند، لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچە، یان دەبێت لە ماڵەوە و لە سنوورێکی زۆر داخراودا تەنها ئەو دیمەنانە ببینیت کە سنووری ماڵەکەی خۆت بۆت دەستنیشان دەکات.

(بە عەرەبانەکەیەوە دەڕوات بۆ ئەوسەر و دەنگی ئەو تەسجیلە بەرز دەکاتەوە کە گۆرانییەکی خاوی میللی و هۆرییەکی درێژی لە سەرە، بە تێڕامانێکی قووڵەوە گوێ بۆ ئەو هۆرە و گۆرانییە کۆنە دەگرێت و لەگەڵیدا دەکەوێتە بیرکردنەوە.)

(مینا بە خێراییەکی زۆر بەرەو ڕووی دەڕوات و لەو کەشە دایدەبڕێت و گۆرانییەکە دەکوژێنێتەوە.)

**مینا**: گوێ لە گۆرانی دەگریت؟ ئەمڕۆ هیچت خوێندەوە؟ چیت نووسی؟ ئەی بۆ ریکۆردەرەکە بچووکەکەت لە شوێنی خۆیەتی؟ سەیری کاسێتەکەی ناویشیم کرد پێ ناچێت هیچت تۆمار کردبێت، ئەگەر بەم بێزارییەوە بنووسیت پێ ناچێت تا دە ساڵی تر بتوانیت بگەیتە قۆناغی لاویەتیی خۆت، هەر لە منداڵیدا گیر دەخۆیت و دەبێت ئەوکات بڵێی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی منداڵیم، نەک نووسینەوەی یادەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی ونبوو!

**شاسوار**: دیارە ئێستا بە تەواوەتی لێم تێگەیشتوویت و دەزانیت دەمەوێت چی بکەم؟

**مینا**: بێگومان.

**شاسوار**: ئەی بۆ وا پەلەم لێ دەکەیت؟ وا هەست دەکەیت دەمرم و ناگەمە ئەو ڕۆژ و ساتانەی کە حەز دەکەیت لە یادەوەرییەکانمدا هەبێت؟ ڕەنگە ئەو پەلەکردنە جۆرێک لە گومان و بێمتمانەیی لە نێوان من و ئەو یادداشتانەدا دروست بکات.

**مینا**: من وام نەوتووە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم بیست ساڵە من و تۆ بە یەکەوەین، دەیان جار گوێم لێ بووە لە بابەت و چیرۆکێکی تایبەتدا کە تۆ گێڕاوتەتەوە وتووتە ئەمەندە بەسە ئەوی تری و وردەکارییەکانی هەڵدەگرم بۆ بیرەوەرییەکانم، بەڵام لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا و لەو لاپەڕانەی کە نووسیوتە، یان لەو بەسەرهاتانەی کە لەو بیست کاسێتەدا تۆمارت کردووە، هیچ چیرۆک و بەسەرهات و نهێنییەکم نەبینی، کە پێشتر نەمبینیبێت، یان نەمبیستبێت، ئەمە جۆرێک نییە لە تەمەڵی و بێباکی و کەمتەرخەمی سەبارەت بە سی ساڵ ئەزموونی جۆراوجۆری ژیانی خۆت.

**شاسوار**: (بە تووڕەبوون و هەڵچوونێکی سایکۆلۆژییەوە) ئۆفففففف!... دیسانەوە قسە دووبارەبووەکان. دیسانەوە بۆڵەبۆڵ. دیسانەوە قسەی قۆڕ و بێمانا (بێدەنگییەکی قووڵ، هەردوو دەستی دەخاتە لای ملی و هەوڵی خۆخنکاندن دەدات) نەمردم و مامەوە بۆ خەمی بێقاچی و خەمی بێمنداڵی و خەمی شکست و خەمی تێنەگیشتن و خەمی بۆڵەبۆڵ و خەمی و خەمی و خەمی... (بێدەنگییەکی درێژ).

**مینا**: دیسانەوە دەستت پێ کردەوە. دیسانەوە بێزاری. دیسانەوە منداڵ و نەزۆکی و زۆر شتی تر، کەی ئەم قسانە کۆتایی دێت، (بێدەنگی) ئەی خۆت لە سەرەتای هاوسەرێتیماندا ئەمانەت نەدەزانی.ئەی بۆ ڕازی بوویت، ئەی بۆ ئەوکات بۆڵەبۆڵت نەبوو؟

**شاسوار**: (بە گریانەوە) بەڵێ دەمزانی، (هەڵچوونێکی شێتانە) بەڵام نەمدەزانی چاوەڕوانی ئەوەندە کوشندەیە، ئێستا بێزار بووم لەم چاوەڕوانییە، بە دەم چاوەڕوانییەوە مردم، هەموو تەمەنم چاوەڕوانی بوو، چاوەڕوانیی سەرکەوتنی شۆڕش. چاوەڕوانیی منداڵبوون، چاوەڕوانیی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، چاوەڕوانیی نووسینەوەی یادداشت، هەمووی درۆ دەرچوون. ئەوەی بۆی دەژیم ئەو یادەوەرییانەیە و هیچی تر، ئەگەر ئەوەش نەنووسم یان خۆم دەکوژم، یان دەڕۆم و ئەم ماڵە و تۆ و کتێبخانە و هەموو یادەوەرییەکانم جێدێڵم، یان بڕیارێکی تر دەدەم.

**مینا**: بڕیاری چی دەدەیت؟ بە تەمای چیت؟

**شاسوار**: چییە بۆ بە گومانیت لێم؟

**مینا**: بە گومان نیم، بەڵام ئەو وشانەی کە بە کاری دێنیت لەخۆوە دەمترسێنێت و ناتوانم باوەڕ بە داهاتوو بکەم. (بێدەنگی) دەترسم. شاسوار دەترسم.

**شاسوار**: لە چی؟

**مینا**: لە ڕاکردنی تۆ لەو واقیعەی ئێستا تێی کەوتوویت، لەو بڕیارانەی کە دەتەوێت بیاندەیت.

**شاسوار**: بۆ هەر کە من وتم بەجێی دێڵم تۆ ئەم هەموو گومان و ترسە بە خەیاڵتدا دێت؟

**مینا**: (بێدەنگی. وردە وردە نزیک دەبێتەوە لە شاسوار) نا... شاسوار گیان! بڕیاری وا مەدە و هەرگیز جێی مەهێڵە... بۆ لە ڕاستییەکان ڕادەکەیت. ئەو ڕۆژەت لە بیرە کە لە زانکۆوە بە پێ دەچووین بۆ کۆڕە شیعرییەکە؟ بیرتە ئەوکات دوو ساڵ بوو ژیانی ئەڤینداریمان بە ڕێ کردبوو، تۆ باسی شۆڕش و ئازادی و خوێندن و نەوەی نوێت بۆ دەکردم، باسی خۆت و باسی ئازادیی ژن و ئازادیی کۆمەڵگە و دادپەوەریت دەکرد، (کەمێک دەنگ بەرز دەکاتەوە) شاسوار بیرتە ئەو چل خولەکەی کە بە پێی ڕۆیشتین بۆ کۆڕەکە و دواتریش تا گەڕاینەوە و منت تا کۆڵانی ئەوسەری ماڵی خۆمان گەیاند، چیت بۆ



باس کردم و چۆن وەڵامی پرسیارەکانی منت دایەوە؟ (هاوار دەکات) بیرتە شاسوار.بیرتە یان هەموویت بیر بخەمەوە؟

**شاسوار**: (بە داڕووخان و بێزاری و هاوارێکی بەرزەوە) بیرمە. بیرمە میناکەم! بیرمە و چاکم لە بیرە.

**مینا**: (بە گریان و هاوارکردنەوە) بیرتە باسی ناوی منداڵەکان و باسی کتێبخانە و ژووری تایبەتی منداڵ و زۆر شتی ترت کرد. بیرتە یان بە دەنگی بەرز بیرت بخەمەوە؟

**شاسوار**: (بە دەنگبەرزکردنەوە و هاوارێکی زۆرەوە) بیرمە. بیرمە زۆر باشم لە بیرە. تکایە رێگەم بدە با هەموو ئەو چیرۆکانە لە یادداشتەکانمدا بە ڕاستگۆیی بنووسمەوە و لەوە زیاتر ماندووم مەکە. (وردە وردە بە عەرەبانەکەیەوە دەچێتە پێشەوەی شانۆ. (بە دەم دیالۆگی مۆنۆلۆژەوە، بە دەنگێکی لەسەرخۆ دەکەوێتە گێڕانەوە) بیرمە زۆر باشم لە بیرە، لە بیرمە ئەو کاتانە هەمیشە تۆ پرسیاری گوماناوی و هاوکێشەی گریمانیت باست دەکرد. (بە دەم تێڕامان و بێدەنگییەکی زۆرەوە) چاکم لە بیرە ئەو ئێوارەیە بە دەنگێکی کز پێت وتم، شاسوار! ئەی ئەگەر هات و وەک خونچەی خوشکم 15 ساڵ هاوسەری یەک بووین و منداڵمان نەبوو. تۆ چی دەکەیت؟ (دەنگ بەرز دەکاتەوە) پرسیارێکی قورس بوو، پرسیارەکە ئەوکات و ئێستاش هەموو گیانم دەلەرزێنێت. (بێدەنگی) من بێدەنگ بووم، تۆش زوو زوو دووبارەت دەکردەوە، زۆرت لێ کردم بۆ وەڵامەکەی، وتم مینا گیان! بیر لەو شتانە مەکەرەوە، نە من (ئازاد)ـی زاواتانم هاوسەرەکەم جێ بێڵم و بە دوای ژنی تر بکەوم، نە تۆش خونچەی خوشکتیت منداڵت نەبێت، من تۆم خۆش دەوێت، تۆ بە تەنها و بەس، تۆم خۆش دەوێت؛ نە بە منداڵەوە، نە بە هیچ شتێکی ترەوە.

**مینا**: (بە دەنگێکی کز و بە بێزارییەوە) دەزانم من وەک پێویست نەبووم بۆ تۆ، دەیان جار گوێم لێ بووە هاوڕێکانت دەیانوت شاسوار دڵت چووە بە کوێی ئەم کیژەدا، تۆ زۆر جوانیت و ئەو زۆر ناشیرینە، (بە دەنگێکی گریاناوی و بە هەمس و بێدەنگییەکی زۆرەوە) تەنانەت هەندێ جار گوێم لێ بوو هاوڕێکانت دەیانوت، شاسوار تۆ بەو هەموو کەشخەییەت ئەم قەلەت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟ من لە دڵەوە بەو قسانە بریندار دەبووم، بەڵام کە بیرم لە گەورەیی تۆ دەکردەوە، برینەکانم سارێژ دەبوون، هەندێ جاریش بیرم لەوە دەکردەوە، کە تۆ لە زانکۆ و لە پێشمەرگایەتی، هەمیشە کەسێکی بەناوبانگ و جێگەی سەرنجی دەوروبەر و هاوڕێکانت بوویت، بەوە سوکنایی دڵم دەهات و دەموت من بەختەوەرم، کە دەبمە ژنی پیاوێکی ناودار، (بە هاوار و گریانەوە) بەڵام شاسوار! بمبوورە من نەمتوانی وەک پێویست رێز لەو ناوبانگ و توانا زۆرانەی تۆ بگرم، منیش وەک هەموو ژنەکانی تری ئەم وڵاتە، وەک دایکم و دایکت و هەموو ژنانی تر بوومەوە بە مرۆڤە باو و بێزارکەرەکەی ماڵ، بەڵام ئەوەندەم توانی ئەم شاخ بۆ ئەو شاخ، ئەم گوند بۆ ئەو گوند، ئەم وڵات بۆ ئەو وڵات، ئەم نەخۆشخانە بۆ ئەو نەخۆشخانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بە دوای تۆوە بم، ئێستاش دەمەوێت تا لە ژیاندا بین، بە چاوی خۆم دانپیانان و یادداشتەکانی تۆ ببینم، بزانم تۆ چۆن ئەو قۆناغەی سەرەتای ئەڤینداری و هاوسەرییەتیمان دەگێڕیتەوە، دەمەوێت لەو ئاوێنەیەوە کە ناو نراوە یادداشت، وێنە ڕاستەقینەکەی خۆم ببینم، دەمەوێت بۆچوونی تۆ لە سەر ئازادیی وڵات، لە سەر ژن، لە سەر منداڵ و لە سەر زۆر پرسی تر لە یادداشتەکاندا بخوێنمەوە، (بێدەنگی) (کەمێک دەنگی خۆی کز دەکات و وەک چۆلەکەیەک دەچێتە بەردەم شاسوار و وەک ئەوەی لێی بپاڕێتەوە) شاسوار! ئایا من ئەو قەلەم کە

هاورێکانت ناویان نام، یان میناکەی تۆم کە هەمیشە بە گوڵمینا بانگت دەکردم؟

**شاسوار**: (بێدەنگی و تاریکی. وردە وردە بە عەرەبانەکەیەوە بەرەو پشتەوە دەچێت، هەردوو دەستی دەگرێت بە دەموچاوییەوە و دەگری) نا میناکەم... نااااا... بۆ لە من تێناگەیت؟ چیرۆکەکە هەمووی تەواوکە و وەک خۆی بیگێڕەرەوە، ئەی بیرت نایە لە کۆڕەکاندا هەڵدەستاین و قسەمان دەکرد، هەندێ جار تەریقیان دەکردینەوە و دەیانوت "تکایە واز لەم زمانە شیعرییە بێنن و بە زمانێکی سادەی ڕۆژانە بدوێن، ئێمە لەم زمانەی ئێوە ناگەین!" من و تۆش جگە لە بێدەنگی هیچی ترمان نەدەوت.

**مینا**:چاکم لە بیرە، بیرمە دوای کۆڕەکانیش پێت دەوتم، هەرگیز زمانی خۆم ناگۆڕم، بەو زمانە ئەدەبییە بەرزە دەدوێم و بەو زمانەش وەڵامی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ دەدەمەوە.

**شاسوار**: واز لەو چیرۆکە تاڵانە بێنە، دەزانم گوڵمینا، ئەو چیرۆکانەی تۆ باسی دەکەیت چیرۆکی ڕاستەقینەی من و تۆن، من دەزانم بەشێکی ئەو خەم و تاریکییانەی ژیانمان، من لێی بەرپرسم، هەربۆیە یان نووسینەوەی یادداشتەکانی ژیانم وەک خۆی، یان کۆتاییهێنان بە ژیان.

(دیسانەوە دەڕواتەوە بۆ لای تەجیلە گەورەکە و گۆرانییەکی تری دەخاتەوە سەر و بە تێڕامانێکی زۆرەوە گوێی لێ دەگرێت) (بێدەنگی)

مینا: (مینا بە ماندووبوونێکی زۆرەوە دەچێتە بەردەم عەرەبانەکەی و دەکەوێت لە بەردەمیدا) نا شاسوار گیان نا، نامەوێت باس لە کۆتایی ژیان بکەیت، نامەوێت هەموو ژیانت هەر گوێ لەم گۆرانییە خەمبارانە بگریت، چیرۆکەکە هێشتا تەواو نەبووە، دەمەوێت لەو ئاوێنەی یادداشتەکانتەوە بگەڕێمەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانمان، بۆ پەیمانە ڕۆمانسییەکانی دەزگیرانی، من دەمەوێت بێئومێد نەبیت.

**شاسوار**: (بە بێزارییەکی زۆرەوە) کام ئومێد؟ کام چاوەڕوانی؟ دوای چی؟ دوای لەدەستدانی قاچ، دوای ونکردنی بەشێکی زۆری یادەوەری، دوای زیندانیبوون لەم ماڵ و شارەدا. دوای ئەم هەموو شکستە، چاوەڕوانی و ئومێد چ مانایەکیان هەیە.

**مینا**: واز لەم شتانە بێنە و خۆت بەم شتانەوە سەرقاڵ مەکە و سەرقاڵی نووسینەوەی یادداشتەکان بە (زەنگی دەرگە دێت) (مینا بە ڕاکردن بەرەو دەرگە دەچێت، ناوەوەی هەردوو کارەکتەرەکە دەگۆڕێت و ڕووداو و چیرۆکەکان گۆڕانکارییان بە سەردا دێت.)

**شاسوار**: مینا مەڕۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ئەوە ئیزرائیلە و مەرگی مێردە بێ قاچەکەتی پێیە (هاوار دەکات) مینا پێشوازی لە ئیزرائیل بکە و چەپکەگوڵی بۆ بەرە، پێی بڵێ بە خێر بێیت، دەمێکە شاسوار بە تەمای تۆیە و جگە لە چاوەڕوانیی تۆ لەم ماڵەدا نە چاوەڕوانیی کەس دەکات و نە کەسیش سەردانی دەکات. مینا زوو بڕۆ، ئەوە کەژاوەی مەرگە و میوانی مێردەکەتە.

**مینا**: (بە هێواشی و تێڕامانێکی زۆرەوە مینا دێتەوە ژوورەوە و بە وردی سەیری ڕووخساری شاسوار دەکات، وەک ئەوەی بیەوێت زەنگی دەرگەکەی لە بیر بەرێتەوە، بە هێمنی) تکایە واز لەو قسانە بێنە و ئیتر با وشەی مەرگ لە زمانت بتۆرێت، پێم وتی لە بری ئەوە سەرقاڵی نووسینەوەی یادداشتەکانت بییت باشتر نییە؟

**شاسوار**: زەنگی دەرگەیە... زەنگی دەرگەیە.منیش چاوەڕوانم، چاوەڕوانی مەرگ. چاوەڕوانی کۆتاییهێنانم بەم چیرۆکە بێتامانە و بەم چاوەڕوانییە زۆرانەی زەنگی دەرگە، زۆر سەیرە بەردەوام زەنگی دەرگە بۆ من هەواڵی ناخۆشی پێ بووە، ناکرێت ئێستا باوەڕ بکەم کە زەنگی دەرگە موژدەی گەورەی پێ بێت.



**مینا**: کەی واز لە چیرۆکی مەرگ دێنیت. کەی واز لە هەوڵی خۆکوشتن دێنیت. کەی واز لە بێزارکردنی ئەم چۆلەکە تەنهایەی ئەم ماڵە دێنیت؟ کەی دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەوەی یادداشتەکانت.
**شاسوار**: یادداشتی چی؟ بێزاربوونی چی؟ دەمەوێت پێش مردنی ڕاستەقینەی خۆم ئەو یادداشتانە بە پاکنووسکراوی بدەمە دەستی تۆ. ئیدی تۆ چاپی دەکەیت، یان لای خۆت هەڵی دەگریت، یان دەیسووتێنیت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کۆتایی بێنم بە نووسینەوەی چیرۆکەکان.
**مینا**: واز لەم قسە ڕۆمانسی و ئەدەبییانە بێنە، شاسوارەکەم! بە زمانی سادەی ڕۆژانە بدوێ، بەو زمانە پاراوە بنووسە کە هەموو کەس لێت تێبگات، گەر بەو زمانە یادداشتەکان بنووسیت، کەس نایانخوێنێتەوە.
**شاسوار**: وا نییە، مەرج نییە هەموو ڕاستییەکانم بە تۆ وتبێت، هەندێ لەو ڕاستییانەی ژیانیشم تەنانەت خۆشم نایزانم، ئەگەر ڕووخساری دووەمی خۆمت پێ نیشان بدەم، نەک یادەوەری، تف لە خۆشم دەکەی، ئێمە هەموومان بەو نهێنییانەوە ماوین کە هەریەکەمان لە سندووقە شاراوەکانی یادەوەریماندا هەڵمان گرتووە، لە ئاشکراکردنی ئەو نهێنییانەشدا تۆ و پێشمەرگەیەکی هاوڕێم و ڕێبوارێکی ئاسایی و پاڵەوانێکی چیرۆکەکە هەمووی وەک یەک وان.
**مینا**: ئەم قسانە بۆ من جۆرێک لە بێزارکردنە و ناشتوانم باوەڕ بە خۆم بکەم کە قسەی ناختن! ئێستا تۆ من دەبینی و دەزانیت من کێم؟ خۆ ئەگەر ناشزانیت، ئەوا شادمانم پێت بڵێم، من لەم ساتەدا بۆ تۆ دەرگەوانی دۆزەخم. (دیسانەوە زەنگی دەرگەیە. مینا ئەم جارە لەسەرخۆ و بە بێزاری بەرەو دەرگەکە دەچێت.)
**شاسوار**: دیسانەوە زەنگی دەرگە، وتم چی؟ نەموت هەمیشە زەنگی دەرگە بۆ من مایەی هاتنی خەم و خەفەتێکی نوێیە، دەی بڕۆ ئەو دەرگەیە لە ئیزرائیل بکەرەوە، پێشوازی بکە بۆ مەرگی هاوسەرە بێ قاچەکەت، بڕۆ دەی زوو بڕۆ و هەواڵێکی تری ناخۆش بێنە لەو دەرگەیەوە.
(دەنگی دەرگە و کردنەوەی دەرگە و داخستنی دەرگە و تەقەی دەرگە بە چەند شێوەیەک دێت و وەک دەنگێکی بێزارکەر، لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگی دەرگەیانە، تەنها بە جووڵەی سەیر شاسوار گوزارشت لەو بێزارییە دەکات.)
**مینا**: دێتەوە؛ میوانە بەردەوامەکەی گەڕەک.
**شاسوار**: کێ بوو؟ ئیزرائیل وتی چی؟ چ کاتێکی دانا بۆ کێشانی مەرگم؟
**مینا**: منداڵێکی دەرۆزەکەر بوو.
**شاسوار**: منداڵ. منداڵ. (زۆر تووڕە دەبێت، دەست دەخاتە سەر تایەی عەرەبانەکەی و دەیەوێت بەرەو دەرەوەی ژوورەکەی بڕوات، لایەک دەکاتەوە بۆ لای مینا.)
دە کەواتە مەمدوێنە، دەمەوێت بڕۆم، چونکە ئەم جۆرە قسەکردنەمان لاپەڕەکانی بیست ساڵی ڕابردوو هەڵدەدەنەوە، ئەمە وام لێ دەکات جگە لە یادەوەری و بەشێک لە جەستەم، تەنانەت لایەنە سۆزدارییەکانیشم بە قەڵەمی خۆم لە لاپەڕەکانی ژیاندا ڕەش بکەمەوە.
مینا: (زۆر بە تووڕەبوونەوە دێتە بەردەمی و ڕێگەی لێ دەگرێت بڕوات) دەکەواتە تۆش ئەوەندە مەمدوێنە با هەموو ساتە ناشیرینەکانمان دووبارە نەبنەوە، درۆکانمان. ئەو موژدانەی بە خەڵکمان دەدا بۆ بەختەوەری، وانەکانی ئەڤین و زۆر شتی تر، تۆ بۆ ئەوەندە لە تەقەی دەرگە بێزاریت؟
(دیسانەوە بە دەنگێکی ناخۆش و بێزارکەر دەنگی دەرگە دەبیسترێت.)
**شاسوار**: من لە دەنگی دەرگە بێزارم و بڕایەوە،

تۆش بەردەوام بێزارم دەکەیت و داوای نووسینەوەی یادەوەرییەکانم دەکەیت. داوای ئەوە دەکەیت کە منیش وەک خەسرەوی ئەنوەری بابان و نامداربەگی خۆشناو پاڵەوانبازیی خۆم بنووسمەوە و تەنها ئەو دیمەنانە باس بکەم کە ئێمە لەو شاخە فریشتە بووین و پێشکەوتووخوازی عەیارە بیستوچوار بووین، کە لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکی زۆر کەمی مێژووی منە، مێژووی من لەم خانووە کۆنە و لەم کتێبانە و لە سواری ئەم عەرەبانەیە و لە نەخۆشخانەی لیڤەرپووڵ و لە ساتەوەختی لێکردنەوەی قاچی ڕاستمەوە دەست پێ دەکات، نەک لە قۆناغە پڕ لە حەماسییەکانی گەنجییەتییەوە.

**مینا**: ئەوەی ئێستا دەیڵێیت و ئەوەی تۆ دەینووسیت تەنها بەشێکە لە مێژووی خۆت، ئەی من؟ ئەی شەوە تاریکەکانی شاخ؟ ئەی گەشتە بەردەوامەکانی مەرگ و ڕۆشتنە نهێنییەکانی ئەم گوند بۆ ئەو گوند؟ ئەی وازهێنانەکانی من لە خێزان و لە دایکوباوک و برا و کەسوکار؟ ئەی وازهێنان لە سەیران و خۆشی و گەشتە بەردەوامەکانی زانکۆ و قۆناغی لاوی؟ ئەمانە هیچیان مێژووی من و تۆ نین؟ بۆ دەبێت شۆڕش بۆ ئێمە تەنها لە ساتەکانی شکستەوە دەست پێ بکات؟ شۆڕش هەر شۆڕشە، بەڵام دیارە وێنەکانی شۆڕش جیاوازن، کوڕانی خواپێداو دوای ئەوەی نەیاندەتوانی زانکۆ تەواو بکەن، ڕوویان دەکردە شاخ و پاش ماوەیەکی کەم بە ناوی پێداویستیی ئەم قۆناغەی خەباتمان هەر ڕۆژەی لە وڵاتێک بوون، هەر ڕۆژەی لە پارک و باڵەخانە و میترۆ و بارێکەوە وێنەیان بۆ کەسوکاریان دەناردەوە، منیش وەک زێوانێکی ڕووتەڵە هەمیشە وەک سواڵکەر بە دوای تۆوە بووم و ئێستاش ناتەوێت ئەمە بەشێک بێت لە یادەوەرییەکانت؟

**شاسوار**: با دەمەوێت، بەڵام جارێ کاتی نەهاتووە.

**مینا**: ئەی کەی کاتی دێت؟

**شاسوار**: نازانم، ڕەنگە ئەو کاتەی کە دەستی پێ دەکەم.

**مینا**: ئەی بۆ ئێستا دەستت پێ نەکردووە؟

**شاسوار**: ئامادەسازیی بۆ دەکەم.

**مینا**: لە کوێوە و چۆن؟

**شاسوار**: لەو کاتەوەی کە پێویست دەکات.

**مینا**: ئەو کاتە کەیە و لە کوێیە؟

**شاسوار**: کاتی قۆناغی منداڵیم. شەڕەکانی دایکم و باوکم، نوێژ و نزاکانی دایکم و شەوە مەست و خەیاڵاوییەکانی باوکم، کڕووزاناوەی دایکم بۆ برا و خوشکەکانم و بێنازکردن و فەرامۆشکردنی من. ئەوانە و دەیان چیرۆک و دانپێنانی تری تاڵ لە یادداشتەکاندا دەبینرێت.

**مینا**: ئەی قۆناغە ڕەشەکانی زانکۆ و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی شۆڕش و وێنەی سەرکردەکان. ئەی ئەوانە لە کوێ و لە چی شوێنێکی ئەو یادداشتانەدا دەبینرێت؟

**شاسوار**: مینا! دڵنیا بە لە بەشێکیدا ئەو چیرۆکانە بە ڕاستگۆیانە دەگێڕمەوە.

**مینا**: مەبەستت چییە لە ڕاستگۆیی؟

**شاسوار**: مەبەستم دەرخستنی وێنەی ڕاستەقینەی ئەو گەنجە خوێنگەرمانەیە، کە بە دڵێکی پاک و بە ڕۆحێکی گەنجانەوە، بە وتنەوەی درووشمی حەماسی، لە ناو زانکۆ و لە کۆڵانەکانی شارەکاندا ئەی ڕەقیبمان دەوت و درووشمی حەماسییان لەسەر دیوارەکان دەنووسی، لە پشتیشەوە بەرپرسەکانی ئێمە لە شار و شاخ لەگەڵ بەرپرسانی دوژمن بە ناوی ڕێکەوتنەوە شەراب و شەمپانیای ڕۆمانییان دەخواردەوە.

**مینا**: ئەی بیرتە باوکم یەکەم ڕۆژی داواکردنەکە چی بە تۆ وت؟ (بە دەنگێکی گڕی پیاوانەوە) مینا، بە کراسەکەی بەرییەوە پێشکەشت بێت، تاکە داوام ئەوەیە سیاسەت مەکەن، بەڵام ئەگەر کردیشتان وەک فریادڕەسێک لە خۆتان و بەرپرسەکانتان مەڕوانن، تۆش هەردوو دەستت بە یەکەوە گرێ دابوو هەر بەڵێ بەڵێت بۆ باوکم دەکرد،



باوکم لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو، ڕووی لە تۆ دەکرد و دەیوت، شاسوار! سیاسەت هەمیشە چینی خوارەوە دەهاڕێت و چینی سەرەوەش دەکات بە بازرگان، جا ئێوە هەر چینێکیان بن زەرەرمەند دەبن. تۆش هەر بەڵێت بۆ دەکرد، بەلام واش دەرنەچوو (کەمێک دەنگ بەرز دەکاتەوە و تووڕە دەبێت) بیرتە شاسوار! من و تۆ یەک ڕۆژ نەمانتوانی بە گوێی باوکم بکەین، بیرتە. ئێمە سیاسەتمان کرد نەک خۆشمان دەیان گەنجی تریشمان بە خۆمانەوە تووش کرد.

**شاسوار**: بیرمە مینا چاکم لە بیرە. ئێستا دەزانی بۆ یادداشت دەنووسمەوە، دەزانی بۆ سوورم لەسەر نووسینەوەی ئەو یادداشتانە. ئێستا دەزانی بۆ ئێمە بووین بە قوربانیی شۆڕش و قوربانیی ژیان؟

**مینا**: بەڵێ! گیانەکەم دەزانم، چاک دەزانم. گەر قوربانیی شۆڕش نەبین بە دڵنیاییەوە قوربانیی زۆر شتی ترین. ئەو قوربانییەش وای کردووە من نەتوانم بۆ یەک چرکەش لە ترسی بێزاربوونەکانی تۆ و خۆنەکوشتنت ئەم ماڵە وێرانبووە جێ بهێڵم.

**شاسوار**: نا نا جێی بهێڵە، ئەم ماڵە شایەنی ئەوەیە هەمیشە چۆڵ بێت و کەسی تێدا نەبێت، ئەم ماڵە مادام منداڵی تێدا نییە چۆڵەوانییە، چۆڵەوانی.

**مینا**: (بە دەم گریان و هاوارکردنەوە) بەسە بەس شاسوار. بێزار بووم لە چیرۆکی منداڵنەبوون، بێزار بووم لە چاوەڕوانیی وەهمەکانی تۆ، بێزار بووم لە چاوەڕوانی نووسینەوەی یادداشت و چیرۆکە دووبارەبووەکان.

**شاسوار**: دە کەواتە نووسینەوەی یادەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی ونبوو، لە ئێستادا هیچ بایەخێکی نییە و وەک خۆشت وتت هەموو دێڕ و دیمەن و چیرۆکێکی ئەو یادداشتە دووبارەیە.

**مینا**: ڕەنگە وا بێت. (مینا بە هەردوو دەستی پاڵ بە عەرەبانەکەی شاسوارەوە دەنێت و دەیباتەوە بۆ لای مێزەکەی خۆی. (ریکۆردەرە بچووکەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە بەردەمی، وەک ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکات و بە ریتمێکی کیژانەی مەکربازانەوە دەکەوێتە پرسیارکردن لێی.)

وەک پێشمەرگەیەکی خەباتگێڕ و دڵسۆز، کە قاچێکت کرد بە قوربانیی شۆڕش تا چەند هەست دەکەیت ئەو شۆڕشە بەوەفا بووە بەرامبەر بە قاچت؟

**شاسوار**: تا ڕادەیەک.

**مینا**: ئەگەر ئێستا شۆڕش قاچەکەت بۆ بگێڕێتەوە، (بە جۆرێک لە گاڵتەپێکردنەوە) مەبەستم ئەوەیە قاچی ڕاستی نەک قاچی دروستکراو، ئایا ئەوەی پێی بەخشیویت دەیگێڕیتەوە بۆ شۆڕش؟

**شاسوار**: لەوانەیە.

**مینا**: چ پەیامێکت هەیە بۆ ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ئەوسا و ئێستات.

**شاسوار**: (بێدەنگی و تێڕامانێک لە مینا) من هاوڕێی وام نییە.

**مینا**: کاک شاسوار! (خۆی وەک منداڵ لێ دەکات) مەبەستم شاسواری دڵسۆز و بە وەفایە، ئایا ئەوەی ئێوە هەوڵتان بۆ دا و ئەو درەختەی ئێوە ناشتان ئەمە بوو بەرهەمەکەی؟

**شاسوار**: بێزار بووم بێزاااااااارررر...! ئەی خواوەندی مەزن! من و تۆ دەمێکە ڕێک کەوتین بۆ ئازادیی وڵات شتێک لە جەستەی خۆم ببەخشم بە تۆ، ئێوەی میهرەبان سوور بوون لە سەر ئەوەی قاچی ڕاستم بەرن، منیش سوور بووم لە سەر ئەوەی ڕۆحم بێت، ئێوە بە ڕۆحی من ڕازی نەبوون و قاچی ڕاستتان بردم، دەبا بیگۆڕینەوە و وەک ڕێککەوتنەکەی سەرەتامان. قاچەکەم لە نەخۆشخانەکەی لیڤەرپووڵ لە بەریتانیا بۆ بگێڕەوە،

ئەوە ڕۆحم پێشکەش بێت بە تۆ و بەو نیشتیمانەی کە ئێستا خەریکە بۆی... (مینا بە تووڕەبووەنەوە قسەکەی پێ دەبڕێت.)

**مینا**: وەک مامۆستایەک (ئاههھ) تووڕە بوویت لە قسەکانم، دەبێت لەمەودوا بە شێوازێک لەگەڵتدا بدوێین کە بێزار نەبیت و خۆت تووڕە نەکەیت.

**شاسوار:** ئەم چیرۆکە کۆتایی نایەت، ڕێگەم بدە با بڕۆم بۆ ژوورەکەی پشتەوە؛ کاتی پشووە.

**مینا:** بڕۆ بۆ ناڕۆیت منیش ڕازیم، ئەم ژیانە ئەوەندە بێزارکەرە هەمووی بیر لە جێهێشتنی دەکاتەوە.

**شاسوار**: (بە بێدەنگی و لەسەرخۆ کەمێک تێڕامان)

**مینا**:دەرەوە تاریکە؟

**مینا**: بەڵێ! ژوورەوەش تاریکە.

**شاسوار**: (دەست دەبات بۆ سەری خۆی، بە بێباکییەوە دەڵێت) ئای لە ئاڵۆزکاویی قژی چڵکنم! ئای لەم هەموو بێزارییە.

**مینا:** تازە زانیوتە قژت ئاڵۆزکاوە؟ ڕووخساریشت ئاڵۆزکاوە، دەروونیشمان ئاڵۆزکاوە، ئەم ماڵەش ئاڵۆزکاوە، شاریش ئاڵۆزکاوە، ئەرێ تۆ لەو پەنجەرەیەی پێشەوە سەرنجی دەرەوەت داوە، سەرما شەقامەکانی داپۆشیوە، بێدەنگی باڵی کێشاوە بە سەر شۆستەکاندا، جگە لە بێدەنگی هیچی تر بە دی ناکرێت.

**شاسوار**: (پاڵتۆ درێژەکەی زیاتر لە خۆی و عەرەبانەکەی دەئاڵێنێ و بە دەم لەرز و قسەتێکەڵاوکردنەوە دەڵێت) سەرمایە! بەڕاستی سەرمایە.

**مینا**: (وردە وردە بە دەم قسەکردن و لێخوڕینی عەرەبانەکەوە، بەرەو ژووری نووستنەکە دڕۆن و لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە قسەکردن.)

سەرمایە بەڕاستی سەرمایە... ئەم سەرمایەش کۆتایی دێت، چونکە سەرەنجام چیرۆک و یادداشتەکان کۆتاییان دێت، بۆیە هەر لە ئێستاوە کۆتایی هەموو شتێکمان هەڵبژاردووە. یادداشت، بیرەوەری، نووسین، منداڵ، شۆڕش... ئەمشەو کۆتایی هەموو شتێکە.

**شاسوار**: (وەک ئەوەی بۆ خۆی قسە بکات و گوێی لە قسەکانی مینا نەبێت) دنیا کپە! هیچ کەس لە دەرەوە نییە، بەڵام پێم ناڵێیت دەرگەی دەربازبوونمان لەم شارە لە کوێوەیە؟

**مینا**: دەربازمان دەبێت، ئەو کاتەی تۆ یادداشتەکانت نووسییەوە.

**شاسوار**: دیسان یادداشت. دیسان گوووو! پێم وتی ئەوە پەیوەندیی بە تۆوە نییە، ئەوە پەیوەندیی بە ناخی خۆم و ئەو پیاوە نووستووەوە هەیە کە لە ناخمدایە، ئەو یادداشتانە بنووسرێت یان نا، بڵاو ببێتەوە یان نا، ئێمە ئاسۆی دەربازبوونمان مەحاڵە، چونکە ئێمە بووین بە مێژوو... تەنها ڕووخسار و جەستەمان ماوە بەبێ ڕابردوو. بەبێ شۆڕش و بەرخوردان، بەبێ منداڵ. (دیسانەوە هەوڵ دەدات خۆی بکوژێت و ملپێچەکەی بە توندی لە ملییەوە دەئاڵۆسکێنێ و هەوڵی خۆخنکاندن دەدات.

**مینا**: دە بەسە. دە بەسە. ئەم خۆخنکاندنە نەبڕایەوە. ئەم بێزارییە تەواو نەبوو، دوو ساڵە تۆ لە کاتی بێزاربووندا هەوڵی خۆکوشتن دەدەیت، ئەوە ڕاکردنە لە ڕاستی، ڕاکردنەوە لەو واقیعەی ژیانمان.

**شاسوار**: ڕاناکەم لەم واقیعە. دەمێنمەوە لەم واقیعە تاڵەدا.

**مینا**: دە کەواتە بۆ هەوڵی دەربازبوون مەدە .تۆش وەک سەدان هاوڕێی ترت لەم شارەدا بمێنەرەوە تا دەمریت.
(بە گاڵتەپێکردن و توڕەبوونەوە)
ببوورە تا ئەو کاتەی خۆت دەکوژیت.

**شاسوار**: لەم شارەدا بمێنمەوە؟ من دەمێکە لەم شارە ڕۆشتووم، من ئەو کاتە لەم شارە ڕۆشتم کە دوای دە ساڵ بە ئارەزوومەندانە جێم هێڵا و بە زۆر هاتمەوە بۆ ناوی، ئەو ئێوارەیەی کە بۆ یەکەم جار دوای ئەو دە ساڵە هاتمەوە بۆ ئەم شارە، ئەو ئێوارەیە ساتی



بەجێهێڵانی یەکجاریی من بوو لەم شارە.

**مینا**: تەنها تۆ نا، هەموومان هاتینەوە بۆ ئەم شارە، من، تۆ، پەیکەرەکان، کتێب، چیرۆک و ڕێبوارەکان، پاشانیش هەمووشمان لێی هەڵدێین و دەڕۆین، بۆ شوێنێکی نادیار، (بە بێدەنگی و لەسەرخۆیی) شاسوار! دەزانی من لەو ڕۆشتنەمان ناترسم، هەرچەند شکستخواردووی دەستی ئەم شارەشین، ئەی تۆ؟

**شاسوار**: من وەک تۆ نیم، من هەرگیز لە هەڵهاتنی ئەم شارە نەترساوم، چونکە بەشێک بووە لە من، هەڵهاتنیش لە خۆم، لە یادەوەریم، لە چیرۆکە ڕەش و گەشەکانم لای من شتێکی زۆر سادە و ئاسایی بووە.

(زەنگی دەرگەیە. چەند جارێک زەنگی دەرگە دووبارە دەبێتەوە، ئەم جارە لەگەڵ دەنگی دەرگە، جۆرێک لە دەنگی هاوارێک دەبیسترێت، هاوارەکە وەک هۆرە، یان لاواندنەوە وایە.)

**شاسوار**: (هاوار دەکات) بە خێر بێیت ئەی مەرگ! چاوەڕوانی تۆین بە خۆمان و یادەوەری و یادداشتەکانمانەوە، زۆر درەنگ هاتی، بەڵام ئێستاش هەر باشە و من ئامادەم.)

**مینا**: (بە تووڕەبوونەوە شاسوار بە عەرەبانەکەوە دەباتە ژووری نووستنەکە و خۆی بە ترس و بێزارییەکی زۆرەوە دێتە دەرەوە، پاش ترس و ڕاڕاییەکی زۆر لە لای دەرگەی حەوشەوە دێتەوە و لەبەر خۆیەوە)

بێزار بووم لە چاوەڕوانیی مەرگ، لە زەنگی دەرگە، هەرجارەی کەسێکە و هەرجارەی هەواڵێکە، لێدانی دەرگەی دەرۆزەکەر و پرسیاری ماڵەدراوسێ نەبڕایەوە؟ (کەمێک بێدەنگی) ئەوە چییە؟ سەیرە. خەریکە چاوەکانم وێنەی شتەکان نابینێت، شاسوار! من وێنەی ڕاستەقینەی تۆم لێ ون بووە، هەست دەکەم قسەکانم ناگەنە تۆ، ئەوە چییە زەنگی دەرگەکە بوو؟ (دەشڵەژێ و بە هەر چواردەوری خۆیدا دەست دەوەشێنێت) گوێت لە دەنگمە، قسە بکەم، دەنگ بەرز بکەمەوە، هاوار بکەم (هاوار دەکات و بە دەنگی بەرز) شاسوار! تۆ بۆ خۆت دەشاریتەوە؟ لە کوێیت؟ من نەمبردیتە ژوورەوە، من لە ژوورەوە تۆم هێنایە دەرەوە، تکایە وەرە دەرەوە، ئیشم پێتە، ئێستا کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ نووسینەوەی یادداشتەکانت، ئێستا زۆر گونجاوە بۆ نووسینی کتێبی نووسینەوەی یادەوەریی ونبوویەک! لەگەڵ تۆمە خەریکە چاوەکانم کوێر دەبن، ناتبینم، ئەوە چییە، ئەی سەرت کوا پێم بڵێ، (زۆر بە ترس و لەرزەوە) شاسوار! سەرت لە کام گوند و لە کام سەنگەر بەجێ هێشت؟ من ئەمشەو زۆر دەترسم (زۆر بە ترسەوە وەک کوێرێک بە دەست ئاماژە دەکات بۆ گرتنی جەستەی شاسوار) بەخوا ئێستا جەستەت لەبەردەستمایە و بەس سەرت پێوە نییە، دیارە بێزار بوویت لە نووسینەوەی یادەوەریی ونبوویەک، خاڵی بوویتەوە، بۆیە سەریشت لێ ون بووە، ئەگەر تۆ نەینووسیت من دەینووسم، خەونی ونبووە بێسەرەکان. تۆ قاچت ون نەکردووە، تۆ سەرت ون کردووە، هەربۆیە ناتوانیت یادەوەریت بنووسیتەوە. شاسوار! لە کوێیت؟ گوێت لە دەنگمە؟ گوێت لە زەنگی دەرگەکەیە؟ ئەوەی چییە، ئەی هاوار، شاسوار! لە کوێت؟ ماڵت جێهێشت؟ یان خۆتت کوشت؟

**شاسوار**: (بە بێزاری و وەک ئەوەی لە خەودا بێت هاوار دەکات) مینا! میناکەی من!... سەری چی و ونبووی چی؟ من تەنها قاچم ون کردووە، ئەویش لێرە نا لەم ماڵە نا. لە نەخۆشخانەکە لە بەریتانیا. لە شاخ. لە شۆڕش. لە پەیمانە خۆشەکانی خەو و خەیاڵ. میناکەم! دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێم، کە چەند ساڵە بە خۆم و ئەو هەموو یادەوەرییەوە نەمتوانی ئەو کتێبەی لە نەخۆشخانەکەی بەریتانیا باسمان کرد بینووسم، دەبێت

دوای ئێمە کەسێکی تر ئازایانە بێت و گوێ لە دەنگی کاسێتەکان بگرێت و یادداشتەکان بنووسێتەوە. ئەو لاپەڕانە بخوێنێتەوە کە دە ساڵە بە ناوی یادەوەرییەوە ڕەشیان دەکەمەوە.

**مینا**: نا شاسوار گیان! کەس ناتوانێت بینووسێتەوە تۆ نەبێت. دە پێم بڵێ ئێستا تۆ لە کوێیت؟ کوانێ سەرت، بۆ دیار نییە، نایبینم! (بە هەردوو دەستی وەک کوێرێک بۆ سەر و رووخساری شاسوار دەگەڕێت. هاوار دەکات) ئەی هاوار ئەم ماڵەت جێ هێشتووە و بەبێ قاچ بۆ کوێ ڕۆشتوویت؟ ئەی یادداشتەکانت، ئەی کتێبەکانت، ئەی ئەو هەموو یادگارییانەمان؟ ئەی هاوار شاسوار تۆ لە کوێیت؟

**شاسوار**: ونبوونی چی، قاچی چی؟ یادداشتی چی؟ دڵنیا بە ناتوانم بینووسم.

**مینا**: (وەک کوێرێک بە هەردوو دەستی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەری شاسواری گرتبێت)سوێندت دەدەم وەرە دەرەوە و بەردەوام بە لە نووسین.

**شاسوار**: ببوورە مینا تاقانەکەم! لەوانەیە شێت بووبیت.

**مینا:** نەخێر شاسوارەکەم! شێت نیم، کوانێ سەرت چیی لێ هاتووە، لە کوێ ونت کردووە!

**شاسوار**: هەر لەودیوی دەرگەکەوە و لە ژوورەوە هاوار دەکات، تۆ دەڵێیت چی؟ کام سەرم ون بووە؟ من تەنها یەک سەرم هەیە و ئەویش بە جەستەمەوەیە (سەر لە دەرگەکەوە دێنێتە دەرەوە) ئەی ئەوە نییە سەرم، وابزانم دوای زەنگی دەرگەکە شێت بوویت و لەبەر خۆتەوە وڕاوە دەکەیت، من نەموت هەمیشە زەنگی دەرگە هەواڵی ناخۆشی پێ بووە؟

**مینا**: وڕاوە ناکەم. کام سەرت؟ دەتەوێت شێتم بکەیت! بۆ تۆ چەند سەرت هەیە؟ بە تەنیا سەرێکت هەیە و ئەویشت ون کردووە، ڕەنگە لەم ماڵەشدا نەبێت، ئەی خوایە چەند ناخۆشە لەگەڵ مرۆڤێکدا بژیت و سەری پێوە نەبێت. (هاوار و دەنگەدەنگ و دەنگی دەرگە بە بەردەوامی دێت.)

**شاسوار**: (دێتە دەرەوە لە ژوورەکەدا و بە خێرایی بە عەرەبانەکەوە دێتە بەردەمی مینا) قسەی هیچ... واز لەم قسە بێهوودانە بێنە و تۆزێ واقیعی بە. (تۆزێک هێمن دەبێتەوە بە دەنگێکی نزم) بەڕاست تۆ لەم قسانە بێزار نەبوویت؟ لە کردنەوەی دەرگە و لەو هەموو میوانە بێزار نەبوویت؟

**مینا**: (بە خێرایییەکی زۆرەوە ڕادەکات بۆ لای مێز و کتێبخانەی ژوورەکەی و دێتەوە؛ ڕادەکات بۆ ژووری نووستن و بە هەر چواردەوری خۆیدا ڕادەکات و سەیری ئەملاولای خۆی دەکات، وەک ئەوەی شتێکی لێ ون بووبێت) میوانی چی؟ کوا میوان؟ تکایە دوای ئەم هەموو هاوارەی من ڕاست بڵێ و خۆت مەپەڕێنەرەوە و شتم لێ مەشارەوە، پێم بڵێ سەرت کوا؟! لای هاوڕێکانت جێت هێشتووە، یان لە ناو کتێبی نووسینەوەی یادەوەریی ونبوویەکدا؟ لەوانەیە بپرسیت و بڵێیت مینا ئەی سەری خۆت کوا؟

**شاسوار**: نەخێر وا ناڵێم، من هەمیشە پارێزگاریم لە سەرم کردووە.

**مینا**: (بە هەر چواردەوری خۆیدا دەگەڕێت) من سوورم لە سەر ئەوەی تۆ سەرت پێوە نییە و پێویستە لە بری نووسینەوەی یادەوەریی ونبوویەک، بۆ سەری خۆت بگەڕێیت باشترە.

**شاسوار**: (بێدەنگی. شاسوار بە عەرەبانەکەی نزیک دەبێتەوە لە مینا و دەیەوێت هەردوو دەستی بگرێت، بەڵام مینا پشتی تێدەکات و دەگری و لێی دوور دەکەوێتەوە. لەم ساتەشدا کەمێک بێدەنگی) مینا و شاسوار هەردووکیان بە یەکەوە قسە دەکەن و قسەی تێکەڵوپێکەڵ، بەبێ ئەوەی کەسیان لەوی تریان تێبگەن و هاوار و دەنگەدەنگێک دێت)

**شاسوار:** گوێم لە دەنگێکی ناخۆشە.



**مینا**: هیچ نییە.
**شاسوار**: ئەو دەنگە ناخۆشە... ڕەنگە شتێک ڕوو بدات.
**مینا**: ڕوو دەدات. ئاو بێت هەر دەبێت ڕوو بدات، مادام ناتوانیت یادداشتی پێکەوەبوونمان بنووسیتەوە، مادام ناتوانیت ئەو یادداشتە ڕەشانە بنووسیتەوە، دڵنیا بە دەبێت ڕوو بدات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لەم ماڵەدا کات بە فیرۆ نەدەین. (بێدەنگی)
**شاسوار**: سەیری دەرەوە بکە بزانە ئاسمان تاریکە؟
**مینا**: سەیر دەکات بێگومان وایە... زۆریش تاریکە. (وردە وردە لە شاسوار نزیک دەبێتەوە، لە ناکاو دەنگ بەرز دەکاتەوە و بە ترسولەرزێکی زۆرەوە هاوار دەکات) شاسوار! بەخوا ئەم جارە بەڕاستمە، سەرت پێوە نەماوە، کوانێ سەرت؟
**شاسوار**: دیسانەوە تووشی وەهم بوویت، دیارە ئەم جارە بەڕاستی شێت بوویت، پێویستە لە بری ئەم ماڵە تۆ لە شێتخانە بژیت.
**مینا**: (لە هاوارکردن بەردەوام دەبێت و دەنگ بەرز دەکاتەوە)
ئەی نووسەرە بێ پەیمان و دۆڕاوەکەی شۆڕش... کوا یادداشتەکانت؟ کوا پەیمانەکانی شۆڕش و خۆشگوزەرانی؟ کوانێ سەرت؟ ئەی پیاوی بێ سەر.
**شاسوار**: (وردە وردە هەست دەکات کوێر بووە و دەست بە هەر چواردەوری خۆیدا دەخشێنێت) باوەڕ بکە من هیچ نابینم، بەڵام سەرم پێوە ماوە، بەڵام تۆش تەنها جەستەیەکیت بێ سەر و بێ چاو و بێ ڕووخسار.
**مینا**: بەخوا درۆ ناکەم شاسوارەکەم! سەرت پێوە نەماوە، ئیدی وەرە بۆ لام، بەردەوام بە، دواجار یەکتر دەبینینەوە و هەردووکمان بێ سەر و بێ چاو بێ بیرکردنەوە یەکتر دەبینینەوە.
**شاسوار**: (بە عەرەبانەکەیەوە وەک کوێر بە هەر چواردەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و هاوار دەکات) مینا گیان! باوەڕ بکە هەردووکمان سەرمان جێ هێشتووە، هەردووکمان سەرمان ون کردووە، بەڵام کەسمان هەستی پێ ناکەین، بۆیە تازە بۆی ناگەڕێین و نایدۆزینەوە، دەبێ بگرین. چونکە ناتوانین یادەوەرییەکانی ونبوویەک بنووسینەوە. (بە یەکەوە دەگرین، دەنگی دەرگە بە بەردەوامی دەبیستریێت، گریان بەردەوام دەبێت و شاسوار دەچێتە ژوورەکەی خۆی.)
**مینا**: بۆنی شتێک دەکەم. هەست بە شتێکی سەیر و نامۆ دەکەم لەم ماڵەدا. شاسوار گیان! تۆ سەریشت پێوە نییە ببینیت و بۆن بکەیت.
(شاسوار، بە بێدەنگی و بە تووڕەبوونێکی زۆر و هەڵچوونێکی ناوەکیی زۆرەوە لە مینا دەڕوانێ)
**مینا**: (بە هاوارکردن و پاڕانەوەوە)
بەخوا هەست بە شتێک دەکەم لە ژوورەکەی تۆدا. ئەوە چییە شاسوار چیت کرد لەو ژوورەدا؟ کاتێک چووم بە دەم زەنگی دەرگەوە تۆ لە ژوورەکەدا چیت کرد؟ دڵم کەتووەتە تەپەتەپ و نائارامی، تکایە لەم دڵەڕاوکێیە ڕزگارم بکە.
**شاسوار**: بە بێدەنگی سەیری ژوورەکەی دەکات و هیچ ناڵێت.
**مینا**: (هاوار دەکات) ئەوە چیت کردووە شاسوار! شێت بووم پێم بڵێ؟ (دەیەوێت بەرەو ژوورەکەی شاسوار ڕابکات، بەڵام شاسوار بە عەرەبانەکەی ڕێگەی لێ دەگرێت.)
**شاسوار**: تەواو هەموو شت تەواو. دواهەمین زەنگی دەرگاگە لەم ماڵەدا هەموو شتی تەواو کرد، میناکەم! هەموو شت کۆتایی هات. کۆتایی هات بە نووسینەوەی یادداشتەکان. کۆتایی هات بەو چاوەڕوانییە زۆرە.
**مینا**: نا نا شاسوار گیان! چیت کرد؟ ئەی هاوار. ئەی

هاوار. بۆ کەس ئێستا لە زەنگی دەرگەکە نادات؟ بۆ گوێم لە زەنگی دەرگە نییە، بۆ کەس لەم گەڕەکەدا نییە. بۆ کەس نایەت بە دەممانەوە؟ شاسوار! ئەوە چیت کرد؟ نەکەیت. داوات لێ دەکەم پەشیمان بەرەوە، تابلۆکان دەسووتێن. کتێبەکان دەسووتێن. یادداشت و ریکۆردەر و کاسێتە ئەرشیفییەکانت دەسووتێن. نامە جوانەکانی نێوانمان دەسووتێن. نەکەی شاسوار! ئەی هاوار ئەوە بەبێ سەر چی دەکەیت؟ شێت بوویت تۆ؟

**شاسوار**: نا من شێت نەبووم و دوابڕیاری خۆمم داوە و هەموو شت کۆتایی هاتووە. تۆ سەرت پێوە نەماوە تا هیچ ببینیت.

**مینا:** ئەی هاوار هەموو شت سووتا .ماڵەکەمان. کتێبخانەکەمان. نامەکانمان هەموویت سووتاند؟

**شاسوار**: تەواو هەموو شت کۆتایی هات.

**مینا**: (دەنگی ریکۆردەرەکە دێت کە دەنگی مینای تێدا تۆمار کراوە و بە دەم سووتانی ژوورەکەی شاسوار و کردنەوەی دەرگە و پەنجەرەی ماڵەکەوە، دەنگی مینا تێکەڵ بە ئاگر و دووکەڵی ژوور و ماڵەکە دەبێت و بە بەردەوامی دەنگی تەقە و زەنگی دەرگە دەبیسترێت.)

دیسانەوە ماڵەوە، دیسانەوە بینینەوەی شتە دووبارە و سەدبارەبووەکان، بەفرگرێک دەبینم، لەولاشەوە ئەو تابلۆ کۆنە دەبینم کە دەیان ساڵە لێرەدا هەڵواسراوە، بەبێ ئەوەی جگە لەم ژن و پیاوە هیچ کەسێک وتبێتی ئای لەو تابلۆ جوانە، ئەوە کێ کێشاویەتی؟ هونەرمەندەکەی کێیە؟ لە چ سەردەمێکدا بووە و سەر بە چ ڕێباز و ستایلێکە؟ پانکەکەش تۆزی گرتووە، تەلەفزیۆنەکە ئەوەندە دەمێکە دانەگیرساوە، دەڵێی گوڵدانە و لە هەموو شت دەچێت لە تەلەفزیۆن نەبێت، بەر لەوەی بمرم، جارێکی تریش هەموو ئەم شتانە دەبینمەوە، شتێکی بێمانایە... زۆر بێمانایە، بەردەوام بینین و بینین و دووبارەبوونەوە.

(بێدەنگی و تاریکی و ئاگر و دووکەڵی زیاتر، گریان و دەنگی ڕیکۆردەرەکە لە ناو سووتانی ماڵەکەدا خامۆش دەکات، شاسوار و مینا، لە نێوان سووتانی ماڵ و کردنەوەی دەرگە و پەنجەرەی ماڵەکەیاندا ون دەبن. تاریکی و بێدەنگی و کۆتایی.)

19-2-2013






# ئەنیتا
## گەشت بۆ وڵاتی هاوڕێکانی دەکات

**ئاوات محەممەد**

کاتێک کتێبەکەی ئەنیتا ئێسپاندەر، گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم، خوێندەوە، هەستم کرد لە بەردەم کەسێکدام، تەواو لە کولتوور و بیرکردنەوەی ئێمە شارەزایە و زانیارییەکی بەرفراوانی لەسەر مێژووی ئەم وڵاتە و کارەسات و نەهامەتییەکانی هەیە، ئەمە جگە لەوەی شارەزاییەکی باشی لە پێکهاتە دەروونییەکانی کورد هەیە، وەک خۆمان دەماننناسێت، ئەنیتا ئەم ژنەی کە یەکێکە لەوانەی دۆستایەتییەکی سەیری لەگەڵ کورددا هەیە، تەنها لە یەک جار سەردانی بۆ کوردستان، ئەو هەموو زانیاری و ناوەی لەم کتێبەدا کۆ کردووەتەوە، کە جێگەی تێڕامان و سەرنجە، چۆن تاکو ژنێک لەو دوورەوە ئەو هەموو ناوەی بۆ لەبەر کراوە و وەک خۆی نووسیویەتییەوە.

من لە ڕێگەی دلێر ئیبراهیمی هاوڕێمەوە زانیاریی زیاترم لە سەر ئەنیتا وەرگرتووە، کە پێشتر بەر لەوەی ئەو سەفەرە بکات بۆ کوردستان، تەنها ناویم بیستبوو، بەڵام لەو سەفەری کە

ئەم کتێبەی تێدا بەرهەم هات، ئەوم ناسی، ئێستا بە یەکێک لە هاورێ ئازیزەکانمی دەزانم و بەردەوام لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە قسە دەکەین. ئەوەی سەرنجی راکێشام، لەم کتێبەدا ئەنیتا بە ئەنفالی بەدناو دەست پێ دەکات و وەک خۆی دەڵێت: "بۆچی دەبێت ئەم کتێبەی من بە وشەی (ئەنفال) دەست پێ بکات، کە لای کورد دەنگدانەوەیەکی تا بڵێی ناخۆشی هەیە؟ ئاخر هەر ئەو وشەیەش بوو کورد و منی بە یەکتر ناساند!" کەواتە سەرەتای ناسینی ئەم بۆ کورد بۆ ئەو وشە بەدفەڕە دەگەڕێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێک هاوڕێی کوردەوە، کە یەکێک لەو کەسانە کاروان عومەر کاکەسووری چیرۆکنووسە، کە ئەویش ئەم کتێبەی بە زمانی کوردی دارشتووەتەوە و وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەندێک جار هەست دەکەیت خۆرهەڵاتناسێکە و بە دوای لێکدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئەو نەتەوانەدا دەگەڕێت کە دەیەوێت لە بارەیاناوە بنووسێت، بەڵام دواتر بۆت دەردەکەوێت ئەم ژنە تێگەشتنێکی تایبەتی بۆ کورد هەیە، لە روانگەی ئەو کەسانەی ئەم ناسیونی، ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنەی بۆ دروست بووە، لە هەمان کاتدا ئەو تێکەڵاوبوونەی لەگەڵ پەناهەندە و رەوەندی کوردی لە دانیمارک ئەو تێگەیشتنە جوانەی لەسەر ئەم نەتەوەیە بۆ دروست بووە، لەم کتێبەدا ئەنیتا زۆر بە وردی باس لە هەموو شوێنەکانی کوردستان دەکات و ئەو شوێنانەی ئەم سەردانی کردوون، هەر لە شاری هەولێر و سلێمانی و سەیرانگە و شوێنەکانی تری وەک هەڵەبجە، کاتێک باس لە سەیرانگەکان دەکات، هەمان تێڕوانینی ئێمەی هەیە، کە حکوومەتی هەرێم کەمتەرخەمە لە گرنگیدان بەو شوێنانە، بەڵام سەرەتا دێتە سەر باسکردنی شێوازی بیرکردنەوەی تاکی کورد و پێکهاتە دەروونییەکانیان، کە وەک نەتەوەیەکی کراوە و میانڕەو وێنای دەکات، لەم بارەیەوە ئەنیتا ئێسپاندەر دەڵێت: "ئەوەی من لە کوردەکانم بەدی کردووە، ئەوەیە، ئەوان هەرگیز موسڵمانی وشک نین، بەڵکو بە گشتی زۆر کراوەن. شێوازی پۆشینی جلوبەرگ، حەزکردن لە موزیک و بەشداریکردنی کچ و کوڕیان لە ئاهەنگەکاندا، ئەو شتانەن، کە بە ئاشکرا دەڵێن کورد بە دوای ژیان و جوانیدا دەگەڕێت.) کەواتە لای ئەم کەسە کورد ئەو نەتەوەیەیە، بە دوای ژیاندا دەگەڕێت و ژیاندۆستە، ئەم تێڕوانینەم لە لای فارگاسیش بینی، کاتی خۆی کە سەردانی کوردستانی کردبوو، هەمان رستەی لە بارەی کوردەوە نووسیبوو، کەواتە ئەم تێڕوانینەی ئەنیتا ئێسپاندەر هەر لە خۆڕا نەهاتووە و تێڕوانینێکی سەرپێییش نییە لە بارەی ئێمەوە، چونکە ئەمە سێیەم جارە بەر ئەم رستەیە بکەوم، یەکەمیان لە لایەن فارگاسەوە و دووەم لەلایەن ئەنیتا و سێیەم لە لایەن ئەدۆنیسی شاعیرەوە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی کورد وەک نەتەوەیەکی دڵپاک و دڵساف وەسف کراوە، کە ئەمە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ئیجابییە و لە لایەکی ترەوە سلبییشە، بەڵام ئەوەی گرنگە دوژمنکارانە نییە و نابێتە هۆی دروستکردنی توندوتیژی، کاتێک ئەنیتا ئێسپاندەر دێتە سەر مەسەلەی هاوڕێیەتی و دەڵێت: "هاوڕێیەتی لای کورد ئەگەرچی زۆر بە خێرایی و چەند بڵێی بە ئاسانی دادەمەزرێت، بەڵام مانایەکی تا بڵێی گەورەیشی هەیە. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وات لێ دەکەن تۆ وا بزانیت هەموو تەمەنی خۆتت لەگەڵ ئەواندا بە سەر بردووە. باوەڕی تەواوت پێ دەکەن و پشتت پێ دەبەستن، هاوکات ئەو هەستەت لا دروست دەکەن، کە ئەوانیش لەوە دڵنیان تۆ پشتوپەنای ئەوانیت و ناپاکی لەو هاوڕێیەتییە ناکەیت."

بۆ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردان باس لە کۆمەڵێک ناو دەکات، کە لە بواری نووسین و هونەر و داهێناندا کار دەکەن، ئەمەش مانای وایە ئەم ژنە هونەرمەندە

زیاتر لەگەڵ دەستەبژێرێکدا تێکەڵ بووە، ئەوەی ئەنیتای سەرسام کردووە، بریتییە لەوەی کوردان هەمیشە خەریکی نوکتە و قسەی خۆش و پێکەنین، کاتێک بەوپەڕی جدی قسە دەکەن، دەبینی مەسەلەکە بۆ جۆرێک لە شۆخی و گاڵتەکردن دەچێت و پێکەنین لەو گفتوگۆیانەشدا ئامادەیی دەبێت، بەپێی لێکدانەوە و بینینی ئەم ژنە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە، پێی وایە پێکەنین و شۆخی لە نان و ئاو بۆ کوردان پێویستترە، لەم بارەیەوە نموونەیەکی جوان دێنێتەوە و دەڵێت: (منداڵی لاسار کاتێ کەتنێکی دەکرد و لە ترسی سزا لە باوکی دوور دەکەوتەوە، ئەوسا باوکی پێی دەوت وەرە قسەیەکی خۆشت بۆ دەکەم و منداڵەکە دەهات. واتا نەیدەوت وەرە شتێکت دەدەمێ، چونکە قسەی خۆش لای کورد لە نان و ئاو پێویستترە، بۆیە لە مێژووشدا زۆر جار بە قسەی خۆش فریو دراوە و شانسی گەورەی لە دەست داوە.) ئەم رستەیە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کورد بوونەوەرێکی سیاسی و فرتوفێڵزان نییە، مرۆڤێک نییە لە سەر فریودانی ئەوانی تر سیاسەت بکات، یان باشترە بڵێین کورد سیاسی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتییە، کە بۆ سەردەمی پێشتر ئەم بوونەوەرە هەمیشە خەڵەتاو بووە، کەواتە کورد بە پێی ئەم تێگەیشتنەی ئەنیتا لە دانووسانەکاندا بە دوو قسەی خۆش داواکارییەکانی بیر چووەتەوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقە، کە بە قسەی خۆش و بەڵێنی بێبنەما چەندین ساڵ سیاسییەکانی کوردیان خەڵەتاند و ئێستاش دەیانەوێت بەهەندێک بەڵێن و قسەی خۆش زەمەنەکە درێژ بکەنەوە، هەست دەکەیت ئەنیتا زۆر باش لە پێکهاتە سیاسی و سایکۆلۆژییەتی تاکی ئێمە دەگات و توانای شیکردنەوەی ئەم لایەنەی هەیە، وەک لە شوێنێکدا دەڵێت، کورد نە شەیتانن نە فریشتە، باس لە چەوسانەوەی ژن و کوشتنی ژن بە ناوی شەرفەوە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا دەکات، ئەمە جگە لەوەی باس لەوەش دەکات کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی نیمچەکراوەیە، کاتێک باس لە هاوڕێ کوردەکانی دەکات، ئەوەندەی نوکتە و قسە خۆشەکانیان باس دەکات و لە دانیشتنەکانیاندا ئەوەندەی نوکتە دەکەن و کەشێکی پڕ لە پێکەنین دەخوڵقێنن، ئەوەندە لە یەکتری مۆن نابنەوە، کە لەوانەیە بەشێک لەم دۆخە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کورد بە درێژایی مێژوو لە ناو تراژیدیادا ژیاوە و دەیەوێت دەرفەتێک بۆ پێکەنین و شۆخیکردن بدۆزێتەوە، کارەساتەکان ئەوەندە زۆرن، دەکرێت هەموو رۆژەکانی ساڵ بۆ یادی تراژیدی تەرخان



**ئەنیتا لە هەڵەبجە**

بکەین، هەر لەبەر ئەوەیە کورد خۆی دەڵێت، مانگی ئازار مانگی شین و شادییە، بەوەی کارەساتی هەڵەبجە و جەژنەکانی نەورۆز و ئازادکردنی کوردستان دەکەوێتە ئەو مانگەوە. ئایا دەکرێت نەتەوەیەک مێژووییەکی لە نەهامەتی و تراژیدیا هەبێت و بە تەنها بیر لەو نەهامەتییانە بکاتەوە و دەرفەتێکی نەبێت بۆ ژیان، جگە لەم خاڵە ئەنیتا بە تەواوەتی یادەوەریی ئێمە دەخوێنێتەوە، دەزانێت ئێمە لەگەڵ چیدا جۆرێک لە ناکۆکیمان هەیە، کورد کێشەی سەفەر و راگواستن و ئاوارەیی هەیە، کە بە ئەستەم ئەمانەی بۆ لە یەکتری جیا دەکرێتەوە، هەمیشە سەفەر و رۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەشێک نەبووە لەو بیرکردنەوەی دەمانەوێت شتێکی نوێ بۆ سەر ژیانمان زیاد بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەشێک بووە سەرهەڵدانی تراژیدیایەکی تر، کەواتە با لە ئەنیتاتەوە تەماشا بکەین چۆن لە سەفەر لای کورد دەڕوانێت و سەرەتای لێکدانەوەکەی بۆ لای میدیا رەووف بێگەرد دەگەڕێنێتەوە، لەو کاتەی دەیەوێت سەفەر بۆ کوردستان بکاتەوە و لەگەڵ ئەنیتا ئێسپاندەر و کاروان عومەر کاکەسوور بێنەوە بۆ نیشتیمان، ئەوکات دەزانێت پاسپۆرتەکەی ماوەی بەسەر چووە، دیارە پاسپۆرت لە ناو یادەوەریی ئێمەدا کەمترین ئامادەیی هەیە، لەبەر ئەوەی یەکێک بووە لە دیکۆمێنتانەی زۆر بە زەحمەت دەستمان کەوتووە، هەروەها رەهەندێکی ترسناک و سیاسییشی هەبووە، ئەوەتا لەم بارەیەوە ئەنیتا ئێسپاندەر دەڵێت: "بەشێکی گفتوگۆکانمان لە بارەی پاسپۆرتەکەی میدیاوە بوو، کە بۆچی تا سەفەرەکەی نزیک نەبووبووەوە ئەو هەستی نەکردبوو کاتی بە سەر چووە. دەتوانم بڵێم هەموویان لەسەر ئەوە رێک بوون، کە لانیکەم ئەو بیرچوونەوەیە دوو فاکتەری هەیە.
یەکەم: لە یادەوەریی کورددا سەفەر و کۆچ جیاوازییەکی گەورەیان نییە. کورد هێندە ڕاگوێزراوە و لە دەڤەری خۆی دەرکراوە، تا ئەمەی بۆ بووەتە یادەوەریی کۆ، بەو مانایەی یۆنگی دەروونناس باسی دەکات، کە مێژوو و کەلەپووری نەتەوەکان، کارەسات و ناخۆشییەکانیان پشتاوپشت دەمێننەوە و دەبنە یادەوەریی هەموان. بە گشتی سەفەر لای کورد مانایەکی خۆشی نییە و مرۆڤیش بە سرووشتی خۆی ئەو شتانە بە لاوە دەنێت، کە ئازاری دەدەن.
دووەم: پێوەندیی بە کەسایەتیی میدیاوە هەیە، وەک هونەرمەندێک، کە باوەڕی بە سنوور نییە، بۆیە پاسپۆرت لای ئەو کەرەستەیەک نییە بۆ پەڕینەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر." لەوانەیە لێکدانەوەی دووەم بۆ میدیا راست بێت، بەڵام بۆ کۆی کۆمەڵگەی کوردی راست نییە، بەشی یەکەمی لێکدانەوە یۆنگییەکەی راستترە، کە کورد زۆر لە سەفەر دەترسێت، لەبەر ئەوەی رەهەندی راگواستنییانەی هەیە، نەک دۆزینەوە و دنیابینی، کە ئەم بەسەرچوونی پاسپۆرتەش لای ئەو هاوڕێ کوردانە دەبێتە جۆرێک لە نوکتە و دەیکەنە ساتێک بۆ پێکەنین.
لەو کاتەی ئەنیتا ئێسپاندەر دەگاتە شاری سلێمانی، ئەم چەند دێڕە دەنووسێت: "لە دەرگەی فڕۆکەخانەوە دەڕوانمە شاری سلێمانی، ئەوەندەی لێم دیارە و دەتوانم ببینم. ئەمە شاری هاوڕێیەکانمە و دڵخۆشم، کە سەردانی دەکەم." یەکەم بینین دەبێتە هۆی ئەوەی سیحرێکی تر لەم شارەدا بەدی بکات و ببێتە هۆی ئەوەی کۆی سەفەری بۆ ئەم شارە بکاتە بابەتی کتێبێک و کوردستان وەک خۆی ببینێت، بە تایبەتی لەو کاتەی لە هەولێرە و دەربارەی ئەو شارە قسە دەکات. ئەنیتا ئێسپاندەر لەوە دەچێت چەند جارێکی دی سەردانی ئەم هەرێمەی کردبێت، چونکە ناوی شوێنەکان و ناونیشانی وەک خۆی باس دەکات، کاتێک باسی ناو شاری سلێمانی دەکرد، هەمان ئەو وێنایانەی کاتی خۆی لای ئەدۆنیس باسم کرد، لای ئەمیش هەمان تێڕوانینی لا دروست کردم، زۆر بە




وردی ناوی شوێنەکان و ناوی کەسەکان دەڵێت، ئەمە جگە لەوەی ناوی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەم کتێبەدا نووسیوە، کە من لەو سەفەرەیدا تەنها یەک جار بینیم، ئەویش شەوێک بوو لای باخی گشتی، کە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەو شەوە داوە، کە چۆن لەگەڵ کاکەسوور و دانا فایەق و کاک نەهرۆ لەوێدا سەرەتای گفتوگۆیەکمان دامەزراند، لەو شەوەدا ئەنیتا ئاماژەی بە هەموو ئەو کەسانە داوە کە لەو قسەکردنەدا لەوێ بوون، لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەم، دەبێت یادەوەریی ئەم مرۆڤە چی بێت ئەو هەموو وردەکارییەی لە بیرە، ئایا یادەوەریی ئێمە توانای ئەوەی هەیە شت لە بیر خۆی بباتەوە؟ یان گرنگی بە یادەوەری نادەین؟ یان یادەوەری لای ئێمە لەگەڵ کارەسات و نەهامەتیدا یەکسانە؟

ئەنیتا لە سەردانەکانی بۆ چەند ناوچەیەک، بە تایبەتی کە باس لە هەڵەبجە دەکات و دەچێتە ئەحمەدئاوا، هەمان گلەیی لە حکوومەتەکەی لای خۆمان هەیە، کە دەستی ئاوەدانی و بیرکردنەوە لە پرۆژەی گەشتیاری بۆ ئەو ناوچەیە درێژ نەکردووە، بەڵام ئەی ئێمە خۆمان دەستمان بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانمان درێژ کردووە و ئاوەدانی بکەینەوە؟

هیوادارم هەموو کەسێک ئەم کتێبە بخوێنێتەوە و لە چاوی ژنێکی دانیمارکییەوە کوردستانەکەی خۆمان ببینێت، بزانین کاممان جوانتر ئەم وڵاتەمان بینیوە؟




# ڕۆمانی هاوماڵەکان

ئیدریس عەلی

هەندێک ڕۆمان هەن لە شێوەدا لە ڕووی بابەت و تێما و تەکنیک و زمان و ڕەگەزەکانی ترەوە ئاسان و سادە دەردەکەون، ڕەنگە زۆر جاران لە کاتی خوێندنەوەدا لە خۆمان بپرسین: ئەمەی دەیخوینینەوە چ گرنگییەکی هەیە و چ چێژێکمان پێدەبەخشێت؟ یاخود چ زانیارییەکی زیاتر دەخاتە سەر ئاستی مەعریفیمان؟ گریمانەی ئەم پرسیارانە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕووداو و ماجەراکانی ڕۆمانەکە چەندبارەن و ڕەنگە پێشتر لە چەندین ڕۆمان و چیرۆکی دیکەدا خویندبێتمانەوە، بەڵام فکرمان بۆ ئەوە ناچێت نووسەری ئەو تێکستە بە چ تەکنیک و هێڵ و دنیابینییەکی جیاوازەوە تێکستەکەی نووسیوە و شتەکانمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ دەگێڕێتەوە، لە ڕاستیدا دەکرێت لە سەر بابەتێکی دیاریکراوی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، چەندین ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبی بەرهەم بهێنرێن، بەڵام لەوێدا ئاستی



نووسەر و دانەرەکانیان ئاشکرا دەبێت، بەوەی لە چ گۆشەیەکی جیاوازەوە رووداوەکە دەبینن و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و چۆن لە فۆرمێکی فەنتازیدا پێشکەشمان دەکەن؟ من بۆ خۆم چەندین رۆمانم لە بارەی مەسەلەی زیندان و چالاکیی سیاسییەوە خوێندووەتەوە، تەنانەت نەخشەی ژووری زیندانەکانیش لە یەکتر نەچوون و جیاواز بوون، یاخود بابەتی عاشقانە و سەفەر و جەنگ، هەر نووسەرە و لە گۆشەنیگایەکەوە شتەکانی خستووەتە روو، کەواتە دەکرێت چەندین نووسەر لە سەر یەک بابەتی دیاریکراو بنووسن، بەبێ ئەوەی شێوازی نووسینیان لە یەکتر بچێت، یاخود کاریگەرێتیی یەکتریان پێوە دیار بێت.

رۆمانی (هاوماڵەکان)ـی نووسەری ناوداری ئێرانی (ئەحمەد مەحموود) کە (حەمەکەریم عارف) بە شێوەیەکی جوان و سەرنجراکێش وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و یەکێتیی نووسەران لە ماوەی رابردوودا چاپ و بڵاوی کردووتەوە، لە جۆری ئەو رۆمانانەیە، کە لە ساتی خوێندنەوەیدا هەست دەکەین پێشتر رووداوی لەم شێوەیەمان لە بەرهەمی ئەدەبی و رۆمانی دیکەدا خویندووەتەوە و زیاتر فۆرمێکی سادەی هەیە، کە تێگەیشتن لێی خوێنەر ماندوو ناکات و زوو تێکەڵ بە فەزای گشتیی رۆمانەکە دەبێت، بەڵام گرنگیی ئەم رۆمانە واتە (هاوماڵەکان) لە چەند رەهەندێکەوە بەرجەستە دەبیت، کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا لەگەڵ هاوشێوەبوونی بابەتدا، لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تری ئەدەبیدا، دەبینین نووسەر لە رووی تەوزیفکردنی چەند حاڵەتێکی دەروونی و نیشاندانی ئاستی کەسێتی و هۆشیاری و کۆمەڵایەتیی کارەکتەر و رووداوکانەوە، چەندین هێڵی جیاوازی بەرجەستە کردووە.

هاوماڵەکان رۆمانێکی فرەتێما و فرەڕەهەندە و پێکهاتە و بونیادێکی ئیستاتیکیی تۆکمەی هەیە و رووداوەکانی لە ناو یەک بازنەی دیاریکراودا ناسوورێتەوە و یەک چیرۆکمان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو پەل دەهاوێت بۆ پانتایی و بازنەی فراوانتر و لە یەک کاتدا بە هۆی یەک چیرۆکەوە خوێنەر بە کۆمەڵێک چیرۆکی تر ئاشنا دەبێت، نووسەر شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە گێڕانەوەکەدا و بە تەکنیکێکی تازە و سەردەمییانە رۆمانەکەی نووسیوە، زەمەن و شوێنی رووداوەکان و کارەکتەر و مەنەلۆگ و دیالۆگەکان لە هەندێک شوێندا بە جۆرێک تێکەڵ دەبن، کە خوینەر وریاتر دەکاتەوە بۆ مانەوە و رۆیشتن لەگەڵ رووداوەکاندا، کارەکتەرەکانی ناو ئەم رۆمانە کەسانی ئاسایی ناو ژیانن و تا ئەندازەیەکی زۆر نزیکن لە واقیقی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە و نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە کێشە و ئازار دەکەن، ئەمە وای کردووە نووسەر بە جوانی لایەنی سایکۆلۆجیی کارەکتەرەکان دەربخات و وێنای حاڵەتەکانیان لە ناو رووداوەکاندا بکات، زۆربەی زۆری کارەکتەرەکان لە ناکاو و رێکەوتی جۆراوجۆری چاوەڕواننەکراودا، لە باسەکانی رۆمانەکەدا دەردەکەون و دەبنە بەشێکی بنچینەیی و سەرەکیی ناو ماجەراکان، هەر وەک ئەوەی مرۆڤەکان بە گشتی، بە رێکەوت دێنە دنیاوە و بە رێکەوت تووشی شتەکان دەبن، جوانیی ئەم رۆمانە لەوەدایە، کە کارەکتەرێکی سەرەکیمان پێ ناناسێنێت، بەڵکو زۆربەی هەرەزۆریان رۆڵیان لە ناو رووداوکاندا هەیە و ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات، کە نووسەری هاوماڵەکان بە گوێرە و پێداویستیی رووداوەکان کەسایەتیی خولقاندووە و رۆڵی پێ داون و دەیانجووڵێنێت و بەشدارییان پێ دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە، کە تەواوی رووداوەکان لە زاری شا پاڵەوانی رۆمانەکەوە (خالید) دەگێڕێتەوە، بەڵام هەموان لە بونیادی گێڕانەوەی رووداوەکاندا رۆڵ و بوونیان هەیە

و دەبنە تەواوکەری چیرۆکەکان و دەچنە خزمەتی کۆی ئیشەکەوە.
ڕۆمانەکە بە ڕوودانی لێدانی ژنێک دەست پێ دەکات لە لایەن مێردەکەیەوە، بلوور خان ژنی کاک ئەمانە و پێکەوە لە حەوشەیەکی قەرەباڵغی پڕ لە ماڵ و پڕ لە کێشەدا دەژین، کە هەموویان لە ڕووی چینایەتییەوە لە یەک ئاستی هەژاری و لە ڕووی کولتوورییەوە یەک ئاستی دواکەوتوویان هەیە، کاک (ئەمان) و (بلوور خان) نموونەی خێزانێکی نابەختەوەر و ناکۆکن و منداڵیان نابێت، ئاغا ئەمان لە شێوەدا مرۆڤێکی میهرەبانە لەگەڵ خەڵکدا و چاکە و پیاوەتیی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام لەگەڵ ژنەکەیدا نامرۆڤانە مامەڵە دەکات، بلوور خانی خێزانی وەک ژنێک دەردەکەوێت کە مێردەکەی وێڕای ئەوەی مامەڵەی خراپی لەگەڵدا دەکات، هاوکات لە ڕووی حەزی جنسییەوە تێری ناکات، بۆیە ناچار وەک تۆڵەیەک لە مێردەکەی و بۆ دامرکانەوەی ئارەزووە جەستەییەکانی، لە پشت مێردەکەیەوە دەست تێکەڵاو دەکات و لەگەڵ کوڕێکی گەنجی دانیشتووی حەوشەکەدا بەرکەوتنی جەستەیی دروست دەکات، ئەو کوڕەش (خالید)ـە و پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە.
شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو خێزانانە، گۆشەیەکی دوورەدەستی شارە و هیچ خزمەتگوزارییەکی شارستانیی تێدا نییە، دەکرێت بڵێین نوسەر وێنەی کۆی کەمەڵگەی بە ئاست و مەیل و تێگەیشتنە جیاوازەکانەوە لەو حەوشەیەدا کێشاوە، کە پڕە لە مرۆڤی هەژار و تلیاککێش و ئیماندار و بێباوەڕ، لەوێدا کۆمەڵەخێزانێک دەژین کە لە ڕووی چینایەتییەوە هەژارن و لە ڕووی فەرهەنگییشەوە دواکەوتوون، بە جۆرێک دواکەوتوون و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە زاڵە بە سەر ژیان و هەڵسوکەوتیاندا، تەنانەت بۆ کوڕیش نییە هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی زیاتر بخوێنێت، چونکە مەلای دەمڕاست فتوای داوە ئەگەر ئەو منداڵانە زیاتر بخوێنن، ئەوا لە دین و خوا دوور دەکەنەوە، لێرەدا ترسێکی زۆر لە خوێندەواری هەیە و بە سەرچاوەی بەلاڕێداڕۆشتن و مایەی دەردیسەری نیشان دەدرێت.
ئا لەم شوێن و لەم هەلومەرجە نالەبارەدایە، کە (خالید) وەک منداڵێکی هەژاری یەکێک لەو خێزانانە وردە وردە پێ دەگات و لە دوای دەرهێنانی لە قوتابخانە، لە چاخانەکەی کاک ئەمان دەست دەکات بە کارکردن و لەوێوە تێکەڵ بە کەسانی جۆراوجۆر و هەواڵ و بابەتەکانی ڕۆژگار دەبێت، بە تایبەت کە کرێکارانی نەوتکێش دێنە ئەوێ و گفتوگۆ و سکاڵای ئەوان لە دەست ڕۆژگار و ژیانی نالەباریان دەبیستێت. خالید زیاتر چاو دەکاتەوە و ئاشنا دەبێت بە گرووپێکی چەپی پێشکەوتوو، کە سەرقاڵی خەبات و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەن. ئەم ڕۆمانە زیاتر ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە و باس لە واقعیەتێکی دیاریکراو دەکات کە بریتییە لە هەژاری و گەندەڵیی دەسەڵات و دزی و بێکاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و زاڵبوونی فەرهەنگی کۆنەپەرستانە. بەریتانییەکان لەو وڵاتەدا بە ئارەزووی خۆیان نەوت و سامان دەبەن بۆ خۆیان و لەگەڵ دەسەڵاتداراندا ڕێک کەوتوون، کە سەرمایەکە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی ئینسانی و ژیان بە خەڵک ڕەوا ببینن. خالید شتەکان دەگێڕێتەوە و ئاشنامان دەکات بە ڕووداوەکان، ئەم کوڕە واتە خالید لە هەلومەرجێکی نالەبار و فەزایەکی لەم جۆرەدا، وردە وردە پێ دەگات و گەشە دەکات و ئاڵوگۆڕ بە سەر فکریدا دێت و دواجار دەبێتە یەکێک لە خەباتکارە ڕادیکاڵەکانی ناو گرووپەکە.
چەند هێڵێک بە ڕوونی لە ڕۆمانەکەدا بە جوانی کاریان لە سەر کراوە، لە لایەکەوە ژیانی کولەمەرگیی خەڵک و بێخەمیی دەسەڵات نیشان دەدات، لە لایەکی ترەوە



ڕەهەندی خەباتکارانەی کۆمەڵێک گەنجی وشیار و دابەشبوونی خالید بەسەر دوالیزمی شۆڕش و عیشقدا. خالید بە هۆی هەڵەیەکەوە ڕێی دەکەوێتە بنکەی پۆلیسی شارەکە، لەوێ پندار، کە زیندان کراوە و سەر بە گروپێکی سیاسییە دەناسێت، پندار خالید ڕادەسپێرێت هەواڵی ئەم بگەیەنێت بە (شەفەقی) هاوڕێی، کە لە شارەکەیاندا کتێبخانەی هەیە، بەم هۆیەوە خالید ئاشنایەتی لەگەڵ شەفەقدا دروست دەکات و وردە وردە تێکەڵ بە گرووپەکەیان دەبێت، سەرەتا وەک کەسێکی بێئەزموونی مێردمنداڵ تەماشای شتەکان دەکات، وردە وردە دەست بە خوێندنەوەی کتێب دەکات و ئاستی تێگەیشتن و فکری گەشە دەکات و دەبێتە یەکێک لە گەنجە چالاکە سیاسییەکان و گرووپەکە وەک کەسێکی خەباتکار و متمانەپێکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و ڕایدەسپێرن چالاکی ئەنجام بدات و بەشداریی میتینگ و کۆبوونەوەی نهێنی و خۆپیشاندانەکان دەکات، خالید بەردەوام دەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە هۆی کتێب و خوێندنەوەوە گەشە دەکات و چالاکی ئەنجام دەدات، ڕۆژێک بە هۆی بردنی بەیاننامە و ڕۆژنامەوە، لە لایەن دەزگە ئەمنییەکانی شارەوە دەستگیر دەکرێت، بەڵام بە هۆی وریایی خۆیەوە نکوڵی لەوە دەکات ئەو شتانە هیی ئەو بن و ناوی خۆی بە هەڵە دەدات و دواتر لە دەستی ئەمنەکان هەڵدێت.

لە کاتێکدا خالید بەشداریی میتنگێکی جەماوەری و سیاسی دەکات، هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس بەزۆر و توندوتیژی بڵاوە بە خۆپیشاندەران دەکەن، خالید لە کاتی ڕاکردندا لاقی بەلادا دێت و دەکەوێت، بە پەلە خۆی دەکات بە ماڵێکدا و داوایان لێ دەکات داڵدەی بدەن، لەو ماڵەدا ژنێک و کچ و کوڕێک دەژین، خالید لە یەکەم نیگادا عاشقی کچەکە دەبێت و لە داهاتوودا وەک دوو خۆشەویستی گیانی بە گیانی دەردەکەون، لەو ماڵەدا کاتێک ژنەکە هەواڵی ماڵیان دەپرسێت، خالید شەرم دەکات و ڕووی نایەت ناونیشانی ماڵی خۆیان بڵێت و ئاشکرای بکات لە گەڕەکە هەژار و دواکەوتووەکەی شارن، غرووری عاشقبوون وا لە خالید دەکات هەژاریی خۆی بشارێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا و لە ناو فەزای ڕووداوەکاندا گرنگییەکی ئێجگار زۆر بە مەسەلەی کتێب و خوێندنەوە دراوە، کتێب و خوێندنەوە وەک تاکە سەرچاوەی هۆشیاری و گەشەی فکری و ڕۆشنبیریی مرۆڤ نیشان دەدرێت، کە بە هۆی کتێبەوە دیدگە و دنیابینیی مرۆڤەکان سەبارەت بە شتەکان دەگۆڕێت، ئەوەتا خالید لە منداڵێکەوە کە تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە و خراوەتە بەر کارکردن و لە هەلومەرجێک و کەشێکی دواکەوتوویەوە، کتێب دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی وشیار و ڕۆشنبیر، دەیکات بە خەباتگێڕێکی ڕاستەقینەی خاوەن فکر و بە هۆی کتێب و خوێندنەوەوە، سەرچاوەی ئازار و نەهامەتی و برسێتی و بێکاری و جیاوازییە چینایەتییەکان دەدۆزێتەوە، خالید لە ژینگەیەکدا دەژی کە کتێب وەک شتێکی نامۆ و بێگانە چاو لێ دەکەن، هەموان شاهیدی ئەوەن کە ئەم کوڕە گەنجە چۆن وردە وردە گۆڕانکاری بە سەر فکر و ڕوانین و قسەوباسەکانیدا دێت.

عاشقبوونی خالید لەم ڕۆمانەدا پاش ئەوە دێت، کە پێشتر لەگەڵ ژنەکەی کاک ئەماندا، کە هاوماڵی خۆیانە چەند جارێک سێکسی لەگەڵدا کردووە، دیارە زیاتر (بلوور خان) دەستپێشخەری بۆ ئەم بەرکەوتنە کردووە و خالیدی هەر لە منداڵییەوە لە سەر ئەوە ڕاهێناوە و ناچاری کردووە لەگەڵیدا سێکس بکات، بەڵام کاتێک لە یەکێک لە میتینگەکاندا بە هۆی پۆلیسەوە ڕادەکاتە ماڵی



(چاوڕەش) بۆ خۆحەشاردان، عاشقی کچەکە دەبێت، شەو و ڕۆژ لە فیکر و خەیاڵی چاوڕەشدا دەتلێتەوە و بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا بەرپرسی گرووپە سیاسییەکە ڕێگریی لێ دەکات و پێی دەڵێت، کەسانی شۆڕشگێر نابێت عاشق ببن، لە ڕاستیدا زۆر گرووپ و لایەنی جۆراوجۆری ئایدۆلۆژی دەبنە لەمپەر و ڕێگر لە عاشقبوونی ئەندامانیان، بەو دەلیلەی کە کادر و ئەندامەکانیان دەبێت هەمیشە هۆش و گۆشیان لە لای خەبات و حزب بێت و سەرقاڵی شتی دیکە نەبن، بەڵام ئایا خالید ئەم داوایەی گرووپەکەیان پەسەند دەکات و دەستبەرداری چاوڕەش دەبێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە بە هۆی عەشقی ئەو کچەوە هێز و وزەی زیاتر دەڕژێتە گیانییەوە و بەردەوامی دەدات بە خەبات، مەوداکانی عەشقی خالید و کچەکە لەم ڕۆمانەدا زۆر کورتە و تەنها دوو جار پێکەوە دەبن و دەچنە دەرەوە و ڕازونیاز دەگۆڕنەوە، دواتر لە لایەن یەکێک لە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتەوە، کە ناوی عەلی شەیتانە، خالید زیندانی دەکرێت و بە تاوانی چالاکیی سیاسی پێنج ساڵ حوکم دەدرێت، ئەم گەنجە لە زیندانیشدا پەیوەندیی بە گرووپەکەوە دەمێنێت و بەردەوام دەبێت لە خەباتی سیاسی و ڕابەرایەتیی مانگرتنی زیندانییەکان دەکات بۆ باشتربوونی جۆری خواردنەکانیان، کە زۆر پیس و بێکەڵکە. خالید لە زیندانا بەرگەی جۆرەها ئەشکەنجە و ئازار و ئیهانە دەگرێت و بە هۆی زیرەکی و وریایی خۆیەوە لەو فێڵ و تەڵەکانەش دەربازی دەبێت، کە لە زیندانا تووشی دەکەن و تەماعی دەخەنە بەردەم، بۆ ئەوەی وەک بەکرێگیراوی دەوڵەت کار بکات و ئەندامان و چالاکە سیاسییەکان ئاشکرا بکات، بەڵام خالید تاکو ڕۆژی ئازادبوونیشی سوورە لە سەر بیروباوەڕەکانی خۆی و بە ئومێدی گەیشتن بە عەشقی چاوڕەش لە زیندان دێتە دەرەوە، لەوێدا ڕۆمانەکە کۆتایی دێت و لە پاش خۆی کۆمەڵێک پرسیار و گرێ بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، کە چارەنووسی ئەو عەشق و سەرەنجامی خەباتە سیاسییەکەی خالید بە کوێ دەگات؟

دیارە ئەم نووسینە کورتە لە سەر ڕۆمانی هاوماڵەکانی ئەحمەد مەحموود، تەنیا هەوڵێکی سادەیە بۆ ناساندنی ڕۆمانەکە و هەوڵێکە بۆ ئەوەی سەرنجی.. خوێنەر ڕابکێشین بۆ ئەوەی لە چێژ و جوانیی ئەم ڕۆمانە بێبەش نەبن و بیخوێننەوە، ناکرێت ڕۆڵی حەمەکەریم عارف بەرز نەنرخێنین لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا، چونکە بەشێکی جوانی و سەرنجراکێشی تێکستەکە بۆ باڵادەستیی زمانە جوان و پاراوەکەی ئەم وەرگێڕەمان دەگەڕێتەوە، کە توانیویەتی سەرکەوتووانە کەش و فەزا و ڕووداوەکانمان بۆ بکوردێنێت.

دیارە نووسەری ئەم ڕۆمانە وەک لە پێشەکیی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، ساڵی 1931 لە ئەهواز لە دایک بووە و ساڵی 2002 لە تەهران کۆچی دوایی کردووە، ئەم نووسەرە بە ڕەگەز کوردە و خۆشی ئەمەی نەشاردووەتەوە، ناوبراو لە تەمەنی گەنجێتیدا دەچێتە ناو کایەی سیاسییەوە و بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە زیندان دەکرێت و دوور دەخرێتەوە، ئەحمەد مەحموود جگە لەوەی خاوەنی کۆمەڵێک چیرۆک و کورتەچیرۆکە، خاوەنی ئەم ڕۆمانانەشە: "هاوماڵەکان، چیرۆکی شارێک، زەوی سووتماک، مەداری سفر دەرەجە، درەختی هەنجیری مەعابد."




# بنکەی گەلاوێژ و ڕێزلێنان لە هۆمەر دزەیی

ڕۆژی 12/6/2013 بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە مەراسیمێکی شایستەدا لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر، ڕێزی لە هونەرمەند "هۆمەر دزەیی" گرت، کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و نووسەران و خزمان و هاوڕێیانی هونەرمەند ئامادە بوون.

لە دەسپێکی مەراسیمەکەدا "نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد" ئاماژەی بەوە کرد کە هۆمەر دزەیی یەکێکە لەو دەنگە ڕۆشنبیرانەیەی هونەر و گۆرانیی کوردیی تژی کردووە لە جوانی و چێژ و سەرنجڕاکێشان، باسی لەوەش کرد دەنگی ئەو هونەرمەندە لە سرووشتی ژیانی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و هەمیشە لە یادەوەریی نەوەکانی ئێمەدا دەمێنێتەوە.

لە بەشێکی وتەکەیدا سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاویژ بەڵێنی ئەوەی دا کە ئەوان وەک بنکەی گەلاویژ بەردەوام دەبن لە ڕێزلێنان لە نووسەران و هونەرمەندانی بە ئەزموون.

دواتر مەلا بەختیار لە وتارێکیدا ئاماژەی بە گرنگیی مێژووی هونەرمەند و هونەری هۆمەر دزەیی کرد. هەر لەو مەراسیمەدا وتاری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و پارێزگاری هەولێر پێشکەش کران، پاشان چەند پارچە میوزیکێک و فیلمێکی دۆکیۆمێنتیەری سەبارەت بە ئەزموونی هونەری و ژیانی هۆمەر دزەیی نمایش کرا، کە لەلایەن هونەرمەند کامەران جەمال-ەوە کاری دەرهێنانی بۆ کرابوو.

دواتر جگە لە خەڵاتی بنکەی گەلاویژ، لە لایەن چەندین دەزگا و ڕێکخراوی هونەری و ئەدەبی و حکومییەوە کۆمەڵێ خەڵاتی ڕێز و وەفا پێشکەش بە هۆمەر دزەیی کرا.

هۆمەر دزەیی خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: تەمەنم چوار پێنج ساڵان دەبوو، میلۆدیدانانم بە خەیاڵدا هات. هەر جارێک دایکم بە سواری وڵاخ سەردانی ماڵی باوکی دەکرد، منی لەگەڵ خۆی دەبرد و لە پشتەوەی ئەسپەکە سواری دەکردم، بە درێژایی ڕێگەکە دەنگی سمی وڵاخەکان کە بەر بەردەڵان دەکەوت ڕیتمێکی مۆنۆتۆنی بە گوێچکەمدا دەچرپاند و منیش لەسەر ئەو ڕیتمە ئاوازێکی یەک هێڵیی سادەم بۆ خۆم دادەنا، کە بێزاری و دووریی ڕێگەکەم پێ دەڕەواندەوە، هەر جارێکیش ئەسپەکان لە تەنکاوەکەی بەستی هەڵەجە دەپەڕینەوە ڕیتمی ورشەی چوارپەلیان دەگۆڕا، منیش بە پێی ئەو ڕیتمە تازەیە ئاوازەکەی خۆم دەگۆڕی.

وەک دەگوترێت لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا هیچ خوێندنگەیەکی فێربوونی موزیک و هیچ مامۆستایەکی تایبەتی موزیک لە هەولێر نەبووە، بۆیە هۆمەر دزەیی پاش تەواوکردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی چاودەبڕێتە ناوەندی و دواناوەندیی ئەمریکی لە بەغدا، دیارە ئەمە تاکە خوێندنگە بووە لە عێراقدا وانەی موزیک بڵێتەوە و هەموو وانەکانیش بە زمانی ئینگلیزی بوون، وەک خۆی دەڵێت: ئێستاش خەم دەخۆم کە ماڵەوەمان ڕێگەیان نەدام بچمە ئەو خوێندنگە ئەمریکییە.

بەڵام هۆمەر واز لەم خەونەی ناهێنێت ئەوەبوو پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی 1955دا سەرلەنوێ دەستودامێنی خێزانەکەی دەبێت و تکایان لێدەکات بینێرن بۆ ڤییەننا بۆ خوێندنی موزیک، بەڵام ئەمجارەش دڵی دەشکێنن و دەینێرن بۆ تورکیا بۆ خوێندنی پزیشکی. دزەیی دەست لەو ڕشتەیە هەڵدەگرێت و ئەمەش بنەماڵەکەیان ناچار دەکات بینێرن بۆ ڤییەننا بەو مەرجەی لەوێ میوزیک نەخوێنێت، ئیتر لەوێ زانستی سیاسەت لە زانکۆی ڤییەننا و ئینگلتەرا دەخوێنێت، بەکالۆریۆسی بە پلەی شەرەف لەو ڕشتەیە پێ دەدرێت، لە پاریسیش زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسی و وەرگێڕان و کوردیی کرمانجی دەخوێنێت.

جێی ئاماژەیە ئەم هونەرمەندە داهێنەرە، کۆمەڵێک بەرهەمی هونەریی بەپێز و ئاوازەی هەیە و هەوادار و گوێگرێکی زۆری بۆ دەنگ و هونەری خۆی درووست کردووە، ئەمەش ئەگەر بەشێکی بەهۆی دەنگخۆشییەکەوەی بێت، ئەوا بەشێکی پەیوەستە بەو باکگراوندە ڕۆشنبیری و ئاستە بەرزەی تێگەیشتنی سەردەمیانەی بۆ هونەر و موزیک هەیەتی.

# Galawezhi Nwe

is a Cultural and Literal Magazina